# چین

# زلهێزی نوێی جیهان

## لێکۆڵینەوەیەکی سیاسیی مێژوویی ئابووریی سۆسیۆلۆجییە

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# چین

# زلهێزی نوێی جیهان

**لێکۆڵینەوەیەکی سیاسیی مێژوویی ئابووریی سۆسیۆلۆجییە**

**ئەردەلان عەبدوڵا**

ناوی کتێب: چین زلهێزی نوێی جیهان
نووسینی: ئەردەلان عەبدولڵا
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٩٤٦
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد حەمید
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: کارزان عەبدولحەمید
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر –٢٠١٠
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١١١ی ساڵی ٢٠١٠ی دراوەتێ

# پێڕست


بەرکوول ............ ٩

**بەشی یەکەم**

چین دەکەوێتە کوێی جیهانەوە ............ ١١

باری جوگرافی ............ ١٣

باری دیمۆگرافی ............ ١٨

نەتەوە جیاوازەکانی چین ............ ٢٠

زمانی چینی ............ ٢٢

دیالێکتەکانی زمانی چینی ............ ٢٢

باری کۆمەڵایەتی خێزان ............ ٢٤

ژن ............ ٢٦

ئاین ............ ٣١

تاوی (داویزم) ............ ٣١

کۆنفۆشی ............ ٣٤

بودی ............ ٣٨

ئیسلام ............ ٤٢

کریستی ............ ٤٤

باری خوێندن و رۆشنبیری ............ ٤٥

میدیا دەزگاکانی ڕاگەیاندن ............ ٤٦

دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە ............ ٤٧

کتێبخانە ............ ٤٩

چەند عادات و تەقالیدێکی چینی ............ ٤٩

پیر ............ ٤٩

میوانداری ............ ٥٠

خواردن و خواردنەوەی چینی ............ ٥١

سەرچاوەکانی بەشی یەکەم ............ ٥٥

**بەشی دووەم**

مێژووی چین ............ ٥٧

فەرمانڕەواییی خیا ساڵی ٢٢٠٠ بۆ ١٨٠٠.پ.ز ............ ٦٠

فەرمانڕەواییی شانگ ساڵی ١٧٦٦ بۆ ١٠٥٠ پ.ز. ............ ٦٢

فەرمانڕەواییی تسۆ ساڵی ١٠٥٠ بۆ ٢٢١ پ.ز ............ ٦٣

فەرمانڕەواییی کین ساڵی ٢٢١ بۆ ٢٠٧ پ.ز. ٦٤
کۆشکی جەنگاوەرەکان ٦٦
دیواره مەزنەکەی چین ٦٧
لیستی ئەو بنەماڵانەی کە حوکمی چینیان کردووە ٧١
دواین فەرمانڕەوای چین ٧٢
فەرمانڕەواییی کینگ ساڵی ١٦٤٤ بۆ ١٩١١ ز ٧٢
جەنگی تلیاك ٧٨
ڕاپەڕینی بۆکسە ٨٣
کۆماری چین ٨٦
دوکتۆر سۆن کێیە ؟ ٨٧
پەلاماری ژاپۆن بۆ سەر چین ٨٩
کۆمەڵکوژییەکەی نانکینگ ٩٢
بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و بایلۆجی ٩٤
ئەتکردنی ژنان و کچانی چینی ٩٤
یارمەتییەکانی ئەڵمانیا بۆ مەکینەی کوشتنی ژاپۆنی ٩٥
قوربانیانی چەتەگەرییەکەی ژاپۆن ٩٦
جەنگی ناوەخۆ ٩٧
ژەنەڕاڵ کیانگ کای شیك ٩٩
سەرهەڵدانی بزووتنەوەی پارتیزانی ١٠١
سەرچاوەکانی بەشی دووەم ١٠٤


**بەشی سێیەم**


لە درێژترین مارشی سیاسییەوە بۆ درێژترین مارشی ئابووری ١٠٥
سەرەتای دروستبوونی پارتی کۆمۆنیستی چینی ١٠٧
هۆکارەکانی دروستبوونی ئەم پارتە ١٠٧
لەدایکبوونی دیکتاتۆرێکی نوێ ماوتسیتوونگ ١٢٣
مارشی درێژ ١٢٣
چەند بۆچوونێکی سەیری ماو ١٢٦
هەراکەی شۆڕشی کولتووری ١٣١
پێوەندی سۆڤێت و چین ١٣٦
جەنگی ماویزم و ستالینیزم ١٣٩
تابووتی ماویزم ١٤١
دینگ خیاپینگ ئەو پیاوەی چین و جیهانی گۆڕی ١٤١
سەرەتای ڕیفۆرم و کرانەوە ١٤٣

کۆتایی حوکمی دینگ خیاپینگ ........ ١٤٦
سەرچاوەکانی بەشی سێهەم ........ ١٤٨
**بەشی چوارەم**
ئایا چین دەبێتە هێزێکی مەزنی جیهان ؟ ........ ١٥١
خاڵەبەهێزەکانی چین ........ ١٥٣
ئابووری ........ ١٥٣
سووپای چین ........ ١٦١
گەورەترین وڵاتی جیهان ........ ١٦٣
زۆرترین ژمارەی دانیشتووانی جیهان ........ ١٦٤
نەبوونی مێژوویەکی خوێناوی داگیرکەرانە ........ ١٦٥
چین و ئەمەریکای لاتین ........ ١٦٦
چین و ئەفەریقا ........ ١٧١
چین و ئاسیا ........ ١٧٣
شەڕی نێوان چین و هیندستان ........ ١٧٦
بوونی ژمارەیەکی زۆری ئەکادیمی و پسپۆر ........ ١٧٧
هێزی ناسکی چین ........ ١٧٩
چین و تەکنیکی نوێ (های تێك) ........ ١٨٢
ڕەوەندی چین لە جیهان ........ ١٨٥
خاڵە لاوازەکانی چین ........ ١٨٨
کێشەکانی ئابووری چین ........ ١٨٨
سیستەمی سیاسی ........ ١٩٠
کێشەکانی سوپای چین ........ ١٩٦
کێشەکۆمەڵایتییەکانی چین ........ ١٩٧
خراپی باری تەندروستی ........ ٢٠٤
کێشەکانی ژینگە ........ ٢٠٥
کێشەی وزە و سووتەمەنی ........ ٢١٠
کێشە دەرەکیەکان ........ ٢١٧
ئەمریکا ........ ٢١٨
ئەوروپا ........ ٢١٩
ژاپۆن ........ ٢٢٠
کێشە ناوەخۆییەکان ........ ٢٢٠
تیبت ........ ٢٢٠
تایوان ........ ٢٢٤

کێشە کولتوورییەکان ...... ٢٢٦
زمان ...... ٢٢٧
ناوچەگەری ...... ٢٢٨
سەرچاوەکانی بەشی چوارەم ...... ٢٢٩
**بەشی پێنجەم**
ئایا پێویستە مرۆڤایەتی بەم زلهێزە دڵشاد بێت؟ ...... ٢٣٥
کورد و کۆماری چین ...... ٢٣٧
کۆمەڵە و بیری ماویزم ...... ٢٣٩
کۆماری چین و کێشەی گەلی کورد ...... ٢٤١
دوا وشە ...... ٢٤٤
سەرچاوەکانی بەشی پێنجەم ...... ٢٤٦

# بەرکوڵ

چین بەیەکێك لە شارستانییە کۆن و پڕ بایەخەکانی سەر ڕووی زەمین دەژمێرێت. کە لە دێرزەمانەوە، گرینگی و ڕۆڵی لە جیهاندا هەبووە. چین وڵاتێکە، مێژوویەکی ئێجگار دوور و درێژی لەگەڵ داگیرکردن و شەڕ و پێکدادانی دەرەکی و ناوەخۆیی، سەرکەوتن و تێکشکانی سیاسی و سەربازی، شەڕی ڕزگاریخوازی و شەری ئایدیۆلۆجیا هەیە. چیرۆکێکی نەبڕاوەی لەگەڵ داهێنان و زانستدا هەیە. وڵاتێکە، بۆنی چێشت و خواردنەکانی، جیهانی شێت کردووە. دیوارە پان و قایمەکانی، هێزە بەربەرییەکانی تێك شکاندووە. ڕۆحی گیانفیدایی و ئازایەتیی گەلی چین، هەموو داگیرکەرانی جیهانی سەرسام کردووە. خاکە بەپیتەکەی، پێدەشتە سەوز و جوانەکانی، شاخە بەرز و بڵندەکانی، دۆڵ و شیوە قووڵەکانی، ئاوە شیرین و جوانەکانی، ژینگە پاك و بێگەردەکەی، ئاووهەوا خۆش و سازگارەکەی هەموو کات و هەتا ئەمڕۆش، چاوی برسی و تەماعی هێزە داگیرکەرەکانی جیهانی سوورتر کردووەتەوە. چالاکی و ئازایەتی و زانایی و وردبینی و دەستڕەنگینی چینییەکان، بۆتە شۆرەتێکی نەبڕاوەی ئەم گەلە و سەرمایەداری جیهانی، عاشقی کرێکارانی چین کردووە. سامانە سروشتییە زۆرەکەی، گەنجینە نایاب و مەزنەکەی، بووەتە سووتەمەنییەك بۆ گیانی پیسی هێزە ئیمپریالییەکانی جیهان. ئەمڕۆ لە تەواوی جیهاندا، زۆربەی نووسەران، سیاسییەکان، ڕووناکبیرەکان، ئەکادیمی و سەرمایەداران، ئیهتمامێکی زۆر بەوڵاتی چین دەدەن. ساڵانە بەهەزاران کتێب و لێکۆڵینەوە و وتار لەسەر چین چاپ دەکرێت. لە زۆربەی وڵاتانی جیهان، کۆڕ و سیمینار لەسەر ئەم وڵاتە دەبەسترێت.بەڵام ئەم هەموو ئیهتمامە بۆچی؟! دیارە ئەمڕۆ چین لە گەشەسەندنێکی بەردەوامی ئابووریدایە، هەر ئەمەش وایکردووە، کە ئەگەری بەهێزبوونی ئەم وڵاتە و بوونی بەزلهێزێکی نوێی گەورەی جیهاندا دابنرێت. ئەمڕۆ چین چوارەمین دەوڵەتی پیشەشازییە لە جیهان، واتە پاش (ئەمەریکا و ژاپۆن، ئەڵمانیا). یەکەمین وڵاتی جیهانە لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە. ئێستا ژمارەی دانیشتوانی دەگاتە نزیکەی ١,٣ ملیارد کەس. ئەمەش وای کردووە ببێتە، گەورەترین بازاڕی جیهان. باشی بەهێزی ئابووریی چین وادەکات، کە ئەم بازاڕە، گرینگی خۆی لە جیهاندا هەبێت. لە ڕووی جوگرافیشەوە، سێیەمین وڵاتی جیهانە لە ڕووی ڕووبەری زەویە. واتە پاش وڵاتی (رووسیا و کەنەدا) دێت. هەروەها شوێنێکی گەورەو ستراتیجی گرینگیش لە جیهاندا هەیە. ئەمەو چەندین هۆی تریش وای کردووە، کە جێگەی ئیهتمامی زۆربەی زۆری جیهان بێت.

## ئەم کتێبە بۆچی؟!

دیارە ئێمەی کورد هەموو کات کەوتووینەتە پاش ڕووداوەکان. زۆر جار لە خوێندنەوەی هەڵەمان بۆ زلهێزەکانی جیهان، تووشی هەڵەی گەورەی سیاسیی کردووین. کاتێك گەڕامەوە بۆ

کوردستان، سەیرم کرد، شمەکی چینی هەموو بازاڕی کوردستانی داگیر کردووە. ئەوەی کە سەرسامی کردم، ئەو جلوبەرگە کوردییانە بوون، کە لە کارگەکانی چین دروست کرابوون. سەیرم لێ هات، چۆن شەڕواڵی کوردی لە وڵاتێکی هەزاران کیلۆمەتر دوور لە ئێمە دروست بکرێت ؟! چۆن زانییان شەڕواڵی کوردی بدوورن ؟! جاران وام دەزانی، شەڕواڵ و مراخانی کوردی هێندە زەحمەتە دروستکردنی، کە تەنیا بەرگدرووی کورد دەتوانێت بیدوورێت. لێ کاتێك گەڕامەوە تەواو تێك چووم، چۆن ئەم شەڕواڵە جوان و قەشەنگانە بەرگدووری چینی دروستی کردبێت؟! چەند کەسێکم بینی وتیان، ئێستا خەڵکی هەر ئەم شەڕواڵانە دەکڕێت، پرسیم بۆچی ؟! وتیان چونکە جوانتر و هەرزانترە، هەروەها لە درۆودەلەسەی بەرگدوورەکانی خۆشمان ڕزگارمان بووە!. بۆ شۆخیش وتیان، بەم زووانەش کڵاشی هەورامیش لە چین دروست دەکرێت، ئەو کات ناوی لێ دەنێین :(کڵاشی چینی!!). بەداخەوە، هەتاوەکو ئەمرۆش، ئێمەی کورد هیچ لێکۆڵینەوەیەك یان هۆشیارو ئاگەدارییەکی وامان لەسەر ئەم وڵاتە نییە. هەر ئەمەش پاڵی پێوە نام، کە چەند دێرێك، چەند سەرنجێکی بچووك، چەند دیمەنێکی خێرا، لەسەر ئەم وڵاتە شاراوەو نادیار و مەزنە بنووسم. ئەوەی کە من نووسیومە، مشتێکە لە خەرمانی زۆری چین. هەربۆیە هیوادارم، کە نووسەرانی تر، لە پاش من، لێکۆڵینەوەی هەمەجۆر و زیاتر بنووسن. ئەو هەڵەو کەموکورتییانەی من، راست بکەنەوە و ئەو بۆشاییانەی کە من ئاگام لێ نەبووە، ئەوان بە قەڵەمی پیرۆزیان پڕی بکەنەوە. هەوڵ دەدەم لەم کتێبەدا، بەکورتی باری (جوگرافی و دیمۆگرافی و مێژوویی و سیاسی و ئابووری)ی چین باس بکەم. چەند دێرێك لەسەر ئەزموونی نەبڕاوەی چین لە (پیشەسازیکردن و بازرگانی و زانست و ئاوەدانکردنەوە و داهێنان) بنووسم. هەروەها، خاڵە لاواز و بەهێزەکانی ئەم زلهێزە نوێیە دەربخەم. لە هەمان کاتیشدا بە کورتەیەکی مێژوویی، هەوڵ دەدەم تیشك بخەمە سەر چینی کرێکار و سەرمایەداری چینی. لە ڕووی سیاسیشەوە، پێوەندییەکانی چین لەگەڵ جیهان دەخەمە ڕوو، بەتایبەت پێوەندیی چین و ئەمەریکا، ئایا ئەم دوو وڵاتە یان ئەم دوو زلهێزە دەکەونە شەڕەوە ؟. ئایا کێشەکانیان لەسەر چییە؟ ئایا تەنیا شەڕی دەسەڵاتە ؟! یان کۆمەڵێك فاکتەری (کولتووری و سیاسی و ئابووری) ڕۆڵی لەم شەڕەدا هەیە. لە کۆتاییشدا هەوڵ دەدەم سەرنجێکی خۆم لەسەر ئەم زلهێزە نوێیە و پێوەندی کوردو چین بخەمە ڕوو.

هیوادارم بەم کتێبەم توانیبێتم، لە پێش هەموو شتێکدا خزمەت بەخوێنەری کورد بکەم و کتێبخانەی کوردیشی پێ دەوڵەمەند بکەم. هیوادارم لە هەڵە و کەموکورتییەکانمان ببوورن. وە خـۆشحـاڵ دەبم، بـەهــەر (ڕەخـنــەیــەك، خـوێنـدنـەوەیـەك، سەرنجێك، چـاوپـیـاخشانـێك، ڕاستکردنەوەیەك). بەدڵنیاییەوە هەر وشەیەك، ڕستەیەك، شانازییەکی گەورە بەمن دەخشێت.

ئەردەڵان عەبدوڵا

مانهایم / ئەڵمانیا

٢٠٠٩/٤/١

# بەشی یەکەم

## چین دەکەوێتە کوێی جیهانەوە؟

*"واز لە چین بهێنن با بخەوێت، چونکە گەر لە خەو هەڵسا، هەموو جیهان دەلەرزێنێت."*

*ناپۆلیۆن بۆناپارت*

# باری جوگرافی



وڵاتی چین

چین دەکەوێتە خۆرهەڵاتی کیشوەری ئاسیاوە. ڕووبەرێکی زۆری زەویی بۆ خۆی داگیر کردووە. ڕووبەری زەوی چین، ۹,۵ ملیۆن کم۲یە(۱)، واتە بەقەدەر هەموو کیشوەری ئەورووپا تا دەگاتە ناوچەی ئۆرال. چین بەهۆی ئەو ڕووبەرە زۆرەیەوە، بەکۆمەڵێك وڵاتی دراوسێ دەور دراوە. کە ژمارەیان ۱٤یە. ئەوانیش (هیندستان، پاکستان، ئەفغانستان، تاجیکستان، قرقیزستان، کازاخستان، ڕووسیا، مەنگۆلیا، باکوری کۆریا، ڤێتنام، لاوس، میانمار، بۆتان، نیپاڵ) دیارە درێژترین سنووری بە وڵاتی مەنگۆلایە، کە دەگاتە نزیکەی ٤,٦٧٧کم. پاش ئەویش وڵاتی ڕووسیا دێت. بەدرێژی ۳٦٤٥ کم سنووریان پێکەوەیە. بەپلەی سێیەمیش، وڵاتی هیندستان دێت، کە بە درێژایی ۳،۳۸۰ کم، سنووریان پێکەوەیە. بەگشتی سنووری بەدراوسێکانییەوە دەگاتە، ۲۲,۱٤۳ کم. لەلایەکی ترەوە، لە باشوور و باشووری خۆرهەڵاتییەوە سنوورێکی زۆری بەدەریاوە هەیە کە دەگاتە ١٤,٥٠٠کم۲(۲). لە خۆرئاوا و باشووری خۆرئاواوە، چەند زنجیرە چیا و گرد و بەرزاییەکی زۆر سنووریان گرتووە. لە باکوریشەوە، بیابانێکی وشك و بێ ئاو، باڵی کێشاوە بەسەر ئەم بەشەیدا(۳).



زنجیرە چیاکانی ئەفرێست

---

1- Microsoft ,Encarta Professional 2003, china, das bevölkerung.

2- www.Ipicture.de.Länderinformation,China.

هەروەها سەیری

www.Wikipedia.de, china.

3- Microsoft,Encarta Professional 2003, china.

لە باشووری خۆرئاواوە (کە پێشتر وڵاتی تبت بوو چین داگیری کرد، کە پاشان باسی لێوە دەکەم)، کۆمەڵە چیاکانی هیمالایە دێن، کە بەرزاییان دەگاتە نزیکەی٧٦٠٠م. بەرزترین لووتکەی ئـەم زنجیرە چیایانەش (Mount Everest)(*)، سنووری چین لە وڵاتی نیپاڵ جیا دەکاتەوە. ئەم چیایە بە بەرزترین لووتکەی چیای جیهان دەژمێردرێت. بەرزترین لووتکەی دەگاتە ٨٨٤٦ م(٤).



شاخەوانێك دەیەوێت
بەسەر چیای ئەفرێست سەرکەوێت

ئەم زنجیرە شاخانە، لە جیهاندا زۆر ناسراون، کەم کەس هەیە بتوانێت بەسەر ئەم لووتکە شاخانەدا سەر بکەوێت. دیارە بۆ یەکەمین جار، ساڵی **١٩٢٣**، شاخەوانێکی ئینگلیزی توانی بگاتە سنووری ٨٢٢٤م، لێ دوایی نەیتوانی، بگاتە لووتکەی چیاکە، چونکە لە پاش ئەو بەرزاییە، ئۆکسجین نامێنێت. هەر بۆیە وازی لێ هێنا. لێ پاش ئەویش کۆمەڵێك هەوڵی تر درا، تا لە **٢٩** مای**١٩٥٣**، کۆمەڵێك شاخەوانی ئینگلیزی توانییان بگەنە لووتکەی ئەفرێست. یەکەمین ژنیش، ژاپۆنییەك بوو کە ناوی (Junko Tabei)، لە **١٦** مای **١٩٧٥** توانی بگاتە لووتکەی ئەفرێست(٥).

هەتاوەکو ئەمڕۆش ئەم چیایە بووەتە هیواو ئارەزوویەکی شێتانەی زۆر کەس لە جیهاندا. سەرکەوتن بۆ سەر لووتکەی ئەم چیایە، زۆر گرینگە و میدیاکانی جیهانیش وەکو هەواڵێکی سەرسوورهێنەر باسی لێوە دەکەن. لە هەمان کاتیشدا بووەتە شوێنێکی گەشتوگوزاری خۆش، خەڵکانێکی زۆر دێن بۆ ئێرە بۆ بینینی ئەو دیمەنە سەرسڕهێنەرە جوانانە. (هیوادارم خۆشم ڕۆژێك بێت سەردانێکی ئەم زنجیرە چیایانە بکەم).

## ڕووبار و دەریاچەکانی چین



درێژترین ڕووباری چین و ئاسیا،
ڕووباری Jangsekain

---

(*) ساڵی ١٨٣٠/١٨٣٤، جوگرافیناسی ئینگلیزی George Everest، دەست دەکات بە نووسین و دیاریکردنی سنووری جوگرافی وڵاتی هیندستان. ئەم چیایەش بەناوی ئەوەوە، ناونراوە.
(4) www.Wikipedia.de, china.

(٥) هەمان سەرچاوە.

چین سێ ڕووباری درێژی و گەورەی هەیە. ئەم سێ ڕووبارە، بەناو تەواوی خاکی چیندا تێدەپەڕن و دەرژێنە زەریای هێمنەوە.

Jangsekain, 6300km, Haunge, 5464km, Xi Jiang, 2100k [*]

دیارە درێژترین ڕووباری چین Jangsekain. ئەم ڕووبارە لەبەر ئەوەی کاری کەشتیوانی و ڕاوەماسی و گواستنەوەی شمەکی تێدا دەکرێت، خەڵکی ئاسایی بە دەریای شین ناوی دەبەن[٦].

جگە لەم سێ ڕووبارە، چەند ڕووبارێکی تری بچووک هەن وەکو (Heilong jiang)، کەدەکەوێتە باکوری چین، وەکو سنوورێکی سروشتی چین لە وڵاتی ڕووسیا جیای دەکاتەوە. هەروەها ڕووباری (Sungari) ، کە دەکەوێتە سنووری نێوان چین و مەنشووریا. ئەم ڕووبارەش بەهەمان شێوە، سنووری چینی لە وڵاتانی دراوسێی جیا دەکاتەوە[٧]. نزیکەی ٢٧٠٥٥٠،کم٢ ڕووبەری چین ئاو دای پۆشییوە[٨].

### دەریاچەکان

چین چەندین دەریاچەی هەیە. لە زۆربەی شوێنەکانی، دەریاچە و گۆماو و زەلکاو بەدی دەکرێت. دەتوانم بڵێم چین لە ڕووی ئاوەوە، کێشەیەکی وا زۆری نییە. ئەو دەریاچە گەورانەی کە شایستەی باسن، دەریاچەی Qinghai Hu. کە دەکەوێتە ناوچەی تبتەوە. دیارە ئەم دەریاچەیە، دەریای (خوێ)شی پێ دەڵێن. چونکە ڕێژەی خوێ تێیدا زۆرە. دوو دەریاچەی گرینگیش هەن، کە دەکەونە سەر ڕێی، ڕووباری. Jangsekain. کەناویان [٩]Dongting Hu, Poyang Hu ئەم دوو دەریاچەیە، گرینگیی زۆریان بۆ ژیانی دانیشتوانی ئەو ناوچانە هەیە. چونکە بە زۆری کاری ڕاوەماسیی تێدا دەکرێت.

### دەریاچەی دەستکرد (یان شوێنی کۆکردنەوەی ئاوی باران)

جگە لەو دەریاچە سروشتییانە، حکوومەتی چین ماوەی چەندین ساڵە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی بێ ئاوی و، بەکشتوکاڵیکردنی ناوچە جیاجیاکانی چین، هەوڵی دروستکردنی دەریاچەی دەستکردی داوە. ئێستا زیاتر لە ٢٠٠٠ هەزار دەریاچەی دەستکرد هەیە. لێ کێشەی ئەم دەریاچانە ئەوەیە، کە شوێنەکەیان زۆر بچووکە و ئاوی کەم دەگرێت (یان دەپارێزێت). گەورەترین دەریاچەی دەستکردیان، نزیکەی ٣٥،٤ ملیارد کیوبێك مەتر دەگرێت[١٠].

---

(*) ناچارم ناوی ڕووبارەکان بە لاتینی بنووسم، چونکە ناوە چینییەکان زۆر زەحمەت دەکرێنە کوردی.

(6) Microsoft,Encarta Professional 2003,China, Flüsse und Seen.

(٧) هەمان سەرچاوە.

(8) www.Ipicture.de.Länderinformation,China.

(9) Microsoft,Encarta Professional 2003,China, Flüsse und Seen.

(١٠) هەمان سەرچاوە.

## بیابانە وشك و بێ ئاوەكانی چین


گردە بیابانییەكانی Gobi

بە شێكی زۆری وڵاتی چین، بیابان و گرد و زەویی وشك و بێ ئاوە. بەتایبەت ناوچەكانی باكور و ناوەڕاستی باكور و باكوری خۆرئاوا و، ناوچەكانی تبت. كە بەشێكی زۆری ئەم ناوچانە، بە لم و خۆڵی سەحرایەكی گەورە داپۆشراوە. هیچ سەوزاییەك و شینایەتییەك لەم ناوچانەدا بەدی ناكرێت. بەشێكی زۆری سنووری چین لەگەڵ مەنگۆلیا، بەبیابانێكی گەورە تەنیووە. بیابانی Gobi، كە ڕووبەڕەكەی دەگاتە نزیكەی ١،٣٠٠،٠٠٠ كم٢. دیارە ئەم بیابانە، بە ساردترین بیابانی سەرووی جیهان دەژمێرێت. بەشێكی زۆری ئەم بیابانە، گرد و گردۆلكەی لماویی لە خۆ ڕواندووە. هەموو كات، كە بایەكی بەهێز لەم ناوچانەوە بێت، لم لەگەڵ خۆی بۆ ناوچەكانی باشوور دەگوازێتەوە[١١]. ئەمەش یەكێكە لە كێشەكانی ئەم ناوچانە. هەرچەندە حكوومەتی چین چەندین پرۆگرامی بۆ چارەسەركردنی ئەم كێشەیە داڕشتووە. لێ تاوەكو ئێستا، چارەسەری تەواویان بۆ نەدۆزیوەتەوە[١٢].

### كەشوهەوا

بەهۆی گەورەیی و پانی لەلایەك، بوونی زنجیرە چیا و بیابان و نزیكی لە زەریاوە، وڵاتی چین چەند جۆرە كەشوهەوایەكی جیاوازی هەیە. دیارە ئەم جیاوازییە سروشتییەش، هەریەكە بەشێوەی خۆی كاری كردووەتە كەشوهەوای چین. بۆ نموونە لە هاویندا بایەكی گەرم لە زەریای هێمنەوە، بۆ ناوەوەی چین مل دەنێت. ئەم باگەرمەی زەریای هێمن (پاسیڤیك)، وەرزێكی گەرم و وشك لەگەڵ خۆی دەهێنێت. هەرچەندە زۆر جار، لە مانگەكانی هاویندا، ئەم باگەرمە، دەبێتە هۆی بارانبارینێكی زۆر و لافاو لە زۆربەی ناوچەكانی چین هەڵدەستێت.


كاتی لافاوهەڵسان

(١١) الشرق الاوسط، الجمعة ١٣جمادي الاولى ١٤٢٧ﻫ ٩ يونيو٢٠٠٦، العدد١٠٠٥٥

(١٢) هەمان سەرچاوە.

لە زستانانیشدا، بایەکی سارد لە سیبیریاوە بەرەو چین هەڵدەکات و، وەرزێکی سارد و سەرما لەگەڵ خۆی دەهێنێت[١٣]. لە هەمان کاتدا، چین بەهۆی جیاوازیی سروشتیی ناوچەکانی، کەشوهەوای هەر ناوچەیەك لەگەڵ ناوچەکانی تردا جیاوازە.

## ناوچەکانی باشوور

لە ناوچەکانی باشوور و باشووری خۆرهەڵات، زیاتر کاریگەرییی زەریای پاسیفیك (هێمن) پێوە دیارە. ئەم ناوچانە لە هاویندا هەوا گەرم و وشکە و پلەی گەرما دەگاتە ٢٦ پلەی سەدی. کەمێکیش باران دەبارێت. هەندێك جاریش لافاو لەم ناوچانەدا هەڵدەستێت[١٤]. لێ وەکو زستان نییە، بگرە لێرە زیاتر لە وەرزەکانی (پایز و زستان و بەهار) باران دەبارێت. واتە، هەروەك کەشوهەوای لای خۆمان وایە. لە زستانیشدا سارد و باراناوییە و زۆر جاریش بەفری تێدا دەبارێت. پلەی گەرما دەگاتە 81 پلەی سەدی. لێ لە ناوچەکانی باشووری خۆرئاوا، کەمێك جیاوازی هەیە، دیارە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم ناوچانە لەڕووی دەریاوە بەرزن. هەر بۆیە پلەی گەرما لە زستانانـدا دەگاتـە ٤ پلـەی سەدی. بـا ساردەکـانـی سیبیریـا ئـەم ناوچانەش دەگرێتەوە[١٥]. هەروەها لە هاوینانیشدا، وەکو ناوچەکانی باشووری خۆرئاوا، گەرم نییە. لەهەمان کاتیشدا ڕێژەی بارانبارینیش لێرە زیاترە. زۆرجار رادەی بارانبارین دەگاتە ئاستێکی خراپ و دەبێتە هۆی لافاو هەڵساندن و، بە ملیۆنەها کەس ماڵوێران و ئاوارە دەبن . بەگشتی ڕێژەی بارانبارین لە باشووردا زۆرە، ساڵانە بەرێژەی ١٠٠٠ ملیمەتر باران دەبارێت[١٦].

## ناوچەکانی باکور

بەحوکمی ئەوەی ناوچەکانی باکور، هیچ زنجیرە چیایەك نییە ، کە ببێتە ڕێگر و لە با ساردەکانی سیبیریا بیپارێزێت، هەربۆیە هەمووکات ئەم ناوچانە لە زستاندا زۆر ساردن. بەگشتی لە باکورەوە تا پکین پلەی گەرما دەگاتە ٤ تا ١٠ پلەی سەدی[١٧]. گەرچی ناوچەکانی باکوری خۆرهەڵات، ساردتر و وشکەسەرمای زیاتری هەیە. لەسنووری مەنگۆلیاش، بەهەمان شێوە هەوای سارد و، زۆرجار لە مانگی یانوەردا، سەرماکە زیاد دەکات، دەبێتە هۆی ئەوەی کە حکوومەت هێزە فریاگوزارەکانی بگەیەنێتە ئەم ناوچانە.

زۆر جار پلەی گەرما دەگاتە ١٠ پلەی ژێر سفر. بەهەمان شێوەش، ناوچەکانی مەنشووریاش،

(13) Microsoft,Encarta Professional 2003,China,Klima.

(14) www. Die Neue Epoche Online.de / China,klima

(15) Microsoft,Encarta Professional 2003,China,Klima.

(١٦) هەمان سەرچاوە.

(١٧) هەمان سەرچاوە.

کەدەکەونە باکوری چین، لە زستاندا زۆر ساردن و پلەی گەرما دادەبەزێتە ژێر –١٨ پلەی سەدی. بەهاوینیشدا گەرمن و زۆر کەم باران دەبارێت. ڕێژەی بارانبارین دەگاتە ٧٠٠ ملیمەتر، لە ناوچەکانی مەنگۆلیا زۆر کەم باران دەبارێت، زۆرجار ٤٠ تا ٨٠ رۆژ باران نابارێت، زۆرجار دەبێتە هۆی وشکەساڵی. لەم ناوچانەدا ڕێژەی بارانبارین بەگشتی زۆر کەمە ساڵانە بەرێژەی ١٠٠بۆ٢٠٠ ملیمەتر دەبارێت[١٨].

## باری دیمۆگرافی

### ژمارەی دانیشتوانی چین

هیچ کەس نییە نەزانێت، کە چین یەکەمین وڵاتی جیهانە لە ڕووی دانیشتوانەوە. هەندێك بەگۆترە دەڵێن ملیاردێکە یان ملیارد و نیوە، لێ هەموومان لەسەر ئەوە کۆکین، کە چین دانیشتوانی زۆرە. بەپێی دوایەمین ئامار کە لە مانگی شەشی ٢٠٠٥دا ئەنجام دراوە، ژمارەی دانیشتوانی چین دەگاتە١,٣٠٦,٣١٣,٨١٢ کەس[١٩]. دیارە کە دەڵێین ملیارد و سێ سەد ملیۆن کەس، کورد وتەنی (هەر بەدەم خۆشە). بەراستی یەکێك لە شتە سەرسڕهێنەرەکانی ئەم وڵاتە، ژمارەی دانیشتوانییەتی. ئەوەی زیاتر، کە هانی دام ئەم چەند دێرەش بنووسم، ئەو ژمارە زۆرەی دانیشتوانە بوو. بەلای منەوە شتێکی ئێجگار سەیرە، چۆن ئەم هەموو مرۆڤە لە ناو وڵاتێکدا جێگەیان دەبێتەوە!چۆن کاروباری ئەم هەموو خەڵکە بەرێوە دەبرێت! چۆن لە ناو وڵاتێکدا رێك دەخرێن!. بەرێوەبردنی کاروباری ئەم هەموو حەشاماتە، لای من شتێکی گرینگە. ئاخر کاتێك دەچمە دائیرەکانی خۆمانەوە، دەڵێم ئاخۆ ئەگەر ژمارەی دانیشتوانمان هێندەی چین بووایە، ئەو کاتە چۆن کاروبارەکانمان بەرێوە دەبرد؟. یان چۆن ئەم هەموو خەڵکە بەخێو دەکرێت! چۆن نان و ئاووی بۆ دابین دەکرێت!.

| Jahr | Einwohner | Jahr | Einwohner |
|---|---|---|---|
| 1950 | 556.613.000 | 1995 | 1.200.241.000 |
| 1955 | 614.479.000 | 2000 | 1.265.830.000 |
| 1960 | 682.024.000 | 2005 | 1.301.518.000 |
| 1965 | 754.452.000 | 2010 | 1.347.514.000 |
| 1970 | 825.812.000 | 2015 | 1.392.234.000 |
| 1975 | 908.266.000 | 2020 | 1.434.383.000 |
| 1980 | 981.200.000 | 2025 | 1.471.282.000 |
| 1985 | 1.051.438.000 | 2030 | 1.500.611.000 |
| 1990 | 1.133.682.500 | 2050 | 1.322.435.000 |

ژمارەی دانیشتوانی چین پەنجا ساڵی پێشوو، وە داهاتووش شارەکانی چین.

(١٨) هەمان سەرچاوە.

(19) www.Wikipedia.de, china.

چین لە ٢٢ هەرێمی گەورە و، ٥ ناوچەی ئۆتۆنۆمی پێك هاتووە. ٣ هەرێم ، ڕووبەری لە ٤٥٪ چین داگیر دەکەن. ئەوانیش هەرێمەکانی Tibet und Xinjiang ، خۆرئاوای مەنگۆلیایە.



نەخشەی چڕیی دانیشتوان بۆ هەر ١کم٢ لە ناوچەکانی چین

مەسەلەی ئوربانیزیم(*)، حکوومەتی چین زۆر بایەخی پێ دەدا و، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین پرۆفیسۆری چینی و بیانیی دامەزراندووە. ئەمڕۆ شارەکانی باشووری، قەرەباڵخترین شوێنی چینن. هۆکەشی دەگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی کەئەم شارانە بەشێکی زۆریان لەسەر زەریان و بەندەری گەورەن. لەلایەکی تریشەوە، بەشێکی زۆری ئابووریی چین دەکەوێتە ئەم ناوچانەوە و، کارگە و دەزگای گەورەی ئابووریی چینی و جیهانیش، لەم ناوچانە سەرمایەگوزارییەکی زۆری

| | Tnranskription | chinesisch | Zensus 1990 | Zensus 2000 | Berechnung 2005 |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | Shanghai | | 7.649.688 | 8.954.435 | 9.263.459 |
| 2 | Beijing | | 5.641.634 | 6.892.000 | 7.480.601 |
| 3 | Wuhan | | 3.375.039 | 3.923.321 | 4.184.206 |
| 4 | Chongqing | | 3.122.704 | 3.229.900 | 3.967.028 |
| 5 | Xi’an | | 2.251.988 | 3.327.174 | 3.953.191 |
| 6 | Chengdu | | 3.483.834 | 3.885.467 | 3.950.437 |
| 7 | Tianjin | | 3.693.938 | 3.771.900 | 3.766.207 |

نەخشەی دانیشتوانی شارە گەورەکانی چین

(*) ئوربانیسیرونگ Urbanisierung: واتە زانستی باشکردن و بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی شارەکان. دیارە ئەم زانستە، هەوڵ دەدات بەرێگەی زانستی و گونجاو کێشەی شارە گەورەکان چارەسەر بکات، ژیانی خەڵکی ناو شارەکان باشتر بکات.

خۆیان کردووە. نزیکەی ١١٥ملیۆن کەس، لە ناوچەکانی باشووری رۆئاوا دەژین، واتە ١٠٪ دانیشتوانی چین.لەلایەکی ترەوە ئەم ژمارە زۆرەی خەڵکی، تەنیا لە ٥٠,٠٠٠ کم٢ دەژی[٢٠]. نیوەی دانیشتوانی چین، لە شارەکانی باشووری چیندا دەژین، کە کۆی ڕووبەری ئەم ناوچانەش دەگاتە ١٠٪ ڕووبەری گشتیی چین[٢١]. ئەمڕۆ هەرێمی (یان وەکو چینییەکان دەڵێن، کانتۆن)، شەنگهای، قەرەباڵخترین ناوچەی چینە، ژمارەی دانیشتووانی دەگاتە ١٤,٦٠٨,٥١٢. پاش ئەویش پکینی پایەتەخت دێت، کە ژمارەی دانیشتوانی دەگاتە ١١,٢٣٨,٧٤٩. هەرێمی Chongqing، سێیەمینە، ژمارەی دانیشتوانی دەگاتە ٧,٤٧٥,٤٣١[٢٢].

## نەتەوە جیاوازەکانی چین

وولاتی چینیش وەکو هەموو دەوڵەتەکانی جیهان، لە کۆمەڵێك نەتەوەی جیاواز پێك هاتووە. دیارە لە هەموو شوێنێکیشدا، زۆرینە و کەمایەتیی نەتەوایەتی هەیە. ئەمڕۆ هیچ دەوڵەتێك لە تەنیا نەتەوەیەك پێك نەهاتووە. بەڵکو هەموو دەوڵەتەکان، لە کۆمەڵێك نەتەوە و ئاینی جیاواز پێك هاتوون. هەر ئەمەش وا دەکات، کە زۆربەی وڵاتانی جیهان، کێشەی (ئێتنی و تایەفەگەری و مەزهەبیان) بۆ دروست بێت.

وولاتی چین لە زۆرینەیەکی چینی پێك هاتووە، کە بە هانەچینییەکان (Han-Chinesen) ناسراون. کە ٩٢٪ی دانیشتوانی چین پێك دەهێنێت[٢٣]. ژمارەیان دەگاتە ١,١٣٧,٣٨٦,١١٢ کەس. دیارە ئەمانیش، وەکو هەموو نەتەوەیەکی سەر دەستی ئەم جیهانە، زۆربەی دەسەڵاتی سیاسی وئابووری یان لەدەستدایە. جگە لە چینییەکان ٥٥ نەتەوەی تر، کە ڕەسمییەن لەلایەن حکوومەتی چینیەوە دانی پێدانراوە ١٥ تا ٢٠ کەمە نەتەوەی تریش، کە هێشتا حکوومەتی چین ڕەسمییەن دانی پێ دانەناون. کەمە نەتەوەکانی چین، ژمارەیان دەگاتە نزیکەی ١٠٠ ملیۆن کەس[٢٤]. هەرچەندە تەنیا ١٨ لە کەمە نەتەوەکان، ژمارەیان لە ١ ملیۆن تێپەڕ دەکات. دیارە ئەم کەمە نەتەوانەش، لە ڕووی کولتووری و سیاسی و ئابوورییەوە، ناهەقییان بەرامبەر دەکرێت راستە هەندێك مافی کولتوورییان هەیە، لێ لە زۆر ڕووەوە هەست دەکەن لەلایەن حکوومەتی چینەوە دەچەوسێنرێنەوە. هەر ئەمەش وای کردووە کە زۆر کێشەی ئێدنی لەم وڵاتەدا ڕوو بدات.

لەلایەکی ترەوە، ئەم کەمە نەتەوەیانە ماوەی چەندین ساڵ لە٦٠٪ ی زەویی چینیان پێك

---

(20) www.Wikipedia.de, china, Bevölkerung.

(٢١) هەمان سەرچاوە.

(٢٢) هەمان سەرچاوە.

(23) Microsoft,Encarta Professional 2003,China. Bevölkerung.

(24) www.Wikipedia.de.China,Bevölkerung

هێنابوو. لێ پاشان لەگەڵ هەڵمەتی داگیرکاریی چینیەکان بۆ ناوچەکانی باکور و خۆرئاوا و باشوور، هەموو زەویوزاری ئەو گەلانە کەوتە ژێردەستی چینییەکانەوە. دیارە زۆرترین کەمەنەتەوەی چین، (Zhuang) کە ژمارەیان دەگاتە ١٤،٦٠٠،٠٠ کەس. بچووکترین کەمەنەتەوەش Lhoba ، کە ژمارەیان دەگاتە ٢,٩٦٥ کەس (Zhuang) هەرێمێکی ئۆتۆنۆمیی تایبەتیان هەیە کە ناوی(Guangxi Zhuang )[٢٦]پاش ئەمانیش، موسڵمانەکان دێن، کە پێیان دەڵێن Hui ژمارەیان دەگاتە ٨ ملیۆن کەس، لە هەرێمی ئۆتۆنۆمی Ningxiq Hui. دەژین. دیارە ئەم کەمە نەتەوەیە، چینیەکان زۆر بە شکەوە سەیری دەکەن و، یەکێکە لە کێشە گەورەکانی چین. لەم ناوچانەدا خەباتی چەکداری و کاری تیرۆرستی زۆر دەکرێت، کە زۆر جار حکوومەتی چینی نارەحەت دەکات. دەبێت ئەوەش بڵێم کە میتی توورکیش دەستی لەم کێشانەدا هەیە، چونکە ئەوانەی لێرە دەژین تورکن. پاش ئەمانیش نەتەوەیەکی تر دێت، کە ناوی Uigur و، ژمارەیان دەگاتە ٦،٥ ملیۆن کەس. لە هەرێمی ئۆتۆنۆمیی Sing Kiang دەژین. دوای ئەوانیش Yi دێت. کە ژمارەیان دەگاتە ٦ ملیۆن کەس، لە هەرێمەکانی Sichaun,Yannan,Guangi دەژین[٢٧]. جگە لەمانەش چەندین نەتەوەی تر هەیە وەکو (مەنگۆلی و تبتی و مایۆ) .

| ناوی نەتەوە | بەشێوەی ئەڵمانی | ژمارەی دانیشتوان |
|---|---|---|
| Han | Han-Chinesen | 1.137.386.112 |
| Zhuang | Zhuang | 16.178.811 |
| Man | Manju, Mandschu, Mandschuren | 10.682.263 |
| Hui | Hui, Hui-Chinesen, chinesische Muslime; Dunganen | 9.816.805 |
| Miao | Miao, Hmong; Vietnamesisch: Mèo, Hmông; Thai: (Maew), (Mong) | 8.940.116 |
| Uygur | Uiguren | 8.399.393 |
| Tujia | Tujia | 8,028,133 |
| Yi | Yi, veraltet: Lolo | 7.762.286 |
| Mongol | Mongolen | 5.813.947 |
| Zang | Tibeter | 5.416.021 |
| Buyei | Bouyei | 2.971.460 |
| Dong | Dong, Kam | 2.960.293 |

(٢٦) هەمان سەرچاوە.

(٢٧) هەمان سەرچاوە.

| | | |
|---|---|---|
| Yao | Yao | 2.637.421 |
| Chosen | Koreaner | 1.923.842 |
| Bai | Bai | 1.858.063 |
| Hani | Hani, Akha | 1.439.673 |
| Kazak | Kasachen | 1.250.458 |
| Li | Li | 1.247.814 |
| Dai | Dai | 1.158.989 |
| She | She | 709.592 |

## زمانی چینی

زمانی چینی، یەکێکە لە زمانەکانی خێزانی[*](Sinotibitiesch). زمانی چینی یەکێکە لە زمانە کۆنەکانی جیهان، تەمەنی بۆ زیاتر لە ۳۰۰۰ ساڵ دەگەڕێتەوە[۲۸]. دیارە زمانی چینی زیاتر بە وێنە دەنووسرێت. کە لەشێوەی زمانە کۆنەکانی میزۆپۆتامیا دەچێت (سۆمەری و بابلی). کە بە زمانی بزماری ناسراون. دیارە زمانەکانی جیهان، بەپیت دەنووسرێن، لێ زمانە کۆنەکانی جیهان، هەموو بە (وێنە، نیشانە) نووسراون. پاشان (پیت) پەیدا بوو جێگەی (وێنە)ی گرتەوە. لێ زمانی چینی هەر بە شێوە کۆنەکەی خۆی بەردەوامی کرد و، هەر بەو شێوەی کۆن دەنووسرێت. زمانی چینی لە ٥٠ هەزار نیشانە (وشە) پێك هاتووە. لێ تەنیا ٨ هەزاری بۆ کاری رۆژانەو بەزۆری بەکار دەهێنرێت. دەتوانیت، بە ٣ تا ٤ هەزار وشە رۆژنامەکانی چین بخوێنیتەوە و تێ بگەیت [۲۹].

## دیالێکتەکانی زمانی چینی

زمانی چینی، بەحوکمی کۆنی و گەورەییی وڵاتەکە، چەندین دیالێکتی هەمەجۆری لێ پەیدا بووە. دیارە هەروەك بەڕێز جەمال نەبەز دەڵێت (هیچ وڵاتێك یان زمانێك تەنیا لە یەك دیالێکت

(*) خێزانی سینۆتیبتی، یەکێکە لە خێزانەکانی زمانی جیهان ٢٨. ئەم خێزانە زمانەوانییە، زیاتر زمانی گەلانی ناوەڕاست و باشووری خۆرئاوای ئاسیا دەگرێتە خۆ، لەوانە (چینی، تایلەندی، نیپاڵی، تیبتی، گەلانی باکوری رۆهەڵاتی هیندستان) . ئەم زمانانە، لەرووی نووسین و فۆنەتیکەوە، تا ڕادەیەکی زۆر نزیکن و خزمایەتییەکی پتەویان بەیەکەوە هەیە. ئەم زمانە کۆنترین زمانی گەلانی ئاسیایە، پێش ٣٠٠ ساڵ لە هاتنی بودا، ئەم زمانە لە تبتەوە بڵاو بووەوەو، پاشتر بەرەو باشووری ئاسیا هەنگاوی نا.

(28) Microsoft,Encarta Professional 2003, Sinotibitiesche Sprache.

(٢٩) هەمان سەرچاوە.

پەیدا نەبووە[٣٠]). زمانی چینیش لە کۆمەڵێك دیالێکتی زۆر پێك هاتووە کە هەریەکەیان تایبەتمەندە بەشوێنێکی جوگرافیی دیاریکراو. دیالێکتەکانی چین بریتین لە :
Xian,Min,Yue,Gan,Hakka,Wu,Putonghau.[٣١] جگە لە چەندین دیالێکتی تری چینی، کە لە ناوچە جیاجیاکانی چیندا قسەی پێ دەکرێت. لێ بڵاوترین دیالێکتی چینیPutonghauیە. کە لە ناوچەکانی خۆرئاوا و ناوەراست و باشووری خۆرهەڵات، قسەی پێدەکرێت. هەر بۆیە لە ساڵی ١٩٥٥، کۆنگرەی گەلی چینی، ریفۆرمی زمانی چینی دەست پێ کرد، بڕیاری دا، کە دیالێکتی Putonghau. بکرێتە زمانی فەرمیی دەوڵەت[٣٢]. دیارە لە رۆژئاوا، بەم جۆرە دیالێکتە دەڵێن، دیالێکتی Mandarin. وە زیاتر بەم ناوە ناسراوە، لێ چینییەکان خۆیان پێی دەڵێن Putonghau. بەگشتی زمانی چینی، بۆ ئێمەی کورد، زمانێکی زۆر زەحمەتە. جۆری فۆنەتیك و نووسینەکەی، هێندەی تر ئاڵۆزتری کردووە لامان. دیارە چینییەکانیش هەمان هەستیان بەرامبەر زمانەکانی (هیندۆئەورووپی) هەیە. لای ئەوانیش زمانەکەی ئێمە زەحمەتە بۆیان.




نەخشەی دیالێکتەکانی زمانی چینی

دیارە جگە لە زمانی چینی، چەندین زمانی تر قسەی پێ دەکرێت. هەموو کەمە نەتەوەکانیش، بە زمانی خۆیان قسە دەکەن. بۆ نموونە زمانەکانی (مەنگۆلی و تبتی و زانگی و مایۆ)، قسەی پێ دەکرێت. لێ هیچ کام لەمانە، زمانی فەرمیی دەوڵەت نین. دیارە ئەو نەتەوانەی کەرەسمییەن حکوومەتی چین، دانی پێ دانەناون، هیچ جۆرە یارمەتییەکی نادرێت و، هیچ رۆژنامە و کۆواریان نییە. لێ ئەو کەمە نەتەوانەی کە حکوومەت دانی پێ داناوە، کەمێك یارمەتییان دەدەن.

(٣٠) جەمال نەبەز، کوردو کێشەی زمان، رۆژنامەی میدیا، ژمارە٢٤٤. ٢٠٠٦/٦/١٣.

(31) Microsoft,Encarta Professional 2003, Chinisische Sprache.

(٣٢) هەمان سەرچاوە.

# باری کۆمەڵایەتی

## خێزان

خێزان لەکۆمەڵگەی چینیدا، پایەکی سەرەکیی کۆمەڵگە پێك دەهێنێت. لێ پێشتر کۆمەڵگەی چین، زیاتر مۆراڵی فیئودالی (عادات و تەقالیدی دەرەبەگایەتی) زاڵ بووە بەسەریدا. لە زۆر ڕووەوە کۆمەڵگە، پێوەندیی نێوان ژن و پیاوی بەداخراوەیی هێشتبووەوە. هیچ پێوەندییەکی ئازاد لەنێوان ژن و پیاودا نەبووە. خێزان تاکە وەسیلەی پێکەوە ژیانی ژن و پیاو بووە. یەکێك لە کارەکانی ماوتسیتوونگ، ڕێکخستن و دیاریکردنی خێزانی چینی بوو. ماو سیاسەتی (٦ مانگی بۆ کچ و کوڕ) دانا. بەپێی ئەم یاسایە، دەبێت جارێك پێش ئەوەی هەر کچ و کوڕێك پێکەوە خێزان پێك بهێنن بۆ ماوەی ٦ مانگ لە ژێر تەجروبەدا بن، بزانن دەتوانن پێکەوە بژین یان نا. هۆکەشی ئەوە بووە، بۆ ئەوەی کچ و کوڕەکە یەکتری باش بناسن، چونکە ئەو کاتە، کۆمەڵگەی چینی، کۆمەڵگایەکی پاتریۆتی بووە، هیچ کات ڕێگەنەدراوە، کە ژن جگە لە مێردی لەگەڵ کەسی تر بژی. لە هەمان کاتیشدا، ڕێگە نەدراوە کە (کچ و کوڕ) تێکەڵی یەکتری ببن. دەتوانین بڵێین زیاتر ئەم عادەتەیان لە کۆمەڵگەی کوردییەوە نزیکە. هەر بۆیە ماو پێی وا بوو، کە بەم سیاسەتە، کوڕ و کچ یەکتری باشتر دەناسن و، دەتوانن خێزانێکی باش دروست بکەن(٣٣).




وێنەی بووك و زاوا پاش لابردنی یاسای تایبەتی بۆ خێزان دروستکردن، شەنگهای

لەلایەکی ترەوە دەبووایە بۆ ئەوەی خێزان دروست بکەیت، خاوەن کارەکەت بڕیاری رازیبوونی خۆی بنووسێت. کە ئەمەش زۆرجار لەلایەن خاوەنکارەکانەوە بە خراپترین شێوە لە دژی کرێکارەکانیان بەکار دەهێنرا. لێ لە مانگی ١٠ی ٢٠٠٣، حکوومەتی چین ئەم یاسایەی

(٣٣) هادی علوی.حوار الحاضر والمستقبل. اعداد، خالد سلیمان، حیدر جواد. دار الطلیعه الجدیده. سوریا، دمشق، الطبعه الاولی ١٩٩٩.

بەیەكجاری نەهێشت(٣٤). هەر پاش كۆتای پێهاتنی ئەم یاسایە، بە سەدان هەزار كوڕ و كچی چینی، دەستیان بە خێزان دروستكردن كرد. جگە لە چەندین یاسای هەمەجۆری تریش، كە ڕێگا لە دروستكردنی خێزان دەگرێت.

**سیاسەتی یەك منداڵی**



یەكێك لە پڕوپاگەندەكانی سیاسەتی یەك منداڵی

لە پاش ساڵی ١٩٤٩وە، واتە لە پاش شۆڕشەكەی ماوتسیتوونگ، ڕێژەی دانیشتوان ئێجگار زیادی كرد. دیارە وڵاتی چین، بەهۆی نەخۆشی و برسییەتی و شەڕ و كارەساتی سروشتییەوە، بەملیۆنەها كەسی لەدەست داوە. لە ماوەی ئەو ٥٠ ساڵەدا، كەمێك ئەم وڵاتە نیمچە ئارامییەكی بەخۆوە بینیوە. لە هەمان كاتیشدا خزمەتگوزاری تەندروستی و كۆمەڵایەتییەكانیش كەمێك باشتر بوون، لەلایەكی ترەوە ئەم وڵاتە لە داگیركاری و شەڕ و پێكدادان ڕزگاری بوو. جگە لە باشبوونی سیستەمی خواردن و خواردنەوە و، باشكردن و ڕێكخستنی ژینگەی شار و لادێكان، هەر لەبەر ئەم هۆكارانە بوو، كە ژمارەی دانیشتوان ڕوو لە زیادبوونێكی بێ شومار بوو.ئەم بارە نائاسایەش وای لە حكومەتی چین كرد، كە هەوڵی چارەسەركردنی ئەم كێشەیە بدات. ئەوە بوو لە كۆتاییی ساڵی ١٩٧٩ و سەرەتای ١٩٨٠، حكوومەتی چین سیاسەتێكی نوێی بۆ ڕێكخستنی خێزان دەركرد. بەم سیاسەتەش دەڵێن (سیاسەتی یەك منداڵی(٣٥)) . بەپێی ئەم یاسایە، نابێت هیچ خێزانێك، لە یەك منداڵ زیاتری هەبێت. ئەم سیاسەتە نوێیەی حكوومەتی چین، تا ڕادەیەكی باش توانی، لە كێشەی زۆربوونی دانیشتوان ڕزگاری بكات. هەرچەندە ئەم سیاسەتە، بێ ڕەحمی و ناعەدالەتییەكی پێوە دیارە، چونكە خەڵكێكی زۆر حەز دەكەن، كە زیاتر لە یەك منداڵیان هەبێت. لە هەمان كاتیشدا، لە ڕووی سایكۆلۆجیشەوە، كاریگەری خراپی بۆ

(٣٤) بكين تلغى قانون موافقه أرباب العمل على الزواج, www, CNN arabic.com ٢٠٠٣/١٠/١٣.

(35) www.chinafokus.de هەروەها سەیری www.Wikipedia.de, China , Familien.

سەر منداڵەکە هەیە. بەپێی یەکێك لە لێکۆڵینەوەکان کە لەم دواییەدا کراوە دەڵێت، کە زۆربەی منداڵەکانی چین، هەست بەبێتاقەتی دەکەن، چونکە لە ماڵەوە هەر خۆیانن و منداڵی تر نییە پێکەوە لەگەڵیدا بژی. بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا، دەبێت ئەوەشمان لە بیر نەچێت، کە ژمارەی دانیشتوانی چین، زیاترلە ١,٣٠٠ملیۆن کەسە. گەر بەم سیاسەتەش نەبێت، چۆن دەتوانین ژمارەی دانیشتوانی ئەم وڵاتە رێکبخەین؟ گەر چین ئەم سیاسەتەی پێڕەو نەکردبایە، ئێستا بە دڵنیایەوە ژمارەی لە ٢ ملیارد کەس تێپەڕی بوو. من پێم وایە ئە م سیاسەتەی چین سیاسەتێکی حەکیمە،چونکە گەر وایان نەکردایە، نەك چین، بەڵکە هەموو جیهانیش تووشی کارەساتێکی گەورە دەبوو.

## ژن

کۆمەڵگەی چینی کۆن، لەسەر بنەمایەکی کشتوکاڵی دامەزراوە. کە ئەمەش سەرخانێکی دەرەبەگایەتی و دواکەوتوویی و ئاینی وکۆنەپەرستی دروست دەکات. هەر بۆیە هەموو کات ژن لەچاو پیاودا، شوێنێکی کەمتری هەبووە. لە ئیمپراتۆریەتی کۆنی چینیدا، ژن بەشێوەیەکی جیاوازتر سەیر کراوە. ژنەکانی ئیمپراتۆر، هەموو لە کۆشکەکاندا ژیاون، وەکو زیندانییەك بۆیان نەبووە بچنە دەرەوە و تێکەڵاوی پیاو ببن. لێ ژنی ئاسایی، یان ژنە هەژارەکان ئازادتر بوون، توانیوویانە بچنە بازارو کاربکەن. لێ هەموو کات پیاو زاڵ بووە بەسەر ژندا. تاکە دەسەڵاتی ماڵ پیاو بووە، هەموو شتێکی ناوماڵیش پیاو خاوەنی بووە(٣٦).

### ژن لە ئاینی کۆنفۆشیدا(*)

ژن لە ئاینی کۆنفۆشیدا، زۆر بەخراپی سەیر دەکرێت. بەپێی دەقە پیرۆزەکانی کۆنفۆشی، ژن لە پیاو بەکەمتر سەیر دەکرێت، کە زیاتر حیسابی کۆیلەیەکی بۆ کراوە. هیچ کات حسابی مرۆڤێکی

---

(٣٦) هادي علوي، فصول عن المراة، دار الكنوز العربية، بيروت، لبنان. ص ٩٧

(*) کۆنفۆشی، ئاینێکە لە وڵاتی چین بڵاو بووەتەوە. وشەکەش لە سێ پیت پێك هاتووە: (کۆنگ – فۆ– تزوK`ung-fu-tzu) کە مانای (مامۆستا کۆنگۆ) دەبەخشێت. لێ کاتێك لە سەدەی ١٦، مەسیحییە ئەوروپییەکان گەیشتنە چین، بەم شێوەیە ناوەکەیان بۆ لاتینی گۆڕی. دیارە ئەم ئاینە، کە هەندێك کەس پێی وایە کۆنفۆشی زیاتر فەلسەفەیە تا ئاین، چونکە لە کۆمەڵێك (نەسیحەتی و دەقی فەلسەفی و کۆمەڵایەتی پێك دێت)، کە کۆنفۆ نووسیویەتی و پاش خۆی بوو بەئاین. دیارە ئەم ئاینەش، بەردەوامییەکە بۆ ئاینی (گاوی) کە پێش ئەم پەیدا بوو. لێ لە ساڵی ٦٣٠، ئیمپراتۆری چینی تای تسسونگ Tai Tsung، بریارێکی فەرمی دەرکرد، کە کۆنڤۆشی بکرێتە ئاینی ئیمپراتۆریەتییەکەی و لە هەموو هەرێم و ناوچە و لادێکاندا، پەیکەری کۆنفۆشیۆس دروست کرا. دیارە ئەم هەنگاوەش زیاتر بۆ ئەوە بوو، کە رێگە لە بڵاوبوونەوەی ئاینی بوژی بگرێت، چونکە ئاینی بوژی، ئاینێکی چینی نەبوو. لە هەمان کاتیشدا ئاینی کۆنفۆشی، پشتگیری تەواوی حوکمی دەرەبەگایەتی و کۆیلەداری دەکرد، جگە لەوەش هەڵگری سیمایەکی ناسیۆنالیستی چینی بوو.

تەواوی بۆ نەكراوە. ژن دەبێت هەموو كات گوێڕایەڵی مێردەكەی بكات و، بەبێ پرسی ئەو بۆی نییە هیچ شتێك بكات[٣٧]. هەروەها ژن دەبێت گوێڕایەڵی (ولی الامر، خاوەنەكەی) بكات، كە برێتین لە (باوك، برا، مێرد، ئەگەر نەبوو ئەوا كوڕەكەی)[٣٨]. كە ئەمەش لە بۆچوونی ئیسلامەوە نزیكە. لە هەمان كاتیشدا، كاتێك یەكێك منداڵی كچی بووە، خەڵكی سەرەخۆشییان لێ كردووە (ئەم دیاردەیە لەلای خۆشمان باو بوو، هەتاوەكو ئەمڕۆش لە چەند شوێنێك هەر ماوە). بە ڵام لە ڕووی جلوبەرگەوە ئازاد بووە، گرینگ ئەوە بووە، كە خۆی داپۆشێت بەتایبەت شوێنە حەساسەكانی.

## ژن لە سەردەمی ماوتسیتونگدا

(ژن هەڵگری نیوەی ئاسمانە)، بەم شێوەیە ماو ستایشی ژنی چینی دەكرد. لە پاش شۆڕشی چینی، هەوڵێكی گرینگیان دا، بۆ باشكردنی باری ژنانی چین. بگرە یەكێك لە دروشمەكانی ئەم شۆڕشە، لەناوبردنی چەوسانەوەی ژنان بوو. هەر زوو كاری (سۆزانی، لەشفرۆشییان) قەدەغە كرد. هەڵمەتێكی گەورە بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری بەرزكردنەوەی ئاستی هۆشیاریی ژنان كرا. ژن لەهەموو بوارەكانی ژیاندا بەشدارییەكی جدییان كرد. لە بوارەكانی (یاسا، تەندروستی، فێركردن، بەڕێوەبردن، پیشەسازی، كشتوكاڵ، پۆلیسی،،،). لەهەمان كاتیشدا زۆر بەتوندی دژایەتیی هەموو حوكمێكی كۆنەپەرستانەیان دەكرد، كە لە دژی ژنان چەندین ساڵە بەڕێوە بوو[٣٩]. دژایەتیكردنی دەقە ئاینییەكانی هەردوو ئاینی (كۆنفۆشی و تاوی) كە تێیدا ژنی بە كۆیلەی پیاو دەزانی، هەوڵیان دا كۆمەڵگەی چینی، لە كولتووری دەرەبەگایەتی و ئاینی پاك بكەنەوە. كە ئەمەش هەموو لەخزمەتی ژنانی چیندا بوو، چونكە چەندین ساڵ بوو لە ژێر ئەو كولتوورە بەربەرییە دەچەوسێنرانەوە.



## ژن لە كۆمەڵگەی نوێی چیندا

دیارە ئەمڕۆ باری ژنان بەرەو پێش چووە و زۆر هەنگاوی گەورەش نێردراوە. دیارە ئەمەش بەیەكێك لە دەستكەوتەكانی شۆڕشی چین دەژمێردرێت. ئەمڕۆ ژنان بەشدارییەكی ئەكتیڤ(چالاك) لە بوارەكانی (سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتی)دا هەیە. بۆ نموونە٦٠٤

(٣٧) بحث عن اللة، باغث غيتا، نيورك، الولايات المتحدة الامريكية ١٩٩٠. ص١٧٤.
(٣٨) هادي علوي، فصول عن المراة، دار الكنوز العربية، بيروت، لبنان. ص١٠٤.
(٣٩) هەمان سەرچاوە.

ئەندامی کۆنگرەی گەلی چین (پەرلەمان)، ژنن[٤٠]. کە ئەمەش ڕێژەی ٢٠,٢٪ی کۆی ئەندامانی پەرلەمانی چین پێك دەهێنێت (کە ژمارەی ٣ هەزار ئەندامە). ٣٧٣ ژن ئەندامی کۆمیتەی ناوچەکانن، کە ڕێژەی ١٦,٧ ٪ کۆی ئەندامان پێك دەهێنێت.

جێگری سەرۆکی پەرلەمان ژنە (کە ناوی iY,uW ژنێکی زۆر چالاك و زیرەکە). لە حکوومەتیشدا، وەزیرێك و ١٥ جێگری وەزیری ژن هەیە. لە ڕووی سەرۆك شارەوانیشەوە، ژمارەیەکی باشیان هەیە، ئەمڕۆ ٥٠٠ ژن سەرۆکی شارەوانین. لە قەزا و ناحیە و گەورە دێکانیش چالاکییەکی باشیان هەیە، کە ژمارەیان دەگاتە ٥٠٥٦[٤١]. جگە لەوەش چەندین یاسایان بۆ پارێزگاریکردنی ماڤی ژنان دارشتووە. ساڵی ١٩٩٩ کۆنگرەی گەل ١٢ یاسای نوێی بۆ پارێزگاری مافی ژنان دەرکرد. ساڵی ٢٠٠٢ ئەو پەرەگرافە یاسایانەیان لابرد، کە ژنانی لەسەر پێوەندیی ناشەرعی (واتە بێگانە، یان بێجگە لە مێردەکەی) سزادەدان. هەروەها ژن بۆی هەیە لەگەڵ پیاوان ئازادانە پێوەندی ببەستێت، بەمەرجێك خۆی رازی بێت. لە ڕووی باشکردن و پێشخستنی باری رۆشنبیری و نەهێشتنی نەخوێندەواری، حکوومەتی چین هەڵمەتێکی گەورەی بۆ ئەم مەبەستە کرد و قوتابخانەی تایبەتی بۆ دانان. ئەمڕۆ زیاتر لە ٣٠٠ هەزار خێزان بەشداری ئەو قوتابخانانە دەکەن[٤٢]. لەڕووی خوێندنیشەوە، ڕێژەیەکی زۆری خوێندکارانی قۆناغی سەرەتایی کچن. ٣٨,٧٠٢,٠٠٠ خوێندکاری دواناوەندی پێك دەهێنن، کە ڕێژەی ٤٦،٧٪ دەبێت. ٣,٩٧٠,٠٠٠ خوێندکاری دواناوەندی کچن، کە ڕێژەی ٤٤٪ کۆی خوێندکاران پێك دەهێنێت[٤٣].

## کەپیتالیزمی نوێی چین و ژن

لە پاش کردنەوەی دەرگە داخراوە گەورەکەی چین بۆ سەرمایەدارانی جیهانی و لەناوبردنی بەشێکی زۆری بنەماکانی شۆڕشی چینی، ئەمڕۆ ژنانی چین لە حاڵەتێکی ئێجگار خراپدا دەژین. دیاردەی لەشفرۆشی و سۆزانی ڕوولەزیادبوونە، بەتایبەت لە شارە گەورەکاندا، کە هەندێك لێکۆڵینەوە دەڵێن ژمارەی ئەو ژنانەی کە خەریکی لەشفرۆشین دەگاتە نزیکەی ١ تا ٢ ملیۆن کەس. هەر هەرچەندە ئەمڕۆ ئەم مەسەلەیە گەورە بووە و، بووەتە دیاردەیەکی ناشیرین بۆ حکوومەتە نوێکەی چین. ڕەسمییەن ئەم کارە قەدەغەیە، لێ حکوومەت چاوپۆشییەکی زۆر لەو کارانە دەکات، هەندێك جار مەسئولەکان خۆشیان بەشداریی ئەم بازرگانییە قێزونەن.

بەپێی لێکۆڵینەوەی ڕێکخراوی جیهانی بۆ تەندروستی WHO ساڵانە ٣٠٠ هەزار ژن خۆی

(40) Mitwirkung der Frauen an politischen Aktivitaten.www.CRI onlin.de

(٤١) هەمان سەرچاوە.

(٤٢) هەمان سەرچاوە.

(43) www.German. cri.de.Bildungsrechte der Frauen in China.

دەکوژێت[٤٤]. ساڵانە ١تا ٢ ملیۆن هەوڵی خۆکوشتن دەکرێت. کە ئەمەش ڕێژەیەکی ئێجگار زۆرە، واتە لە جیهاندا هەر دووژن خۆیان کوشت، یەکێکیان چینیە. دیارە ئەم ڕێژە زۆرەش پێوەندی بەو بارە ناخۆشەی ژیانی ژنانەوە هەیە، کە بەهۆی زوڵمی ناو خێزان و دەوروبەر تووشی ژنانی چین دەبێت. بەتایبەت لەلادێکاندا ژنان وەزعیان ئێجگار خراپ بووە، ٧٠٪ی پیاوانی لادێ، ڕۆژانە لە ژنەکانیان دەدەن[٤٥]. جگە لەوەی کە ئەمڕۆ ژنان وەکو کاڵایەك، بازرگانیان پێوە دەکرێت. زۆر دڕندانەش لەلایەن خاوەن کارەکانەوە دەچەوسێنرێنەوە، بەتایبەت ئەو ژنانەی کە تازە لە لادێوە هاتوونەتە ناو شارەکان[٤٦].

بەپێی ئامارێك کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کردوویەتی، ساڵانە ٤٥ تا ٦٠ ملیۆن کچی منداڵ لە سکی دایکیاندا دەکوژرێن (لەبار دەبرێن)[٤٧]. کەلەهیچ وڵاتێکدا بەو شێوەیە بێ ڕەحمی بە ڕەگەزی ژنەوە ناکرێت. دەتوانین ناوی بنێین (ڕاسیزمی چینی دژ بە ڕەگەزی ژن). بەڕاستی ئەمە گەورەترین تاوانە کە لە دژی ژناندا دەکرێت.

**کارکردنی منداڵان**



ئەم وێنەیە ساڵی **١٩١٠** گیراوە، کە چۆن منداڵانی چین لە کارگەیەکدا کاردەکەن.

کارکردنی منداڵان، بووەتە کولتوورێکی نەبڕاوەی کۆماری چین. منداڵان لە هەموو کاتێکدا، لە خراپترین باری ژیاندا گەورە بوون. بازرگانیکردن و فرۆشتن و سەوداکردن بەمنداڵانەوە، پیشەیەکی قێزەونی چینییەکان بووە. کاتێك ماوتسیتوونگ هەوڵی دا کەمێك تراجیدیای منداڵان کەم بکاتەوە،ئەوەبوو بازرگانیکردن و سەوداکاری بەمنداڵانەوە، قەدەغە کرد و سزای توندی بۆ ئەم بازرگانییە دانا. لە هەمان کاتیشدا کاری منداڵانی قەدەغە کرد و، باوك و دایکەکانی سزادەدان. لێ پاش تێکەڵاوبوونی چین بەسیستەمی نوێی جیهان و سەردەمی گلۆبالیزم، هەموو یاسایاکانی ماو، خرانە ناو فرنی گلۆبالیزمەوە و، یاسای بازاڕی

(44) www.Matriarchat.net. Frauen in China.

(٤٥) هەمان سەرچاوە.

(46) wwwEurasischemagazin,de,china,johann von Arnsberg.

(47) www.Matriarchat.net. Frauen in China.

ئازاد جێگەی یاسا کۆنەکانی چینی گرتەوە. بەپێی هەندێك سەرچاوە، زیاتر لە ١,٥ ملیۆن منداڵی چینی، لە ٥ هەزار کارگەی هەمەجۆر (یاریی منداڵان، یاریی ئاگرین، جلوبەرگ، پێڵاو، فەرش)، کاردەکەن[٤٨]. هەرچەندە حکوومەتی چین هەموو ئەو راپۆرتانە بەدرۆدەخاتەوە،لێ زۆرجارکورد وتەنی(راستی وەکو تیشکی خۆر وایە، بەبێژەن ناگیرێت) ساڵی ٢٠٠٠، لە راپۆرتێکی رۆژنامەوانیدا، مارکوس گوینتەر دەری خست، کە تەنیا لە ماکدۆناڵەکانی بکینی پایەتەختدا، زیاتر لە ٤٠٠ منداڵ کار دەکەن[٤٩]. کەهەریەکەیان رۆژانە زیاتر لە ١٤ کاتژمێر کار دەکەن. جگە لەوەش لە هەندێك کارگەی جلوبەرگ و یاری منداڵاندا، وەزعەکە خراپترە، بەشێکی زۆری منداڵان زیاتر لە ١٦ کاتژمێر کار دەکەن. جگە لەوەی لەلایەن خاوەن کارەکانەوە، بە خراپترین شێوە دەچەوسێنرێنەوە.



زۆرجار پەلاماری سێکسیش دەدرێن و ئازاری جەسەدی خراپیان دەدەن. لە مارسی ٢٠٠١، لە ناوچەی Jiangxi، تەقینەوەیەکی گەورە ڕووی دا، کە بووە هۆی مردنی ٦٠ منداڵ. راگەیاندنی حکوومەتی چین وتی (هۆی تەقینەوەکە ئەوە بوو، کە لە یەکێك لە قوتابخانەکان، منداڵان یارییان بە یاریی ئاگرین کردووە). لێ پاشان دەرکەوت، کە ئەو منداڵانە لە یەکێك لەکارگەکانی یاری ئاگرین کاریان کردووە[٥٠]. لەدیسەمبەری ٢٠٠٢ یشدا، کارگەیەکی تر تەقییەوە، بووە هۆی کوژرانی زیاتر لە ٣٤ کەس، کە ١٦یان منداڵ بوون. جارێکی تریش حکوومەتی چین هۆکەی بۆ یاریکردنی منداڵان گەڕانەوە و ئەو هەواڵەنەشی بەدرۆ خستەوە کە گوایە منداڵان لە کارگەیی یاری ئاگرین کار بکەن. بەڵام راستییەکان بەشێوەیەکی ترن. ئەمرۆ ئەو منداڵانە لەو کارگانەدا، لە خراپترین حاڵەتدا کار دەکەن. هیچ جلوبەرگی تایبەتی کارکردن و وەسائیلی خۆپارێزی بۆ منداڵان دانانێن. لە کاتێکدا ئەو کارگانە، هەموو مادەی سامناك و ترسناکی کیمیایی بەکار دەهێنن. جگە لەو هەڵسوکەوتە نامرۆڤییەی، کە خاوەن کارەکان لەگەڵ منداڵاند دەیکەن.

---

(48) Mrakus Gärtner. McDonalds und die kinder. www.Handelsblatt.de.
7. September.2000..

(٤٩) هەمان سەرچاوە.

(50) Nicole Piepenbrink (), Kinderarbeit statt Schule
www. Econatauix.de.20.12.2004.

رۆژانـه لـه ۳ی بـەیـانـییـەوە بـۆ ۱۸ ئـێوارە کـاریـان پـێ دەکـەن. ئـەم بـێ ڕەحمیـە مـەگـەر لـە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە دژی منداڵان بەکار هاتبێت لێ هێشتا ڕۆژی ئازادی و مرۆڤایەتی دیـوارە ئـەستـوورەکـانـی چیـنـی نـەگرتـۆتـەوە. بـەپێی چـەند لێکۆڵینـەوەیـەکی سەربـەخـۆ، ئـەو منـداڵانـەی کـە لـە کـارگـەکـانـی یـاریـی ئـاگـریـن کـار دەکـەن، بـە ۲۰۰ هـەزار منـداڵ مـەزنـدە دەکرێت(۵۱). ئەو منداڵانە، ڕۆژانە ۱٤ بۆ ۱٦ کاتژمێر کاریان پێ دەکەن، جگە لەوەش ڕۆژانەیان لە ۸– ۱۵ ڕوبین. واتە ۲۰ سەنت. لە لادێکانیش بارەکە خراپترە، منداڵان ڕۆژانە بە کەمتر لە ۵ سەنت کار دەکە ن(۵۲).

## ئاین

زۆر زەحمەتە باری ئاینیی ناو چین دیاری بکەیت، چونکە لە پاش حوکمی ماوتسیتوونگەوە، ئاین بەشێوەیەکی یاسایی قەدەغە کراوە هەموو چالاکییەکی ئاینی چەندین ئاڵۆزکارییان بۆ داناوە. هەر بۆیە زۆر زەحمەتە بە تەواوەتی ژمارەی تەواو، ئاماری زانستی لەم بارەیە بدەین بەدەستەوە. ئەمڕۆ چین خۆی بەوڵاتێکی نائاینی (سیکۆلار) دادەنێت. حکوومەتی چین چەندین ساڵە هەوڵی داوە، بیری ئاینی لە ناو مێشکی چینییەکاندا بسڕێتەوە. زۆر جدییانە کاریان بۆ سڕینەوە و فڕێدانی، بیری ئاینی، لە ناو کۆمەڵگە و کولتووری چیندا داوە.

بەگشتی لە چین چەندین ئاین و مەزهەبی جیاوازی تێدایە. گرینگترینیان برێتین لە : (تاوی، کۆنفۆشی، بوژی، کریستی، ئیسلام).

## ئاینی تاوی (داویزم)


وێنەی لاو تزو

Tao تـاوی (داو)، یـەکـێـکـە لـە ئـاینـە کـۆنـەکـانـی جیهان، کە لە سەدەی چواری پێش زایینییەوە، لە وڵاتـی چین سەری هـەڵـداوە. ئـەم ئـایـنـە، کـە فەیلەسووف و زانای چینی (Lao-tzu) لاو تزو، ئەم ئـاینـەی داهێنا(۵۳). پـاشتـر بـە ئـاینـی تـاوی یـان داوی نـاسراوە.

---

(۵۱) هـەمـان سەرچاوە.

(۵۲) هـەمـان سەرچاوە.

(۵۳) بحث عن الله، باغث غيتا، نيورك، الولايات المتحدة الامريكية ۱۹۹۰ص۱٦۵.

## Lao-tzu لاو تزو كێیه؟!

لاو تزو له نێوان ٥٧٠ بۆ ٤٩٠ پێش زاین ژیاوه، واته لهسهدهی چواری پێش زاین(٥٤). لهسهر ژیانی لاو تزو زانیارییهكی ئێجگار كهم ههیه. بهڵام بهگشتی زۆربهی مێژوونوسان پێیان وایه، كه لاتزو له ههرێمی Ho-nan ژیاوه. كهسێكی خوێندهوار بووهو، له سهردهمی فهرمانڕهوایی Zhou-Qin وهكو كاتبی كتێبخانه كاری كردووه(٥٥). لاو تزو كهسێكی هۆشیار و زیرهك بووه. شارهزایهكی باشی له ئهدهب و كولتوور و مێژووی كۆنی چین ههبووه. وشهی لاو تزو، بهچینیش مانای (مامۆستای پیر)(٥٦). دیاره بۆیه واشیان پێ وتووه، چونكه كابرایهكی پیر بووه، زۆرجار وهكو مامۆستا قسهی كردووه. لهلایهكی ترهوه، چینییهكان بهگشتی رێزی زۆر له پیاوی پیر دهگرن، ئهم نازناوهش وهكو رێزێك بۆ ئهم پیاوه بهكار هێنراوه.

## تاویزم چییه؟!

لاو تزو كتێبێك بهناوی Tao Te Ching، كه پاشتر به داو دی یان تاو تی ناسراوه. ئهم كتێبه له دووبهش پێك هاتووه، كه له ١٠ ههزار وشه (یان وێنه) پێك هاتووه(٥٧). كه ئهمهش جگه لهوهی كه به كتێبێكی ئاینیی گرینگ دادهنرێت، له ههمان كاتیشدا بهیهكێك لهكاره ئهدهبییه گرینگهكانی دادهنرێت، به یهكێك له گهنجینه بهنرخهكانی زمان و ئهدهبی چینی دهژمێردرێت. له زمانی چینیدا، تاو واتای (ڕێگه)، تی واتای (هێز) دهگهیهنێت(٥٨). پاش ئهوهی كه ئهم كتێبهی نووسیوه، ئیتر كهس نازانێت لاوتزو بۆ كوێ چووه و دیار نهماوه. ئهم دوو كتێبه، برێتین له كۆمهڵێك ئامۆژگاری و زانیاریی مێژوویی و ئهدهبی و ئهخلاقی وتهندروستی و كۆمهڵایهتی. تاویزم



پهرستگهی تاوی

(54) Microsoft,Encarta Professional 2003, China, Tao-tse.

(55) Florian C.Reiter Rilgion in China, ,C.H.Verlag.München.2002.S83.

(٥٦) بحث عن الله، باغث غیتا، نیورك، الولایات المتحدة الامریكیة ١٩٩٠ص١٦٦

(٥٧) ههمان سهرچاوه. ل ١٦٧.

(٥٨) ههمان سهرچاوه. ل ١٦٦.

باوەڕی تەواوی بە خۆ دوورخستنەوە لە (زێڕ و سامان و دەوڵەمەندی، سامانی جیهان)، گوێڕایەڵی و ملکەچی تەواو بۆ (پادشا، ئاغا و دەرەبەگ، پیاوانی ئاینی و زانا)، بەهەمان شێوەش پێویستە ژن، گویڕایەڵی و ملکەچی تەواوی (باوك و برا و مێردیان) بن. تاویزم باوەڕی تەواوی بە حوکمی یاساکانی سروشتە، داوای ملکەچی تەواوی مرۆڤ دەکات بۆ یاساکانی سروشت. تاویزم جگە لەمەش، کۆمەڵێك زانستی کۆنی چینی دەربارەی تەندروستیی مرۆڤ نووسیوە و، کە چینییەکان سوودێکی باشیان بۆ ژیانی رۆژانەی لێ وەرگرتوو(٥٩).

### تاویزم لە فەلسەفەوە بۆ ئاین

زۆر کەس پێی وایە، کە تاویزم زیاتر فەلسەفەیە تا ئاین. چونکە وەکو ئاینەکانی تر باوەڕی بەیەك خوا و، بەهەشت و دۆزەخ، سزادانی خوا نییە. تاویزم لە سەدەی دووەمی پاش زاین، لەسەر دەستی یەکێك لە مامۆستاکانی تاو، کە ناوی Chang Tao-Ling بوو، یەکەمین گرووپی نهێنیی تاویزم دامەزراند(٦٠). ئەم گرووپە بەنهێنی کاروباری سیحر و چەند طقوساتێکی ئاینی و ئامۆژگارییەکانی لاو تزوی بە خوێندکارەکانی دەدا. بۆ یەکەم جار لە ناوچەی Sichuan، کە ئەمڕۆ شاری Chengdu پێ دەوترێت(٦١). ئەم ناوچەیە کە دەکەوێتە باکوری خۆرهەڵاتی چینەوە، لێرەوە یەکەمین جار، تاویزم وەکو ئاین خۆی ناساند و، هەر لێرەشەوە بەرەو ناوچەکانی تری چین بڵاو بووەوە و تەشەنەی کرد.

### کەی تاوی بوو بەئاینی دەوڵەت؟!

لە دەوروبەری سەدەی حەوتەمی زاینیدا، لە سەردەمی فەرمانڕەوای خانەوادەی Tang، کە لە ساڵانی (٦١٨بۆ٩٠٧) حوکمی چینیان دەکرد(٦٢). لەو کاتەدا ئاینی بوژی بەتەواوی تێکەڵی ژیانی چینییەکان بووبوو، بەشێوەیەکی ئێجگار فراوان، بەناو کۆمەڵگای چینیدا بڵاو بوو بووەوە. ئەمەش ترسێکی گەورەی خستە دڵی فەرمانڕەواکانی چینەوە. فەرمانڕەواکانی چین ئاینی بوژییان بەترسێك بۆ خۆیان دەبینی. ئەم ئاینەش شێوە بەرهەڵستکارییەکی و دژایەتیکردنی، ژیانی دەوڵەمەند و دەرەبەگەکانی پێوە دیار بوو. ئەمەش بەدڵی فەرمانڕەواکانی چین نەبوو. هەر بۆیە بڕیاریان دا، بۆ دژایەتیکردنی ئاینی بوژی، بایەخی زۆر بەئاینی تاوی بدەن. هەر لەبەرئەوە هاتن، چەندین پەرستگەی جوانیان لەسەر هەمان شێوازی بوژییەکان دروست کرد، بەسەدان راهیبی ئاینییان دامەزراند، بایەخی زۆریان بە چەندین شوێنی پیرۆز و کەسی پیرۆزی تاوییەکان دا. پاشتریش بەفەرمانێکی رەسمی، ئاینی تاوی کرا بەئاینی هەموو

(٥٩) هەمان سەرچاوە. ل ١٧٠.

(٦٠) هەمان سەرچاوە. ل ١٧٢.

(61) Florian C.Reiter.Rilgion in China, ,C.H.Verlag.München.2002.S.86.

(٦٢) بحث عن الله، باغث غيتا، نيورك، الولايات المتحدة الامريكية ١٩٩٠ص١٧٢.

ئیمپراتۆریەتی چین، واتە بوو بە تاکە ئاینی رەسمی وڵات(٦٣). بەمەش گوزرێکی باشیان لە ئاینی بوژی وەشاند و نەیانهێشت چی تر پەرە بستێنێ و بڵاو بێتەوە. ئەوەی جێگەی ئاماژەیە، هەتاوەکو ئەمرۆش کتێبەکەی تاو، بەیەکێك لە سەرچاوە سەرەکییەکانی یاسا و دەستووری چینی دادەترێت(٦٤). وە ئەم کتێبەی تاو، بووەتە سەرچاوەی زۆربەی عادات و تەقالیدی چینی.

## ئاینی کۆنفۆشی

وشەی کۆنفۆزیۆ (Kung-fu-tzu)، لەزمانی چینیدا مانای (مامۆستا کۆنگ) دەگەیەنێت(٦٥). کۆنگ لە نێوان ساڵانی (٥٥١ بۆ ٤٧٠) پێش زاین ژیاوە(٦٦). لە بنەماڵەیەکی دەرەبەگی ناوچەی (Lu) کەئەمڕۆ (Shandong)ی پێ دەڵێن لەدایك بووە. باوکی کۆنگ، یەکێك بووە لە دەسەڵاتدارانی ناوچەکە، لێ پاش سێ ساڵ لە لەدایکبوونی کۆنگ، باوکی دەمرێت و هەژاری و نەداری ڕوو دەکاتە خێزانەکەیان. کۆنگ لە سەردەمی فەرمانڕەواییی Chouدا ژیاوە. وە توانی لە ژێر سایەی ئەو فەرمانڕەوایەدا، خوێندن تەواو بکات، تا ئاستێکی باش، لە زانستەکانی ئەو کاتە، شارەزایی پەیدا بکات، بەتایبەت لە (شیعر و ئەدەبی کلاسیکی و مێژووی چین) شارەزاییی باشی هەبووە. دیارە ناوبانگی باوکی، یارمەتییەکی باشی داوە، بۆ ئەوەی بتوانێت خوێندن تەواو بکات و، هەلی خوێندن و پەروەردەکردنی بۆ برەخسێت. هەروەك هەندێك سەرچاوە ئاماژەیان پێ کردووە کە کۆنگ بەهۆی زیرەکییەوە لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا پۆستێکی بچووکی حکومی لە ناوچەکەی خۆیاندا وەردەگرێت(٦٧). لە تەمەنی ٥٠ ساڵیدا بووەتە ڕاوێژکاری کۆشکی دەسەڵاتی Zhongdu، ساڵێك پاشتریش دەبێتە وەزیری داد(٦٨). بەم شێوەیەش زانیارییەکی تەواوی دەربارەی سیاسەت و هونەری بەڕێوەبردن و دادپەروەری دەست دەکەوێت.


کۆنفۆزیۆس

(٦٣) هەمان سەرچاوە. ل ١٧٣.

(٦٤) فجر العلم الحديث. الاسلام – الصين– الغرب. تاليف: توبى ا. هف/ ترجمە: د. محمد عصفور. الطبعە الثانيە. عالم المعرفە. الكويت. ٢٠٠١. ص ٢٨٨.

(٦٥) بحث عن الله، باغث غيتا، نيورك، الولايات المتحدة الامريكية ١٩٩٠ص١٧٥.

(66) Microsoft,Encarta Professional 2003, China, Konfuzius.

(٦٧) بحث عن الله، باغث غيتا، نيورك، الولايات المتحدة الامريكية ١٩٩٠ص١٧٥.

(68) Microsoft,Encarta Professional 2003, China, Konfuzius.

دەبێت ئەوەش بڵێم، کە کۆنگ وەکو پەیامبەرەکانی تر، هیچ کێشەیەکی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوچەکەیدا نەبووە، بگرە بەپێچەوانەوە، دەسەڵاتداران زۆر ڕێزیان لێ گرتووە و، هەموو کاتێکیش گوێڕایەڵی بیرو بۆچوونەکانی بوون.

### ئایا کۆنفۆشی ئاینە یان فەلسەفە؟!

کۆنگ بۆچوونێکی کەمی دەربارەی خوا وتوە. هیچ کات پرسی خوادا وەکو ئاینەکانی (کریستی، جوو، ئیسلام)، شوێنێکی گەورەی داگیر نەکردووە. ئەمەش وامان لێ دەکات، کە بڵێین زیاتر کۆنفۆشی فەلسەفە بووە نەك ئاین. لێ نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت، کە کۆنگ کابرایەکی زۆر ئاینپەروەربووە. وە ئەمەش دەتوانین لە دوو ڕووەوە هەستی پێ بکەین.

یەکەم : کۆنگ ترس و ڕێزێکی زۆری لە هێزێکی رۆحیی کەونی هەبووە کە پاشتر چینییەکان بەم هێزەیان دەوت (Tien ، ئاسمان)[٦٩]. وە کۆنگ لەو باوەڕەدا بوو، کە هەموو چاکی و چاکسازی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی، لەم هێزە مەزنەی ئاسمانەوە دێت و هەر ئەویش بڕیاڕدەری هەموو ئەو کارانەیە [٧٠].

دووەم : کۆنگ زۆر جەختی لەسەر ئاگاداربوون و لەبەرکردنی ئەو طقوساتانەی کە پێوەندییان بەپەرستنی ئاسمان و رۆحی پیاوانی پیرۆزی پێشوو (واتە ڕێزگرتن لە مەزارگەی زانا و حاکمانی رابردوو) گرتووە[٧١]. هەر بۆیە خەڵکانێکی زۆر پێیان وایە، کە کۆنفۆشی ئاینە نەك فەلسەفە. هەر ئەم دوو هۆیەش بوون، کە وایان کرد پاشتر، کۆنفۆشی ببێتە ئاین.

### بۆچوونەکانی کۆنفۆشی

بیری کۆنفۆشی لەسەر پێنج کۆڵەکەی سەرەکی پێك هاتووە:

١- خێرکردن.

٢- بەوەفایی.

٣- ڕاستگۆیی.

٤- تەوازع (خۆ بەزل نەزانین)

٥- چالاکی و زیرەکی.

ئەم پێنج شتە، بریتین لە کۆڵەکەی سەرەکیی بیری کۆنفۆشی[٧٢].

---

(٦٩) هەمان سەرچاوە.

(٧٠) بحث عن الله، باغث غیتا، نیورك، الولایات المتحدة الامریكیة ١٩٩٠ص١٧٦

(٧١) و (٧٢) هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەرە.

### کتێبە پیرۆزەکانی کۆنفۆشی

کۆنفۆشی لە جیاتی کتێبێك چەند کتێبێکی پیرۆزیان هەیە. چوار کتێبی هەمەجۆری پیرۆز. لەگەڵ پێنج کتێبی ئەدەبیی پیرۆزیان هەیە [٧٣].

**چوار کتێبە پیرۆزەکان**

**١– (دا شوە)، زانستی گەورە**

ئەم کتێبە سەرچاوەی سەرەکیی رۆشنبیریی پیاوە خانەدانەکان بووە. وە یەکەمین کتێب بووە، کە جاران لە چینی کۆندا، قوتابخانەکان فێری خوێندکارانیان کردووە.

**٢– (جۆنگ یۆنگ)، عەقیدەی ناوەڕاست**

لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر سروشتیی مرۆڤ و، چۆنیەتیی هەڵسوکەوتکردنی (موتەوازیع، خۆبەزل نەزانین، ئاسایی) لەگەڵ خەڵکی.

**٣– (لۆن یۆ)، هەڵبژاردەکان**

کۆمەڵێك قسە و ئامۆژگاری هەمەجۆرەی کۆنە، کە بە سەرچاوەی بنەڕەتی ئاینی کۆنفۆشی دادەنرێت.

**٤– (منگ– تزو) کتێبی مەنشیس**

قسە و نووسین و ئامۆژگارییەکانی هەردوو خوێندکاری مەزنی کۆنفۆشی، (مینگ تزو، مەنشیس)[٧٤].

**پێنج کتێبە ئەدەبییە پیرۆزەکە**

**١– (شیە جینگ) کتێبی شیعر**

کە لە ٣٠٥ پەخشانی شیعری پێك هاتووە، باسی ژیانی رۆژانەی خەڵکی دەکات، لە سەردەمی فەرمانڕەواییی Chou. کە لە نێوان سالآنی (١٠٠٠ بۆ ٦٠٠ پێش زاین) حوکمی چینیان کردووە.

**٢– (شو جینگ) کتێبی مێژوو**

باسی مێژووی ١٧ سەدەی چین دەکات. کە لە سەردەمی فەرمانڕەواییی شانگەوە دەست پێ

(73) Microsoft,Encarta Professional 2003, China,Konfuzius.

(٧٤) هەمان سەرچاوە.

دەکات. کە لە ساڵانی (١٧٦٠ بۆ ١١٢٢ پێش زاین) حوکمی وڵاتی چینیان کردووە.

**٣- (یی جینگ) کتێبی گۆڕان**

باس لە تەفسیرکردنی ٦٤ تەرکیبەی زانستیی جیاواز دەکات(٧٥).



پەرستگەیەکی کۆنفۆشی لە چین

**٤- (لی جی) کتێبی طقوس**

کۆمەڵێك یاسای بنەڕەتین، کەلە ئاهەنگ و بۆنەئاینییەکاندا دەوترێت.

**٥- (تشون شیو)، گۆڕانکارییەکانی وەرزی بەهار و پایز**

باسی مێژووی لەدایکبوونی کۆنگ (کۆنۆفۆشیوس) دەکات(*).

**کەی کۆنۆفۆشی کرایە ئاینی وڵاتی چین؟**

لەسەردەمی فەرمانڕەواییی Tai Tsung ، بەفەرمانێکی رەسمی، کۆنفۆشی کرایە ئاینی رەسمیی وڵات(٧٦). هەر لەو کاتەدا، بڕیار درا، لە هەموو ناوچە و هەرێمەکانی چیندا، پەرستگە دروست بکرێت هەزاران راهیب دابمەزرێت. لە هەمان کاتیشدا، کۆنفۆشیوس شوێنێکی پیرۆزیان پێ دا و، حسابی خوادی بۆ کرا و،کرایە خوادایەکی پیرۆزی هەموو چینییەکان. دیارە دەبێت ئەوەش بڵێم، ئا لەو کاتەدا کۆمەڵگەی چینی لەوپەڕی نائارامیی سیاسیدا دەژیا. رۆژانە جووتیار و هەژارانی چینی دژی دەرەبەگ و ئاغاکان ڕادەپەڕین و ناڕەزاییان دەردەبڕی. بەحوکمی ئەوەی

(٧٥) هەمان سەرچاوە. هەر لەسەر کتێبە پیرۆزەکانی کۆنفۆشی دەتوانیت سەیری ئەم سەرچاوانەش بکەیت :

Microsoft,Encarta Professional 2003, China,Konfuzius.

Florian C.Reiter.Rilgion in China, ,C.H.Verlag.München.2002.S34.

(*) ئەمە زیاتر لە مەولوودنامەی خۆمان دەچێت، کە بۆ یادی لەدایکبوونی پێغەمبەر دەکرێت.

(٧٦) بحث عن اللة، باغث غیتا، نیورك، الولایات المتحدة الامریکیة ١٩٩٠ص١٨٣.

کە ئاینی کۆنفۆشی داوای ملکەچی و ڕیز بۆ دەرەبەگ و حاکمان داوا دەکات، حاکمانی ئەوکاتەش سوودێکی باشیان لەم بیروبۆچوونانەی کۆنفۆشیوس وەرگرت. لەلایەکی تریشەوە ئاینی کۆنفۆشی، هەڵگری پەیامێکی چینییە و، بەرگری لە کولتووری و مێژوو وئەدەبی کۆنی چین دەگرێت. هەروەها بۆ ڕێگەگرتنیش بوو لە بڵاوبوونەوە و تەشەنەکردنی ئاینی بوژی.بەم شێوەیەش توانییان ڕێگرییەکی باش، بۆ ئاینی بوژی دروست بکەن و نەهێڵن بڵاو بێتەوە(٧٧).

## ئاینی بودی

دیارە ئاینی بوذی تەنیا لە وڵاتی چیندا نییە، بەڵکو لە چەندین وڵاتی تری جیهاندا بوونی هەیە، واتە ئەویش وەکو ئاینی (کریستی و ئیسلام)، ئاینێکی جیهانییە و، سنووری چەندین وڵاتی بڕیوە و، تایبەت بە گەلێك یان وڵاتێك نییە.

بەپێی هەندێك سەرچاوە، ژمارەی ئیمانداراانی ئاینی بوذی لە جیهاندا، دەگاتە نزیکەی ٣٦٠ ملیۆن کەس، واتە شەش یەکی دانیشتوانی جیهان بوذین(٧٨). لە باکوری ئەمەریکا و رۆئاوای ئەوروپا ژمارەیان دەگاتە نزیکەی ٢٠٠ هەزار کەس. لە ئەمەریکای لاتین ژمارەیان دەگاتە ٥٠٠ هەزار کەس. وە لە وڵاتانی ئەوروپای رۆهەڵات و ڕووسیا، ژمارەیان نزیکەی ٣٠٠ هەزار کەس دەبێت(٧٩). بەڵام بەگشتی ئاینی بوذی لە وڵاتانی باشوور و رۆهەڵاتی ئاسیا بڵاوە، بەتایبەت (سریلانکا، ژاپۆن، چین، میانمار [بۆرما]، کەمبۆدیا، کۆریا، سینگاپوور، تایلاند، لاوس، بۆتان..). ئەمڕۆ ئاینی بوذی بەچوارەمین ئاینی جیهان دەژمێردرێت. جگە لەوەش، ئاینی بوذی، پێوەندییەکی پتەوی بە زانستی فەلسەفیشەوە هەیە کە وای لێ هاتووە، زۆرجار حسابی فەلسەفەشی بۆ بکرێت.

**بودا، یانی چی؟!** Buddha

وشەی (بودا) کە لە زمانی کۆنی هیندی [پالی]و، زمانی کۆنی (سەنسکریتی)یەوە هاتووە. مانای (وریابوونەوە، ئاگەداربوونەوە، هەڵسانەوە، هۆشیاربوونەوە) دەگەیەنێت(*).

**بودا کێیە؟**

بودا ناوی ئەسڵی، Siddharta Guatama سیدهارتا گواتامایە، لە ناوچەی Kapilavastu لە

(٧٧) هەمان سەرچاوە.

(78) Microsoft,Encarta Professional 2003, Buddhismus.

(٧٩) بحث عن الله، باغث غیتا، نیورك، الولایات المتحدة الامریکیة ١٩٩٠ص١٢٩.

(*) ناچاربووم بۆ شیکردنەوەی ناوەکە، پشت بە سەرچاوە ئەڵمانییەکان ببەستم، وە بەپێی وەرگێڕانی ناوەکە، چەند مانایەکی هەیە. بەڵام بەگشتی ناوی بودا، زیاتر ئاماژەیەکە بۆ هەڵسانەوە(هۆشیاربوونەوە)ی مرۆڤ لە حاڵەتێکی نارۆحی بۆ حاڵەتێکی رۆحیی بەهێز.



وولاتی هیندوستان، لەساڵی ٥٦٠ بۆ ٤٨٠ پێش زاین ژیاوە(٨٠). هەندێك سەرچاوەی تریش، پێیان وایە کە لە ساڵـــی ٥٦٦ ی پ.ز. لـــەدایك بـــووە(٨١). بـــودا لـــە بنەماڵەیەکی مەلیکی لەدایك بووە، باوکی بودا کە ناوی سوداهـۆدانـا Suddhodana بووە، مـەلیکی (ئـەمیری) ئیمارەتی Shakaya شەکایا بووە. کەئیمارەتێك بووە لەناوچەی Kapilavastuی هیندی حوکمی کردووە(٨٢).
وە پاش لەدایکبوونی بەچەند رۆژێك، دایکی دەمرێت. هەر لەبەرئەوە باوکی دایانێکی بۆ دەگرێت، کە ناوی مەها پچاپتی گۆتامی بووە، وە ئەم ژنەش بودا بەخێو دەکات و هەتا گەورەش دەبێت، ڕۆڵێکی گەورەی لە ژیانی بودادا دیوە. ئەم ژنە هەوڵی پەروەردە و فێرکردنی بودای داوە. بەگشتی هەمان رۆڵی دایکی گێڕاوە(٨٣).

## تەمەنی لاوی

بودا وەکو کوڕە مەلیکێك ژیاوە، هەموو شتێکی لە بەردەستدا بووە و سەدان کەس خزمەتکار و پاسەوانی بوون. باشترین و خۆشترین ژیانی ئەو کاتەی بەسەر بردووە. هەرچی ویستووە یەکسەر لەبەردەمیدا ئامادە کراوە. بودا لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا (یەسودارا) کچە جوانەکەی مامی دەخوازێت. وە لەگەڵ ئەم ژنە خۆشترین ژیان بەسەر دەبەن. ژیانێکی تەواو مەلیکی ئاسا دەژین. چەندین کۆشکی جوان، شمەکی قەشەنگ و خواردنی هەمەجۆری بەتام، ڕاوکردنی ئاژەڵی کێوی، ڕابواردن و سەفەرکردن. بەکورتییەکەی هەروەك هەموو مەلیکەکانی جیهان ژیانی بەسەر بردووە.

## یەکەمین ناخۆشی و قۆناغێکی نوێ

پاش ١٣ ساڵ لە ژیانی بەختەوەری خێزانی، کوڕێکی ئیفلیجیان دەبێت. کە ناوی (راهۆلا)ی لێ دەنێت(٨٤). لەدایکبوونی ئەم منداڵە سەقەتە، کە هەموو بەتەمای جێنشینێکی باش بوون، هەموو بە هیوای لەدایکبوونی کوڕێك بوون، تا جێگەی باوکی بگرێتەوە، کەچی لەپڕ منداڵێکی ئیفلیج لەدایك دەبێت. ئەم منداڵە ئیفلیجە کارێکی ئێجگار گەورە دەکاتە سەر ژیانی بودای مەلیك. ئەو هەتا ئەو کاتەش، هیچ ئاگای لە ئازار و ئەشکەنجە نەبوو. بگرە ئەوەی پێی بڵێیت

(80) Florian C.Reiter.Rilgion in China, ,C.H.Verlag.München.2002.S34.
(81) Microsoft,Encarta Professional 2003,Buddha.
(٨٢) هەمان سەرچاوە.
(٨٣) بحث عن اللة، باغث غيتا، نيورك، الولايات المتحدة الامريكية ١٩٩٠ص١٣٥
(٨٤) هەمان سەرچاوە لاپەڕە. ١٣٦.

ناخۆشی لای ئەو شتێکی نامۆ بوو. لێ کاتێك کە ئەم منداڵەی دەبێت، نەیتوانی بەرگەی ئەو ناخۆشییە بگرێت.

زۆرجار ئەو کەسانەی کە ژیانیان هەمیشە لە خۆشی و کامەرانیدایە، کاتێك کە ڕووبەڕووی کێشەیەك دەبنەوە، ناتوانن بەرگەی بگرن و دەڕووخێن، بەتایبەت لە ڕووی سایکۆلۆجییەوە تەواو ئیفلیج دەبن. بە پێچەوانەی خەڵکی ترەوە، بەتایبەت ئەوانەی کە هەژار و زەحمەتکێشن، زۆربەی ژیانیان پڕیەتی لە کارەسات و ناخۆشی و کێشەی هەمەجۆر. لەبەرئەوە تەنیا ڕووە خراپ و ناخۆشەکەی ژیان دەبینن و ڕاهاتوون لەسەری. بگرە خۆری خۆشی و کامەرانی ئێجگار بەکەمی بەر خەڵکی هەژار و زەحمەتکێش دەکەوێت. بودا لە پاش ئەم ڕووداوە تەواو ژیانی گۆڕا، زۆر بیری لە کەسی نەخۆش و بێ دەسەڵات و هەژار و برسی دەکردەوە. هەردوو مەسەلەی (پیری و مردن) بوونە تەوەری سەرەکیی مێشکی بودا.

پاش ماوەیەك بودا شەوێك کۆشکەکەی بەجێ دەهێڵێت و واز لە مەلەکییەت دەهێنێت. سەری بەتەواوی دەتاشێت و قژی پێوە ناهێڵێت و جلوبەرگە حەریرەکانی فڕێ دەدات و جلوبەرگێکی شڕ و کۆنی هەژارانە لەبەر دەکات و، وڵات بەجێ دهێڵێت و بەدوای راستیدا وێڵ دەبێت[٨٥].

**چوار ڕاستییە پیرۆزەکەی ئاینی بودی**

ئاینی بودی لەسەر چوار ڕاستی یان کۆڵەکەی سەرەکی دامەزراوە. ئەم چوار ڕاستییە پیرۆزە، بەبنەمای سەرەکیی ئاینی بودی دادەنرێت :

١- هەموو بوونێك، سەرچاوەی ئازارە.

٢- ئازار لە شەهوەت و ئارەزووی زۆر دروست دەبێت.

٣- وازهێنان لە شەهوەت، بە مانای نەمانی ئازار دێت.

٤- وازهێنان لە شەهوەت، دەبێتە هۆی بەختەوەری بۆ مرۆڤ، هەروەها مرۆڤ دەتوانێت، کۆنترۆڵی (هەڵسوکەوت، بیرکردنەوە، کار و کردار، عەقیدەی) خۆی بکات.



سەمارای پیرۆز (بازنەی پیرۆزی ژیان)

---

(٨٥) هەمان سەرچاوە.

سەمارا (بازنەی ژیان)، ئەو پەیکەرە پیرۆزەیە، کە بودییەکان باوەڕی تەواویان پێیە. پێیان وایە کە ژیانی مرۆڤ لەسەر ئەم بازنەیە دامەزراوە. لەم بازنەیەدا لە ناوەڕاستیدا وێنەی سێ ئاژەڵ دەبینین، کە هەریەکەیان مەبەستێکی تایبەتی دەگەیەنێت :

مار، نیشانەی خراپەیە.

بەراز، نیشانەی نەزانینە.

مریشك، نیشانەی تەماعە.

دیارە ئەم بازنەیە لای بودییەکان پیرۆزییەکی ئێجگار زۆری هەیە، بەیەکێك لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی ئاینی بودی دادەنرێن.

**حالەتی نرڤانا**

دیارە بودا بە زمانی پالییەی هیندی قسەی کردووە، ئەم وشەیەش مانای (کوژانەوە) دەگەیەنێت. ئەم حالەتەش مانای ئەوەیە، کە مرۆڤ واز لە هەموو هەستە بزوێنەر و نابزوێنەرەکانی خۆی بهێنێت وەکو (ترس، بێ تاقەتی، هەوەس، خۆشەویستی، ڕق و کینە). وە دەبێت مرۆڤ بچێتە حالەتێکی ئاشتی و ئاسایییەوە، کە پڕیەتی لە (ڕۆحی ئاشتیپارێزی، راحەت، نەگۆڕان). ئەمە زیاتر وەکو نوێژی خۆمان وایە، بەڵام ئەمان بەم شێوەیە دەیکەن. دیارە بودا پێی وا بوو، کە چاکە و باشی، لە ڕێگەی هێزێکی دەرەکییەوە دەستی مرۆڤ ناکەوێت، بەڵکە تەنیا لە دەروونی مرۆڤ خۆیەوە دەستی دەکەوێت. واتە پێش هەموو شتێك، مرۆڤ دەبێت پشت بە ڕۆحی خۆی ببەستێت و، پاکی بکاتەوە لە هەرچی شەهوەت و خۆشی هەیە، بۆ ئەوەی خۆشی و کامەرانی دەست بکەوێت.

**چۆن ئاینی بودا بڵاو بووەوە؟**

لە سەدەی سێی پێش زاین، واتە نزیکەی ٢٠٠ ساڵ پاش مردنی بودا ئیمپراتۆری ئەشوکا دەبێتە بەهێزترین هەواداری ئەم ئاینە[٨٦]. وە هەر ئەمەش دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوە و مانەوەی ئەم ئاینە. دیارە ئیمپراتۆری ئەشوکا، هەموو کیشوەری هیندوستان داگیر دەکات.

بۆ ئەم داگیرکاریەشی، چەندین شەڕ و کوشتار و وەحشیگەریەکی ئێجگار زۆر دەکات. ئەمەش تووشی نەخۆشییەکی دەروونی ئێجگار گەورەی دەکات. دەکەوێتە حاڵەتێکەوە زۆر هەست بە ئازاری ڕۆح و جەسەدی خۆی دەکات، زۆر هەست بە زوڵم و ناعەدالەتی دەکات. کاتێك باسی ئەم ئاینەی بۆ دەکەن، یەکسەر دەچێتە دڵیەوە و دەبێتە هەواداری بودی. هەر پاش ئەوە فەرمان دەردەکات بەدروستکردنی پەیکەری مەزن بۆ بودا و هەزاران پەرستگە دروست دەکات و

(٨٦) هەمان سەرچاوە١٤٢.



هـەزاران راهـیـبـیش دادەمـەزرێـنێت، ئـاینی بــودیش دەبــێتــە ئــایــنــی فــەرمــیــی وڵات. هـەموو فـەرمـانـەکانی بودا دەکاتە یاسای وڵات و، هـانی خـەڵکی دەدات کە وەکو بودا بژین و پێڕەوی فـەرمـان و یاساکانی بودا ببن. پــاش ئــەوەش بــە سەدەیــا راهــیب بــۆ وڵاتـانی دەرەوە دەنێرێت بۆ بڵاوکردنـەوەی ئـاینی بودی. ئەوەبوو چەندین راهیبی بۆ وڵاتـانی (میسر وسووریا و، چین و سری لانکا و یۆنـان) دەنێرێت(٨٧).

### ئـاینی بودی لـە سەدەی بیستـەمدا

لەگەڵ کۆچکردنی ملیۆنـەهـا خـەڵکی ئـاسیاوی بۆ بـاکوری ئـەمـەریکا و ئـەوروپـا، ئـاینی بودی لـەم نـاوچـانـە بڵاو بووەوە. ئـەمـەش شتێکی بـاش بوو بۆ ئـەو ئـاینـە، چونکە توانی لـە کیشوەری ئـاسیا تێپەڕێت بۆ کیشوەرەکانی تر.بـەڵام بەداخەوە لەگەڵ سەرهـەڵدانی شۆڕشی چینی، ئـاینی بودی کـەوتـە ژێر هـەڵمـەتێکی نـامرۆڤـانـە و بە هـەزاران پـەرستگەی بودی سووتێنراو، بـەهـەزاران راهیب کوژران و، بەهـەزاران کەسیش خرانە زیندانەوە. بـەتـایبـەت لـە سەردەمی شۆڕشی کولتووری مــاودا، بــودیــیــەکــان تــووشی تــراجــیــدیــایــەکی ئێجگـار گـەورە بـوونـەوە. هـەرچـەنـدە ئێستـاش ئەوچەوسانـەوەیە لـە چین بـەردەوامـە بەتـایبـەت لـە نـاوچـەی (تبیت) بـەڵام زۆر هـەوڵی بـاشیش دراوە و کـەمێك وەزعی بودییەکان لـەم چەند سـاڵـەی دواییدا بـاش کراوە.

## ئیسلام لە چین

لە پاش ئـاینی بودی و تـاوی، ئـاینی ئیسلام بە پلـەی سێیەم دێت. بـەشی زۆری ئیسلامـەکـانی چین، سونی مـەزهـەبن(٨٨). لێ لـە وڵاتی چین پێیـان نـاڵێن ئیسلام، بـەڵکە پێیـان دەڵێن :

( Qing-zhen Jiao واتە، [ پـەیـامی ڕاستی پاك (٨٩)) . وە بـە ئیسلامـەکـانیش دەڵێن : (Hui).
وە زۆرجـاریش بـە ئیسلامـەکـان دەڵێن : (Hui  Jiao) ، واتـە هـەڵگرانی پـەیـامی هوی.

ئیسلامـەکـانی چین جیاوازییەکی ئـەوتۆیـان لـەگەڵ ئیسلامـەکـانی تری جیهـانـدا نییـە، بـەڵکە تـەنیـا

---

(٨٧) هـەمـان سـەرچاوە لاپـەڕە ١٤٤.

(88) Florian C.Reiter.Rilgion in China, ,C.H.Verlag.München.2002.S191.

(٨٩) هـەمـان سـەرچاوە و لاپـەڕە.



وێنەی مزگەوتێك لە هەرێمی Xi-an

لە ڕووی شێوازی دروستکردنی مزگەوتەکانی (واتە جیاوازیی ئەرشیتەکتۆریان)، کەمێك جیاوازییان هەیە. زۆرجار بە پەنا ماڵێکدا تێدەپەڕێت وا دەزانیت ماڵێکی ئاساییە، لێدوایی دەردەکەوێت کە ئەمە ماڵ نییە بەڵکە مزگەوتە

## چۆن ئیسلام گەیشتە چین؟

پێوەندیی ئیسلام و چین دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ۷ و۸ زایینی. کاتێك لەسەردەمی فەرمانڕەوایی Tang، ئیسلامەکان لە وڵاتنی عەرەبییەوە (دوورگەی عەرەب)، وەکو بازرگان لە ڕێگەی دەریاوە دێنە ناوچەی Kanton کە دەکەوێتە باشووری چین[۹۰]. پاشان بەرەو ناوچەکانی ناوەڕاست دێن و دەگەنە ناوچەی Yunnan. لێ پاش ماوەیەکی تر دەگەنە ناوچەکانی ناوەوە و باکووری چین تا دەگەنە هەرێمی Sichuan، کە ئێستا موسڵمانێکی زۆری لێ نیشتەجێ بووە. هەروەها لە سەردەمی Tangدا، لە ناوەڕاستی ئاسیاشەوە، ئیسلامەکان وەکو سەرباز و جاش کاریان دەکرد. وەکو لەشکرێکی سەرکووتکەر لە دژی بزووتنەوە و ڕاپەڕینەکان بەکاریان دەهێنان، بەتایبەت ساڵی ۷٥٦ لە سەرکوتکردنەکەی ڕاپەرینی Lu-shan، ڕۆڵێکی گەورەیان گێڕاوە[۹۱]. ئیسلامەکان بەگشتی لە سنوورەکانی باکوری خۆرئاوا دەژین، واتە سنوورەکانی ناوەڕاستی ئاسیا، کە موسلمانێکی زۆری تێدا دەژی.

## باری ئیسلامەکانی چین

موسڵمانەکانی چین ئەوانیش وەکو هەموو ئاینەکانی تر تووشی چەوسانەوە بوون، بەتایبەت لەسەردەمی شۆڕشی کولتووری ماودا. تا ماوەیەکی زۆر بۆیان نەبوو بەئاشکرا کاری

(۹۰) هەمان سەرچاوە. ل ۱۹۲.

(۹۱) هەمان سەرچاوە. ل ۱۹۸.

خواپەرستی خۆیان بکەن، هەروەها نەیاندەهێشت سەفەری حەج بکەن، واتە بۆ حەج بچن بۆ عەرەبستانی سعوودی. لێ ئەم چەند ساڵەی دوایی کەمێك وەزعیان باش بووە. لە هەمان کاتیشدا موسڵمانەکان توانیویانە چەندین رێکخراوی سیاسی و سەربازی لە دژی حکوومەتی چین دروست بکەن و بۆ مافی رەوای خۆیان لە تێکۆشاندان، هەرچەندە حکوومەتی چین، هەموو بزووتنەوەکان بە تیرۆریستیان دادەنێت.

## کریستییەکانی چین

دیارە ئاینی کریستیش پەلی خۆی بەناو ئەم وڵاتە قەبە و زلەی جیهاندا هاویشتووە. هەتاوەکو ئەمرۆش کەس نازانێت ژمارەی کریستییەکان چین چەندە، یان کەس نازانێت چۆن کریستییەکان چین ژیان بەسەر دەبەن. لێ ئەوەی دڵنیایە کە، ئاینی کریستی بە هەردوو مەزهەبیەوە (کاتۆلیك و پرۆتستان) لە چین هەیە.

### ئاینی کریستی چۆن گەیشتە چین؟

سەرەتای گەیشتنی ئاینی کریستی بۆ وڵاتی چین دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ٦٣٥ زاینی. کاتێك لە سەردەمی فەرمانڕەوای Tang-zong داکۆمەڵێك نەستووری لە وڵاتی فارسەوە دێنە چین. ئەم ئیمپراتۆرەی چین بەرەو ناوچەکانی ئاسیای ناوەڕاست دەڕوات و، زۆر لە گەلانی ئەو ناوچەیە دێنە وڵاتی چین. هەر ئەو کاتە رێگەیان پێ دەدرێت کە کەنیسە بکەنەوە، لێ ئەو کات چینیەکان بە کەنیسەکانیان دەوت : (پەرستگەی فارسەکان[٩٢]). لەبەرئەوەی نەستوورییەکان لە ئێرانەوە هاتبوون، خەڵکی وای زانیوە ئەمە ئاینی فارسەکانە، هەروەها بەکریستییەکانیشیان وتووە (پەیامی فارسی Po-si Jiao)[٩٣]. لە سەدەی ١٣ و ١٤دا، مسیۆنارە ئەوروپییەکان هەوڵ دەدەن، پێوەندی بە ئیمپراتۆری چینی لە پکین بکەن، لێ هیچ لە هەوڵەکانیان سەرناکەوێت. یەکێك لە قەهشەکان ناوی Johannes von Montecorvino دەبێت لە ساڵانی ١٢٩٠ تا١٣٣٠

لەوێ دەمێنێتەوە. هەر لە چینیش دەمرێت. وە ئەم پیاوە بۆ یەکەم جار دەتوانێت لە شاری پکین، یەکەمین کەنیسە دروست بکات[٩٤].

لە ساڵی ١٨٠٧یش قەشەی ئینگلیزی Robert Morrison یەکەمین کەنیسەی پرۆتستانی دروست دەکات. ئەم قەشەیە، لەگەڵ کۆمپانیای East India Companya کاری دەکرد. هەر خۆی توانی ساڵی ١٨١٩ یەکەمین دەقی ئینجیل وەرگێڕێتە سەر زمانی چینی[٩٥]. هەڵمەتی مسیۆنار بۆ وڵاتی چین بەردەوام بوو، بەتایبەت پاش شەڕی تلیاك، هێندەی تر هەڵمەتی مسیۆناری ئەوروپی بۆ چین

(٩٢) هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

(٩٣) هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

(٩٤) هەمان سەرچاوە. ل. ٢٠٢.

(٩٥) هەمان سەرچاوە. ل. ٢٠٦.

تەشەنەی کرد، تا ساڵی ١٩٥١ بە یەکجاری کۆتاییی بەم هەڵمەتانە دەهێنرێت.

### شۆڕشی چین و کریستییەکان

لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی چینی، بەشێکی زۆری کریستییەکانی چین وڵاتیان بەجێ هێشت و بەرەو تایوان رایان کرد. چونکە هەردوو کەنیسە دژی شۆڕشەکەی ماو بوو، لەگەڵ حوکمی کۆمنتانتەگان بوون. هەر بۆیە کاتێك شۆڕش رووی دا، بەشێکی زۆری کەنیسەکان سووتێنران. لەساڵی ١٩٥١وە کریستییەکان هیچ پێوەندیەکیان بە کریستییەکانی جیهانەوە نەماوە، تەنانەت بۆشیان نییە، پاپا وەکو مەرجەعی خۆیان سەیری بکەن، بەڵکە کریستییە کاتۆلیکەکان هیچ گوێڕایەڵی فەرمانەکانی پاپا ناکەن. بەگشتی کریستییەکان وەزعیان زۆر خراپ بوو، بەتایبەت لە کاتی شۆڕشی کولتووریدا. لێ ئەمڕۆ بەهۆی ئەو پێوەندیە زۆرەی چین بە رۆئاواوە، کەمێك وەزعیان باش بووە.

## باری خوێندەواری و ڕۆشنبیری

چین پێش شۆڕش، وڵاتێکی ئێجگار دواکەوتوو بوو. بەشێکی زۆری خەڵکی چین نەخوێندەوار بوون. تەنیا کەمایەتییەکی ئێجگار کەم دەیانتوانی بخوێنن. لێ پاش شۆڕش باری وڵات بەجارێك گۆڕا. یەکێکە لە دەستکەوتە مەزنەکانی شۆڕشی چین، بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری و خوێندەواریی خەلکی چین بوو. هەر لەپاش شۆڕشەوە یەکسەر پرۆگرامێکی ئێجگار باش بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری دانرا. لەساڵی ١٩٤٩ / ١٩٥١، یەکسەر ٦٠ ملیۆن جووتیاری چینی، بەشداریی کۆرسی (یانمەکتەبی شەوانە)یان کرد ئەم خوێندنگەیانە تایبەت بوون بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری[٩٦]. هەروەها یاسای خوێندنی بەزۆر دانرا. دەبێت هەموو کەس بەلایەنی کەمەوە ٩ ساڵی خوێندن تەواو بکات[٩٧]. ئەمەش یارمەتیی منداڵان دەدات، رێگە لە کاری منداڵان دەگرێت.

### گۆڕینی سیستەمی خوێندن

جاران لە چین سیستەمێکی سەیریان هەبوو، پێیان دەوت سیستەمی ١٣ ساڵی خوێندن. لێ پاش شۆڕش ئەم سیستەمە گۆڕا، سیستەمی قۆناغەکانی (سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی) دانرا[٩٨]. هەروەها پەیمانگای هەمەجۆری خوێندن دانرا تەکنیکی و تەندروستی و پەروەردەیی. (بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی باری خوێندن لە چین، سەیری لاپەرە ١٧٨ بکە).

(96) Microsoft,Encarta Professional 2003,China.

(٩٧) هەمان سەرچاوە.

(٩٨) هەمان سەرچاوە.

خوێندن بوو بە خۆڕایی. ساڵی خوێندنی زانکۆش لە ٥ ساڵییەوە کرایەوە بە ٣ ساڵ. وە ماوەی پراکتیکۆم (تطبیق) بۆ ساڵێك دانرا. لە کاتی شۆڕشی کولتووریدا، سیستەمی وەرگرتنی خوێندکاران بەپێی نمرەی، یان تاقیکردنەوەی بەکالۆریا لابرا. ماوتسیتۆنگ پێی وابوو: نابێت ڕێگری لە خوێندکار بگرێت، دەبێت کام کۆلێجی دەیەوێت بەئارەزووی خۆی هەڵی بژێرێت. لە هەمان کاتیشدا ئەم سیستەمە وا دەکات کە (توێژێك، نوخبە)یەکی تایبەت دروست بێت ئەمەش سیستەمێکی بۆرجوازیانەیە(٩٩). لێ پاش مردنی ماو، جارێکی تر سیستەمی بەکالۆریا گەڕایەوە. ئەمڕۆ چین یەکێکە لەو وڵاتانەی کە سیستەمی خوێندنی باشە و، ڕێژەی نەخوێندەواریشی ئێجگار کەمە.لە ٩٨٪ دانیشتووانی چین خوێندەواریان هەیە، لەهەمان کاتیشدا چەندین زانکۆ و پەیمانگای زۆریان دروست کرد. ئەمڕۆش چەندین زانکۆی مەزن و بەتوانایان هەیە لەوانە. زانکۆی پکین کە لە ساڵی ١٨٩٨ دامەزراوە. زانکۆی, Hnagzou Fudan ، هەروەها زانکۆی زانست و تەکنیکی چین کە لە ساڵی ١٩٥٢ دامەزراوە. لێ مۆدێرنترین زانکۆی چین زانکۆی (تەلەفزیۆنە)، کە زانکۆیەکی ئێجگار تایبەت و مۆدێرنە.

## (میدیا) دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە چین

ئەمڕۆ لە چین ٢٠٠٠ ڕۆژنامەی هەفتانە و ڕۆژانە هەیە. جگە لە سەدان کۆواری هەمەجۆری (ئەدەبی و زانستی و کولتووری). هەروەها ٣٠٠٠ رادیۆ هەیە(١٠٠) . لە پاش ساڵی ١٩٥٢وە، تەلەڤزیۆن بە هەموو ناوچەکانی چین بڵاوبووەتەوە. بەتایبەت لە کاتی شۆڕشی کولتووریدا تەلەڤزیۆن، یەکێك بوو لە کۆڵەکەکانی پڕوپاگەندەی ماوتسیتوونگ. ئەمڕۆ لە ٩٣،٣٪ چینییەکان تەلەڤزیۆنیان هەیە، لە ٥٨،٦٪ یشیان ڕۆژنامە دەخوێننەوە.

(بۆ زانیاری زیاتر سەیری ئەم نەخشەیەی خوارەوە بکە، کە باری چینییەکان لە رووی میدیاوە دەردەخات).

| Medienart | Kontaktrate | Rang 2003 | Rang 2001 |
|---|---|---|---|
| Fernsehen | 93,3% | 1 | 1 |
| Zeitung | 58,6% | 2 | 2 |
| Bucher | 42,1% | 3 | 3 |
| VCD (DVD) | 41,1% | 4 | 6 |
| Zeitschriften | 39,4% | 5 | 4 |
| Rundfunk | 32,3% | 6 | 5 |

(٩٩) هەمان سەرچاوە.

(100) www. Wikiepedia. de.China.

| | | | |
|---|---|---|---|
| Internet | 19,0% | 7 | 9 |
| CD | 17,7% | 8 | 8 |
| DVD | 17,6% | 9 | 7 |

(1. تەلەفزیۆن 2. رۆژنامە 3. کتێب 4. ڤیدیۆ 5. کۆواری 6. ئامێرەکانی تری ڕاگەیاندن 7. ئینتەرنێت. 8. سیدی . 9. دیڤیدی)

**دەزگای سانسۆری حکومەت GAPP**

(Genral Administration of Press and Publication)، دەزگایەکی تایبەتە کە حکومەتی چین دای مەزراندووە، کاری کۆنترۆڵکردنی تەواوی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و چاپکردن دەکات. هیچ وتارێکی رۆژنامە یان کتێبێك یان بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی، بەبێ ڕەزامەندیی ئەم دەزگایە، مافی بڵاوبوونەوەی نییە(١٠١). ساڵی ٢٠٠٤ سانسۆری زیاتر لە ٤٠ هەزار ئارتیکلی (ناونیشان) هەمەجۆری کردووە. بەگشتی ئەم دەزگایە، کاری سانسۆرکردنی بزاڤی رۆشنبیرییە لە وڵاتی چین.

## دەزگاکانی چاپکردن و کتێب بڵاوکردنەوە

بەشی زۆری دەزگاکانی چاپخانە لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتدان. بەپێی ئاماری تایبەتی دەوڵەت، زیاتر لە ٥٧٠ دەزگای چاپخانە هەیە(١٠٢). هەروەها زیاتر لە ٥٠٠٠ چاپخانەی ئەهلی هەیە، کە ساڵانە زیاتر لە ٢٠ هەزار ئارتیکلی (ناونیشانی کتێب) چاپ دەکەن. لێ چاپخانە ئەهلییەکان بەشێکی زۆریان بە قاچاخی کار دەکەن و، بە قاچاخی بەشێکی زۆری کتێبەکان چاپ دەکەن. ئەمەش بووەتە مایەی ناڕەزاییی بەشێکی زۆری دەوڵەتان، چونکە کاری چاپکردن بەبێ پرسی خاوەنەکەی، کارێکی نایاساییە لە جیهاندا.

**ئەو کتێبانەی کە بە زۆری چاپ دەکرێن**

بەپێی ئەو ئامارەی کە (Gapp) کردوویەتی، کتێبی گەنجان و منداڵان، زۆرترین ڕێژەی کتێبی چاپکراوی چین پێك دەهێنن. ئەمرۆ لە چین ٣٦٠ ملیۆن چینی تەمەنیان لە خوار ١٨ ساڵییەوە. هەروەها ٣٠٠ ملیۆن چینیش تەمەنیان لە خوار ١٤ ساڵییەوەیە(١٠٣). هەر ئەمەش وای کردووە،

(101) Alexander Melzer,Der Buchmarkt in der Volksrepublik china als Lizenzmarkt für deutsche Buchverlag.Holger Ehling Publishing. Frankfurt am Main.2006. S43.

(١٠٢) هەمان سەرچاوە. ل ٥٥.

(١٠٣) هەمان سەرچاوە. ل ٥٠.

که گەورەترین بازاڕی کتێب لەجیهاندا دروست بکات. زیاتر لە ٤٠ چاپخانە کاریان تەنیا، چاپکردنی کتێبی گەنجان و منداڵانە. ساڵی پار زیاتر لە ١،٥ ملیارد RMB(*) کتێب فرۆشراوە. زیاتر لە ٧٤٠٠ ناونیشان کتێب چاپ کراوە، کە ٤٢٠٠یان، ناونیشانی نوێ بوون(١٠٤). هەروەها کتێبی (ئەدەبی و هونەری)ش خوێنەری زۆرە، ساڵی پار زیاتر لە ٢٠,٢٠٠ ناونیشانی کتێب چاپ کراوە، ساڵانە نزیکەی ٢٤٠ ملیۆن RMB کتێب فرۆشڕاوە. لە هەمووی سەیرتر کتێبی مێژوویی و کلاسیك، فرۆشی زۆرە. زیاتر لە ٢٢ چاپخانە، کاریان تەنیا چاپکردنی کتێبی مێژوویە، ساڵانە ١٠٠ بۆ ١٥٠ هەزار ناونیشانی کتێب چاپ دەکرێت. لێ کتێبی کۆمپیوتەریش بازاڕی گەرمە، ساڵی ٢٠٠٤ بەگشتی ٢٥ بۆ ٢٩ هەزار ناونیشانی کتێب چاپ کراوە. ئەوەی زۆر سەیرە، تەشەنەکردنی ئەو جۆرە کتێبانەیە کە لە رۆئاوا پێی دەڵێن Lifestyle. (ئەو کتێبانەی زیاتر بۆ کات بەسەربردن چاپ دەکرێت وەکو هەواڵی سوپەر ستارەکان، خۆجوانکردن، سەیران و گەڕان، خۆپارێزی، کۆمەڵایەتی). ساڵی ٢٠٠٢ زیاتر لە ٢٠ هەزار ناونیشان چاپ کراوە و زیاتر لە ٥٨٠ هەزار دانەی لێ فرۆشراوە. بە پێی هەندێك ئامار وا دەخەملێنێت کە ساڵی ٢٠٠٩ چاپی ئەم جۆرە کتێبانە بگاتە سەروو ملیۆنێك. لێ زۆرترین سەرمایە لە کتێبی خوێندن خەرج دەکرێت، کە ساڵانە دەگاتە نزیکە ٢،٢ ملیارد RMB (١٠٥) .

بەگشتی هەموو کتێبێك نزیکەی ٥ هەزار دانەی لێ چاپ دەکرێت. لێ جۆری کتێبەکان ژمارەی تیراژەکە دەگۆرێت، بۆ نموونە، کتێبی منداڵان و گەنجان، نزیکەی ٥ بۆ ٨ هەزار دانەی لێ چاپ دەکرێت. لێ کتێبی ئابووری ٨ بۆ ١٠ هەزار دانەی لێ چاپ دەکرێت. کەچی کتێبی تەکنیکی تەنیا ٥ هەزاری لێ چاپ دەکرێت. بەڵام هەندێك کتێب هەیە کە ناوبانگی گەورەی هەیە، زۆرتری لێ چاپ دەکرێت، بۆ نموونە رۆمانی هاری پۆتەر زیاتر لە ٨٠٠ هەزار دانەی لێ چاپ کراوە. چەندە نووسەرەکە بەناوبانگ بێت، تیراژی کتێبەکانیشی زۆرتر دەبێت(١٠٦).

## سیاسەتی کتێب خوێندنەوە

| Wie off lesen Sie Bucher pro Monat? | | |
|---|---|---|
| 1-4 mal | 5-8 mal | mehr als mal |
| 56,9% | 16,6% | 26,5% |

لەپاش ساڵی ١٩٤٥ەوە، سیاسەتی کتێب خوێندنەوە دانرا. دەبووایە هەموو کەسێکی چینی

(*) ئەمە نیشانەیە (سیمبۆل) بۆ دراوی چینی کە یوهای پێ دەڵێن.
(١٠٤) هەمان سەرچاوە. ل ٤٩
(١٠٥) هەمان سەرچاوە. ل ٥١.
(١٠٦) هەمان سەرچاوە. ل ٤٦.

فێری کتێب خوێندنەوە بکرێت، بەتایبەت کتێبەکانی ماوتسیتوونگ، بەتایبەت ئەو کتێبەی کە پێیان دەووت (ئینجیلەکەی ماوتسیتوونگ) . ئیتر لە هەموو شوێنەکان (کارگە و خوێندنگە و کۆڵان و شەقام و یانە کۆمەڵایەتییەکان، بارەگای حزبی)، کتێب و رۆژنامە دەخوێندرایەوە. ئەم سیاسەتە تا مردنی ماو بەردەوام بوو، لێ پاش ساڵی ١٩٨٠ واز لەم تەقلیدە هێنرا. ئەم سیاسەتە شتێکی باشی فێری چینییەکان کرد، ئەویش توانی فێری کتێب خوێندنەوەیان بکات، ئەمرۆ گەلی چینی یەکێکە لەو گەلانەی کە کتێبی هەمەجۆری زۆر دەخوێننەوە. ئەمرۆ لە ٥٦،٩٪ ی چینییەکان مانگانە ١ بۆ ٤ کتێب دەخوێننەوە، هەروەها لە ١٦،٦٪ یان مانگانە ٥ بۆ ٨ کتێب دەخوێننەوە، لە ٢٦،٥ ٪ یان مانگانە زیاتر لە سەروو ٨ کتێب دەخوێننەوە[١٠٧].

## کتێبخانە

ژمارەی کتێبخانە رۆژ بە رۆژ لە زیادبووندایە. بەپێی دوایەمین لێکۆڵینەوە کەساڵی ٢٠٠٢ کراوە زیاتر لە ١٧،٨٢٤ هەزار کتێبخانە هەیە. ١٣,٣٦٨ی کە دەگاتە رێژەی ١٨،٦٪ مولکی حکوومەتن، لێ ئەوانی تریان مولکی تایبەتین (ئەهلین) هەرچەندە هەندێك سەرچاوەی تر ژمارەیان بە زۆرتر دادەنێت[١٠٨]. لێ بەگشتی ئەم ژمارەیە بۆ وڵاتێکی وەکو چین زۆر باشە.

## چەند عادات و تەقالیدێکی چینی

دیارە کۆمەڵگەی چینی، وەکو هەموو کۆمەڵگەکانی ئاسیا، مۆراڵی دەرەبەگایەتی بەسەریدا زاڵ بووە. هەموو عادات و تەقالیدەکانیش لە سەرچاوەی دەرەبەگایەتییەوە ئاویان خواردووەتەوە. زۆرجار هەندێك خوو و رەوشتی چینییەکان دەبینم، یەکسەر خۆمانم بیر دەکەوێتەوە. بگرە چەند شتێکیان هەیە، زۆر نزیکن لە عاداتی کوردەوارییەوە، پیاو هەست بە هیچ نامۆییەك ناکات لەگەڵیاندا. دیارە بەحوکمی ئەوەی ئەمرۆ کۆمەڵگەی چینی بەرەو سەرمایەداری هەنگاو دەنێت، بەشێکی زۆری ئەو عادات وتەقالیدانەش خەریکە لە ناودەچن و نامێنن. لە هەمان کاتیشدا چەند عاداتێکی نوێ تر جێگەیان دەگرێتەوە، کە تەعبیری ئەو گۆرانکارییە دەکەن، کە تازە بەسەر کۆمەڵگەی چینیدا هاتووە. بەکورتییەکەی خەریکە مۆراڵی سەرمایەداری بەسەر تەواوی کۆمەڵگەی چینیدا زاڵ بێت. پێم خۆشە لێرەدا بە کورتی باسی چەند دیاردەیەکی تایبەتی چینییەکان بکەم.

## پیر

هەتاوەکو ئەمرۆش چینییەکان بەچاوێکی ئێجگار رێزەوە، سەیری کەسی پیر و بەتەمەن دەکەن.

---

(١٠٧) هەمان سەرچاوە. لاپەرە ٩١.

(١٠٨) هەمان سەرچاوە. ل ٦٧.

کەسی پیر، جێگەیەکی تایبەتی لە کۆمەڵگەی چینیدا هەیە. هەموو کات ڕێزی لێ دەگیرێت و، گوێ بۆ بۆچوونەکانی دەگیرێت، گوێڕایەڵی ئامۆژگارییەکانی دەبن، بەتایبەت لە لادێکاندا زۆر ڕێز لە کەسی پیر دەگیرێت. هەروەك خۆمان دەڵێین : (پیر هێشتا سەری گەورەیە). مرۆڤ کاتێك پیریش دەبێت، منداڵەکانی خزمەتی دەکەن و، زۆرجار لە ماڵی منداڵێکی دەبێت. ئەم عادەتەی چینیەکان لە خۆمان دەچن، چونکە ئێمەش زۆر بەچاوی ڕێزەوە سەیری کەسی پیرتر لە خۆمان دەکەین. هەرچەندە ئێستا بە هاتنی تەوژمی سەرمایەداری بۆ ئەم وڵاتە، پیریش خەریکە جێگەی خۆی لەدەست بدات. لە هەندێك شوێن ماڵی پیر خەڵوەت کراوەتەوە، بەتایبەت لە شارە گەورەکان. ئیتر لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا وایە، هەتا ئەوکاتەی خزمەتی سەرمایە بکەیت و بەرهەمهێنەر بیت، جێگەت هەیە، لێ کاتێك نەخۆش کەوتیت و پیربوویت، فڕێدەدرێیت و دەخرێیتە پەراوێزەوە. بەداخەوە ئەمە حاڵی هەموو پیرەکانی کۆمەڵگەی ئەوروپا و ئەمەریکایە.

## مێوانداری

چینییەکان گەلێکی ئێجگار مێواندۆستن. مێوانداری بووەتە بەشێکی گرینگی کولتووری چینی. بەگشتی چینییەکان حەزیان لە مێوانداریی خەڵکییە و، زۆر بەڕووخۆشی و خۆشحاڵییەوە، پێشوازیی میوانەکانیان دەکەن(١٠٩). ئەوەی جێگەی سەرنجی من بووئەوەیە، کە چینییەکان. وەکو کورد، کاتێك میوانداری یەکێك دەکەن، هەوڵ دەدەن بەباشترین شێوە خۆیان دەربخەن، هەروەها باشترین جۆری خواردن بۆ مێوان دادەنێن. پێدەچێت هیچ کات خۆیان بە تەنیا ئەو خواردن و خواردنەوانە نەخۆن، کە بۆ مێوانەکانیان دای دەنێن. لێ لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە، چینییەکان لە کاتی خواردندا، دەست دەبەن باشترین خواردن بۆ مێوانەکە دادەنێن، کام پارچە خواردن باشە خۆی بۆ دای دەنێت(١١٠). ئەمەش زیاتر بۆ ئەوەیە، نەوەکو مێوانەکە شەرم بکات. ئەم عادەتەش لای ئێمە زۆرە. کاتێك خاوەن ماڵ هەتا کۆتای خواردنەکە، هەر شتی باش بۆ مێوانەکەی دادەنێت.

### پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان

چینییەکان زۆر حەزیان بە پێوەندیی کۆمەڵایەتی و تێکەڵاویی یەکترە. زۆر بەگەرمی پێشوازیی یەکتری دەکەن و، تەوقەکردن و دەستگوشین، بەشتێکی گرینگی ئەم پێوەندییە کۆمەڵایەتییە دادەنرێت(١١١). لە هەمان کاتیشدا دەبێت بە دەم بەپێکەنین و ڕووخۆشییەوە پێشوازییان بکەیت، چونکە بەگشتی ڕقیان لە کەسی مۆن و کەم پێکەنین و ساردە. هەر بۆیە سەیر دەکەیت، بەشێوەیەکی گشتی چینییەکان هەموو کات ڕووخۆش و دەم بەپێکەنین. پێ دەچێت زۆرجار

(109) . www.Wikipedia.de. China kulture.

(١١٠) هەمان سەرچاوە.

(١١١) هەمان سەرچاوە.

کەسێکی چینی کێشەیەکی گەورەشی هەبێت، لێ دەبێت هەموو کات لەگەڵ خەڵکیدا ڕووخۆش بێت.

**چینییەکان چۆن مەرحەبای یەکتر دەکەن**

(نانت خواردووە!)

پێ دەچێت لاتان سەیر بێت، کاتێك کە دوو کەسی چینی یەکتری ببینن و، لە جیاتی چۆنی وچاکی، یەکسەر لێی بپرسێت: (نانت خواردووە؟!). من کاتێك کە خۆشم زانیم زۆر سەیرم لێ هات. کاتێك چینییەکان یەکتری دەبینن، لە جیاتی ئەحواڵ پرسین، بەیەکتری دەڵێن: (نانت خواردووە). دیارە بەحوکمی ئەوەی چینییەکان تووشی برسییەتی و گرانی زۆر بوونەتەوە، بۆیە یەکەمین شت و گرینگترین شت لایان، هەواڵی نانخواردن لە یەکتری دەپرسن. ئەمەشیان تەواو پێچەوانەی جیهانە. چونکە بەگشتی لە جیهاندا یەکەمین جار هەواڵی تەندروستی و لەش ساغی لەیەکتری دەپرسێت(*). تۆ بڵێیت ئەمەش حیکمەتێکی چینییەکان بێت، چونکە خواردن پێش لەشساغیش دێت ؟!. پێ دەچێت ئێمە بەهۆی نەخۆشیی زۆرەوە، تووشی ئەم حاڵەتە بووین و، یەکەم جار هەواڵیدا تەندروستی لە یەکتری دەپرسین. دیارە نابێت نەخۆشییەکانی (سیل و کۆلێرا) لە بیر بچێت، جاری واهەبووە، بۆتە هۆی مردنی ملیۆنەها کەس. هەر بۆیە لای ئێمە تەندروستی پێش هەموو شتێك دێت. لێ لای چینییەکان خواردن پێش هەموو شتێك دێت. نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت، کە جاری وا هەبووە، بەملیۆنەها چینی لە برساندا مردوون، بەتایبەت لە کاتی شۆڕشی کولتووریدا، وەزعەکە ئێجگار خراپ بووە، لەم کاتەدا زیاتر لە ١٦ ملیۆن چینی بوونە قوربانیی ئەم سیاسەتە سەقەتەی ماو.

## خواردن و خواردنەوەی چینی

ئەمڕۆ خواردنی چینی، بووەتە یەکێك لە خواردنە سەرەکییەکانی جیهان. دەچیتە هەر وڵاتێك، شارێکی جیهان، ریستۆرانتێکی چینیی تێدایە. لە هەمان کاتیشدا خەڵکێکی زۆر ڕوودەکاتە ریستۆرانتە چینییەکان. هەروەك چۆن پیتزای ئیتالی و ماکدۆنالدی ئەمەریکی مۆرکێکی جیهانیی وەرگرتووە، بەهەمان شێوەش خواردنی چینی، بووەتە یەکێك لە خواردنە سەرەکییەکانی جیهان.

**خواردنە سەرەکییەکان**

**١– برنج**

لە تەواوی خواردنی چینیدا، برنج جێگەیەکی سەرەکیی هەیە(١١٢). لەگەڵ هەموو خواردنێکدا

(*) دیارە لە ڕووسیاش لە جیاتی (چاکی و چۆنی) بەهەمان شێوەی چینییەکان دەڵێن (نانت خواردووە). واتە نان پێش هەموو شتێك دێت.

(112).www.Wikipedia.de. China, Essen..

بەگشتی دەبێت برنجی لەگەڵدا بێت. هەروەك چۆن لای خۆمان دەبێت هەموو كات برنج لەسەر سفرە ئامادە بێت، لای چینییەكانیش بەهەمان شێوە. لێ چینییەكان وەكو ئێمە برنج لێ نانێن. ئەوان بە شێوەی جیاوازتر دەیخۆن. ئەوان زیاتر دەیكوڵێنن و تەواو نەرم دەبێتەوە (لای خۆمان پێی دەڵێین خووسانەوە، كە زۆربەمان حەزی پێ ناكەین). ئەمڕۆ مەنجەڵی تایبەتیان هەیە، كە لە شێوەی بوخاردایە، یەكسەر برنجەكە دەكوڵێنێت. جگە لەوەش، چەندین جۆری بەهاراتی هەمەڕەنگی تێ دەكەن.

### ٢- سپاگێتی (شەعریەی) چینی

كاتێك برادەرێكی ئەڵمانم پێی وتم، كە سپاگێتی چینییە باوەڕم نەكرد. بۆ ئەوەی باوەڕم پێ بهێنێت، هات ئەنسكلۆپیدیای ئەڵمانی دەرهێنا، تێیدا ڕاستیی قسەكەی ئەوی دەرخست. ئەی چۆن سپاگێتی گەیشتە ئەوروپا و بوو بەموڵكی ئیتاڵییەكان ؟!.

كاتێك گەشتیاری بەناوبانگی ئیتاڵی (ماركۆ پۆلۆ)، دەگاتە چین، زۆر حەز لەم جۆرە خواردنە دەكات و، لەگەڵ ئەو هەموو بەهارات و دەرمانی خواردنانە دەیهێنێتەوە بۆ ئیتالیا. هەر لە ئیتاڵیاشەوە بۆ تەواوی ئەوروپا و جیهان بڵاو دەبێتەوە. چینییەكان سپاگێتی لەگەڵ گۆشتی مریشك و ڕۆنی بەراز و سەوزە و پیاز و بەهارات تێكەل دەكەن. كە ئەمەش یەكێكە لە خواردنە نایابەكانی چین. بەش بەحاڵی خۆم، زۆر چێژ لەم خواردنەی چینییەكان دەكەم. جاری وا هەیە، هەفتەی دووجار دەیخۆم. بەگشتی ئەوروپییەكانیش زۆر حەزیان بەم خواردنەیە.

دیارە جگە لە سپاگێتی و برنج، چەندین خواردنی تریشیان هەیە، كە لەم كتێبەدا جێگەی نابێتەوە. ئەمڕۆ ئەوروپییەكان زۆر گرینگی بەخواردنی چینی دەدەن، ساڵانە چەندین كتێب لەسەر خواردن و خواردنەوەی چینی چاپ دەكرێت.

### چینییەكان و گۆشتی ئاژەڵ

كاتێك سەیری چێشتخانەی چینییەكان دەكەیت، سەیر دەكەیت هەموو ئاژەڵەكان مێوانن لایان. گۆشتی هەموو ئاژەڵەكان دەخۆن (بەراز، بەرخ، مانگا، مریشك، چۆلەكە، قاز، مار، تیمساح، بۆق، چەندین حەشەراتی تر كە من ناویان نازانم، یان بە كوردی هێشتا بۆمان نەهاتووە!).

### یەكەمین مێواندارییم لای كچێكی چینی

زۆرجار نەناسین و تێنەگەیشتنی یەكتری، دەبێتە هۆی دروستبوونی گەورەترین كێشە و گرفتی كۆمەڵایەتی. كاتێك بۆ یەكەم جار كچێكی چینیم ناسی، كە بەڕاستی كچێكی ئێجگار جوان، نازدار، بەڕێز و بەسۆز بوو. كاتێك بۆ یەكەم جار مێوانداریی ماڵەوەی كردم زۆر دڵخۆش بووم. كاتێك كە چوومە ماڵیان، دیار بوو زۆر خۆی بە دروستكردنی خواردنەوە هیلاك كردبوو.

ماوەیەك قسەمان كرد و، هەندێك خواردمانەوە، پاش كەمێك سفرەی لەسەر مێزێك ڕاخست و، هەرچەند وتم با یارمەتیت بدەم، لێ هەر نەیهێشت، وتی :

(نابێت مێوان لە جێگەی خۆی بجوولێت). دیارە زۆرم پێ خۆش بوو، چونكە هەستم بەنزیكییەكی كولتووری لەگەڵی كرد، لەلایەكی تریشەوە، من خۆم كەمێك تەمەڵم بەتایبەتی لە كاتی نان ئامادەكردندا، بەڵام لە خواردندا هەقی دەكەمەوە.

كاتێك كچەكەی برادەرم، داوای لێ كردم كە بێمە سەر مێزەكە، چووم خواردنەكان زۆر بۆنیان خۆش بوو، منیش زۆر خۆشحاڵ بووم. نەمزانی و فزوولییەتم هانی دام، كە پرسیاری خواردنەكانی لێ بكەم. ئەویش وتی لەبەرئەوەی تۆ زۆر ئازیزی لام، ئەمڕۆ خواردنێكی ئێجگار تایبەتیم بۆ كردوویت. منیش وتم راست دەكەیت دەزانم. سەری قاپێكی هەڵدایەوە، گۆشتێكی سەیری لەسەر بوو. منیش لێم پرسی ئەوە چیە. وتی ئەوە باشترین و خۆشترین گۆشتی دونیایە. منیش یەكسەر وتم ئاسكە . ئەویش پێكەنی وتی ناء. ئاسكی چی. ئەی وتم ئەوە چیە. وتی ئەوە باشترین گۆشتی تیمساحە. چی ! تیمساح. من كە گوێم لەم قسەیە بوو، ڕاست هەموو شتێكم لە بەرچاو كەوت. بەڕاستی حالەتێكی ئێجگار ناخۆش بوو، هیچم پێ نەخورا و، كچەكەش زۆر بێزار بوو. هەر لە پاش ئەم مێوانداریيە، ئیتر كچكە خۆی لێ دزیمەوە و وازی لێ هێنام. لە جیاتی ئەم مێوانداریيە پێوەندیمان بەهێزتر بكات، كەچی بەداخەوە، بووە هۆی لێك ترازان و لێك جیا بوونەوە. هیوادرم ئێوەش وەكو منتان لێ نەیەت. جا گەر گۆشتی تیمساح و ماریان بۆ دانان ئاسایی بێت لاتان. ئەوەی جێگەی ئاماژەیە، كە گۆشتی مار و تیمساح، گرانترین گۆشتی جیهانە. ئایا دەزانن یەك كیلۆ گۆشتی تیمساح نرخی ٥٠٠ بۆ ٧٠٠ یۆرۆیە!. كەچی لای خۆمان گەر باسی گۆشتی تیمساح و مار بكەیت، لەوانەیە فیكەشت بۆ لێ دەدەن.

### دوو دار لە جیاتی كەوچك

یەكێك لە كێشە گەورەكانی بێگانەكان لە ریستۆرانتە چینییەكان، ئەو دوو دارەیە كە دەبێت نانی پێ بخۆیت. هەتا فێری دەبیت، چەندین جار جلەكانت پیس دەكەیت. سەیر لەوەیە، چینییەكان هەموو خواردنێك بەم دوو دارە دەخۆن، تەنانەت برنجیش، هەر بەم دوو دارە دەخۆن. جگە لە شلە، هەموو شتێك تەنیا بەم دوو دارە دەخورێت.

### خواردنەوەی چینی

### چای

چای بەخواردنەوەی سەرەكی دەژمێردرێت، لەگەڵ هەموو خواردنێكدا دای دەنێن. كاتێك ساڵی ١٩٩٦ لەگەڵ برادەرێكم لە لەندەن چووینە ڕیستۆرانتێكی چینی، كە ئەوە یەكەم جارم بوو خواردن و ریستۆرانتی چینی ببینم. برادەرەكەم پێشتر چووبوو، هەر بۆیە ئەو داوای

خـواردنـەکـانـی کـرد. ئـێمـە داوای بـرنـج و گۆشتـی قـازمـان کـرد. پـێم سەیر بـوو، پـێش ئـەوەی خواردنەکەمان بۆ بهێنن، یەکسەر قۆرییەك چایان بۆ هێنایـن. من یەکەم جار وام زانی لێیان تێك چووە، لێ پاشان سەیری مێزەکانی تریشم کرد بەهەمان شێوە بوو.

هـەرچـەنـدە بـە گشتـی چـینـییـەکـان چـای، کـەم ڕەنگ دەخـۆن، نـەك وەکـو ئـێمـە دەبـێت تـەواو (خەلیس، ڕەش) بێت. جگە لەوەش چەندین جۆری تری چای دەخورێتەوە لەوانە : ( سەوز و نەعنانا و کرۆیتە،،، چەندین جۆری تریش کە هێشتا ئەو جۆرانە نەگەیشتووەتە لای ئێمە). هـەروەهـا قـاوە و کاکـاویش بـەکـەمـی دەخورێتەوە، بەتـایـبـەت لـە شـارە گەورەکـان.

## Sake ساکە

ساکە یان (شەرابی برنج)، ئەم خواردنەوەیە لە وڵاتانی چین و ژاپۆن و کۆریا زۆر بڵاوە. ئەم خواردنەوەیە، لە برنج دروست دەکرێت. ئەم خواردنەوەیەش یەکێکە لە خواردنەوە کۆنەکانی جیهان. بۆ یەکەم جار لە سەدەی ٧ی پێش زاین لە ژاپۆنەوە بۆ وڵاتانی تر بڵاو بووەتەوە. بۆ یەکەمین جاریش لە ساڵی ١٣٦٩ لە شاری Ashikaga Yoshimitsu ژاپۆنی، یەکەمین کارگەی ساکا دروست کراوە [١١٤].

ساکە بەخواردنەوەی سەرەکیی چینییەکان دەژمێردرێت. هەرچەندە ئەوروپییەکان بە ساکە دەڵێن: (شەرابی برنج)، چونکە زیاتر لەشەرابێکی سپی دەچێت. دیارە جگە لە ساکە، بیرە و ویسکی و جۆرەکانی تری ئەلکهول، دەخورێتەوە. دیارە چ یاسا و چ ئاینەکانی وڵاتی چین، ئەلکهولیان قەدەغە نەکردووە.

---

(114) www.Wikipedia.de. Sake.

# سەرچاوەکانی بەشی یەکەم


1- www.Wikipedia.de

2- www. ZDF.de. Ausland Journal. China.

3- Alexander Melzer,Der Buchmarkt in der Volksrepublik china als Lizenzmarkt für deutsche Buchverlag.Holger Ehling Publishing. Frankfurt am Main , 2006.

4- Microsoft,Encarta Professional, 2003,

5- Florian C.Reiter.Rilgion in China, ,C.H.Verlag. München.2002.

٦– بحپ عن الله، باغث غيتا، نيورك، الولايات المتحدة الامريكية. ١٩٩٠.

٧– فجر العلم الحديث. الاسلام – الصين– الغرب. تاليف: توبي ا. هف/ ترجمة: د. محمد عصفور. الطبعة الثانية. عالم المعرفة. الكويت. ٢٠٠١.

8- Nicole Kinderarbeit statt Schule. Piepenbrink (20.12.2004). www. Econatauix.de.

9- McDonalds, HANDELSBLATT vom 7. September 2000 MARKUS GÄRTNER. und die Kinder.

10- www. Eurasischemagazin,de,china,johann von Arnsberg.

11- www.Matriarchat.net. Frauen in China

12- Bildungsrechte der Frauen in China.www.CRI Online.de.

١٣– هادي علوي، فصول عن المراة، دار الكنوز العربية، بيروت، لبنان.

14- www.chinafokus.de

١٥– بكين تلغى قانون موافقه أرباب العمل على الزواج www. CNN arabic.com ٢٠٠٣/١٠/١٣

١٦– هادي علوي. حوار الحاضر والمستقبل. اعداد، خالد سليمان، حيدر جواد. دار الطليعة الجديدة. سوريا، دمشق، الطبعة الاولي. ١٩٩٩

١٧– جەمال نەبەز، كورد و كێشەی زمان، رۆژنامەی ميديا، ژمارە، ٢٤٤– ٢٠٠٦/٦/١٣.

18- www. Die Neue Epoche Online. de / China ,klima.

١٩– الشرق الاوسط، الجمعه ١٣جمادى الاولى١٤٢٧هـ. ٩. يونيو٢٠٠٦، العدد١٠٠٥٥.

20- www.Ipicture.de.Länderinformation,China.

56

# بەشی دووەم

## مێژووی چین

*"ئەمە سەخافەتێکی گەورەیە کە چین بەیاریزانێکی تازەی دابنێیت، بەڵکە چین بەهێزترین و باشترین یاریزانی مێژوو بووە".*

*لی کوان یو سەرۆك وەزیرانی سەنگاپوور*

# مێژووی چین

کە باسی مێژوو بکەین، یەکسەر چینمان بیر دەکەوێتەوە. کە باسی چینیش بکەین، نابێت مێژووی کۆنی ئەم وڵاتە لە بیر بکەین. چین بەیەکێك لە شارستانییە کۆنەکانی جیهان دەژمێرێت. وڵاتێکە خاوەنی هەزاران ساڵی مێژووە. هیچ وڵاتێك هێندەی چین، مێژووی نووسراوی نییە. ڕاستە وڵاتی میسر و ناوچەی میزۆپۆتامیا، دوو ناوچەی کۆنی جیهانن و، شارستانییەکی ئێجگار کۆنیان هەیە. لێ جیاوازی نێوان ئەم دوو ناوچەیە لەگەڵ چین لەوەدایە، کە چین توانی بۆ ماوەی هەزاران ساڵ، بەرگری لە وڵات و کولتووری کۆنی خۆی بکات. لێ ئەم ناوچانە (میسر و میزۆپۆتامیا)، نەیانتوانیوە بەرگری لە کولتووری کۆنی خۆیان بکەن. بگرە ئەم ناوچەیە نەك کولتووری، بەڵکە لە ڕووی دیمۆگرافیشەوە، گۆڕانی ئێجگار گەورەی بەسەردا هاتووە. گەر سەردەمانێکی کۆن، وڵاتی میسرو میزۆپۆتامیا، گەلانی قیپتی و ئاشووری وکلدانی وکوردی تێدا ژیا بێت. ئەوا ئەمڕۆ بەزۆرەملێ، ئەو وڵاتانە کراونەتە عەرەب. ئەمڕۆ میسر گەورەترین وڵاتی عەرەبییە. ڕاستە گەلە کۆنەکانی ناوچەکە ماونەتەوە، لێ ئەمڕۆ حیسابی کەمە نەتەوایەتیان بۆ دەکرێت. جگە لەوەش، هەموو کولتووری ئەوگەلانە بەشێوەیەکی ئێجگار سەیر گۆڕانی بەسەردا هاتووە. لێ ئەم حاڵەتە لای چینییەکان نابینین. چەندین ساڵە، چینییەکان لەسەر کولتووری کۆنی خۆیان ماونەتەوە (دیارە لەم چەند ساڵەی دواییدا، کەمێك گۆڕانی بەسەردا هاتووە) لە ڕووی دیمۆگرافیشەوە، وڵاتەکە هیچ گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە. دیارە نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت، کە ئەم دوو ناوچەیە (میسر و میزۆپۆتامیا) لەوەتی هەن، کەوتوونەتە بەر هێرش و پەلاماردانی گەلانی ترەوە. لێ لە هەمووی ترسناکتر و خراپتر، کە بەجارێك مێژوو و دیمۆگرافی و کولتووری ناوچەکەی گۆڕی، هێرشی خێڵە بەربەرییەکانی عەرەب و تورك بوو بۆ ناوچەکە. ئەم خێڵە بەربەرییە سەحراوییانە، توانییان بەجارێك دیرۆکی ناوچەکە بگۆڕن. ڕاستە چینییەکانیش بەر تەوژمی خێڵە بەربەرییەکانی (مەنگۆلی)یەکان کەوتن و چەندین جاریش بەر هێرشی چەتەگەری (بەربەرییە ژاپۆنی و ئەوروپییەکان، ئینگلیزەکان بەتایبەت) کەوتن، لێ هێشتا بەربەرییەتیی ئەو گەلانە، نەگەیشتە ئاستی ئەو بەربەرییەتەی، کە عەرەب و تورك لەم دوو ناوچەیەدا کردیان. هەربۆیە بەدڵنیایەوە، گەر چینیەکانیش دراوسێ یان نزیکی خێڵە بەربەرییە عەرەب و تورکەکان بوونایە، هەمان چارەنووسی ئەم ناوچانەیان دەبوو. لێ خۆشبەختانە باش بوو، کە ئەم دوو خێڵە بەربەرییە لێیانەوە دوور بوون. دەبێت مرۆڤایەتیش زۆرشادمان بێت بەوە، چونکە گەر وا نەبووایە، ئەوا ئەو هەموو کولتوورە کۆنەی چینیش لەناو دەچوو. هەرچەندە عەرەب و تورکەکان سەردەمانێکی زۆر خەونیان بەداگیرکردنی چینەوە دەبینی. بەڵام باش بوو قەدەر یارمەتیی نەدان، ئەو خەونە نەگریسەیان بێتە دی.




سنووری فەرمانڕەواییی خیا Xia

## یەکەمین فەرمانڕەوایی لە چین

## فەرمانڕەواییی خیا Xia ، ساڵی ٢٢٠٠ بۆ ١٨٠٠ پ.ز

زۆربەی مێژوونووسان و پسپۆڕانی وڵاتی چین، لەسەر ئەوە کۆکن، کە کۆنترین فەرمانڕەوایی کە حوکمی چینی کردووە، فەرمانڕەواییی بنەماڵەی خیا بووە. ناوی خیا، وەکو یەکەتییەکی خێڵەکی وا بوو، بۆ کۆمەڵێك خێڵی نزیك بەیەك. نزیکەی ١٢ خێڵ هەموویان لە ژێر چەترێکی خێڵەکی کۆ بوونەوە و ئەم فەرمانڕەوایەتییەیان دروست کرد[١].

سنووری ئەم فەرمانرەوایەتییە دەکەوێتە ناوچەکانی ئێستای Henane, Shanxi,Hebei, Shandog[٢] ئەم فەرمانرەوایەتییە نزیکەی ٤٠٠ ساڵ حوکمی وڵاتی چینی کردووە. هەندێك سەرچاوەش دەڵێن نزیکەی ٤٧١ ساڵ حوکمیان کردووە ١٧ مەلیك لە ١٣ نەوە یەك لە دوای یەك، حوکمی ئەم فەرمانرەوایەتییەیان کردووە[٣].



یەکێك لە کەرەستەکانی سەردەمی خیا

(1) www.german.cri.cn. Geschichte China

(٢) هەمان سەرچاوە.

(3) www.wikipedia.de. Geschichte China.Xia Dynastie.

دیاره پاش ١٠٠٠ ساڵ مێژووی ئەم فەرمانڕەوایەتییە نووسراوەتەوە(٤) . هەر ئەم خاڵەش وامان لێ دەکات، کە زۆرجار ناتوانین بۆچوونی کۆنکرێتی لەسەر چۆنیەتی و شێوازی حوکمی ئەم فەرمانڕەوایەتییە بدەین. وەلێ ئەوەی زۆر ئاشکرایە، ئەم فەرمانڕەوایەتییە، خاوەنی سوپایەکی بەهێز بووە و، مەلیکی تایبەتی خۆیان هەبووە. بەنسبەت پایەتەختی ئەم فەرمانڕەوایەتییەوە، چەندین بۆچوون هەیە بەڵام بەگشتی ناوی شاری Anyang، کە دەکەوێتە ناوچەی Henaneی ئێستاوە دادەنێن. ئەم فەرمانڕەوایە، خاوەنی یاسای تایبەتی خۆی بووە، یاسای سزادان و دادگای هەبووە، بەندیخانە جەلادی هەبووە. بەشێوەیەکی سەرەکی ژیانیان لەسەر کشتوکاڵ و ئاژەڵ بەخێوکردن بووە. لە هەمان کاتیشدا لە سەردەمی ئەماندا، توانییان یاسای (ڕۆژمێر) دابێنن. کە هەتاوەکو ئەمڕۆش بەکاری دەهێنن و پێی دەڵێن (ڕۆژمێری خیا.(٥)). ئەوەی جێگەی باسە ئەم فەرمانڕەوایە هەموو کاتێك لە شەڕوشۆڕی بەردەوامدا بوون.

## ڕووخانی فەرمانڕەوایی خیا xia

فەرمانڕەوایی خیا، بەهۆی شەڕ و پێکدادانەکانی ناو خێڵەکانی لەلایەك و، جیاوازیی چینایەتی و زوڵم و زۆر و نایەکسانی و هەژاری بوو بەهۆی دروستبوونی ئاژاوە و کێشەی بەردەوام بۆ حوکمڕانی خیا.

لە سەردەمی حوکمڕانی Jieدا، زوڵم و زۆرداری گەیشتە لووتکە. هەر بۆیە هەتاوەکو ئەمڕۆش ناوی Jieن، وەکو ناوێکی دڕندە و دیکتاتۆری و پیاوکوژی بەکار دەهێنرێت. هەر بۆیە خەڵکی ڕاپەڕینێکی گەورەیان لە دژی ئەم مەلیکە کرد و، Tangسەرۆکی خێڵی Shang توانی ڕابەرایەتیی ڕاپەڕینی خەڵکی بکات و، کۆتا بە حوکمی بنەماڵەی خیا بهێنێت(٦).

## فەرمانڕەوایی Shang شانگ ،ساڵی ١٧٦٦ بۆ ١٠٥٠پ.ز



نەخشەی سنووری فەرمانڕەوایی Shang شانگ

(4) www.german.cri.cn. Geschichte China.

(5) www.wikipedia.de. Geschichte China.Xia Dynastie.

(٦) هەمان سەرچاوە.

ئـەم فـەرمـانـڕەوايـيـيـە، كـۆنـتـرين شارسـتـانـيـى چـيـنـى پـێك دەهـێـنـێت[٧]. بــەشـێـكــى زۆرى مــێـژوونــووسەكــانــى جــيــهــان، لــەسەر ئــەوە ڕێـكــن، كــە مــێـژووى شارسـتــانــى چين، لــەم فەرمـانڕەوايييەوە دەست پێ دەكات. فەرمـانڕەوايـيى شانگ لە ساڵى١٩٦٦ پ.ز دەست پێ دەكات تـا كـۆتـاى سـاڵـى ١٠٥٠.پ.ز. ئـەم فـەرمـانـڕەوايـيـيە، لـە نـاوچـەكـانـى بـاكـورى چـين حـوكـمـيـان كـردووە. واتـە هـەرێـمـەكـانـى,Henan , Hubei,Shandog وە بـەشێـكـى هـەرێمىAnhui پـێك دەهێنێت. ئـەم فـەرمـانـڕەوايـە، حـوكـمـێـكـى نـيـمـچـە فـيـدراسيـۆن بـووە. چـونـكـە فـەرمـانـڕەوايـيـى شـانـگ شـارى پـايـەتـەختـى نـەبـووە. هـەرچـەنـدە لـە سـەردەمـى ئـەمـانـيشدا چـەنـديـن شـارى گـەورە دروسـت كـراوە. لـێ هــيــچ كــات پــايــەتــەخــتــيــان نــەبــووە. ئــەم فــەرمــانــڕەوايــيــيــە، لــە ٣٠٠ ســاڵــى حــوكــمــيــدا فـەرمـانـڕەوايـيـيـەكـەيـان گـەيشتـووەتـە لـووتـكـە. لـە شارەكـانـدا كـارى پيشـەيـيى هـەمـەجـۆر كـراوە لـەوانـە : (ئـامـێـرى جـەنـگ واتـە چـەك و تـفـاقـى جـەنـگ و وەكـو خـەنـجـەر و شـمـشـێـر و تـيـر. هـەروەهـا كـارى توانەوەى مس و چەندين شتى هەمەجۆرى نـايـابى لـێ دروست كراوە.[٨]).



ئەو چەكانەى كە لە سەردەمى شانگ دروست كراون

جگە لـەوەش هـونـەرى بـيـنـاسـازى و پـەيـكـەرتـاشيش سـەرى هـەڵـداوە. چـەنـديـن خـانـوو و كـۆشكى هـەمـەجـۆريـان لـە تـەختـە دروست كـردووە. هـەروەهـا توانيويشيـانـە سوود لـە شووشـە وەربـگـرن و، بـۆ خـانـوو دروسـتكـردن بـەكـاريـان هێناوە. جگـە لـەوەش چـەنـديـن پـەيـكـەرى جـوانـى هـونـەريـيـان دروست كـردووە. كـە هـەنـدێكـيـان لـە ڕووى هـونـەريـيـەوە، زۆر جـوان و نـايـابـن. جگـە لـەوەش زيـاتـر لـە ٢ هـەزار (وێـنـە، نيشانـە، وشـە)يـان بـۆ زمـانـى چـيـنـى داهـێـنـاوە. بـەگشتـى ئـەم فـەرمـانـڕەوايـيـيـە، پـشـتـى بـە كشتوكاڵ بەستووە.

---

(7) Microsoft,Encarta Professional, 2003.Geschichte China

(٨) هەمان سەرچاوە.



یەكێك لە پەیكەرە هونەرییەكانی سەردەمی فەرمانڕەواییی شانگ

هەروەها چەندین جۆری ئاژەڵیان بەخێو كردووە لەوانە : (بەراز و مانگا و مریشك، بەرخ).

لە ڕووی فەرمانڕەوایيیشەوە، مەلیك (پادشا)یان هەبووە بەتایبەت لە سەردەمی Shang Di. بەگشتی حوكمێكی فیئودالیان هەبووە. لە ڕێگەی چەندین دەرەبەگەوە، ئەو ناوچانەیان حوكم كردووە. لێ بڕبڕەی سەرەكیی ئەم فەرمانڕەواییيە، لەشكرەكەی بووە. لە ڕێگەی چەندین سەركردەوە ئەم لەشكرە بەڕێوە براوە. لە ساڵی ١٠٥٠ پ.ز كۆتا بەحوكمی ئەم فەرمانڕەواییيە دەهێنرێت.

## فەرمانڕەواییی تسۆ Zhou ساڵی ١٠٥٠ بۆ ٢٢١ پ.ز

ئەم فەرمانڕەواییيە لەلایەن خێڵی Zhou دروست كراوە. ئەم خێڵە لە ناوچەكانی باكوری ڕۆژئاوا نیشتەجێ بووبوون. ساڵی ١٠٥٠ توانییان كۆتا بەحكومی فەرمانڕەواییی Shang شانگ بهێنن[٩]. فەرمانڕەواییی تساو، بەیەكێك لە فەرمانڕەواییيە گرینگەكانی چینی دەژمێرێن. لە سایەی ئەم فەرمانڕەوایەدا، شارستانیی چینی هەنگاوی ئێجگار گەورەی هاویشت. لەهەموو ڕووەكانەوە، كۆمەڵگەی چینیان بەرەو پێشكەوتن و گۆڕانێكی دینامێكی سەیر برد. لەڕووی فیكری و فەلسەفی و ئاینییەوە، هەنگاوی گەورە نرا. هەر لەسەردەمی تساودا بوو، ئاینەكانی (كۆنفۆشیزم و تاویزم) سەریان هەڵدا[١٠].

(٩) هەمان سەرچاوە.

(10) www.Wikipedia.de. China geschichte.

فەرمانڕەوایی تساو توانییان بەشێکی زۆری باکوری چین داگیر بکەن و حوکمی بکەن، تا سنوورییان گەیشتە کەنارەکانی ڕووباری (*)Jangtsekiang بەگشتی حوکمی تساو توندوتۆڵییەکی دەوڵەتی گەورەی پێوە دیار بوو. هەرچەندە ئەمانیش نەیانتوانی بەتەواوی کۆتا بەحکومی ناوچەیی بهێنن. لێ توانییان حوکمێکی سەنترالی بەهێز دروست بکەن. شاری Hao (کە ئەمڕۆ Xianی پێ دەڵێن) بکەنە پایەتەختیان. هەروەها لەڕۆژهەلاتیش لە شاری Loyi (کە ئەمرۆ Louyangی پێ دەڵێن) پایەتەختێکی تریان دروست کرد(١١).

کشتوکاڵ بڕبڕەی پشتی ئەم فەرمانڕەوایە بوو. هەر بۆیە حوکمێکی شێوە فیئودالیان هەبوو. بەشێکی زۆری زەویی کشتوکاڵییەکان دابەشکرابوون بەسەر دەرەبەگەکان. وە١/٨ هەشت یەکی بەرهەمیان دەدا بە خێزانی جووتیاران. واتە ئەو جووتیارەی کە زەوییەکە دەکێڵێت. هەروەها جگە لە جووتیار، شێوازی کۆیلەداریش پەیدا بوو. جگە لە کاری بەزۆر، کە زۆرجار بە جووتیاران دەکرا(١٢).

## فەرمانرەوایەتیی بنەماڵەی کین Qin ٢٢١ بۆ ٢٠٧ پ.ز

کین Qin یەکێکە لە حەوت مەلیکەکانی فەرمانرەوایی تسۆ Zhau. پاش ئەوەی مەلیك Zhau Zheng دەمرێت، کوڕەکەی دێتە جێگەی. لە سەردەمی کوڕەکەیدا، ئاژاوە و کێشەیەکی زۆر ڕوو دەکاتە وڵات. بەحوکمی ئەوەی کە کوڕەکە گەنجە و ئەزموونی حوکمرانی نییە، لە هەموو لایەکەوە ڕاپەڕین و کێشە دروست دەبێت. وە زۆرجاریش تیرۆر و هەوڵی کوشتنی مەلیك دەدرێت. ئەمەش وا دەکات کە مەلیك بەناچاری واز لە حوکم بهێنێت. ساڵی ٢٢١ی پێش زاین، Qin Shihuangdiدەکرێتە مەلیکی وڵات. بەم شێوەیەش کۆتا بەفەرمانرەوایی تسۆ دەهێنرێت و، سەرەتای فەرمانڕەوایی کین دەست پێ دەکات(١٣).

### سەردەمی ریفۆرمەکانی کین

لە سەردەمی فەرمانرەوایی کیندا، کۆمەڵێك ریفۆرمی گرینگ دەکرێت. هەر بۆیە زۆربەی مێژوونووسان، ئەم سەردەمە بە سەردەمی ریفۆرمە مەزنەکان ناو دەبەن. بۆ یەکەم جار ریفۆرمی یاسای باج وەرگرتن دانرا، پاشان یاسای (کێش و پانایی) داهێنرا. کە بە یەکێك لە دەستکەوتە گرنە زانستییەکان دەژمێردرێت. هەروەها ریفۆرمی نووسینی چینیش، هەر لە

(*) Jangtsekiang یەکێکە لە ڕووبارەکانی چین کە درێژایی دەگاتە ٦٣٠٠ کلم. لە ناوچەکانی تیتەوە سەرچاوە دەگرێت و، لەنزیك شاری شەنگایەوە دەرژێتە زەریای هێمنەوە.

(11) Microsoft,Encarta Professional, 2003 Zhou Dynastie.

(١٢) هەمان سەرچاوە.

(13) .www.chinasite. de. Qin Dynastie.



مەلیك كین Qin

سەردەمی ئەم فەرمانرەوایەتییەدا كرا.

بەڵام لە هەمان كاتیشدا حوكمی ئەم پیاوە، بە حوكمێكی دیكتاتۆری و نایەكسانی و كاری زۆرەملێ و سەرانە خستنە سەر خەڵكی دەناسرێت. بەتایبەت كاری زۆرەملێ، بەیەكێك لە سیماكانی حوكمی دەژمێردرێت. ئەم پیاوە زۆر حەزی لە هونەر و كۆشك و ئارشیتەكتوور بووە. بۆیە بۆ دروستكردنی كۆشك و تەلارەكانی، زۆر ئازاری خەڵكی داوە. بەتایبەت بۆ دروستكردنی قەبری جەنگاوەرە چینییەكان و دروستكردنی دیواری چین، خەڵكێكی زۆر گیانیان لەدەست دا(١٤).

## سنووری قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی كین




نەخشەی سنووری قەڵەمڕەوی كین

پایەتەختی ئەم فەرمانرەوایەتییە، دەكەوێتە شاری Xianyang، كە ئێستا پێی دەڵێن Xian.. بەگشتی سنوورەكانی دەكەوێتە رۆژئاوای ناوچەی Shaanxi و، رۆژهەڵاتی ناوچەی Shandong باكوری ناوچەی(١٥) Liaonings.

## رووخانی فەرمانرەوایەتیی كین Qin

ساڵی ٢١٠ ی پ.ز مەلیك كین دەمرێت. پاش خۆی كوڕە گەنجەكەی Er Shihaungdi، دەبێتە مەلیك. ئەم كوڕە تەمەنی ٢١ ساڵ بوو، زۆركەم ئەزموونی حوكمڕانی هەبوو. زیاتر لە ژێركاریگەری راوێژكارەكەیدا بوو، كەناوی Li Si. جگە لەوەش هەموو كارو كرداری ئەم مەلیكە ئەوەبوو، كە پڕۆژەكانی باوكی تەواو بكات، وەكو (دروستكردنی دیواری چین و قەبری جەنگاوەرە چینییەكان).

بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەم پرۆژانەش، زۆرێكی بێ ئەندازەی لەخەڵكی چین كرد. ئەمەش وای كرد راپەڕین و ئاژاوە لە وڵاتەكەدا دروست بێت.

ساڵی ٢٠٧ ی پ.ز. مەلیك Er Shi لەلایەن برازاكەی خۆیەوە Chao Gao دەكوژرێت. بەم

(14) .www.jiang-kasten.de. in Dynastie.

(15) www.chinaseite.de.Qin Dynastie.

شێوەیەش کۆتا بە حوکمرانی بنەماڵەی کین دەهێنرێت و سەرەتای حوکمڕانی هانەکان دەست پێ دەکات(١٦).

| ناوی تایبەتی | ناوی مەلیك | سالانی حوکمرانی | ساڵی ژیان |
|---|---|---|---|
| Name | Kaisername | Regierungszeit | gelebt |
| Zhao Zheng | Qin Shi Huangdi | (246) 221 - 210 | 259-210 |
| | Er Shi Huangdi | 210 - 207 | 230- 207 |

نەخشەی ناوی مەلیکەکانی بنەماڵەی کین

## دروستکردنی قەبرستانی جەنگاوەرەکان یان کۆشکی جەنگاوەرە ئازاکان



یەکێك لە کارە ئارشیتەکتۆرە مەزنەکانی دەسەڵاتداری کین، دروستکردنی کۆشکی جەنگاوەرەکانە. ئەم کۆشکە وەکو قەبرستانێکی گەورە یان مۆزەخانەیەکی گەورەیە، کە بۆ پادشا و میر وئەفسەر و جەنگاوەرەکان دروست کراون. دیارە بۆ دروستکردنی ئەم پرۆژەیەش، بەزۆرەملێ بەخەڵکی دروست کراوە. زیاتر لە ٧٠٠ هەزار ئەندازیار و وەستا و کرێکار، بۆ ماوەی ٣٨ ساڵ لەم پرۆژە مەزنەدا کاریان کردووە(١٧). ئەمەش بەگەورەترین قەبرستانی دەسەڵاتدارانی چین دەژمێردرێت.

جگە لەوەش ڕووبەرێکی زۆر داگیر دەکات، کە ٤٧ م بەرزیەتی و، لە ڕۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەڵات ٣٤٥م، لە باشوورەوە بۆباکور ٣٥٠ م پانایەتی. جگە لەوەش ژێرزەمینێکی گەورەی هەیە، کە ڕووبەرەکەی دەگاتە نزیکەی ٢٥٢٥ م. لەدەرەوەش سەردابێکی پانی هەیە، کە ڕووبەرەکەی دەگاتە نزیکەی ٦٢٦٤ م. بەگشتی ڕووبەری ئەم پرۆژەیە ١٢٠٧٥٠ م٢ چوارگۆشە داگیر دەکات(١٨).

ساڵی ١٩٧٤، چەند ئارشیتەکتورێکی چینی، لە دووریی ١٥٠٠ ڕۆژهەڵاتی ئەم کۆشکەوە، سێ قەبرستانی گەورەی تریان دۆزییەوە، کەڕووبەری گشتییان دەگەیشتە ٢٥٣٨٠ م

(١٦) هەمان سەرچاوە.

(17) www.china-guide.de/china/geschichte.

(١٨) هەمان سەرچاوە.

چوارگۆشە. کە کۆمەڵێك پەیکەری جەنگاوەروئەسپ وعەرەبانەی زۆری تێدا بوو، کە مێژووی دروستکردنیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ٢٢١ بۆ ٢٠٩ پێش زاین. لەم کۆشکەدا کۆمەڵێك پەیکەری هونەریی مەزن دەبینین، ٨٠٠٠ پەیکەری جەنگاوەر و ٦٠٠ ئەسپی جەنگ، کە هەموویان لە قووڕ یان گەچ دروست کراون، جگە لەوەش ١٢٥ عەرەبانەی جەنگیی تێدایە، کە لە تەختە یان دار دروست کراون(١٩).

دیارە ئەم کۆشکە لە ڕووی ئارشیتەکتوور و هونەری و مێژووییەوە، کارێکی زۆر جوان و مەزنە. وەلێ نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت، کە بۆ ئەم کارە مەزنە، هەزاران جووتیاری هەژاری چینی برسی کراون و، هەزاران منداڵ لە برسا مردوون، جگە لەوەش بەهەزاران کەس، بەزۆر کاریان پێکراوە و، ڕۆژانە بە پیسترین شێوە، لەلایەن سوپاسالاران و جەنگاوەرەکانەوە چەوسێنراونەتەوە. بگرە دەسەڵاتدارانی کین، خەڵکیان وەکو کۆیلە بەکار هێناوە بۆ ئەوەی حەزێکی نەگریسی خۆیان بهێننە دی. مەزنی و جوانیی ئەم پرۆژەیە نیشانەی دڵڕەقی و ملهووڕی دەسەڵاتدارانی کین پیشان دەدات.

وەلێ بەداخەوە بەشێکی زۆری مێژوونووسانی چین، دان بەم ڕاستییە تاڵە دانانێن و، تەنیا لە ڕووی جوانی و هونەرییەوە بۆ ئەم پرۆژەیە دەڕوانن.

## دیوارە مەزنەکەی چین



یەکێك لە سیمبۆلە ناسراوەکانی وڵاتی چین، دیوارە کۆن و مەزنەکەیەتی. هەرکە باسی چین بکەین، یەکسەر کۆتری هزرمان بۆ لای دیوارە پانەکە هەڵدەفرێت. وای لێ هاتووە کە ئەم دیوارە بووەتە ناسنامەیەکی شارستانیی گرینگ بۆ چینییەکان. ئەم دیوارە ڕۆڵێکی گرینگی هەیە، چ لە ڕووی (هزر، سیاسەت، مێژوو، شارستانی، جەنگ). ئەم دیوارە یەکەمین سنووری دەستکردی مرۆڤە کە وڵاتێك یان نەتەوەیەك لەگەڵ نەتەوەیەکی تردا جیا بکاتەوە. ئەم دیوارە یەکەمین هەنگاوی مرۆڤە، بۆ جیاکردنەوەی شارستانی لە بەربەرییەت. ئەم دیوارە

(١٩) هەمان سەرچاوە.

یەکەمین تەکنیکی سەربازییە، کە بۆ خۆپاراستن لە دوژمنی دەرەکی دروست کراوە. ئەم دیوارە گەورەترین کاری بیناسازییە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. هیچ کاتێك پرۆژەیەکی ئاوا گەورەی بیناسازی، لە مێژوودا ڕووی نەداوە. هەر ئەم دیوارە بوو، کە وای کرد بۆ یەکەمین جار وشەی (ئێمە و ئێوە) ی دانا. ئەم دیوارە کاریگەری زۆری هەیە بەسەر هزری هەموو مرۆڤایەتییەوە. هەر بۆیە زۆر گرینگە لە مێژوو و ئامانج و هۆکاری دروستکردنی ئەم دیوارە ئاگادار بین.

**کەی ئەم دیوارە دروست کرا**

مێژووی ئەم دیوارە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ٧ی پێش زاین. لە سەردەمی فەرمانڕەوایی (کین)دا، دەستکرا بەدروستکردنی ئەم دیوارە. دیارە ئەم دیوارە لە چەندین کات و شوێنی تردا دروست کرا، بەهاتنی هەر فەرمانڕەواییەکی نوێ، دەست کراوە بەدروستکردن و نۆژەنکردنەوەی ئەم دیوارە. وەلێ بەگشتی زۆربەی مێژوونوسان و چینۆلۆجیەکان، پێیان وایە، کە مێژووی ئەم دیوارە لە سەدەکانی ٧ و ٦ پێش زاینەوە دەست پێ دەکات و، تا سەدەکانی ١٥ی زاین بەردەوام دەبێت. هەندێکیش پێیان وایە، کە لە سەدەکانی ٥ی زایینەوە دەست پێ دەکات[٢٠]. من بەکورتی هەوڵ دەدەم قۆناغەکانی دروستکردنی ئەم دیوارە دیاری بکەم.

**لە سەردەمی فەرمانڕەوایی Qin Shi Huang کە لە سالآنی** (259-210 v.chr) , **ژیاوە.**

ئەم فەرمانرەوایەی چین، کە تەمەنی ١٣ ساڵ بوو، جێگەی باوکی گرتەوە و بوو بە فەرمانڕەوای چین. هەر لە سەردەمی ئەمدا، کۆمەڵێك ریفۆرمی ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی گەورە کرا. یەکێك لەو پرۆژە گەورانەی کە ئەم حاکمە گەنجەی چین کردی، دروستکردنی ئەم دیوارە بوو. لە ساڵی ٢١٤ی پێش زاین، دەستی کرد بەدروستکردنی ئەم دیوارە مەزنە[٢١].

**بۆچی ئەم دیوارە دروست کرا؟!**

لەگەڵ پەیدابوونی هێز و لەشکرێکی زۆر لەلایەك، فراوانبوونی سنووری قەڵەمڕەوی دەسەڵات، بیر لە دروستکردنی ئەم دیوارە کرایەوە، تا چین لە خێڵە بەربەرییە هانیەکان و تورکە بەربەرییەکان بپارێزێت. مەبەستی سەرەکیش پاراستنی گەل و دەوڵەتی چین بوو، لە تالآنی و بەربەریەتیی ئەم خێڵە بەربەرییانە، کە هەموو کاتێك پەلاماری ناوچەکانیان دەدا[٢٢].

دیارە یەکێك لە گەورەترین کێشەی گەلی چین، بوونی ئەو خێڵە بەربەرییە توورکانە بوو، کە

---

(20) www.chinaseite.de/china-kultu.

(٢١) هەمان سەرچاوە.

(22) www. china-guide.de/china/Chinesische-mauer.

هەروەها سەیری

www.Wikiepedia.de.geschichte Chinesiche Mauer.

لە باکوری چین دەژیان. ئەم خێڵە بەربەرییانە، ژیانیان لەسەر بەربەرییەت و تاڵانی بوو. هەر بۆیە بە بەردەوامی پەلاماری ناوچەکانی چینیان دەدا. وەلێ ئەم دیوارە توانی، هێرشی بەردەوامی ئەم خێلە بەربەرییە کەم بکاتەوەو نەیهێڵێت. هەر بۆیە ئەم خێڵە بەربەرییانە وازیان لە چین هێنا و بەربوونە گەلانی تر.

## ڕۆڵی جەنەراڵ Meng Tian

ئەم جەنەراڵە، یەکێك بوو لە باشترین و چالاکترین و ئازاترین سوپاسالاری فەرمانڕەوای کین. دیارە جەنەراڵ مینگ، لە خێزانێکی سەربازی گەورە بوو. جگە لە خۆی باوکیشی Meng Wu باپیرە گەورەشی Meng Ao، ڕۆڵێکی گەورەیان هەبووە، لە دروستکردن و بەهێزکردنی سوپای فەرمانڕەواکانی کیندا[٢٣].

لە یەکێك لە شەڕەکاندا کە لە دژی خێڵە هانییەکان، لە نزیك ڕووباری شین Lanzhou توانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و دوژمن بشکێنێت. هەر لە ڕووباری شینەوە Lanzhou تا گردۆڵەکانی, Yinshan، ٤٤ سەربازگەی گەورەی دروست کرد، بۆ ئەوەی جەنگاوەرەکانی تێدا بژین و پارێزگاریی ناوچەکان بکەن[٢٤].

لەو کاتەدا ڕابەری زیاتر لە ٣٠٠ هەزار سەربازی دەکرد و فەرمانی جەنگی پێ دەدان. هەر لەو کاتەشدا بیری لە دروستکردنی دیوارێك کردەوە، بۆ ئەوەی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتیان بپارێزێت. کاتێك ئەم پلانەی بۆ پادشا Qin Shi Huang کرد، ئەویش یەکسەر ڕازی بوو. پاش ئەوە، فەرمانی دروستکردنی ئەم دیوارە درا[٢٥].

## شوێن و ڕووبەری یەکەمی ئەم دیوارە

بۆیەکەمجار ئەم دیوارە لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری Lintao کە ئەمڕۆ ناوچەی Gansu پێدەڵێن) ، دەست پێ دەکات و بەرەو باکور هەڵدەکشێت و هەتا دەگاتە قەراخەکانی ڕۆژهەڵاتی ڕووباری Tao و، لەوێشەوە تا ڕووباری شین Lanzhou بەردەوام دەبێت. لێرەشەوە بۆ گردۆڵکەکانی Yinshan دەکشێت و، هەتا دەگاتە ناوچەی Liaondog ئیتر لێرەدا کۆتا بەدیوارەکە دێت. واتە ئێرە دواین خاڵی دیوارەکەیە[٢٦]. ڕووبەری گشتیی ئەم دیوارە نزیکەی ٥٠٠ کم، بەشی زۆری ئەم دیوارەش دەکەوێتە ئەو ناوچانەی کە ئەمڕۆ پێیان دەڵێن [٢٧]Shandong.

---

(23) www/german.cri.cn/other/grossemauer.

(٢٤) هەمان سەرچاوە.

(٢٥) هەمان سەرچاوە.

(٢٦) هەمان سەرچاوە.

(27) www.china-guide.de/china/Chinesischemauer.

## قوربانییانی ئەم دیوارە

دیارە یەکێك لە قوربانییانی سەرەکیی ئەم دیوارە، ئەو خەڵکە هەژار و زەحمەتکێشە بووە، کە ئەم دیوارەی دروستکردووە. بەپێی بۆچوونی زۆربەی مێژوونووسان، بۆ دروستکردنی ئەم دیوارە، زیاتر لە ٣٠٠ هەزار سەرباز و کرێکار بەکار هێنراوە(٢٨). کەلەخراپترین هەلومەرجی ژیاندا، کاریان پێ کراوە. هەزاران کەس بریندارو کوژراوە، تا ئەم دیوارە تەواو بووە. چونکە لەو کاتەدا لەلایەکەوە هێندە تەکنیکی مۆدێرن و باش نەبووە کە کرێکاران بپارێزێت، لەلایەکی تریشەوە رۆژانە کرێکاران لەلایەن ئەفسەر و بەرپرسانەوە، لێدان و ئەشکەنجەیان خواردووە. جگە لەوەی کە لە ڕووی خواردن و تەندروستیشەوە، وەزعیان زۆرخراپ بووە.

### دووەمین قۆناغی ئەم دیوارە لە سەردەمی فەرمانرەواییی مینگ Ming (1368-1644).

دووەمین قۆناغی دروستکردنی ئەم دیوارە، لە سەردەمی فەرمانڕەواییی مینگدا بوو. دیارە چین لە سەردەمی فەرمانڕەوایی مینگدا، کۆمەڵێك ریفۆرم و سیاسەتی نوێی بەخۆیەوە بینی. پاش فراوان بوونی سنووری قەڵەمڕەوی مینگ و، ترسی پەلاماردان و چەتەگەریی مەنگۆلییەکان، بیر لە دروستکردن و فراوانکردنی دیواری چین کرایەوە. دیارە جگە لە ترسی مەنگۆلییە بەربەرییەکان، یەکێك لە هۆکارەکانی تر ئەوە بوو، کە دەیانویست رێگای بازرگانی بپارێزن و لە ژێرکۆنترۆڵی خۆیاندا بێت.

واتە دووەمین هۆکاری گرینگ، مەسەلەی ئابووری بووە. جگە لەوەش، بۆ باشکردن و پاراستنی رێگای هاتوچۆکردن بووە (٢٩).

### ڕووبەری دووەمین قۆناغ

پاش شەڕێکی زۆر لەگەڵ خێڵە بەربەرییەکانی مەنگۆل، کە بۆ ماوەی ٢٠٠ ساڵ بەردەوام بوو. ئیمپراتۆری چینی Zhu Yuanzhang، کە دامەزرێنەری فەرەمانرەواییی مینگە، بڕیاری دروستکردنی ئەم دیوارەی دا. ڕووبەری گشتیی ئەم قۆناغەش دەگاتە نزیکەی ٦٠٠٠ کیلۆمەتر(٣٠) .

### بەکارهێنانی تەکنیکی نوێ

دیارە لەم قۆناغەدا بەحوکمی پێشکەوتنی زانست و داهێنانی نوێی تەکنیکی، چ لە ڕووی

(28) www/german.cri.cn/other/grossemauer.

(29) www.china-guide.de/china/Chinesischemaue.

(٣٠) هەمان سەرچاوە.



شێوازو چ لــە ڕووی چـۆنـیـەتـیـیـەوە، دیوارەکە زۆر باشتر لە قۆناغەکانی تر دروست کراوە. ئەو مادانەی بەکاریان هێناوە، برێتین لە (گەچ و بەردی پتەو، خشتی ناو کوورە). زەوییەکەشی بە بەردی پانی ئەستوور داپۆشراوە.

جگە لەوەش لە زۆر جێگەدا، شوێنی حەوانەوە و ژووری تایبەت دروست کراوە. هەروەها بەشێوەیەکی زۆر تۆکمە و بەهێز، چەندین پەنجەرەیان دروست کردووە، کە زۆرجار بۆ کاری پاسەوانی بەکار هێنراوە.

**قوربانییانی ئەم دیوارە**

دیارە لەم قۆناغەشدا وەکو پێشتر، خەڵکی بەزۆرەملێ کاریان پێ کراوە، بۆ دروستکردنی ئەم پڕۆژەیە. بەپێی هەندێك سەرچاوە، زیاتر لە ٩٦٠ هەزار کرێکار و سەرباز و ئەفسەر، کاریان لەم پڕۆژەیەدا کردووە(٣١). هەتاوەکو ئێستاش دیار نییە، کەچەند هەزار کەس بەهۆی ئەم پرۆژەیەوە، گیانیان لەدەست داوە. وەلێ وەکو هەموو پڕۆژەیەکی گەورە، بەدڵنیاییەوە چەند هەزارا کەسێك بریندار و گیانیان لەدەستداوە. نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت، کە بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەمەزنە، باج و سەرانەیەکی ئێجگار زۆر خراوەتە سەر خەڵکی هەژار و زەحکمەتکێشی چینی. بەناشیرینترین شێوە دەسەڵات، دەستی کردووە بەگیرفانی جووتیاران، هەژار و برسییان کردوون. کە ئەمەش ئەخلاقی هەموو ملهوورێك بووە.

## لیستی ئەو بنەماڵانەی کە فەرمانڕەواییی چینیان کردووە(٣٢).

| | | |
|---|---|---|
| Xia oder Hjsa | | 2200 -1750 v.Chr. |
| Shang | | 1766 - 1100 v.Chr. |
| Zhou | Westliche Zhou | 1100 - 770 v.Chr. |
| | Östliche Zhou | 770 - 256 v.Chr. |
| | Frühlins- u. Herbst-periode | 770 - 476 v.Chr. |
| | Streitenden Reiche | 475 - 221 v.Chr. |

(31) www.german.cri.cn/other/grossemauer.

(32) www.jiang-kasten.de.china dynastien..

| | | | |
|---|---|---|---|
| Qin | | | 221 - 207 v.Chr. |
| Han | | Westliche Han | 206 - 24 n.Chr. |
| | | Östliche Han | 25 - 220 |
| Drei Reiche | | Wei | 220 - 265 |
| | | Shu | 221 - 263 |
| | | Wu | 222 - 280 |
| Westliche Jin | | | 265 - 316 |
| Östliche Jin | | | 317 - 420 |
| Nördlichen Dynastie | die Südlichen Dynastien | Song | 420 - 479 |
| | | Qi | 479 - 502 |
| | | Liang | 502 - 557 |
| | | Chen | 557 - 589 |
| | die Nördlichen Dynastien | die Nördliche Wei | 386 - 534 |
| | | die Östliche Wei | 534 - 550 |
| | | die Westliche Wei | 535 - 557 |
| | | die Nördliche Qi | 550 - 577 |
| | | die Nördliche Zhou | 557 - 581 |
| Sui | | | 581 - 618 |
| Tang | | | 618 - 907 |
| die Fünf Dynastien | | die Spätere Liang | 907 - 923 |
| | | die Spätere Tang | 923 - 936 |
| | | die Spätere Jin | 936 - 947 |
| | | die Spätere Han | 947 - 950 |
| | | die Spätere Zhou | 951 - 960 |
| Song | | die Nördliche Song | 960 - 1127 |
| | | die Südliche Song | 1127 - 1279 |
| Liao | | | 916 - 1125 |
| Jin | | | 1115 - 1234 |
| Yuan | | | 1271 - 1368 |
| Ming | | | 1368 - 1644 |
| Qing | | | 1644 -1911 |

# دوایین فەرمانڕەوای چین

**فەرمانڕەوای کینگ** Qing (1644-1911)

فەرمانڕەوای کینگ، دوایەمین ئیمپراتۆری چینین. بەکۆتاهاتنی ئەم بنەماڵەیە، کۆتا بەحوکمی هەزاران ساڵەی پادشایەتیی چینی دەهێنرێت. سەردەمی فەرمانڕەواییی کینگ، بەسەردەمێکی گرینگ و پڕ بایەخ لە مێژووی چین دەژمێردرێت. هەر لە سەردەمی ئەماندا بوو، کە چین تووشی چەندین شەڕ و کێشە و داگیرکردن و برسییەتی و ماڵوێرانی دەبێت. هەر لەسەردەمی کینگدا، چین بۆ یەکەمین جار، تووشی بەربەرە سپییەکان (واتە ئەورووپییە داگیرکەرەکان) دەبێت. هەر بۆیە زۆرگرینگە لە مێژووی ئەم فەرمانرەوایەی چین ئاگادار بین.

## سەرەتای فەرمانڕەوایەتیی کینگ

هەروەکو ڕۆتینێکی مێژوویی، بەکۆتاهاتنی و مردنی فەرمانڕەوایەتییەك، سەرەتای لەدایکبوونی فەرمانڕەوایەتییەکی تر دەست پێ دەکات. ئیبن خەلدون ئەم دیاردەیە بە (مردن و لەدایکبوونی شارستانییەکان) ناو دەنێت. پاش ئەوەی فەرمانرەوایەتیی مینگ Ming، لەکۆتای تەمەنیدا بوو، کە بۆ نزیکەی ٣٠٠ ساڵ حوکمی چینیان کرد. لە ساڵی ١٣٦٨ بۆ ١٦٤٤، حوکمی چینیان بەئاگر و ئاسن کرد. پاش ئەوەی فەرمانڕەوای مینگ، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕوو لە کزی و لاوازی دەچوو. لە باکوری وڵاتی چینەوە، کە ئەمڕۆ بەو ناوچەیە دەوترێت، هەرێمی (مەنشوریا).

لەم ناوچەیەدا، گەلی چوردجن ,Dschurdschen دەژیان. لە سەدەی ١٢مدا، توانییان ناوچەکانی خۆیان کۆنترۆڵ بکەن و، فەرمانرەوایەتییەکی سەربەخۆی خۆیان دروستبکەن. کە بەناوی فەرمانڕەواییی (ژین Jin) ناسراوە[٣٣]. بەسەرکردایەتیی(Nurhaci 1559-1626) توانییان سوپایەکی بەهێز دروست بکەن و، کۆنترۆڵی هەموو بەشەکانی باکوری چین بکەن. پاش ئەوەی فەرمانرەواییی مینگ ڕوو لە لاوازی بوو، ئەمان بەردەوام هێرشیان بۆ ناوچەکانی باشوور دەهێنا و، بەتەواوی وەزعیان شڕکردبوون. تا ساڵی ١٦٤٤ توانییان بە سەرکردایەتیی جەنەڕاڵی بەهێز Wu Sangui پەلاماری پکین بدەن و ، کۆتا بە حوکمی سەدان ساڵەی فەرمانڕەوایەتیی مینگ بهێنن. ساڵی ١٦٤٤ Shunzhi خۆی کرد بە قەیسەری چین. ئەمەش یەکەمین قەیسەری فەرمانڕەوایەتیی کینگە، کە لە ساڵی ١٦٤٤ تا ١٦٦١، حوکمی چینی کرد[٣٤]. دیارە لە مێژوودا بەم قۆناغە دەوترێت (قۆناغی حوکمڕانی مەنشوورییەکان).

## ڕاپەڕین و بەرەنگاربوونەوەی پاش ماوەی مینگەکان لە باشووری چین

دیارە کاتێك مەنشوورییەکان پکینیان گرت، هەر وا ئاسان نەبوو کۆنترۆڵی هەموو وڵاتی چین بکەن. لە بەشێکی زۆری باشووردا، بەتایبەت ناوچەکانی Zhejiang , Fujian, Hunan, Hubei هەروەها ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەلات، کۆمەڵێك جەنەراڵ و دەرەبەگی ناوچەکە، دژی فەرمانرەوایەتیی کینگ دەجەنگان. شەڕ و پێکدادان هەتاماوەیەکی زۆر درێژەی کێشا، هەتا ساڵی ١٨٦٢ سوپای بەهێزی مەنشوورییەکان، توانیان دوا هێزی مینگەکان بشکێنن و لە ناویان بەرن[٣٥].

(33) www.chinaseite.de.Qing Dynastie..

(٣٤) هەمان سەرچاوە.

(٣٥) هەمان سەرچاوە.

## سیما گشتییەکانی فەرمانڕەوایەتیی کینگ

### لە ڕووی سەربازییەوە

بەحوکمی ئەوەی هەموو کاتێك لە شەڕ و پێکدادان بوون، چ لەگەڵ دوژمنانی دەرەکی، یان ناوەخۆیی، هەر بۆیە گرینگییەکی زۆریان بە سوپا و چەکداری دەدا. سوپایەکی ئێجگار بەهێزیان دروست کرد، چ لە ڕووی سەرباز و، چ لە ڕووی چەك وتەقەمەنییەوە، زۆر بەهێز و تۆکمە بوو. ریفۆرمێکی زۆریان لە سیستەمی سوپادا کرد. سوپایان دابەش کرد بەسەر ٨ لیوادا (یان تیپ)، هەر لیوایەی لە ١٠ هەزار سەربازی ئازا و مەشق پێکراو پێکهاتبوو. بۆ هەر ناوچەیەکی چین، لیوایەکیان دانابوو. کە کاری بەرگریکردن لە دژی دوژمنانی دەرەکی و، کۆنترۆڵکردن و تەمێکردنی، نەیاران و ئۆپۆزسیۆنی ناوەخۆیی بوو[٣٦].

### لە ڕووی سیاسییەوە

هیچ فەرمانڕەوایەکی چینی، نەیتوانیوە هێندەی کینگییەکان سنووری قەڵەمڕەوی خۆی فراوان بکات. لە سەردەمی فەرمانڕەوایی کینگییەکاندا، سنووری قەڵەمڕەوییان گەیشتە نزیکەی ١٢ ملیۆن کیلۆمەتر چوارگۆشە[٣٧]. کە جگە لە وڵاتی چینی ئێستا، چەند وڵاتێکی دراوسێی چینیان خستە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە (تایلاند و کۆریا و بەشێکی ڤێتنامیش).

سەردەمی کینگییەکان، بەسەردەمی حوکمی دیکتاتۆری و ترس دەژمێردرێت. یەکێك لە ئامانجە سەرکییەکانی فەرمانڕەوایەتیی کینگ سەپاندنی حوکمی ناوەندی بوو (واتە سەنترالیزم). بۆ ئەم مەبەستەش، بەئاگر و ئاسن حوکمی ئەم وڵاتە فراوانەیان دەکرد. حوکمی توندڕەوی و دیکتاتۆری، یەکێکە لە سیما گشتییەکانی ئەم قۆناغەی چین، بەتایبەت لەو کاتانەی کە (1662-1722) angxi, Yongzheng (1722-1735) und Qianlong (1736-1795) دەسەڵاتدار بوون. سەردەمی ئەم سێ حاکمە، بەدیکتاتۆریترین و توندترین سەردەمی سیاسیی چین دەژمێردرێت[٣٨]. هەر کەسێك بچکووترین نارەزاییی دەربڕیبێت، یەکسەر سزای کوشتنیان بەسەردا سەپاندووە. هەروەها بەزۆر جلوبەرگی چینییان قەدەغە کردو، جلوبەرگی مەنشوورییان بەسەر خەڵکیدا سەپاند. هەروەها بۆ چینییەکان نەبوو، تێکەڵی یان پێوەندیی لەگەڵ مەنشووریەکان ببەستن. ئەوان خۆیان بەحاکم دادەنا. بۆ چینییەکان نەبوو لە گەڕەکی ئەواندا ماڵیان هەبێت. وەلێ لە سەردەمی قەیسەر Kangxis، ئەم یاسایە هەڵوەشێنرایەوە و تێکەڵی دروست بوو.

---

(36) wikipedia.de.Qing Dynastie.

(37) www.china-guide.de.Qing. Dynastie.

(38) www.chinaseite.de. Qing Dynastie.

## له ڕووی کۆمەڵایەتییەوە

بەحکومی ئەوەی هەموو کاتێك لە شەڕ و پێکداداندا بوون، باج و سەرانەی زۆر بەسەر خەڵکیدا دەسەپێنرا. زۆرجار برسییەتی و گرانی بووەتە هۆی لەدەستدانی هەزاران کەس. سیستەمی فیئودالی بەسەر هەموو چیندا زاڵ بوو. جووتیاران بە خراپترین شێوە لەلایەن ئاغا و دەرەبەگەکانەوە دەچەوسانەوە.

لە ڕووی دانیشتوانەوە، ڕێژەی دانیشتوانی چین گەشەیەکی ئێجگار زۆری بەخۆیەوە بینی. لە کۆتای سەدەی هەژدەمدا ژمارەی دانیشتوانی چین گەیشتە نزیکەی ٣٠٠ ملیۆن کەس(٣٩). بەم شێوەیەش چین بوو بە گەورەترین نەتەوەی جیهان.

## له ڕووی ئابوورییەوە

لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتیی کینگدا، باری ئابووریی وڵات گڕ و تینێکی ئێجگار گەورەی بەخۆیەوە بینی. هەر لە سەردەمی ئەماندا بوو، کە سەرمایەداری چەکەرەی کرد و، هەوڵی رەگ داکوتینی دا. لەم سەردەمەدا، چەندین ماڵی پارە یان بانکی بچووك دامەزران. کە کاریان پارە بەقەرزدان و سوود وەرگرتن و حەواڵەکردنی پارە بوو(٤٠).

پیشەسازیی ڕستن وچنین، گەشەیەکی زۆری کرد، بەجارێك چەندین کارگەی ڕستن و چنین لە شارەکانی Nanjing,Suzhou,Hangzhou. وشارەکانی تریش پەیدا بوو. بەتایبەت لە سەردەمی قەیسەر Qianlong (کە لە ساڵی ١٧٣٦ بۆ ١٧٩٥ حوکمی چینی کرد)، لەم کاتەدا پیشەسازیی حەریر ئێجگار گەشەی سەند. تەنیا لە شاری Jiangnin، کە بەیەکێك لە سەنتەرە گرینگەکانی دروستکردنی حەریر ناسراوە. لەم شارەدا زیاتر لە ٣٠ هەزار دووکانی ڕەنگ دروستکردنی لێ بوو(٤١).

هەروەها پیشەسازی (ئاسن و پۆڵا)ش گەشییەکی گەورەی سەند و، تەکنیکی نوێ داهێنران. کە هەر کارگەیەك رۆژانە ١٥٠٠ بۆ ٢٠٠٠ کیلۆ ئاسنی بەرهەم دەهێنا. هەروەها پیشەسازیی مس دروستکردنیش زۆر پێشکەوت. بەتایبەت لە هەرێمی Yunnan، زۆر گەشەی سەند، زیاتر لە ٣٠٠ کارگەی مس دروستکردنی تێدا بوو. لە هەمان کاتیشدا پیشەسازیی (زەخرەفە یان قاپوقاچاخ دروستکردن)، زۆر پێشکەوت. تەنیا لە هەرێمی Jingdezhen، زیاتر لە ١٠٠ هەزار کرێکار لەم بوارەدا کاریان دەکرد.

---

(39) www.german.cri.cn.Qing Dynastie

(٤٠) هەمان سەرچاوە.

(٤١) هەمان سەرچاوە.

هەروەها پیشەسازیی تەباك (جگەرە)، بەلەم دروستكردن، شەكر، ڕەنگ دروستكردن، وەرەقە و كاغەز، گەشەیەكی ئێجگار مەزنیان بینی(٤٢). لەگەڵ ئەوەشدا چەندین شاری گەورە دروست بوو، كۆچی لادێ بۆ شارەكان دەستی پێ كرد. لە زۆربەی شارەكاندا، بانك و بیرۆی بازرگانی و بازاڕی گەورە دروست كران. شاری Beijing بوو بە سەنتەرێكی بازرگانیی گەورە، كە سەدان بازرگانیی گەورەی تێدا دەكرا. سیستەمی باج جارێكی تر ریفۆرمی بەسەردا كرا و، باجی داهات بەسەر خەڵكیدا سەپێنرا. وەلێ نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت، كە زۆرجار حاكم و فەرمانڕەواكانی كینگ، دژی گەشەسەندنی كەپیتالیزم دەوەستانەوە و، زۆرجار باجی زۆریان بەسەر سەرمایەداراندا دەسەپاند، كە ئەمەش دەبووە هۆی نابووتبوونی سەرمایەدارەكان(٤٣).

**لە ڕووی كولتوورییەوە**


ئەم گۆزەیە لە سەردەمی كینگ دروست كراوە

لە ڕووی كولتوورییەوە، چین پێشكەوتنێكی باشی بەخۆیەوە بینی و، وە ئەم پێشكەوتنەش بەردەوامی كێشا هەتا سەردەمی قەیسەر Daoguang. (كە لە ساڵی ١٨٢٠ هەتا١٨٥٠ حوكمی چینی كرد) لەم ماوەیەدا چەندین رووناكبیری گەورەی چینی پەیدا بوون، لەوانە Wang Fuzhi, Huang Zongxi, Gu Yanwu , Dai Zhen.(٤٤) هەروەها چەندین نووسەر و وێنەكێش و هونەرمەندی مەزن پەیدا بوون، كە ڕۆڵیكی ئێجگار مەزنیان لە هۆشیاركردنەوەی خەڵكی بینی، لەوانەش وەكو Cao Xueqin, Wu Jingzi, Kong Shangren , ShiTao ، چەندینی تر.(٤٥) هەروەها بایەخێكی زۆریان بەزانستی مێژوو و لێكۆڵینەوەی مێژووی دا، كەئەمەش وای كرد چەندین مێژوونوسی بەناوبانگی چینی پەیدابێت. لەوانە Si Ku Quan Shu، كە كتێبێكی گەورەی بەناوی (مێژووی گشتیی ئەدەبی كلاسیكی چینی.) كە گرینگییەكی ئێجگار گەورەی لە ڕووی ئەدەبی چینیەوە هەیە و، ئەمڕۆ بەسەرچاوەیەكی گرینگی ئەدەبی چینی دەژمێردرێت. جگە لەویش مێژوونووس و ئەدیبی مەزن، Gu Jin Tu Shu Ji Cheng، كە كتێبێكی گەورەی بەناوی (كۆبەرهەمی كتێبە كۆنەكان و كتێبە نوێكانی چین) نووسی. كەئەم كتێبەش، بە یەكێك لە سەرچاوە گرینگەكانی ئەدەبی چینی

---

(٤٢) هەمان سەرچاوە.

(43) www.china-guide.de.Qing. Dynastie.

(44) www.german.cri.cn.Qing Dynastie.

(٤٥) هەمان سەرچاوە.

دەژمێردرێت. هەروەها زانستەکانی (ئەندازیاری و ماتماتیك و پزیشکی)ش، پێشکەوتن و گەشەیەکی گەورەی بەخۆیەوە بینی. هەروەها کتێبخانە و چاپخانەش، لە ڕووی چەندایەتی و تەکنیکەوە باش پێشکەوتن (٤٦).

## شەڕ و ئاژاوە ناوەخۆییەکان

سەردەمی کینگ، بەسەردەمی شەڕ و پێکدادانی بەردەوام دەناسرێت. هەر لە سەردەمی ئەماندا بوو، چاوی تەماعی ڕۆژئاواییەکان گەیشتە چین و، بەم شێوەیەش شەڕێکی بەردەوام دەستی پێ کرد. لە هەمان کاتیشدا، پاش ئەوەی سنووری وڵات فراوان بوو، بەجارێك کۆمەڵێك نەتەوە و ئاینی جیاواز خرانە ژێر ڕکێفی ئەم دەسەڵاتەوە. هەر بۆیە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی سەریهەڵدا. وەلێ لە هەمووشیان گرینگتر، ڕاپەڕینی جووتیارەکان بوو، کە بەبەردەوامی دژی دەسەڵاتی کینگ ڕادەپەڕین.

## کەمە نەتەوەکانی ژێر دەسەڵاتی کینگ


وڵاتی تبت

لە سەردەمی فەرمانرەوایەتیی کینگدا، زیاتر لە ٥٠ نەتەوەی جیاواز لە سنووری قەڵەمڕەوییاندا دەژیان(٤٧). هەر بۆیە دەزگایەکی تایبەتییان بۆ کەمە نەتەوەکان دانا. لە کۆتای سەدەی ١٧دا، زیاتر لە سێ جار لەشکر بۆ ناوچەکانی مەنگۆلای دەنێرن و، دژی خێڵە مەنگۆلییەکان شەڕ دەکەن و، ڕاپەڕینەکانیان سەرکوت دەکەن. لە سەردەمی فەرمانرەواییی Qianlong، لەشکرێکی گەورە دەنێرێتە ڕۆژئاوای مەنگۆلیا و، حکوومەتە ناوەخۆکەی خێڵی Jungar سەرکووت دەکات(٤٨).

فەرمانڕەوایەتیی کینگ، لە فەرمانڕەوایەتی مینگەوە، تیبتی بۆ مابوویەوە. کینگەکان وەزارەتێکی تایبەتیان لە تیبت دانابوو، کە پێکەوە لەگەڵ هەردوو ڕابەری بوودی Banqen Lama, Dalai Lama کاریان دەکرد و، حکوومەتیان بەڕێوەدەبرد. وەلێ هەمووکاتێك لەشکرێکی

(٤٦) هەمان سەرچاوە.

(47) www.china-guide.de.Qing Dynastie.

(٤٨) هەمان سەرچاوە.

گەورەی چینی لە تیبت بوو، کە کاری پارێزگاریکردن و سەرکووتکردنی ڕاپەڕینەکانی گەلی تبت بوو(٤٩).

بەنیسبەت ئەو نەتەوانەی کە لە باشووری ڕۆژئاوای چین دەژیان وەکو Yi ، Miao, Yao، هەمان سیاسەتی مینگەکانیان بەکار دەهێنا. ئەویش ئەوە بوو، (لەگەڵ سەرۆك خێڵ و ئاغاکانی ئەو ناوچانە ڕێك کەوتبوون، ئەوانیان کردبوونە حاکمی ناوچەکە و، ئەوانیش باج و سەرانەیان بە کینگ دەدا. واتە هەمان سیاسەتی عوسمانییەکان لەگەڵ ئاغا و دەرەبەگە کوردەکانیان پێڕەو دەکرد). لە سەردەمی کینگدا زیاتر لە ٢٠٠ دوورگە لە ژێر دەسەڵاتیان بوو. لە هەموو نەخشەو کارتێکی سەرباز و جوگرافیدا، ئەم ٢٠٠ دوورگەیە بە وشکانی چینەوە بەستراوەتەوە. زۆر بەتوندی حوکمی ئەم دوورگانەیان دەکرد و، بەهیچ شێوەیەك ڕێگایان بەکەس نەدەدا، داگیری بکات، یان کەمە نەتەوەکان دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان دابمەزرێنن(٥٠).

### چین و بەربەریزمی ئەوروپی

چین هەتا ماوەیەکی زۆر دوور بوو لە دڕندەیی و بەربەریزمی ئەوروپی. ئەمەش هەلێکی باش بوو، بۆ ئەوەی چین تا ماوەیەکی زۆر، دووربێت لە چەتەگەری و بەربەریەتیی ئەوروپی. هەر ئەم دوورە دەستییەش وای کرد، کە چین بۆ ماوەیەکی زۆر، لە ڕووی ئابووری و کولتووری و تەکنیکییەوە پێش بکەوێت. لێ ئەم قۆناغە زۆری نەخایاند، پاش ئەوەی ڕووسییە بەربەرییەکان، دەستیان کرد بە داگیرکردنی بەشێکی گەورەی سیبیریا و ئاسیای ناوەڕاست، ترسێکی گەورەی بۆ وڵاتی چین دروستکرد. لە باشوور و ڕۆژئاواشەوە، بەربەریزمی ئینگلیزی و فەرەنسی، وڵاتانی هیند و بەشێکی ڤێتنامیان داگیر کردوو، لە سنووری چین نزیك بوونەوە. هەر ئەم نزیکبوونەوەش، بوو بەگەورەترین ترس بۆ وڵاتی چین. لەگەڵ نزیکبوونەوەی هێزە بەربەری و داگیرکەرەکەی ئەوروپا، وڵاتی چین هەتا ماوەیەکی زۆر کەوتە بەر هێرش و پەلاماردانی ئەوروپییەوە.

## جەنگی تلیاك

ئەم جەنگە یەکێکە لە نیشانەکانی دڕندەیی و بەربەریزمی ئینگلیزی لە جیهاندا. ئەم جەنگە سیمبۆلی وەحشیەت و چەتەگەری ئینگلیزی لەجیهاندا پیشان دەدات. ئەم جەنگە ترۆپکی هێزی داگیرکەری ئینگلیزی پیشان دەدات. ئەوە یەکەمین جار بوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، گەلێك بەزۆر شمەکێکی زیانبەخش، بەسەر گەلێکی تردا بسەپێنێت. هەموومان دەزانین کە مادەی تلیاك، یەکێکە لەو ماددانەی، کە زەرەر و زیانێکی ئێجگار گەورەی بۆ لەشی مرۆڤ هەیە. جگە

(٤٩) هەمان سەرچاوە.

(٥٠) هەمان سەرچاوە.

لەوەش بڵاوبوونەوەی مادده بێهۆشکەرەکان و تلیاك، چەندین زیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی لێ دەکەوێتەوە. هەر بۆیە هەموو کاتێك، حکوومەتەکان هەوڵی بنبڕکردن و لەناوبردنی ئەم مادده زیانبەخشە دەدەن.

## سەرەتای شەڕەکە



ئیمپراتۆر
Daoguang

ماوەیەکی زۆر بوو ئینگلیزەکان لە بەنگلادیشەوە، تلیاکیان بەهەرزان بۆ ناو چین دەنارد. تا وای لێ هات چین ببێت بەباشترین بازاڕ بۆ تلیاك. بڵاوبوونەوە و کێشانی تلیاك بەشێوەیەکی ئێجگار ترسناك، لە ناو وڵاتی چیندا بڵاو بووەوە. بۆ نموونە لە ساڵانی نێوان ١٨٢١تا ١٨٣٩، ڕێژەی کێشانی تلیاك، پێنج قات زیادی کرد. هەرئەمەش وای لە ئیمپراتۆری چین Daoguang کرد، کە سنوورێك بۆ بڵاوبوونەوەو فرۆشتنی تلیاك دابنێت. ئا لەو کاتەشدا کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵات، کە گەورەترین کۆمپانیای ئینگلیزی بوو، خەریکی ئەم بازرگانییە پیسە بوو. لە ساڵی ١٨٣٨ Daoguang نوێنەرێکی تایبەتیی خۆی بەناوی Lin Zexu دەنێرێت بۆ ناوچەی کانتۆن.



Lin Zexu

لە ماوەی ساڵێکدا ١٦٠٠ کەس دەگرێت و زیاتر لە ٧٣,٠٠٠ کیلۆگرام، تلیاك دەگرێت. لە ١٨ی. مارسی ١٨٣٩دا، بەبڕیارێکی ئیمپراتۆر، هەموو ئەو بێگانانەش دەگرن، کە بازرگانی بە تلیاکەوە دەکەن. ٣٥٠ کۆگای بێگانە دادەخرێت کە خەریکی ئەم بازرگانییەن و، زیاتر لە ٢٢,٠٠٠ سندووق دەگیرێت کە بڕی ١,٢ ملیۆن کم تلیاکی تێدا دەبێت. خاوەنی ئەم بڕە تلیاکەش، بازرگانە ئینگلیزەکانن کە لە کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵات، کار دەکەن. دیارە ئەم کۆمپانیایەش، پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە بنەماڵەی پادشای بەریتانیاوە بووە. لە ٢٠,٠٦,١٨٣٩ دا، هەموو تلیاکەکە کۆ دەکرێتەوە و تا لە نزیك ناوچەی Humen فڕێ دەدرێتە ناو ئاوەوە. ئەم بڕیارەی چین، ئینگلیزە بەربەرییەکان توورە دەکات، هەر بۆیە لە ئەپریلی پەرلەمانی ئینگلیزی، بڕیاری شەڕ لە دژی

چین بەتێکڕای دەردەکات(٥١).


وێنەیەکی جەنگی تلیاك، کە وێنەکێشێکی چینی کێشاویەتی

لە هاوینی هەمانساڵدا، لەشکرێکی گەورەی ئینگلیزی بەسەرۆکایەتیی ئەدمیراڵ George toillE کە پێکهاتووە لە ٤٠ کەشتیی گەورەی جەنگی و،٥٤٠ تۆپ و زیاتر لە ٤٠٠٠ سەرباز دەنێرێتە کەنارەکانی Guangzhou چین(٥٢). لە هاوینی ١٨٤٠دا سەربازێکی سەرخۆشی ئینگلیزی، هاووڵاتییەکی چینی دەکوژێت. ئینگلیزەکانیش سەربازەکە تەسلیمی دادگای چینی ناکەن، ئەمەش دەبێتە چەخماخەی شەڕەکە. سەرەتا ئینگلیزەکان پەلاماری کەنارەکانی هۆنگ کۆنگ دەدەن، پاشان پەلاماری ناوچەکانی Yangzi ،Ningbo ،Zhoushan پاشانیش ناوچەی (Tianjin) Beihai دەگرن.

سەرەتا سوپا و گەلی چینی زۆر دلێرانە بەرەنگاری، هێرشی بەربەرییە ئینگلیزەکان دەبنەوە، لێ بەحوکمی چەکی مۆدێرنی ئینگلیزەکان و، بوونی سەرکردەی سوپای خراپ، چینییەکان دەشکێن. لە هاوینی ساڵی ١٨٤١دا ئینگلیزەکان بەردەوامی بەهێرشەکانیان دەدەن، تا ناوچەکانی Xiamen ،Ningbo ،Zhoushan دەگرن و پاش ئەوەی لە ساڵی ١٨٤٢، لەشکرێکی بەهێزی ئینگلیزەکان لە هیندستانەوە بۆیارمەتیدانی هێزەکانی تر دێت، ناوچەکانی Shanghai ،Zhenjiang دەگرن(٥٣).

## ڕێککەوتنامەی نانینگ Nanjing

لە ٢٩ ئۆگوستی ١٨٤٢دا بەناچاری ئیمپراتۆری کینگی، ڕیککەوتننامەیەکی ئاشتیی لەگەڵ ئینگلیزەکان مۆر ردەکات. لەسەر یەکێك لە کەشتییە جەنگییەکانی ئینگلیز، Henry Pottinger نوێنەری ئینگلیزەکان و نوێنەری ئیمپراتۆر کینگ ڕێککەوتننامەیەکی زۆرەملێ بەسەر چیندا دەسەپێنێت.

بەندەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە:

١- بەپێی ئەم ڕێککەوتننامەیە، چین دەبێت هەر پێنج بەندەرەکانی ,Shanghai Guangzhou) (Xiamen, Fuzhou, Ningbo لە بەردەم کاڵای بیانی بکاتەوە.

(51) www. chinaseite.de. opium krieg.
(52) www. german.cri.cn. opium krieg.
(53) www.wikipedia.org. Erster - Opiumkrieg.

٢- وازهێنان لە شاری هۆنگ کۆنگ بۆ داگیرکەری ئینگلیزی.

٣- ئینگلیزەکان ئازادن لەسەر بازرگانیکردن بەتلیاك و مادە بێهۆشکەرەکانی تر.

٤- چین دەبێت ٢١ ملیۆن دۆلاری ئاڵتونی بۆ ئینگلیز بژمێرێت.

٥- تەنیا لە ٥٪ ی گومرگ لەسەر شمەکی ئینگلیزی دادەنرێت.

٦- بۆ ئینگلیزەکان هەیە، ماڵ، کەنیسە، زەوی دروست بکەن و، خەڵکی دادگایی بکەن.

٧- ئینگلیزەکان مافی کاری مسیۆنارییان هەیە، بەناچاری ئیمپراتۆری کینگ یاسای قەدەغەکردنی کاری مسیۆنارییان هەڵوەشاندەوە(٥٤).

**ئاکامەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە**

هەروەك مارکس دەڵێت (ئەم ڕێککەوتننامەیە، لە سەرەتاوە تا کۆتا، لە بۆ بەرژەوەندیی کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزی بوو(٥٥)). ئەم ڕێککەوتنە، سەرەتای کۆتاییی ئیمپراتۆریەتی کینگ و سەرەتای لەدەستدانی سەربەخۆیی و ئازادیی گەلانی چین بوو. ئەم ڕێککەوتننامەیە، مۆمی زانست و پێشکەوتنی لە چین کوژاندەوە و، ئالآی (داگیرکاری و ملکەچی و نەهامەتی وکۆیلەتی) چینی بۆ داگیرکەرانی بێگانە بەرز کردەوە. سەرەتای تالآنکردنی و دزینی سامانی چین و کۆیلەکردنی گەلەکەی بوو. هەروەك مارکس دەڵێت : (جەنگی تلیاك هێمای چەتەگەری و تالآنکاری کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزی بوو(٥٦)). کەچی زۆر لە نووسەرانی ڕۆژئاوا و هاوبیرانیان، ئەم جەنگە بەسەرەتای قۆناغی کرانەوەی چین دەزانن!. بەداخێکی زۆرەوە، هەموو کات بەناوی شارستانی و کولتوورە، کۆمەڵێك نووسەری گەلانی داگیرکەر، دەیانەوێت ئەو چەتەگەری و تالآنیە بشارنەوە، کە لە دژی گەلانی ژێردەستە کردوویانە. عەرەب بەناوی ئاینەوە، کەوتە گیانی گەلانی ناعەرەب، بەدڕندەترین شێوە، کەوتە پەلاماردان و تالآنکردنی سامان سروشتی و ژن و منداڵی گەلانی ناعەرەبی، هەتاوەکو ئەمڕۆش لە قورئانەکەیاندا بەکارێکی پیرۆزی دادەنێن (ناویان لێ ناو ئەنفال، کە ئایەتێکی پیرۆزی قورئانە). بەشێکی زۆری نووسەرانی ئینگلیز و ڕۆژئاواش، داگیرکردنی گەلانی جیهان، بەکارێکی پیرۆزوشارستانیی دەژمێرن. هەرچەندە هەندێکیشیان وەکو ساموێل هینگلتۆن دان بەم چەتەگەرییە دەنێن و دەڵێن بەزۆر ڕۆژئاوا دەرگا داخراوەکانی چینی کردەوە(٥٧).

---

(54) www.china-guide.de/china/geschichte.

هەروەها سەیری

www.chinaseite.de. opium krieg .

(55),(56) Karl marx Die Geschichte des Opiumhandels Karl Marx/Friedrich Engels - Werke, (Karl) Dietz Verlag, Berlin. Band 12, Berlin/DDR 1961. S. 549-552.

(٥٧) صموئيل.هنتنغون. صدام الحضارات و اعاده بناء النظام العالمى. نقله الى العربية. د. مالك عبيد ابوشهيوه. / د. محمود محمد خلف. الدار الجماهيرية للنشر والتوزيع. الطبعه الاولى. ١٩٩٩.ص ١٥٤.

ئـەم جـەنگـە بـەهـیـچ شێوەیـەك پێوەنـدیـی بـە شارسـتـانـی و کـولـتـوورەوە نـەبـووە، چـونـکـە لـەو کاتانەدا چینییەکان زۆر لە گەلانی تر شارستانیتر بوون. بۆ نموونە زۆر لە تورکە وەحشییەکان شارستانیتر بوون، کەچی ئینگلیز پەلاماری ئۆسمانی تورکی نەدا، بەڵکە بازرگانی و پێوەندیی باشیان پێکەوە هەبووە. ئەم جەنگە جەنگی بازاڕبووە، هەروەك مارکسیش دەڵێت (جەنگی ساخکردنەوەی کاڵا و شمەکی بەریتانی بوو، لە بازاڕەکانی چیندا). گەر بەوردی سەیری ئەم نەخشەیەی هەناردەوە هاوردەی ئینگلیز لەگەڵ چین بکەین، دەبینین، راستیی ئەم قسەیەمان بۆ دەسەلمێنرێت و، دەزانین هەموو کاتێك جەنگەکانی ئینگلیز، لەبەر هۆکاری ئابووری و دزین و تاڵانکردنی گەلان بووە، نەك مەسەلەی بڵاوکردنەوەی شارستانیی رۆژئاوایی.

**لە ئاکامەکانی تری ئەم رێککەوتننە**

١- ئەمەریکییەکان لە ساڵی ١٨٤٤دا رێککەوتننامەی Wang-hea بەسەر چینەکاندا سەپاند. بەپێی ئەم رێککەوتننامەیە، ئەمەریکییەکان دەتوانن بەئازادی کەشتییە جەنگییەکانیان بهێننە ناو بەندەرەکانی چینەوە، گومرگێکی رەمزی لەسەر شمەکی ئەمەریکی دابنرێت، ماقی دروستکردنی کەنیسە و مەلها و دووکانیان هەبێت(٥٨).

نەخشەی هەنارده و هاوردەی بەریتانیا لەگەڵ چین

| | هەناردەی بەریتانی بۆ چین | | هاوردەی بەریتانیا لە چین | |
|---|---|---|---|---|
| Jahre | kanton Schanghai (in Dollars) | | kanton Schanghai (in Dollars) | |
| 1844 | 15.500.000 | 2.500.000 | 17.900.000 | 2.300.000 |
| 1845 | 10.700.000 | 5.100.000 | 27.700.000 | 6.000.000 |
| 1846 | 9.900.000 | 3.800.000 | 15.300.000 | 6.400.000 |
| 1847 | 9.600.000 | 4.300.000 | 15.700.000 | 6.700.000 |
| 1848 | 6.500.000 | 2.500.000 | 8.600.000 | 5.000.000 |
| 1849 | 7.900.000 | 4.400.000 | 11.400.000 | 6.500.000 |
| 1850 | 6.800.000 | 3.900.000 | 9.900.000 | 8.000.000 |
| 1851 | 10.000.000 | 4.500.000 | 13.200.000 | 11.500.000 |
| 1852 | 9.900.000 | 4.600.000 | 6.500.000 | 11.400.000 |
| 1853 | 4.000.000 | 3.900.000 | 6.500.000 | 13.300.000 |
| 1854 | 3.300.000 | 1.100.000 | 6.000.000 | 11.700.000 |
| 1855 | 3.600.000 | 3.400.000 | 2.900.000 | 19.900.000 |
| 1856 | 9.100.000 | 6.100.000 | 8.200.000 | 25.800.000 |

(58) www.china-guide.de/china/geschichte.

٢- فەرەنسییەکانیش لە هەمان ساڵدا ڕێککەوتننامەی Whampoaیان بەسەر چیندا سەپاند. بەپێی ئەم ڕێکەوتننامەیە، فەرەنسییەکانیش مافی بازرگانیی ئازادو، شمەك و کاڵاکانیان گومرگی کەمی لێ دەسێنن و، لە هەمان کاتیشدا مافی دروستکردنی کەنیسە و دووکانیشیان هەیە و یاسای قەدەغەکردنی کاتۆلیزمیان بەزۆر هەڵوەشاندەوە و، کاری میسیۆناری ئازاد کرا.

٣- ڕووسەکانیش بەشێکی زۆری خاکی باکوری چینیان داگیر کرد و، بەهەمان شێوە دەستیان کرد بەتاڵانی و دزینی سامانی خەڵکی.

٤- بڵاوبوونەوەی تلیاك و مادەی بێهۆشکەری تر و، بەرزبوونەوەی ڕێژەی تاوان و دزین لە ناو کۆمەڵگەی چینیدا.

٥- بەهۆی ئەو قەرەبووە زۆرەی بەسەر چیندا سەپێنرا و، کردنەوەی بازارەکانی چین بۆ شمەکی بێگانە، باری ئابووری وڵات بەتەواوی تێکچوو.

٦- بەهۆی لاوازی حکوومەت و خراپی باری ئابووری و زۆریی باج، چەندین سەرهەڵدانی جووتیاری لە ناوچە جیاجیاکانی چیندا بەرپا بوون.

٧- بەرپابوونی جەنگی دووەمی تلیاك. هەر لە ئەنجامی جەنگەوە، جارێکی تر چین، تووشی جەنگێکی خوێناویی ماڵوێرانی تر کرا.

لە ٦ی ئۆکتۆبەری ١٨٥٦ بۆ جارێکی تر فەرەنسا و بەریتانیا، پاشانیش ئەمەریکاو ڕووسیا، جەنگ لە دژی چین ڕادەگەیەنن. لە کۆتایشدا لە ١٨ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٨٦٠دا، ڕێککەوتننامەیەکی تری زۆرەملێ بەسەر چیندا دەسەپێنن و، بەم شێوەیەش هەموو وڵاتی چین تەسلیمی هێزی بێگانە دەکرێت و سەربەخۆیی چین بەتەواوی نامێنێت(٥٩).

## ڕاپەڕینی بۆکسە Yihetuan



یەکێك لەو ڕووداوە گرینگانەی کە ڕۆڵێکی گەورەی لە مێژووی چیندا بینی، ڕاپەڕین یان بزووتنەوەی بۆکسەیە. هەر بۆیە گەر باسی مێژووی چین بکەین، ناتوانین باسی ئەم بزووتنەوەیە نەکەین. ناوی بۆکسە یان Yihetuan بەواتای (دادوەری و سەربەخۆیی نیشتمانی) دێت.

(59) www.wikipedia.org. zweite opiumkrieg.

### سەرەتای بزووتنەوەکە

لە ساڵی ١٨٩٠دا لە ناوچەی Shandong کە لە ژێر دەستی کۆڵۆنیالیزمی ئەڵمانیدا بوو، چەند کۆمەڵێك گرووپی گەنج خۆیان لە ڕێکخراوێکی نهێنی ڕێك خست، کە ئامانجیان دژایەتیکردنی بێگانە و دەرکردنی هەموو مسیۆنارەکریستی و، بەرەنگاربوونەوەی هێزە داگیرکەرەکانی چین بوو(٦٠).

### هۆکاری سەرهەڵدانی بزووتنەوەی بۆکسە

زۆر هۆکار هەن، کە بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی ئەم بزووتنەوەیە. لێ بەگشتی زۆربەی مێژوونووسان و چینناسان، لەسەر ئەوە کۆکن، کە بوونی هێزی داگیرکەر و ئیمپریالیزمی ئەوروپی و ژاپۆنی و ئەمەریکی، هۆکاری سەرەکیی ئەم بزووتنەوەیە بوون. دەتوانین بەم چەند خاڵەی خوارەوە هۆکارەسەرەکییەکان دیاری بکەین.

١- دۆڕاندنی جەنگی ساڵی ١٨٩٤ /١٨٩٥ لەدژی ژاپۆنییە بەربەرییەکان کە بەئەمەش وای کرد، چین بەشێکی زۆری خاکەکەی بدۆڕێنێت و دەسەڵاتی نیشتمانیی خۆی لەدەست بدات. لەم جەنگەدا چین، وڵاتی کۆریا و دوورگەی تایوان بەتەواوی لەدەستچوو. جگە لەوەش، بەشێکی زۆری بەندەرەکانی چین، کەوتنە ژێر دەستی ژاپۆنییەکان و، دەرگا داخراوەکانی چینیان، بەزۆر بۆ کاڵای ژاپۆنی کردەوە.

٢- بوونی هێزی داگیرکەر و ئیمپریالیستی ئەوروپی و ئەمەریکی، کە بەشێکی زۆری وڵاتی چینیان داگیر کردبوو. ئەمەش بووبووە مایەی ناڕەحەتی و بێزاریی هەموو چینییەکان.

٣- سەپاندنی ئەو هەموو بەڵێننامە و پەیمانی ئاشتییانەی، کە بەزۆر لەلایەن هێزە داگیرکەرەکانەوە، بەسەر چیندا سەپێنرابوو. ئەمانەش هەمووی لە دژی بەرژەوەندیی گەلی چین بوون. هەموو ئەم پەیماننامانە، بریتیبوون لە داچۆڕین و ڕووتانەوەی خاك و گەلی چینی.

٤- بڵاوبوونەوە و تەشەنەکردنی بزووتنەوەی مسیۆناری کریستینی لە تەواوی چیندا. ئەم مسیۆنارانەش بووبونە مایەی بێزاری و نارەحەتی، بۆ پیاوە ئاینییەکانی کۆنفۆشی. تا لەو کاتانەدا زیاتر لە ٣٣٠٠ گرووپی مسیۆنار هەبوون، ژمارەی کریستییەکان بە ٨٠٠ هەزار دەخەملێنران، تەنیا لەشاری Shandong، ١٠٠٠ کەنیسە هەبوون، ژمارەی کریستییەکانیش دەگەیشتە ٨٠ هەزار کریستی(٦١).

---

(60) Thoralf Klein.Geschichte Chinas. Von1800 bis zur gegenwert. Schöningh Verlag.2007.S42.

(61) www.china-guide.de/china/geschichte.

جگە لەوەش بەشێکی زۆری چینییەکان، بڵاوبوونەوەی ئاینی کریستی بەپلانێکی داگیرکەرانەی دەزانی،کە لە دژی چین وکوولتووره دێرینەکەی دەکرێت. هەر بۆیە هێزێکی ناڕەزاییی گەورە بەتایبەت لە ناو گەنجەکاندا، لە دژی مسیۆنارەکان پەیدا بوو.


چەند جەنگاوەرێکی بزووتنەوەی بۆکسە

٥- بەشێکی گەورەی ئەم بزووتنەوەیەش، وەکو کاردانەوەیەکی توند بوو. لە دژی هەموو ئەو کەس و لایەنانە، کەدەیانویست ریفۆرم لە ناو کۆمەڵگەی چیندا بکەن. بەتایبەت پاش ئەوەی هەوڵەکانی Kang Youwei (1858-1927) و خوێندکارەکەی Liang Qichao (1873-1929)، کە لە مێژووی چیندا ئەم هەولانە بە (سەدرۆژ ریفۆرم) ناسراوە. دژایەتیکردن و بەرەنگاربوونەوەی بزاڤی ریفۆرم، هۆکارێکی تری سەرهەڵدانی بزووتنەوەی بۆکسە بوو(٦٢).

## سەرەتای جەنگەکە

هەر لە سەرەتاوە بزووتنەوەی بۆکسە دژایەتیکردنی مسیۆنار و بێگانەکانی کردبووە ئامانجی خۆی. پەلاماردان و کوشتن و سووتاندنی بێگانەو کەنیسەکان، بوونە کاری سەرەکیی بزووتنەوەی بۆکسە. لە٢٠/٦/١٩٠٠ نوێنەری ئیمپراتۆری ئەڵمانی,Klemens von Ketteler تیرۆ دەکرێت. ئەمەش هێزە داگیرکەرەکانی بێزار کرد. هەر بۆیە لە هاوینی ١٩٠٠ی هێزە داگیرکەرەکان (ژاپۆن، فەرەنسا، ئەڵمانیا، ئینگیلتەرا، ئیتالیا، نەمسا، رووسیا، ئەمەریکا، هەنگاریا، هۆڵەندا، ئیسپانیا، بەلجیك) داوایەکی رەسمیان لە دەسەڵاتدارانی کینگ کرد، کە سنوورێك بۆ بۆکسە دابنێت و دژایەتیان بکات. پاشان ئەم ١١ هێزە داگیرکەرە، هاوپەیمانییەکان لە دژی چین پێك هێنا. لە ١٠/٧/١٩٠٠، هێزێکی گەورەیان بەسەرۆکایەتیی ئەدمیراڵی ئینگلیزیSeymour پێك هێنا. ئا لەو کاتەدا تەنیا لە پکین ٣٣٠٠ دیپلۆمات و بێگانە هەبوون. ئەم بێگانانە بەتەواوی لە ناودوو کەنیسەدا ئابلۆوقە درابوون. هێزەکانی بۆکسە شارەکانی،Tianjin Beijing، لە بێگانە پاك کردەوە. لێ پاشان هێزەداگیرکەرەکان توانییان هێزێکی گەورە کۆبکەنەوە و بزووتنەوەی بۆکسە لەناو بەرن(٦٣)

(62) Sabine Dabringhaus.geschichte Chinas.1279-1949. Oldenburg Verlag.München.2006.S72.

(63) www. Wikipedia.org.Boxeraufstand.. هەروەها سەیری

www.china-guide.de/china/geschichte

**کۆتا و ئەنجامەکانی بزووتنەوەی بۆکسە**

لە ٧ی سێپتەمبەری ١٩٠١دا ، هاوپەیمانە داگیرکەرەکان، پرۆتۆکۆلێکی ئاشتی، بەسەر چیندا دەسەپێنن. کە هەموو بڕگەکانی دژی بەرژەوەندیی چین بوو.

١- پێویستە چین مینۆمێنتێك بۆ ئەو بێگانانە دروست بکات، کە بۆکسە کوشتوونی. لە پێش هەمووشیانەو Klemens von Ketteler.

٢- چین پێویستە بۆ ماوەی ٣٧ ساڵ زیاتر لە ٧٠ ملیۆن پاوەندی ئەستەرلینی بۆهێزەداگیرکەرەکان بژمێرێت. ساڵانەش ٤٪ ی سوودیشی دەچێتە سەر ئەم بڕە پارەیە.

٣- وەك گرەنتی بۆ ژماردنی ئەم پارەیە، چین ناچار کرا کە باج لەسەر خوێ و کەشتیوانی لابەرێت.

٤- پێویستە دەسەڵاتدارانی کینگ، ژیانی بێگانە و مسیۆنارەکان بپارێزێت. ئەو ناوچانەی کە بێگانەی تێدا دەژی، بەباشترین شێوە بپارێزێت و نەهێڵێت چینی بێنە ئەو ناوچانەوە.

٥- نابێت چەك و تەقەمەنی لە ناو بازارەکاندا بفرۆشرێت.

٦- پاراستنی ناوچەیDagu.کە شوێنێکی ستراتیجی بوو، ڕێگەی شارەکانی Beijing und Shanhaiguan. بەیەکەوە دەبەستەوە و، وەکو کاروانسەرایەکیش بوو، بۆ کاروانی بێگانەکان لە ناو چیندا(٦٤).

## کۆماری چین

جەنگە یەك لە دوا یەکەکانی هێزە ئیمپریالیستەکان لە دژی چین، سەپاندنی ڕیککەوتننامەی زۆر، کە هەموو باری ژیانی گەلی چینی خراپ کردبوو. بوونە هۆی لاوازبوونی فەرمانڕەواییی کینگ. لە زۆربەی بەشەکانی وڵاتدا، هەژاری و برسییەتی و گرانی و نەخۆشی بڵاو بووەوە. لە زۆربەی ناوچەکاندا سەرهەڵدان و ڕاپەڕینی جووتیاران و هەژاران سەری هەڵدا. جگە لەمەش هەستێکی ناسیۆنالیستی زیادی کرد، ڕق و کینەی خەڵکیش لە دژی فەرمانڕەواییی کینگ، تادەهات ڕوو لە زیادبووندا بوو. ئەوانیان بە هۆکاری سەرەکیی برسییەتی و گرانی و دۆڕاندنی هەموو شەڕەکان دەزانی. جگە لەوەش قسەکردن لەسەر ریفۆرم تا دەهات ڕوو لە زۆرتردەبوو. جگە لەوەش هەموو هەوڵەکانی ریفۆرمخوازانیش، سەری نەگرت و بەهەدەر چوو.

هەموو ئەم هۆیانە بوونە لاوازبوون و کزبوونی دەسەڵاتی کینگ. دەسەڵاتی کینگ وەکو دارێکی پیری لێ هاتبوو، کە نەك توێکڵەکانی دەرەوەی، بەڵکە ناوەوەشی هەمووی ڕوو لە

(٦٤) هەمان سەرچاوە.

خراپبوون دەچوو. هەر بۆیە پێویستی بەیەکێك بوو، کە ئەم دارەپیرە ببڕێتەوەو لە جیاتی ئەو نەمامی دارێکی نو بنێژێت. ئەوەی کە ئەم کارەشی کرد، دوکتۆر Dr. Sun Yat-sen (٦٥)

## دکتۆر سون یاتسن کێیە؟

سون یاتسن Sun Yat-sen، بەیەکێك لە باوکەکانی چینی نوێ دەژمێردرێت. هەروەك چۆن ناوی ماوتسیتۆنگ لە مێژووی نوێی چیندا دیارە، بەهەمان شێوەش ناوی دوکتۆر سون یاتسن



دیارە و، جێ پەنجەی خۆی لەسەر مێژووی چین داناوە. دوکتۆر سون یاستن لە خێزانێکی جووتیار لە ١٢ نۆڤێمبەری ١٨٦٤ لە گوندی Cuiheng نزیك شاری Xiangshan سەر بەناوچەی Guangdong لەدایك بووە. سەرەتای خوێندنی لە قوتابخانەی مسیۆنێرەکان بووە. لە تەمەنی ١٣ساڵیدا دەینێرن بۆ دوورگەی هاوای لەوێ خوێندنی ناوەندی و دواناوەندی تەواودەکات. پاشان چووەتە هۆنگ کۆنگ، لەوێ لە زانکۆ کۆلیجی پزیشکیی تەواوکردووە. لەناوچەی هاوای و ماکاو Guangdong کاری پزیشکی کردووە. بیری ناسیۆنالیزم و دیموکراتخوازی ئەوروپی کاری تێ کردووە. لە ١٠ی ئۆکتۆبەری ١٨٩٤ لە هۆنگ کۆنگ لەگەڵ چەند کەسێکی تر ڕێکخراوێك بەناوی (Xing-Zhong چاککردنەوە یان ژیانەوەی چین) دروست دەکات. لە ساڵی ١٨٩٥ بەشداریی ڕاپەڕینی Kantoner دەکات. پاشان حوکمی

گرتنی بۆ دەردەچێت، وڵات بەجێ دەهێڵێ ماوەیەکی زۆر لە ئەوروپا و ئەمەریکا و ژاپۆن دەژی. لە ساڵی ١٩٠٥ لەگەڵ کۆمەڵێك دوورخراوەی تری چینی، کە لە ١٧ ناوچەی چینەوە هاتبوون ڕێکخراوێکی سیاسی بەناوی (بەرەی شۆڕشگێڕانی چین، دروست دەکات). ئەم ڕێکخراوە یەکەمین ڕێکخراوی چینییە، کە بەرنامەی سیاسیی هەموو وڵاتی چینی گرتووەتەوە. هەر بۆیە ئەم ڕێکخراوە سیاسییە بە دایکی هەموو ڕێکخراوە سیاسییەکانی چین دەژمێردرێت. لە ١٠ی ئۆکتۆبەری ١٩١١ توانی سەرۆکایەتیی ڕاپەڕینی Wuchang بکات و کۆتا بە حوکمی سەدان ساڵەی فەرمانڕەوایی کینگ بهێنێت. لە ٢٢ی دیسێمبەری ١٩١١، ئەنجوومەنی نیشتمانی سون یاتسن وەکو سەرۆك وەزیران هەڵدەبژێرن. لە ١ی یانوەری ١٩١٢ ئیعلانی کۆماریی نوێی چین بڵاو دەکرێتەوە و بەم شێوەیەش بەرەسمی کۆتا بە حوکمی پاشایەتی دەهێنرێت. لە ١٢ی مارسی ١٩١٢ لەگەڵ چەند فراکسیۆنێکی تری سیاسی (پارتی نەتەوەیی چینی کە بە کۆمینتانگ

(٦٥) هەمان سەرچاوە.

ناسراوە) دروست دەکات. هەر لە سەرەتاوە کێشە دەکەوێتە نێوان باڵی سیاسیی شۆڕشەکە کە سون یاتسن رابەریی دەکات، لەگەڵ باڵی عەسکەری کە جەنەراڵ iYuan Shika. سەرۆکییەتی. هەر بۆیە لە ساڵی **١٩١٣**دا هەوڵی کودەتایەك لە دژی یوان شیکی دەدات. بەڵام بەخت یاوەری نابێت سەرناکەوێت. هەر بۆیە یەکسەر لەلایەن یوان شیکییەوە فەرمانی گرتنی بۆ دەردەچێت و بەرەو ژاپۆن ڕادەکات، لەوێ سەرلەنوێ دەست دەکاتەوە بەژیانەوەی پاری نەتەوەیی چین، بەردەوامی بەکاری سیاسیی خۆی دەدات. پاشان بەیارمەتیی بۆلشەفییەکان، هەوڵی زیندووکردنەوەی گیانی شۆڕشگێری دەدات، لە **١٠**ی نۆڤێمبەری **١٩٢٤** لە باکوری چین کۆنفرانسێك دەبەستێت، ئیعلانی شۆرش دەکەن. پاشان باری تەندروستی خراپ دەبێت و لە **١٢**ی مارسی **١٩٢٥** لە پکین بەنەخۆشیی ژێرپەنجە دەمرێت(٦٦).

## ژاپۆن تورکی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا

بەمنداڵی زۆر حەزم بە فیلمە کارتۆنییە ژاپۆنییەکان بوو. ساسۆکی و عەدنان و لینە، دوو فیلمی کارتۆنیی زۆر خۆش بوون بەلامەوە. هەر ئەم فیلمانە حەزێکی شەیتانیان لا دروست کردم، کە ژاپۆن بوو بەئاواتی منداڵیم. زوو زوو دەموت، گەر گەورە بم دەچم بۆ ژاپۆن. پاشان حاسبە سۆنییە بچووکەکەی باوکم، سەیارەی سوپەر (تویۆتا) و تەلەڤزیۆنە ڕەنگینە ناشیۆناڵەکە و تەسجیل و ڕادیۆ ژاپۆنییەکەی ماڵەوەمان، هێندەی تر وڵاتی ژاپۆن کەللەی سەرمی داگیرکرد. کاتێك گەیشتمە ئەڵمانیا، چەند ژاپۆنییەکم لە نزیکەوە ناسی، چەند ئاوارەیەکی کوردم ناسی، کە پێشتر لە ژاپۆن بوون، کەمێك بۆچوونی ڕەخنەگرانەم لا دروست بوو. لێ کاتێك حەزی وڵاتی چین و، مێژووە کۆن و شمەکە زۆرەکانی ئەو وڵاتە، جێگەی ژاپۆنی لە سەرمدا داگیر کرد. کاتێکیش لاپەڕەکانی مێژووی چینم خوێندەوە، هێندە هێڵنجم لە ژاپۆن، مەگەر توورك هێندەی ژاپۆن، ئەو هێڵنجەی لا دروست کردبێتم. کاتێك تاوانە زۆر و کۆکوژییە زۆرەکانی ژاپۆنم لە چین خوێندەوە، بۆم دەرکەوت کە من چەندین ساڵە، ئاواتێکی زۆر گەمژانەم هەبووە. زۆرجار پیاو کاتێك ڕاستییەکی تاڵی بۆ دەردەکەوێت، وەکو ئەوە وایە لەسەر شاخێکی بڵندەوە بیخەنە خوارەوە. من چەتەگەریی ژاپۆن هێندە تاسانمی، کە زۆرجار شکم لە مرۆڤبوونیان دەکەم. ئەم چەتەگەرییەی ژاپۆن، مەگەر چەتەگەریی توورك و ئەڵمان و ئەمەریکا، دەست لەداوێنیان بدات. من پێم وایە دڕندەترین داگیرکەر، داگیرکەری دراوسێیە. بۆچی؟ دیارە هەموو کاتێك داگیرکەران بۆ داگیرکردنی وڵاتێك تەنیا پشت بە هێزی سەربازی دەبەستن. یەکێك لە مەرجە سەرکەوتنەکانی هێزی سەربازیش، ڕێگای هاتووچۆیە. هەر بۆیە نزیکیی هێزی داگیرکەر، وا دەکات هەموو کاتێك هێزی یەدەگی پێ بگات و، بۆ هەر ڕاپەڕین یاخیبوونێکی گەلی داگیرکراو،

(66) www.weltchronik.de.Sun Yatsen Biographie.

هەروەها سەیری

www. wikipedia.org/wiki/SunYat-sen..

هێز ئامادە بکات و، ئەو ڕاپەڕینە سەرکوت بکاتەوە. هەر ئەم نزیك دەستییەش وا دەکات، کەتا ماوەیەکی زۆر ئەو وڵاتە داگیر بکەن. لە هەمان کاتیشدا دڕندەترین و بەربەریترین شێوە، لەو وڵاتانە کراوە، کەنزیکی وڵاتە داگیرکەرەکەن. بۆ نموونە هێندەی ئینگلیزەکان، چەتەگەرییان لە سکۆتلاند وئێرلاند کردووە، نیو هێندە لە شوێنەکانی تر نەکردووە. تورك هێندەی چەتەگەری لە خاکی کوردستاندا کردووە، چارەکێکی ئەوەی لە وڵاتانی تر نەکردووە. ئەڵمانیاش بەهەمان شێوە.

## یەکەمین چەتەگەری و پەلاماری ژاپۆنییەکان بۆ وڵاتی چین

دیارە چاوی تەماعکاری و داگیرکەری ژاپۆنییەکان، دەمێکە بەخوێن و سامان و داهاتی وڵاتی مەزنی چین سوور بوو. هەموو کاتێك بۆ هەلێك دەگەڕان، تاوەکو پەلاماری چین بدەن. دیارە بەحوکمی ئەوەی ژاپۆن، وەکو هێزێکی چەتەی داگیرکەر، تەنیا وڵاتی مەزنی چین و کۆریای لێوە نزیك بوو، بۆیە هەموو کاتێك ئەم دوو وڵاتە جێگەی چەتەگەریی ژاپۆنیە بەربەرییەکان بوون.

لە ١/٨/١٨٩٤دا سوپایەکی گەورەی ١٤٠ هەزار چەکدار، پەلاماری چین دەدەن(٦٧). بەحوکمی مۆدێرنی و دیسیپلین و چەکی نوێی ژاپۆنییەکان، خراپی دیسیپلین و کۆنیی چەکی چینییەکان، هەر زوو تای تەرازووی شەڕەکە، بەلای ژاپۆنییە داگیرکەرەکانەوە دەشکێت. ژاپۆنییە داگیرکەرەکان لە



وێنەی شەڕی ساڵی ١٨٩٥

١٥/٩/١٨٩٤دا هەرێمی Pjöngjang پاشانیش هێزە دەریایەکی ژاپۆن لە کەنارەکانی Yalu سوپای چینییەکان دەشکێنێت. هەر بۆیە پاش ماوەیەکی کەم لە نۆڤێمبەردا ژاپۆنییەکان بەندەری Port Arthur داگیر دەکەن. لە سەرەتای ساڵی ١٨٩٥ ژاپۆنیە داگیرکەرەکان پەلاماری کەنارەکانی هەرێمی iWeihaiwe دەدەن. لە مانگی فێبراداری ١٨٩٥دا بەتەواوەتی داگیری دەکەن و هێزی چینییەکان دەشکێت. هەر بۆیە سەرۆکی سوپای دەریایی چین ئەدمیراڵی چینی Ting خۆی دەکوژێت. پاش ئەم شەڕەش ئیتر ژاپۆنییەکان بەسەر چینییەکان زاڵ دەبن و، ناچاریان دەکەن کە خۆیان بدەن بەدەستەوە و پەیماننامەی ئاشتییان لەگەڵدا مۆر بکەن(٦٨).

(67) http://www.artelino.de/articles/japanese-war-prints.asp.

(٦٨) هەمان سەرچاوە.

## پەیماننامەی Shimonoseki

لە ١٨٩٥/٤/١٧دا چین ناچار دەکرێت، پەیماننامەیەکی دۆڕاو قبووڵ بکات. بەپێی ئەم پەیماننامەیە دەبێت چین :

١- چین واز لە کۆریا بهێنێت. بەم شێوەیەش کۆریا بوو بە بەشێکی ژاپۆن.

٢- چین دەبێت واز لە هەردوو دوورگەی تایوان و -Pescadores بۆ ژاپۆن بهێنێت. واتە دەبنە بەشێك لەخاکی ژاپۆن.

٣- چین دەبێت هەموو بەندەرەکانی بە ڕووی شمەکەکانی ژاپۆن بکاتەوە هیچ باج لەسەر شمەکی ژاپۆنی دانەنرێت.

٤- چین دەبێت ٢٠٠ ملیۆن Tael (دراوی ئەو کاتی چین بووە) بژمێرێت(٦٩).

دیارە جگە لەمەش بەشێوەیەکی سیستماتیکی، گەلی چین بوونە کۆیلەی دڕندەترین داگیرکەر. ژاپۆنییەکان بە وەحشیترین شێوە، هەڵسوکەوتیان لەگەڵ گەلی چینیدا دەکرد. هەر لەم شەڕەدا، چینیەکان نزیکەی ١٥ هەزار سەربازیان لێ شەهید بوو، ژاپۆنییە داگیرکەرەکانیش،٥ هەزاریان لێ مرد(٧٠).

دیارە چەتەگەری ژاپۆنییەکان بەمەشەوە نەوەستا. پاش جەنگی ساڵی ١٩٠٥، کە بەسەر رووسیادا سەرکەوتن، ژاپۆن رووسیای ناچار کرد کە واز لە هەرێمەکانی باکوری چین بهێنێت. بەم شێوەیەش بەشێکی زۆری وڵاتی چین کەوتە ژێر دەستی چەتەگەری ژاپۆنییەوە.

### دووەمین پەلاماری ژاپۆن بۆ سەر چین ١٩٣٧ /١٩٤٥

هەر لە پاش یەکەمین پەلاماریانەوە، ژاپۆنییەکان دەستیان کرد بە سەپاندنی پەیماننامەو سیاسەتی زۆرەملێ بە سەر گەلی چیندا. لە یانوەری ساڵی ١٩١٥دا، ژاپۆن کۆمەڵێك سیاسەتی ئابووری و سیاسیی وای بەسەر چیندا سەپاند، کە چین بوو بە وڵاتێکی نیمچە کۆڵۆنی. بەمەش نەوەستان، لە ساڵی ١٩١٦ چین هەموو دەسەڵاتێکی باج دانان و گوومرگ بەسەر هەرێمەکانی مەنگۆلای و باشووری مەنشووریا بۆ ژاپۆن واز هێنا(٧١). لە ساڵی ١٩٣١ ژاپۆن پەلاماری

(69) http://www.regis-net.de/krieg/chinjan.html.

(70) http://www.jaduland.de/asia/korea/text/krieg1895.html. هەروەها سەیری

http://de.wikipedia.org/wiki/ErsterJapanisch-ChinesischerKrieg.

(71) Johannes Gutenberg-Universitat Mainz
Department of English and Linguistics
Seminar: Landeskunde Japan II
Leitung: Dr.Marion Gein.

هەرێمی مەنشووریای چین دەدات و داگیری دەکات. (عصبة الامم) کە وەکو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو، ئیدانەی ئەم داگیرکردنە دەکات و داوا لە ژاپۆن دەکات، کە بەزووترین کات هێزەکانی لە مەنشووریا بکشێنێتەوە. بەڵام ژاپۆن لە بەرامبەردا، خۆی لەو ڕێکخراوەکشاندەوە[٧٢].

## بۆمبارانکردنی شاری شەنگهای



لە سەرەتای ساڵی ١٩٣٢دا پێنج پیاوی ئاینیی ژاپۆنی، لە شاری شەنگهای لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە پەلامار دەدرێن. ماسمیدیای ژاپۆنییەکان، ئەم ڕووداوە گەورە دەکەن و حکوومەتی ژاپۆنی، بەیەکجار هار و شێت دەبێت. ژاپۆن ئەم ڕووداوە بەشەرمەزارییەکی گەورە دادەنێت و، دەیکاتە پرسێکی گەورەی نەتەوەیی. هەر بۆیە لە ٢٩ یانوەری ١٩٣٢ فرۆکە جەنگییەکانی ژاپۆن دڕندانە پەلاماری شاری شەنگهای دەدەن. زۆر نامەردانە و دوور لە هەموو هەستێکی مرۆڤانە، شاری شەنگهای بۆمباران دەکەن و، بەتەواوی ئەو شارە خاپوور دەکەن. زیاتر لە ١٨ هەزار کەسی مەدەنی شەهید دەکەن و پتر لە ٢٤٠ هەزار کەسیش ئاوارە و ماڵوێران دەبن[٧٣]. دەتوانین ئەم بۆمبارانکردنە، بە بۆمبارانکردنی شاری قەڵادزێ بشووبهێنین، کە فرۆکە جەنگیەکانی عێراق، ئەو شارەیان تێکەڵاوی خوێن و خۆڵ کرد و، بەجارێك خاپوور و وێرانیان کرد.

## هێرشی بەربڵاوی ژاپۆنییەکان بۆ سەر چین

ژاپۆنییەکان هەموو کاتێك بەدوای بیانوویەك دەگەڕان بۆ ئەوەی پەلاماری چین بدەن. ئەمجارەیان حکوومەتی مەنشووریایان کردە بیانوو، بەناوی بەرگری لە مەنشووریا پەلاماری چینیان دا. هەروەك چۆن ڕێبوارێك لە سەحرایەکی وشك و گەرمدا، هەموو کاتێك تامەزرۆی ئاوی ساردە، بەهەمان شێوە ژاپۆنییەکانیش ئاوا تینووی خوێنی گەلی چین بوون. چۆن تورك

---

(72) Sabine Dabringhaus.geschichte Chinas. 1279-1949 Oldenburg Verlag.München.2006.S.98.

(73) www.wikipedia.org/wiki/Zweiter-Japanisch-Chinesischer-Krieg

هەروەها سەیری

http://www.geschichteinchronologie.ch/as/china/China-03-1931-1945-nationalisten-kommunisten-SU-Japan-Mao-Chiang-Kai-Shek.htm.

بەهیچ شێوەیەك تینوییەتی بەخوێنی كورد ناشكێنێت، دەبێت رۆژانە لە خوێنی كورد بخۆنەوە، ژاپۆنییەكانیش بەهەمان شێوە بوون لەگەڵ چینییەكاندا.

لە ٧ی جولای ١٩٣٧ سوپای ژاپۆن بۆ دووەم جار پەلاماری چین دەدات. لە نزیك پردی ماركۆپۆلۆدا، هەردوو سوپای چینی (بەسەرۆكایەتیی حكوومەتی كۆمینتاگ) و لەشكری ١٠ ژاپۆن دەجەنگێن.

پاشان پەلاماری شەنگهای دەدەن. ماوەی ٦ مانگ هێزی قارەمانی چینی، جەنگی مان و نەمان لەگەڵ هێزە داگیركەرەكانی ژاپۆن دەكات. شەرەكە دێتە شارەكەوە و، جەنگی شەقام و ماڵان دەست پێ دەكات. لەم شەڕەدا ژاپۆنییەكان زەرەرێكی زۆریان لێ دەكەوێت، زیاتر لە ٢٠٠ هەزار سەربازیان لێ دەكوژرێت. لە هەمان كاتیشدا زیاتر لە نیو ملیۆن سەرباز و خەڵكی مەدەنیی چینیش شەهید دەبن. لێ پاش ٦ مانگ لە جەنگ، لە كۆتای ساڵی ١٩٣٧دا ژاپۆنییەكان بەحوكمی چەكی مۆدێرن و یارمەتیی وڵاتانی ئیتاڵیا و ئەڵمانیا، دەتوانن ئەو شارە مەزنەی چین داگیر بكەن(٧٤).

## كۆمەڵكوژییەكەی Nanking

زۆرجار ئێمەی كورد گلەیی لە خۆمان و جیهان دەكەین، كە بۆچی تاوانەكانی رژێمە داگیركەرەكانی كوردستان، هیچ لە جیهاندا باس ناكرێت. كاتێك مێژووی چینم خوێندەوە، ئەوجا زانیم كە زۆر گەل هەن تاوانی جینۆسایدی زیاتریان لە هی ئێمە لە دژ كراوە و كەسیش باسیان ناكات. تاوانەكانی بەربەریەتیی ژاپۆنی لە چین، هەتاوەكو ئێستاش تیشكیان نەخراوەتە سەر. دیارە ئەوەش بەحوكمی ئەوەی ژاپۆن دۆستێكی نزیكی ئەمەریكا و ئەوروپایە، لە هەمان كاتیشدا وڵاتێكی دەوڵەمەندی جیهانە. هەموو جیهان ناوی هیرۆشیماو ناكازاكی



دەناسێت، وەلێ كەس ناوی نانكینگ و شارەكانی تری چین نازانێت، كە ژاپۆن بەدڕندەترین شێوە تاوانی جینۆسایدی تێدا ئەنجام داوە. لە ١٢ دیسێمبەری ١٩٣٧دا لەشكرە خوێناوییەكەی ژاپۆن پەلاماری شاری نانكینگی چین دەدات بەحوكمی بۆمبارانكردنی تۆپ و فڕۆكەكانی ژاپۆن، سوپای چینی بڕیاری پاشەكشە دەدات. لێ بەشێوەیەكی زۆر ناڕێكوپێك شار چۆڵ

(٧٤) هەمان سەرچاوە.

دەکەن(٧٥). سوپای ژاپۆنیش بەدڕندەترین شێوە پەلاماری شارەکە دەدات. دەکەوێتە کۆکژییەکی بێ وێنە لە مێژوودا. لە سێ هەفتەی یەکەمدا. زیاتر لە ٢٠٠ هەزار خەلکی مەدەنیی ئەو شارە دەکوژن. ژاپۆنییەکان لە کاتی ئەنجامدانی ئەم پەلاماریەدا، بەتەواوی ویژدان و کەرامەتییان بەپشوویەکی شەیتانی دەسپێرن. هیچ سڵ لە کوشتنی ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتەی ئەو شارە ناکەنەوە. پتر لە ٢٠ هەزار ژن و کچی چینی ئەتك دەکەن و پاشانیش دەیانکوژن. تەواوی شارەکە، دەکەنە گۆڕستانێکی گەورە بۆ خەڵکی شارەکە(٧٦). ژاپۆنییەکان مێشکی جیهانیان بە هیرۆشیما و ناکازاکی پڕ کردووە، کەچی خۆیان لە بیر چووە، کە تەنیا لە شاری نانکینگدا، دووهێندە تاوانیان بەرامبەر گەلی چین کردووە. جێگەی داخە زۆر کەم لەسەر تاوانەکانی ژاپۆن لە چین نووسراوە، هۆکەشی ئەوەیە کە چین دەوڵەتێکی سەربەخۆ و خاوەن کەرامەتێکی ئاسیاییە، وەلێ ژاپۆن دەوڵەتێکی تا سەرئێسقان ئەمەریکییە. جێگەی ئاماژەیە هەتا ساڵی ١٩٩٣، لە ئەمەریکا هیچ کتێبێك لەسەر ئەم تاوانە نەنووسرابوو. پاشان نووسەرێکی بەڕەگەز چینی بۆ یەکەمین جار کتێبێکی لەسەر ئەم تاوانەی ژاپۆن نووسی.



## کۆمەڵکوژییەکەی Yangtse

ئا لەو کاتەی کە سەدان هەزار ئاوارەی چینی خەریکی پەڕینەوە بوون و دەیانویست بەرەو ئەوبەری ڕووباری یانگتس بپەڕنەوە. هێزێکی سەربازیی ژاپۆنی دەگەنە سەر کەناری ڕووبارەکە. بەدڕندەترین شێوە، پەلاماری ئەو خەڵکە سیڤیل و بێ دەسەڵاتە دەدەن. زیاتر لە ٥٠ هەزار ژن و منداڵ و پیر و گەنج شەهید دەکەن. ژاپۆنییەکان هێندە دڕندانە پەلاماری ئەو

(75) Sabine Dabringhaus.geschichte Chinas. 1279-1949 Oldenburg Verlag.München.2006.S.99.

(76) www.wikipedia.org/wiki/Zweiter-Japanisch-Chinesischer-Krieg.

خەڵكانەیان دا، كە تا ماوەیەكی زۆر، ڕووباری یانگتس ڕەنگی سووری لێ نیشت(٧٧).

**كۆمەڵكوژی سەر ڕێگەوبانەكان**

ژاپۆنییەكان لەهەر شوێنێك كۆمەڵێك ئاوارەیان ببینایە، بێ قەید و شەرت، یەكسەر پەلاماریان دەدان و دەیانكوشتن. زۆرجار ئاوارەكان، پاش ئەوەی سووكایەتییان پێ دەكردن، ژن و كچەكانیان ئەتك دەكرد، ئینجا وەكو قەڵخانی فیشەك و زۆرجاریش دەیانكردنە سەنگەر و خۆیان پێ دەپاراستن. زیاتر لە ١٠٠ هەزار ئاوارەی چینی بەم دەردە بران. هەندێك سەرچاوە بە ٢٠٠ هەزار شەهید دەیخەمڵێنن(٧٨).

## بەكارهێنانی چەكی كیمیاویی و بایلۆجی

دڕندەیی ژاپۆنییەكان هەموو سنوورەكانی بەزاند. ئەوەی پێی بڵێیت هەستی مرۆڤی و تەنانەت



دڕندەترین حەیوانیش هێندەی ئەمان دڕندەیی نەنواندووە. پاش ئەوەی پێوەندییان لەگەڵ دایكی دڕندایەتی و چەتەگەری (ئەڵمانیا) بەهێز كرد. توانییان سوود لە تەكنۆلۆجیای مۆدێرنی خەڵك كوشتنی ئەڵمانی ببینن. لە بەشێكی زۆری جەنگەكاندا، چەكی كیمیایی و بایۆلۆجی و ژەرسۆمی لەلایەن ژاپۆنییەكانەوە دژی گەلی چینیی هەژار بەكار هێنرا. دیارە جگە لەوەش، ژن و پیاو و منداڵی چینی، لە زانستگەی تایبەتدا، بۆ تاقیكردنەوەی كیمیایی و بایۆلۆجی بەكاردەهێنران. زۆر جاریش لە پیشەسازیی دەرمانسازیدا، خەڵكی چینیان بۆ تاقیكردنەوەی دەرمان بەكار دەهێنا. لە بەكارهێنانی مرۆڤی چینی بۆ تاقیكردنەوەی كیمیایی وبایۆلۆجی، بەهەزاران كەس بوونە قوربانی ئەم چەتەگەرییەی ژاپۆنییەكان(٧٩).

## ئەتككردنی ژنان وكچان

دیارە وەكو هەموو جەنگەكانی مێژوو، ژنان و كچان بەشێكی گەورەی قوربانیی جەنگەكانی پیاوانن. لە كاتێكدا كە ژنان هەموو كاتێك بێ ئەوەی پرسێكیان پێ بكرێت، دەیانخەنە ناو

---

(77) Die Fortsetzung der japanischen Invasion in China 1931-1945, von Michael Palomino (2006.www.geschichteinchronologie. ch/as/china/China-03-1931-1945.

(٧٨) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(٧٩) هەمان سەرچاوە.



جەنگێکی خوێناویی پیاوان، کە زۆرجار گەر لە مردن ڕزگاری بێت، ئەوا پاش شەڕ، دەبێت کوولەمەرگی و ماڵوێرانی و برسییەتی پاش جەنگ بچێژێت. ژاپۆنییەکان وەکو هەموو داگیرکەرێکی درِندە، کاتێك پەلاماری وڵاتی چینی دا، هەر لە یەکەم رۆژەوە، هەوڵی کۆیلەکردنی گەلی چینی دا. ژاپۆنییەکان هەزاران کچان و ژنانی چینیان بەدیل دەگرت و، لە سەربازگەیەکی تایبەتدا، کاری سێکسییان پێ دەکردن و لاشەی نازداری کچان و ژنانی چینییان بەدرِندەترین شێوە ئەتك دەکرد. چووبێتنە هەر شوێنێکەوە، چی کچ وژنیان دەست کەوتبێت، یەکسەر دەستدرێژییان لێ کردوون و، پاشان بەزۆر ناردوویانن بۆ ئەو بۆردێلە سەربازییە تایبەتییانە، بۆئەوەی لەوێ سەربازەکانی ژاپۆن کاری سێکسییان لەگەڵدا بکەن. جێگەی ئاماژەیە، ژاپۆنیەکان جگە لە چینییەکان، ژن و کچی (کۆری وئەندەنووسی ومالیزی و فلیپینیشیان) بەهەمان شێوە ئەتك کردن. هەتاوەکو ئێستا کەس نازانێت ژمارەی ڕاستەقینەیان چەندە، لێ بەگشتی بە نزیکەی ٣٠٠ بۆ ٥٠٠ هەزار قوربانی دەخەملێنرێت(٨٠). ئەوەی جێگەی داخە هەتاوەکو ئەمرۆش حکوومەتی ژاپۆنی، دان بەم تاوانەدا نانێت و خۆی لە تاوانە زۆرەکانی جەنگە چەتەگەرییەکانی دەدزێتەوە. زۆرێك لە فاشیست و ناسیۆنالیستەکانی ژاپۆن دەڵێن (ئەو کەسانە خۆیان لەشفرۆش بوون!!). بەداخەوە ژاپۆنیەکان پاش جەنگی دووەمی جیهانی، خۆیان لەهەموو تاوانەکانیان دزیەوە، ئەویش بەحوکمی ئەوەی جەنگی ساردی نێوان ئەمەریکاو رووسیا دەستی پێکرد. ئەمانیش لە سەنگەری ئەمەریکا بوون، هەربۆیە کەس باسی تاوانەکانی ژاپۆن ناکات. لە هەمان کاتیشدا بەحوکمی ئەوەی ژاپۆنییەکان دەوڵەمەندن و، ئەمڕۆ بەهەزارەها کچ وژنی چینی و فلیپینی وئەندەنووسی، خۆبەخشانە خۆیان و لەشیان دەفرۆشن، بۆ ئەوەی بژین. هەر ئەمەش وایکردووە، کەژاپۆنییەکان زۆر بە کەپوو بڵندییەوەسەیری ئەو گەلانەی دەوروبەریان بکەن و، خۆشیان لە تاوانە زۆرەکانیان بدزنەوە.

## یارمەتییەکانی ئەڵمانیا بۆ مەکینەی کوشتنی ژاپۆنی

ئەوە بۆ ماوەی سەد ساڵ زیاترە، کە لە هەر شوێنێك کۆمەڵکوژییەك یان جەنگێکی خوێناوی کرابێت، دەستێکی رەحمەتی ئەڵمانی پێ گەیشتووە. هەر لە کۆکوژی ئەرمەنیەکان بۆ جەنگی ناوەخۆی ئیسپانیا و چەتەگەرییە لەبن نەهاتووەکانیان لە جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی، هەتا یارمەتیدانی درِندەترین وفاشیترین رژێمەکانی جیهانی سێ وەکو (عێراق و توورکیا و ئێران و سۆهارتۆی ئەندەنووسیا و حکوومەتە فاشیستەکانی ئەمەریکای لاتین). هەر دەڵێیت

(80) www.wikipedia.org/wiki/Zweiter-Japanisch-Chinesischer-Krieg.



General Hans von Seeckt

ئەم گەلە بۆ کوشتنی مرۆڤ دروست بوون. ئەڵمانییەکان یەکەمین وڵات بوون، کە بەرەیەکی ستراتیجییان لەگەڵ ژاپۆنییەکان بەست. هەر بۆیە سەدەیا ئەندازیار و پسپۆڕی جەنگی و ئەفسەر و زانای کیمیایی و بایلۆجییان بۆ ژاپۆن نارد. لە ڕووی مادی و مەعنەویشەو، هیچ دریخییان نەکرد. جێگەی ئاماژەیە، جەنەڕاڵ هانس ڤۆن سێکت، سەرپەرشتیاری سەرەکیی یارمەتییەکانی ئەڵمانیا بوو بۆ ژاپۆن، بۆ خۆشی بەشداریی لە جەنگەکاندا دەکرد[٨١].

## قوربانیانی چەتەگەرییەکەی ژاپۆن

چەتەگەری و دڕندەیی ژاپۆنییەکان، هەموو بستیکی خاکی چین، گشت بەرد و لم و چەو و خۆڵ و تەنانەت هەموو ئاووهەوای چینیش، دەستی نەگریسی و خوێناویی ژاپۆنییەکانی بەرکەوت. هەر بستە خاکێکی چین، گۆڕستانێکی شەهیدانی لە ژێردایە. داگیرکردنی چین لەلایەن ژاپۆنییەکانەوە، دڕندەترین و وەحشیترین و خراپترین داگیر کەر بووە، کە مێژووی چین بەخۆیەوە بینیبێتی. ڕاستە ئینگلیزەکان بە زۆر تلیاکیان بەسەر چینیەکان سەپاند، کەسیش ئەو هەموو بەڵێننامە زۆرانەی لە بیر ناچێت، کە وڵاتانی ئەمەریکا و فەرەنسا و رووسیا، کە بەزۆرەملێ دەرگای بازاڕ و بەندەرەکانی چینیان کردەوە و، بازاڕی چینیان بۆ خۆیان داگیر دەکرد. وەلێ هەموو ئەمانە ناگەنە تاوانی رۆژێکی داگیرکەری دڕندەی ژاپۆنی. داگیرکەری ژاپۆنی، هەموو شار و شارۆچکە و گوندی چینی، وێران و سووتاند. بەشێکی زۆری ژێرخانی ئابووری (سکەی شەمەندەفەر و ڕێگەوبان و بەنداو) تەواوخاپوور و وێران بوو. لە ڕووی زەرەر و زیانی خەڵکیشەوە، زیاتر لە ٣١,٥ ملیۆن کەس گیانیان لەدەست دا. هەندێك سەرچاوە پێیان وایە ژمارەی قووربانییانی دەگاتە ٣٥ ملیۆن کەس[٨٢].

(81) Die Fortsetzung der japanischen Invasion in China 1931-1945, von Michael Palomino (2006.www.geschichteinchronologie.ch/as/china/China-03-1931-1945.

(82) http://www.china - club.de/china/geschichte/4d.japanische-aggression.html.

جگە لە ئاوارەبوونی ملیۆنەها کەس و، ماڵوێرانبوونی ملیۆنەها کەسی تریش. لێ بەگشتی ئازار و مەینەتی و سووکایەتییە زۆرەکانی ژاپۆنیەکان، کارێکی زۆری لەسەر ناخی چینییەکان کرد و، تا ڕادەیەکی زۆر، هەست و نەستی تەواو بریندار کردن. کە لە ڕووی دەروونییەوە، ماوەیەکی زۆری ویست، تا ئەو تاوانە لەبن نەهاتووانەی ژاپۆن لە بیر بکرێت. هەرچەندە گەر مێژوو دەنگی هەبووایە، بەهەر چوارلادا، هاواری لە تاوانە زۆرەکانی ژاپۆنییەکان هەڵدەستا.



هەر ئەم خوێن ساردی و کەم ڕۆحییەش وایکردووە، کە ژاپۆنییەکان لە پیشەسازی ئاسن و ئەلیکترۆنیەکان سەر بکەون، چونکە ڕۆحی مرۆڤیان زۆر دەمێکە مردووە. پێم وایە هۆی پێشکەوتنی ژاپۆن و ئەڵمانیا، لە پیشەسازیی ئاسن و ئەلیکترۆنیاتدا، دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆح ساردییان. لە کۆتادا دەبێت ئەوەش بڵێم، کە جەنگی ناوەخۆی چینی کاریگەری زۆری هەبوو، بۆ ئەوەی ژاپۆنییەکان بەسەر چینیەکان سەر بکەون و، ئەم هەموو کۆمەڵکوژیە ئەنجام بدەن. چونکە لە کاتێکدا ژاپۆن پەلاماری چینی دا، کە هەموو پارتە سیاسییەکانی چینی، خەریکی یەکترکوشتن بوون، هیچ ئاگایان لە داگیرکەرانی دەرەوە نەما بوو.

## جەنگی ناوەخۆی چین

جەنگی ناوەخۆی چین، یەکێکە لە لاپەڕە تاریك و ڕەشەکانی مێژووی نوێی چین. لەگەڵ گەشەسەندنی بیری ناسیۆنالیزم و کۆمۆنیزم و، بڵاوبوونەوەی بەناو چین و توێژەکاندا. لە هەمان کاتیشدا گەشەسەندنی بیری حزبایەتی و بەهێزبوونی بزاڤی سەندیکالیزمی، هێندەی تر بیری سیاسیی جیاواز و دژی هێنایە کایەوە. لەگەڵ دروستبوونی کۆماری چین و، پاشان داگیرکردنی دەسەڵات لەلایەن جەنەراڵە سەربازییەکان و سەپاندنی حکوومەتی دیکتاتۆری لەچەندین لاوە، هەوڵی هەمەجۆر و بزاڤی سیاسی دەستیان کرد بەخەبات لە دژی حوکمی سەربازیی دیکتاتۆری. لە هەمان کاتیشدا لە چەندین شوێن و هەرێمی جیاوازدا، میرانی جەنگ (Warlord) حوکمیان دەکرد.

## میرانی جەنگ Warlord

دیارە ئەم ناوە لە ئینگلیزییەوە هاتووە، دەتوانین بە میرانی جەنگ، یان بەگزادەی جەنگ بیکەینە کوردی. مێژووی میرانی جەنگ لە چین زۆر کۆنە. هەر کاتێك جەنگێکی درێژخایەن ڕووی دابێت، لە چەندین شوێندا چەند جەنەراڵێك هەوڵیان داوە، حوکمی سەربازیی خۆیان بەسەر ئەو ناوچانەدا بسەپێنن. بەڵام بەگشتی لەگەڵ دروستبوونی کۆماری چیندا، ئەم دیاردەیە ڕوو لە زیادبوون بوو. لە چەندین هەرێم و ناوچەی جیاوازی چیندا، کۆمەڵێك ژەنەراڵ حوکمی سەربازیی خۆیان بەسەر خەڵکی ئەو هەرێمانەدا سەپاند و، بەهۆی دوورییان لە ناوەندی دەسەڵات، خۆیان کردە حاکمی موتڵەقی ئەو ناوچانە(٨٣). ئەم جەنەراڵانە، باج و سەرانەیان لە خەڵکی دەسەند و، لە هەمان کاتیشدا خۆیان بازرگانیی تلیاك و ماددەی بێ هۆشکەریان دەکرد. لە کاتی هێرشی ژاپۆنییەکان بۆ سەر چین، ڕۆڵی جاشایەتیان بۆ سوپای ژاپۆنی بینی. بەهێزترینیان جەنەراڵ Zhang-Zuolin. Liu Wenhui. جەنەراڵ لیو تا ماوەیەکی زۆر حوکمی سەربازیی خۆی بەسەر ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی تبت و باکوری ڕۆژئاوای چیندا سەپاندبوو. شەڕێکی زۆریشی لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی و کۆمۆنیستەکان کرد. لێ ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو، لە جاشایەتی بۆ لەشکری ژاپۆن و، لە زۆر شوێندا ڕۆڵی چاوساخیان بۆ سوپا دڕندەکەی ژاپۆن دەبینی.


ژەنەراڵ ZhangZuolin

## سەرەتای جەنگی ناوەخۆ

پاش ئەوەی حوکمی سەربازیی Yuan Shikai بەسەر هەموو چیندا سەپێنرا، ئینجا لایەنە سیاسییەکان کەوتنە خۆیان. سەرەتا Sun Yat-sen Dr. کە بەباوکی ناسیۆنالیزم و ڕابەری کۆماریی چین دەژمێردرا، پاش ئەوەی لە حوکم دەرکراو سەربازییەکان کودەتایان بەسەردا کرد. دیسانەوە تێکەڵی ژیانی سیاسی بووەوە کۆڵی نەدا. سەرەتا سون هەوڵی دا هەموو لایەنە سیاسییە جیاوازەکانی چین، لە بەرەیەکی سیاسیی فراواندا کۆ بکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش سۆڤێت یارمەتییەکی باشی دا. سون تێزێکی سیاسیی نوێی داهێنا، کە بریتی بوو لە سێ خەتی سیاسی. (١- هێڵی کۆمۆنیستەکان ٢- هێڵی سۆڤێت، ٣- هێڵی کرێکار و جووتیار و وردە بۆرجوازی ناو شارەکان). هەوڵی دا ئەم سێ هێڵە لە پارتی کۆمینتانگ کۆ بکاتەوە. لە یانوەری ١٩٢٤دا پارتی کۆمینتاتنگ لە شاری Guangzhou کۆنگرەی خۆی بەست. لەم کۆنگرەیەدا چەند

(83) www.wikipedia.org/wiki/Kriegsherr.

رابەرێکی پارتی کۆمۆنیستی چینی، هاتنە ناو سەرکردایەتی پارتی کۆمنتانگەوە(٨٤). لەوانە: (Qu Qiubai Li Dazhao, Mao Zedong, Lin Boqu) لە هەمان کاتیشدا هەوڵیان دا، پەیمانگایەکی سەربازی دروست بکەن، بۆ ئەوەی کادیری جەنگی پێبگەیەنن و دەست بکەن بەخەباتی چەکداری لە دژی حوکمی دیکتاتۆری Yuan Shikai. دیارە ئەم بەرەیەش بەیارمەتیی سۆڤیێت و ستالین دروست بوو. هەر بۆیە لە ڕووی سەربازی و دارایی و تەکنیکییەوە زۆریارمەتیی سونیان دا. هەر سۆڤیێتیش بوو، قەناعەتی بەکۆمۆنیستەکان کرد، کە بچنە ناو ئەو بەرەیەوە. لێ هەموو کاتێك جەنگێکی شاراوە لە نێوان کۆمۆنیست و باڵە ناسیۆنالیستەکانی ناو ئەم پارتە هەبوو. لە زۆر شوێندا دژایەتیی یەکتریان دەکرد. لێ دوکتۆر سون نەخۆشیی زۆری بۆهێنا و لە ١٢ مارسی ١٩٢٥دا کۆچی دواییی کرد. ئەم کورتیی تەمەنەی سون، وای کرد کە ڕێگا خۆش بکات بۆ کردنەوە دەرگایەکی گەورە بۆ جەنگی نێوان باڵە جیاوازەکانی ناو پارتی کۆمینتانگ و هیچ کەسایەتییەکی تر نەیتوانی ڕۆڵی ئەو ببینێت. زۆرجار کەسایەتیی سەرکردەکان، ڕۆڵێکی ئێجگار گەورە لە مێژووی حزبێك یان بزاڤێکی سیاسی دەبینن. کاتێك کە ئەو کاریزما سیاسییە نامێنێت، ئەو بزاڤە تووشی شکست دەبێت. هەر پاش مردنی دوکتۆر سون، باڵە چەپەکەی کۆمینتانگ خۆی لەو بەرەیە کشاندەوە و بەجیا دەستی بەخەباتی سیاسی کرد. بەهەمان شێوەش باڵە ناسیۆنالیستەکەش، بەجیا دەستی بەکاری سیاسی کرد.

## جەنەراڵ Chiang Kai-shek



جەنەراڵ Chiang Kai-shek لە ٣١ی ئۆکتۆبەری ١٨٨٧ لە نزیك شاری شەنگهای لەدایك دەبێت. باپیری بازرگانێکی گەورە بووە. لێ پاش مردنی باپیری، باوکی زۆر خراپ ئەو کارەدەگرێتە ئەستۆ و، خێزانەکەیان تووشی کێشەی زۆر دەبێت. پاش ئەوەی ساڵی ١٨٩٦ باوکی دەمرێت، خێزانیان تووشی بێ درامەتی و قەرزداری دەبن. لە ساڵی ١٩٠٨ بۆ ١٩١٠، دەچێتە پەیمانگایەکی سەربازیی ژاپۆنییەوە و، پلەی ئەفسەری وەردەگرێت. بەشداری لە شۆڕشی کۆماری دژی ئیمپراتۆری دەکات و، یەکێك دەبێت لە هاوڕێ نزیکەکانی دوکتۆر سون. ساڵی ١٩٢٥ پاش مردنی دوکتۆر سون، خۆی بەسەر پارتی کۆمینتانگ دەسەپێنێت. هەر لە سەرەتاوە دژایەتیی باڵی کۆمۆنیستەکان دەکات و، لە ناو پارتەکە ڕاویان دەنێت. لە هەمان کاتیشدا هەوڵی بەهێزکردنی باڵی ناسیۆنالیزمی کۆمینتانگ دەدات. پاش ئەوەی پکین داگیر دەکات، حوکمی سەربازی بەسەر هەموو وڵاتی چیندا دەسەپێنێت. Chiang

(84) www.china-guide.de/china/geschichte.

Kai-shek بەیەکێك لە ڤیگۆرە سەرەکیەکانی جەنگی ناوەخۆی چین دەژمێردرێت و، لەماوەی حوکمیدا، شەڕی لەگەڵ کۆمۆنیست و جەنەڕاڵەکانی جەنگ (میرانی جەنگ Warlord) هەمان کاتیش دۆستێکی نزیکی ئەمەریکا و رۆژئاوا بووە. پاش ئەوەی ساڵی ١٩٤٩، لە جەنگی دژ بەکۆمۆنیستەکان دەدۆڕێنێت، خۆی ئەفسەر و سیاسییەکانی، چین بەجێ دەهێڵن و، بەرەو دوورگەی تایوان ڕادەکەن و، لەوێ حکوومەتێکی دوورخراوە دروست دەکات. یەکێك بووە لە سەرسەختترین دوژمنی ماوتیستوونگ، زۆر داژیەتیی یەکتریی کردووە. لە ١٥ی ئەپریلی ١٩٧٥، بەنەخۆشیی دڵ، لە تایپی پایەتەختی تایوان کۆچی دوایی دەکات(٨٥).

### کۆکوژییەکەی شەنگهای

شاری شەنگهای هەموو کاتێك مەزنترین مۆنۆپۆلی چین بوو. ئا لەم شارەدا، بەهەزاران کارگەی بچووك و گەورەی تێدا بوو. ئەم کارگانەش، بوونە کێڵگەیەکی باش، بۆ سەوزبوونی چینی کرێکار و گەشەسەندنی بیری کۆمۆنیستی. هەر بۆیە سەندیکا کرێکارییەکان، کردبوویانە پایەتەختی خەباتی سیاسیی خۆیان لە دژی سەرمایەداری بیانی و حوکمی دیکتاتۆری ناوەخۆیی. هەموو کاتێك مانگی مای (ئایار) بارانی شۆڕشگێڕی بەسەر ئەم شارەدا دەباراند و، خۆپێشاندان و ڕاپەڕینی هەمەجۆری سەوز دەکرد. بۆ نموونە لە ٣٠ی مای ١٩٢٥، کرێکاران خۆپێشاندانێکی مەزنیان لە دژی سەرمایەداری بێگانە ئەنجام دا. کە پێکدادانی زۆر لەگەڵ پۆلیس و چەقۆکێشەکانی سەرمایەدارەکان ڕووی دا. لە ٣٠ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٦دا، پارتی کۆمۆنیست، ڕێپێوانێکی گەورەی لە دژی سەرمایەداری بێگانە لەو شارەدا ئەنجام دا. لەئاکامدا شەڕ و پێکدادانێکی زۆر لە نێوان پۆلیس و چەقۆکێشەکانی سەرمایەدارەکان ڕووی دا، کە ژمارەیان دەگەیشتە ٥٠٠ کە زۆربەیان سەر بە پارتی کۆمینتانگ بوون(٨٦). هەر ئەمەش بوو بەهۆی شەهیدبوونی دەیان کەس و برینداربوونی سەدان کەس و، گرتن و زیندانیکردنی سەدان کەسی تر. ساڵی ١٩٢٦ بەساڵی کۆکوژیی کۆمۆنیست و سەندیکالیستەکان ناو دەبرێت. هەر کرێکارێك چالاکانە بۆ مافی خۆی کاری بکردایە، بەتۆمەتی کۆمۆنیستی دەگیرا و زۆرجاریش لەناودەبرا.

حکوومەتی Chiang Kai-shek بەشێوەیەکی عەسکەرتاری دەسەڵاتی گرتە دەست و، بەیارمەتیی رۆژئاوا و ژاپۆن، کەوتە ڕاونان و گرتن و کوشتنی هەموو کۆمۆنیست و چەپەکانی شاری شەنگهای.

---

(85) http://de.wikipedia.org/wiki/ChiangKai-shek.

هەروەها سەیری

Thoralf Klein. Geschichte Chinas. Von 1800bis gegewart. Schöningh verlag. Stuttgart. 2007. S.49.

(86) Hai-Kwang Choi. Die Bedeutung der nichtkommunistischen Arbeiterbewegung in China 1919 -1927. Cuvilier Verlag Göttingen.1995.S.189.

### هەڵمەتی قڕکردنی کۆمۆنیستەکان

هەر لە پاش کۆکوژییەکانی شاری شەنگهای حکوومەتی kehs-iaK gnaihC هەڵمەتێکی گەورەی لە هەموو چیندا دژی کۆمۆنیستەکان دەست پێ کرد. دیارە ئەم هەڵمەتەش بەیارمەتیی سەرمایەداری بیانی و دەوڵەتانی رۆژئاوا و ژاپۆن بوو. هەر لەبەر بەرژەوەندیی ئەوانیش بوو، کە بەهەزاران کۆمۆنیست و چەپ، کرانە قوورگی کارگەکانی مرۆڤ کوشتن، ئەمەش بۆ ئەوەی رۆحی نەگریسی ئەو سەرمایەدارانە بحەسێنێتەوە. لە ماوەیەکی ئێجگار کورتدا، قەسابخانەیەکی گەورە بۆ گیانی کۆمۆنیستەکان و چەپەکانی چین دانا. لە نێوان ساڵی ١٩٢٧ و ١٩٢٨ زیاتر لە ٣١ هەزار کۆمۆنیست بەدەستی حکوومەتی سەربازی Chiang Kai-shek شەهکران(٨٧). دیارە لە هەر شوێنێك خەڵکی ڕەشوڕووت داوای مافی خۆی کردبێت، گورج دۆلاری ئەمەریکا لە دژی ئامادە بووە و دەستی رەحمەتی بۆ بەهێزکردنی باڵی فاشی و سەربازی کێشاوە، بۆ ئەوەی کۆمۆنیستەکان و خەڵکی زەحمەتکێش لەناوبەرن. هەر ئەم سیاسەتە فاشی و سەربازاییانەی Chiang Kai-shek بوونە هۆی بەرپابوونی جەنگی ناوەخۆی چین.

## سەرهەڵدانی بزووتنەوەی پارتیزانی

پاش ئەوەی کۆمۆنیست و چەپەکان، کەوتنە بەر درندەترین هێرشی سەربازیی حکوومەتی Chiang Kai-shek. هەربۆیە ناچار بوون، کە ڕێگەچارەیەك بۆئەو حاڵەتە ئاڵۆزو پڕ مەترسییە بدۆزنەوە و، ئەندامان و لایەنگرانی خۆیان وپارتەکەیان لەهێرشی پۆلیس و سەربازو چەقۆکێشەکانی Chiang Kai-shek بپارێزن. لە مانگی حەوتی ١٩٢٧دا کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی چین، بڕیاری دا کە دەست بکات بەخەباتی پارتیزانی و، دژی حکوومەتی سەربازی Chiang Kai-shek بجەنگێن(٨٨). ناوچەی Jiangxi کردە سەنتەری خۆیان و لەوێوە دەستیان کرد بە شۆڕش بۆ ناوچەکانی تر. کۆمیتەیەکی عەسکەریشیان بەسەرۆکایەتی Zhou Enlai. لە ئۆکتۆبەری هەمان ساڵدا دروست کرد، توانییان زیاتر لە ٢٠ هەزار چەکدار کۆ بکەنەوە.



(87) www.china - club.de/china/geschichte/4c.zweiter-b-ue-rgerkrieg.html.

هەروەها سەیری

http://www.chinaproject.de/Travel/Die%20Geschichte%20Chinas.htm.

(٨٨) هەمان سەرچاوە.

ئــەم لــەشكرەش لــەلایەن ئەندامـــانی(1969 Zhu De (1886 - 1976), He Long (1896 Liu Bocheng (1892 1986) سەرکردایەتییەوە ڕابەری دەکرا وەکو، بۆ زستانی هەمان ساڵ تـوانـیـان شاری Guangdong ڕزگـار بـکـەن. هـەرچـەنـدە زیـاتر لـە ١٠ هـەزار چـەکدار و لایەنگری کۆمینتانگ لە شارەکەدا بوون. ئەم سەرکەوتنەش گەورەترین وزەی بە لەشکری سووری کۆمۆنیستەکان دا(٨٩).

## ئاکام و قوربانییانی جەنگ

جەنگی ناوەخۆی چین یەکێکە لە جەنگە درێژخایەنەکانی مێژوو. شەڕ و ماڵوێرانی و سووتاندن و ئاوارەبوون، بۆ ماوەی ٢٢ ساڵ، سێبەری خۆی بەسەر وڵاتە گەورە و فراوانەکەی چیندا کێشا. ئەم جەنگەش پڕیەتی لە چیرۆکی خیانەت و جاشایەتی، کوشتنی دیل و خەڵکی سیڤیل، فیشەکەکان و چەك و ڕم و شمشێرەکان، تەواو لە خوێنی براکان بێزار بوون. هیچ لایەك گوێی بۆ هاواری ژن و منداڵ و پیرەکان نەدەگرت. هەموو خۆیان لە برسییەتی و سەرما و تینوویەتی، خەڵکی سیڤیل و بێ دەسەڵاتی چین گێل دەکرد. لێ ئەوەی کە دڵی بەم هەموو ئازار و مەینەتییانەی گەلی چین خۆش بوو، تەنیا دوژمنە زۆر و لەبن نەهاتووەکانی ئەم وڵاتە دێرینە بوون، لە پێش هەمووشیانەوە دراوسێ دڕندەکەیان (ژاپۆن) و گوورگە برسییەکانی ئەورووپا و ئەمەریکا.

بەگشتی دەتوانین لەم خاڵانەی خوارەوە، ئاکام و ئەنجامەکانی ئەم جەنگە خوێناوییە دیاری بکەین.

١– کوژران و بزربوونی زیاتر لە ١ ملیۆن کەس.

٢– ئاوارەبوونی زیاتر لە ٢ ملیۆن کەس. جگە لەوەش تەوژمێکی ئاوارەبوونێکی زۆر، هەموو وڵاتی چینی گرتەوە. هەر لایەنێك شوێنێکی داگیر بکردایە، بەهەزاران کەس لە ترسی ژیانیان، ئاوارە و ماڵوێران دەبوون. بەتایبەت پاش ئەوەی کە کۆمینتانگ بەرەو تایوان ڕایان کرد، ئەم تەوژمی ئاوارەبوونە ڕۆژ بەڕۆژ ڕووی لە زیادی کرد.

٣– سووتان و وێرانکردنی بەشێکی زۆری خاکی چین و لەناوبردنی هەموو ژێرخانی ئابووریی چین.

٤– ئەم جەنگە ڕێگەی بۆ ژاپۆنییە داگیرکەرەکان خۆش کرد، کە زۆر بەئاسانی چین داگیر بکەن. لە هەمان کاتیشدا ڕێگەی بۆ ئەو هەموو تاوانە زۆرانەی ژاپۆن ئاسان کرد، کە زۆر کاری نامرۆڤانە و قێزەونیان لە دژی گەلی چین ئەنجام دا.

٥– ڕێگەی بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا خۆش کرد، کە بەناوی ئاشتی و نەهێشتنی جەنگەوە، دەست

---

(٨٩) هەمان سەرچاوە.

بخەنە ناو کاروباری ناوخۆی چین. دەرگاش بۆ رۆژئاوا کرایەوە، کە بەمەبەستە نەگریسەکانی خۆیان بگەن.

٦- کەرتبوونی کۆمەڵگەی چین و تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵایەتی. دیارە هەموو جەنگێکی ناوخۆ، کۆمەڵگە بەسەر (ئێمە و ئەوان) دابەش دەکات، کە ئەمەش گەورەترین زللەیە بۆ هەر کۆمەڵگەیەك. هەتاوەکو ئەمڕۆش، کۆمەڵگەی چینی، باجی ئەو دابەشبوونە دەداتەوە.

٧- جیابوونەوەی بەشێکی خاکی چین و، دوورکەوتنەوە لە دایکی وڵات. پاش ئەوەی حکوومەتی کۆمینتانگ لە چین دەرکران، هەموو خۆیان خزاندە دوورگەی تایوانەوە. لەوێوە دەستیان کرد بەدژایەتیکردنی ماوتسیتوونگ و حکوومەتەکەی. Chiang Kai-shek

ساڵی ١٩٤٩ لە تایوان کۆماری چینی ڕاگەیاند. هەتا ساڵی ١٩٧٥، خۆی کرد بەسەرۆکی ئەو کۆمارە(٩٠). هەر ئەم کۆمارەش، بەیەکێك لە کێشە ئاڵۆز و پڕ مەترسییەکانی ئەمڕۆی چین دەژمێردرێت.

٨- ئەم جەنگە بوو بەهۆی دروستبوونی دوو حکوومەتی دیکتاتۆری. یەکێکیان بەسەرۆکایەتیی ماوتسیتوونگ لە پکین، ئەوی تریشیان بەسەرۆکایەتیی Chiang Kai-shek لە تایوان. گەلی چینیش، ئازارو مەینەتییەکی ئێجگار زۆری بەدەست ئەم دوو دیکتاتۆرەوە چەشت.

(90) http://de.wikipedia.org/wiki/ChiangKai-shek.

## سەرچاوەکانی بەشی دووەم


1- www.wikipedia.de.

2-. www.china-club.de/china

3- www.chinaproject.de

4- Hai-Kwang Choi. Die Bedeutung dernichtkommunistischen Arbeiterbewegung in China 1919 -1927. Cuvilier Verlag Göttingen .1995.S.189.

5- Thoralf Klein. Geschichte Chinas. Von 1800bis gegewart.Schöningh verlag. Stuttgart. 2007.

6- www.china-guide.de/china/geschichte

7- Die Fortsetzung der japanischen Invasion in China 1931-1945,von Michael Palomino (2006.www.geschichteinchronologie. ch/as/china/China-03-1931-1945

8- Sabine Dabringhaus.geschichte Chinas. 1279-1949 .Oldenburg Verlag.München.2006

9- www.geschichteinchronologie.de.ch/as/china/

10- Johannes Gutenberg-Universitat Mainz
Department of English and Linguistics
Seminar: Landeskunde Japan II
Leitung: Dr.Marion Gein.

11- www.regis-net.de/krieg/chinjan

12-www.jaduland.de/asia/korea/text/krieg1895.

13- www.artelino.de/articles/japanese-war-prints.asp

14- www.weltchronik.de

١٥- صموئيل.هنتنغون. صدام الحضارات و اعادة بناء النظام العالمي. نقلة الي العربية.د. مالك عبيد ابوشهيوة. / د. محمود محمد خلف. الدار الجماهيرية للنشر والتوزيع.الطبعة الاولي. ١٩٩٩.

16- karl marx Die Geschichte des Opiumhandels Karl Marx/Friedrich Engels - Werke, (Karl) Dietz Verlag, Berlin. Band 12, Berlin/DDR 1961.

17- www. german.cri.cn. Opiumkrieg.

18- www.chinaseite.de.

19- www.jiang-kasten.de.

20- Microsoft,Encarta Professional, 2003.

# بەشی سێیەم

## لە درێژترین مارشی سیاسییەوە بۆ درێژترین مارشی ئابووری

*"ئیمپریالیزم شێرێکی پەڕۆینەیە"*

*ماوتسیتوونگ*

" گرینگ نییە پشیلە ڕەش بێت یان سپی،

گرینگ ئەوەیە مشك بگرێت"

دێنگ خیاپینگ

## سەرەتای دروستبوونی پارتی کۆمۆنیست

مـەگـەر پـارتـی بـەلشەفـی رووسی هـێـندەی پـارتـی کـۆمـۆنیستـی چـیـنـی، تـوانـیـبـێتـی بـەتـەواوی گۆڕانێکی بنەڕەتی لە کۆمەڵگەدا بکات. ئەم پارتە توانی، کۆمەڵگەی چینی لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر بەرێت. یان بەواتایەکی تر، توانی لە جیهانێکەوە بۆ جیهانێکی تر بیانگوێزێتەوە. هەر بۆیە زۆر گرینگە لە مێژووی دروستبوون و گەشەسەندنی ئەم پارتە بزانین. لە هەمان کاتیشدا پێویستە، ئەو هۆکارانە دیاری بکەین، کە بوونە هۆی دروستبوونی ئەم پارتە مەزنە. لەلایەکی تریشەوە، ئەو فاکتەرانە ئاشکرا بکەین، کە بوونە هۆی سەرکەوتن و پێشکەوتنی ئەم پارتە، لە چاو پارتەکانی تردا.

من لێرەدا بەکورتی هەوڵ دەدەم، برێك لەو هۆکارانە بۆ خوێنەری خۆشەویست دەستنیشان بکەم.

## هۆکارەکانی دروستبوونی پارتی کۆمۆنیستی چین

### ١- بزاڤی جووتیاران(١)

بـەحـوکـمـی پـانـوپـۆڕی ڕووبـەری چین و، کـەشوهـەوایـەکـی بـاش بـۆ چـانـدن و گـەشـەپێدانـی کشتوکاڵی، هەمووکاتێك ڕووبەرێکی فراوانی ئەم وڵاتە ڕەنگی سەوز میوانی بووە. لە ناو منداڵدانی ئەم دایکە سەوزەدا، دوو منداڵی دژ بەیەك لەدایك بوون. منداڵێکی (ئاغا و دەرەبەگ)، کە خاوەنی هەموو شتێك بووە و هیچ کاتێکیش خۆی هیلاك نەکردووە، بەڵکە هەمووکاتێك کاری بەزۆرەملێ بەخەڵکی تر کردووە. منداڵێکی تری ئەم دایکە سەوزە، منداڵێکی (هەژارو برسی و جـووتـیـار) بـووە. کـەهـەمـوو کـاتـێك بـەشی هـەر کـارکـردن و مـەینـەتـی و شەق و چەوساندنەوە بووە. مێژووی هەزاران ساڵەی چین، پڕیەتی لە شۆڕش و ڕاپەڕینی جووتیاران لە دژی چینی دەرەبەگ و ئاغاکان. دەتوانین سەرەتای دروستبوونی ئەم دوو توێژە، بۆ سەردەمانی فەرمانڕەواییی Zhou بگەڕێنینەوە. ئەم فەرمانڕەوایە، کە لە ساڵی ٧٢٠ی پێش زاین سەری هەڵدا. بوو بەدایکی ئەم دوو چینە. بەحوکمی ئەوەی سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەسەر بنەمایەکی چەوسانەوە دروست بووبوو، لەبەرئەوە هەموو کاتێك دەنگی شۆڕش و ڕاپەڕین بەبەردەوامی لەم وڵاتە دەزرنگایەوە.

وەلێ بەهێزترین ڕاپەڕینی جووتیاران، ڕاپەرینی Taiping. بەحوکمی گرینگیی ئەم ڕاپەڕینە لە مێژووی چین و، کاریگەری بەسەر پارتی کۆمۆنیستەوە، پێم باشە چەند دێرێکی لەسەر بنووسم.

(1) http://www.china-guide.de/china/geschichte/2c.feudalismus.html.

## راپەڕینی Taiping

جەنگی تلیاك کۆمەڵگەی چینی، تووشی چەندین کێشەی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی کرد. باجە گران و سیاسەتە زۆرە ملێکانی دەوڵەتانی سەرکەوتوو، وای کرد کە فەرمانڕەواییی کینگیش، زۆر بخاتە سەر خەڵکی، بۆ ئەوەی قەرەبووی جەنگەکانی بداتەوە.

هەر ئەم سیاسەتە نامرۆڤییانە وایکرد، کە لە نێوان ساڵانی ١٨٤٢ بۆ ١٨٥٠، زیاتر لە ١٠٠ راپەڕین و خۆپێشاندان، لە شوێنە جیاکانی چیندا ڕوو بدات(٢). هەتا لە کۆتادا ئەم ڕاپەڕینە زۆرانە، توانییان خۆیان لە شۆڕشی مەزنتردا کۆ بکەنەوە.

### ڕابەری جووتیاران و هەژاران Hong Xiuquan (1814 - 1864)

هونگ خویانگ لە خێزانێکی جووتیار و هەژار لە گوندی Huaxian کە دەکەوێتە هەرێمی Guangdong لە دایك بووە. پاش ئەوەی بەهەزار دەردەسەری خوێندن تەواو دەکات، دەگەڕێتەوە بۆ گوندەکەی خۆی. کاتێك دەسەڵاتداران دەیانەوێت بیکەن بە مووچەخۆری دەوڵەت، ڕازی نابێت کار بۆ ئەو حکوومەتە بکات، چونکە حکوومەتێکە خەڵکی دەچەوسێنێتەوە. هەر بۆیە وەکو مامۆستایەکی بەئەمەك، منداڵان فێری خوێندن و نووسین دەکات. دەتوانین بڵێین وەکو دوێشنی پاڵەوانی چیرۆکی (یەکەمین مامۆستا) جەنگیز ئیمتاتۆف، دەیویست لە ڕێگەی فێرکردن و پەروەردەکردنی منداڵانەوە، کۆمەڵگەیەکی نوێ دروست بکات(٣).

ئازار و مەینەتەکانی گەلی چین لە پاش جەنگی تلیاك، تەواو گیانی ئەم مامۆستایەی هەژاند. هەربۆیە لە ساڵی ١٨٤٣ دا کۆمەڵەیەکی سیاسیی نهێنی بەناوی (Bai Shang Di Hui) دروستکرد. کە ئامانجی سەرەکی ئەم ڕێکخراوە، هۆشیاریکردنەوەی جووتیاران بوو لەو زوڵم وزۆرەی کەلە دژیان دەکرێت. لە نێوان ئەو کەسانەی کە پەیوەست بوون بەم ڕێکخراوە نهێنییەوە، هەردوو Hong Rengan (1822 - 1864) Feng Yunshan (ca. 1815 - 1852)

خوێندکاریکە لە پاشان، بوونە داینەمۆی ئەم شوڕشە(٤). لە ماوەی ساڵێکدا توانی زیاتر لە سێ هەزار ئەندام، بێنێتە ناو ڕێکخراوەکەیەوە.

لە ١١ی یانوەری ١٨٥١دا، لە نزیك بەرزاییەکانی Guiping, ی هەرێمی Guangxi لەشکرێکی گەورەی سەربازیی بەناوی (لەشکری ئیمپراتۆریەتی ئاسمانی بۆ ئاشتیی مەزن، Taiping

(2) http://www.china-guide.de/china/geschichte/3q.taiping-Bauernkrieg.html.

(٣) جەنگیز ئیمتاتۆف. یەکەمین مامۆستا. وەرگێڕانی. فایەق سەعید. دەزگای سەردەم. سلێمانی. 2005. چاپی یەکەم.

(4) http://www.china-guide.de/china/geschichte/3q.taiping-Bauernkrieg.html.

Tianguo) دروست کرد[٥]. ئەم لە شکرە کەلە بیست هەزار سەرباز پێکهاتبوو، ڕۆژ بەرۆژیش ئەندامانی زیاتر دەبوون. توانی لە ماوەی ١٤ ساڵدا، زیاتر لە ٦٠٠ شار و شارۆچکە و ١٨ هەرێمی، لە چنگی فەرمانڕەواییی کینگ ڕزگار بکات. جگە لەوەش توانی بۆ یەکەمین جار، شێوازێکی نوێی سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی دابنێ، کە زۆر جیاواز بێت لەو سیستەمانەی، کە بەدرێژاییی هەزاران ساڵ حوکمی خەڵکی چینی دەکرد[٦].

**بەرنامە و ئامانجی تایپینگ**

ئامانجی سەرەکیی ئەم بزاڤە لەناوبردنی فەرمانڕەواییی کینگ بوو. لە هەمان کاتیشدا باشکردنی گوزەرانی جووتیاران و، سازدانی ریفۆرمی زەوی، دابەشکردنی زەوی بەسەر جووتیاراندا. جگە لەوەش بەرەنگاربوونەوە، حوکمی ناسیۆنالیستی فەرمانرەوا مەنشوورییەکان، دژایەتیکردن و بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەرانی بێگانە و، لەناوبردنی ئەو یاسایانەی کە یارمەتیی دەوڵەتانی بیانی دەدات لە چین. لە هەمان کاتیشدا بۆ یەکەمین جار لە مێژووی چین، ژنان شان بەشانی پیاوان هاتنە مەیدان و، چەکی شەرەفی شۆرشیان کردە شان. یەکێك لە بەرنامەکانی ئەم بزاڤە، باشکردنی ژیانی ژنان بوو، هەروەها نەهێشتنی کۆیلەکردن و فرۆشتنی ژنان[٧].

هەر ئەم ڕاپەرینەش بوو کە وای لە فەرمانرەواییی کینگ کرد، کە سیاسەتەکانی بگۆڕێت. ئەوە بوو لە ساڵی ١٨٥٢دا یاسایەکیان بەناوی (یاسای دابەشکردنی زەوی) دارشت. کە ئامانجی باشکردن ژیانی جووتیاران بوو، لە هەمان کاتیشدا، کەمێك زەوییان بەخشییە جووتیاران. جگە لەوەش بازرگانیکردن و کۆیلەکردنی ژنانیان قەدەغە کرد[٨]. دەتوانین ڕاپەرینی تایپینگ و حکوومەتەکەیان، بە سۆسیالیزمی (تۆباوی، خەیاڵی، ئەوروپا) بشووبهێنین. ئەمانیش زۆربەی یاساکانیان، لە شێوەی سۆشیالیزمێکی ئاساییدا دارشتبوو.

**لەناوبردنی تایپینگ**

سەرکەوتنە یەك لە دوایەکەکانی لەشکری تایپینگ، هەموو فەرمانرەواییی کینگی خستە لەرزین. گوند بەگوند، شار بە شار، ئەم فەرمانرەواییییە ڕاو نرا. لێ دوایی توانیان خۆیان کۆ بکەنەوە و دژی ئەم لەشکرە بوەستنەوە و، بەیارمەتیی دەوڵەتانی بێگانە، توانییان ئەم ڕاپەرینە

---

(٥) هەمان سەرچاوە

(٦) هەمان سەرچاوە.

(7) Sabine Dabringhaus.geschichte Chinas. 1279 - 1949 .Oldenburg Verlag.München.2006.S.59.

(8) http://www.china-guide.de/china/geschichte/3q.taiping-Bauernkrieg.html.

لەناو بەرن. زیاتر لە ٢٠ ملیۆن کەس بوونە قوربانیی سەرکوتکردنی ئەم ڕاپەرینە مەزنە(٩). لە ساڵی ١٨٦٤دا.

ڕابەری ئەم بزاڤە Hong Xiuquan بەهۆی نەخۆشیەوە کۆچی دوایی کرد. ئەمەش زللەیەکی باشی لە بزاڤەکە وەشاند و، پاش ئەم کەسێکی تر نەیانتوانی رابەری بزاڤەکە بکات.

لێ بەگشتی ئەم بزاڤە ڕۆڵێکی ئێجگار مەزنی، لە هۆشیارکردنەوەی چینی جووتیاران و زەحمەتکێشانی چیندا بینی. هەر ئەم بزاڤەش بوو، بەهۆی سەرهەڵدانی چەندین بزاڤی سیاسیی تر. دەتوانین ئەم بزاڤە، بە دایکی هەموو ڕاپەڕینە جووتیارەکان دابنێین.

## ٢- چینی کرێکاران

هەروەك چۆن ماسی بەبێ ئاو ناژیت، بەهەمان شێوەش کۆمۆنیستیش بەبێ بوونی چینی کرێکار ناتوانێت بژی. لەگەڵ سەرهەڵدان و گەشەسەندنی چینی کرێکاران، نەمامی بیری کۆمۆنیستیش سەوز دەبێت. هەر بۆیە پێوەندییەکی ئێجگار پتەو لە نێوان چینی کرێکار و بیری کۆمۆنیستیدا هەیە.

## سەرهەڵدان و دروستبوونی چینی کرێکاری چینی

بەپێی ئەو پێناسەیەی کە مارکس و ئەنجلس لە مانیفێستی کۆمۆنیستیدا کردوویانە. کرێکار واتە (ئەو کەسەیە، کە خاوەنی کەرەستەی بەرهەمهێنان نییە، وە هیچ وەسیلەیەکی تری نییە، جگە لەوەی هێزی کاری بفرۆشێت، بۆ ئەوەی بژی(١٠)). بەواتایەکی تر کرێکار زیاتر ئەو کەسانە دەگرێتەوە، کە لە کارگە مۆدێرنەکاندا هێزی کاری خۆیان دەفرۆشن. وەلێ زۆر کەس دژی ئەم بیرەی مارکسن و، پێیان وایە چینی کرێکار، تەنیا کرێکارانی ناو کارگەکان ناگرێتەوە، بەڵکە توێژی تریش هەیە، کە دەکرێت هەمان سیفاتی پێ بدرێت. بەتایبەت لە وڵاتانی جیهانی سێیەم، کە هێشتا نەگەیشتوونەتە قۆناغی پیشەسازی و کەپیتالیزم. چینیش وەکو یەکێك لەو وڵاتانە، زۆر زەحمەتە هەمان بیردۆزی ئەوروپی بەسەردا بسەپێنرێت. لە ئاینی کۆنفۆشیدا، کۆمەڵگە بەسەر چوار چیندا دابەش دەکات.

(چینی خوێندەواران و زانایان. چینی جووتیاران، چینی پیشەوەران، چینی بازرگان). لەگەڵ سەرەتای سەدەی بیستەمدا، چینێکی نوێ لە چین پەیدا بوو، کە لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە زۆر جیاواز بوو لەم چینانەی تر. هەربۆ یە زانای چینی Chu-Fen.lo چینی

---

(9)Thoralf Klein. Geschichte Chinas. Von 1800bis gegewart.Schöningh. Verlag.Stuttgart.2007.S39.

(10) Karl Marx,Manifest der Kommunistischen Partei.:MEW.Bd.

Berlin.1972.S49 .

کرێکاران بە چینی پێنجەم دادەنێت(١١).

هەروەك ماوتسیتوونگیش دەڵێت (لەگەڵ دروستبوونی چینی کەپیتالیزمی چینیدا، چینی کرێکاریش دروست بوو(١٢)). هەر بۆیە ئێمەش پێمان وایە، کە سەرەتای پەیدابوونی چینی کرێکاری چینی بۆ کۆتای سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم دەست پێ دەکات.

## ژمارەی کرێکاران

دیارە دەربارەی ژمارەی چینی کرێکارانی چین، قسە و باسی زۆر هەیە. هۆکارەکەشی ئەوەیە، کە پێناسەی جیاواز بۆ چینی کرێکاران دەکرێت. بۆ نموونە گەر ئێمە بەپێی پێناسەی مارکس سەیری چینی کرێکاران بکەین، واتە تەنیا ئەوانەی لە کارگەکاندا کاریان دەکرد، ئەوا ژمارەیەکمان دەست دەکەوێت. گەر بەپێی پێناسەی ماویش بڕۆین، ئەوا ژمارەیەکی ترمان دەبێت. ساڵی ١٨٧٠ ئەو کرێکارانەی، کە لە کارگە پیشەسازییەکان کاریان دەکرد، ژمارەیان دەگەیشتە نزیکەی ١٠ هەزار. هەتا ساڵی ١٨٩٠ گەیشتە ٩٠ هەزار، کە لە ٧٦،٧٪ یان لە شارەکانی Shanghai,Hankow,Kwangchow دەژیان. ٤٦،٦٪ ی کرێکاران لە شاری شەنگهای دەژیان. لە سەرەتای شۆڕشی ساڵی ١٩١١، ژمارەیان گەیشتە نزیکەی ٦٦٠ هەزار. تا ڕووداوی مای ١٩١٩ ژمارەیان بە دوو ملیۆن دەخەملێنرێت. بۆ ساڵی ١٩٢٧ ژمارەیان دەگاتە نزیکەی سێ ملیۆن. دیارە لەسەر ژمارەی تەواوی کرێکارانی چینی، چەندین ڕاوبۆچوونی جیاواز هەیە(١٣). وەلێ ماو تسیتوونگ پێناسەیەکی تر و ژمارەیەکی تر باس دەکات. ماو دەڵێت "دەربارەی چینی پرۆلیتاریای چینی، ژمارەی ئەو کرێکارانەی کە لە کارگە مۆدێرنەکاندا (مەبەستی کارگەی پیشەسازی) کار دەکەن، ژمارەیان دەگاتە نزیکەی ٣ ملیۆن کەس. دەتوانین و ئەو کەسانەی کە لە شار و شارۆچکەکانیش لای پیشەوەران و دووکان و کارگە بچووکەکان کار دەکەن، یان وەکو (حەماڵ و دەستگێڕ لە شارەکاندا کار دەکەن) بە چینی کرێکار دابنێین. ژمارەی ئەمانە دەگاتە ١٢ ملیۆن کەس. جگە لەوەش بەملیۆنەها کەس لە گوندەکان کار دەکەن خاوەنی پارچە زەوی نین، تەنیا هێزی کاری خۆیان بە خاوەن کێڵگەکان دەفرۆشن، دەبێت ئەوانیش بە کرێکار دابنێین(١٤). بەحوکمی ئەوەی زۆر درەنگ، دەزگای دەوڵەتی و حزبی،

(11) Hai-Kwang Choi. Die Bedeutung der nichtkommunistischen arbeiter Bewegung in China.1919 - 1927. Cuilier Verlag.Göttingen.1995.S35.

(12) Mao Tsetung.Die chinesischen Revolution und die Kommunistischen Partei Chinas. Bd.II. Peking. 1968. S.359.

(13) Hai-Kwang Choi. Die Bedeutung der nichtkommunistischen arbeiter Bewegung in China. 1919 - 1927. Cuilier Verlag.Göttingen.1995.S37.

(14) Mao Tsetung. Die chinesischen Revolution und die Kommunistischen Partei Chinas. Bd.II.Peking. 1968. S.376.

بیریان لەسەرژمێریاری کردووەتەوە، هەر بۆیە زۆر زەحمەتە بەتەواوی ژمارەی کرێکاران دیاری بکرێت. وەلێ ئەمانە هەمووی ڕێژەیەکی نزیك ڕاستیمان پێ دەدەن. بەڵام بەنیسبەت ئەو پێناسە و ژمارەیەی کە ماو تسیتوونگ بۆ چینی کرێکاری کردووە، قسە و بۆچوونی ئێجگار جیاواز لەخۆ دەگرێت، چونکە زۆر کەس ئەو قسانەی ماو بەڕاست دانانێت، چونکە زۆرجار قسەی هەلەق و مەلەقی زۆری بەناوی فەلسەفە فرۆشتووەتەوە. لە بەشەکانی تردا بە درێژی باسی لێوە دەکەم.

## کاری منداڵان و ژنان

بەحوکمی ئەوەی سیستەمی سەرمایەداری هەموو کاتێك چاوی لە زۆرترین قازانجە، هەر بۆیە هەموو کاتێك شەڕی کەمترین کرێ و زۆرترین کاتی کار، لەگەڵ کرێکاران دەکات. ژنان و منداڵانیش، هەموو کاتێك باشترین نێچیری سەرمایەداری بوون. چونکە هەموو کاتێك بەکەمترین کرێ و زۆرترین کات، کاریان پێ کردوون. چینیش وەکو هەموو گەلێکی سەر ئەم زەویە، کە پەتای سەرمایەداریی تێیدا بڵاو بووەوە، ژنان و منداڵانی تووشی نەخۆشی و کاری تاقەت پرووکێنی سەرمایەداری کرد. دیارە لە سەدەی نۆزدەمدا کاری ژنان و منداڵان لە جیهانی سەرمایەداری باوی بوو، بەتایبەت لە ئینگلتەرای دایکی سەرمایەداری. هەروەك ئەنجلس دەڵێت:

(منداڵانی تەمەن ٨ ساڵ، رۆژانە ١٢ سەعات کاریان پێ دەکردن. ژنان و منداڵان، لە کارگەکانی ئاسن و پۆڵا و خەڵووزدا، کاریان دەکرد. لەساڵی ١٨٤١ دا شەش هەزار ژن لە کانەکانی خەڵووزدا کاریان دەکرد. هەمووشیان لە خراپترین باری تەندروستی و ژیانیدا، کاریان دەکرد(١٥)).

جا گەر ئەمە وەزعی کرێکاری ئینگلیزی بووبێت، دەبێت حاڵی وڵاتێکی پاشکەوتووی وەکو چین چۆن بووبێت. هیچ کەسێك هێندەی نووسەری مەزنی فەرەنسی، ئەمیل زۆلا، زۆر بەجوانی وەسفی ژیانی کرێکارانی کانەکانی خەڵووزی نەکردووە. کاتێك کە ڕۆمانی جێرمینالم خوێندەوە، هەموو دێرێك، وشە بەوشە، خستمیە حاڵەتێکی گریانێکی ئێجگار زۆرەوە. پیاو هەتا ئەو رۆمانە نەخوێنێتەوە، لە درندەیی سیستەمی سەرمایەداری تێ ناگات. ئا لەو ڕۆمانەدا، زۆر بەجوانی وەسفی کاری ژنان و منداڵان لە کانە خەڵووزەکان دەکات. بەهەرحاڵ با بێینەوە سەر وڵاتە کۆنەکەی خۆمان. دیارە ئا لەو سەردەمەدا، ژنان هەم بۆ باشکردنی ژیانی خۆیان و خێزانەکانیان، هەم بۆ ڕزگاربوونیشیان لە قەفەزی ماڵەوە ناچاری کاری قورسی کارگەکان بوون. لە نێوان ساڵانی ١٩١٩ بۆ ١٩٢٠، ژمارەی کرێکارانی ژنان و منداڵان، دەگەیشتە نزیکەی

(15) Friedrich Engles, die Lage der arbeitenden Klasse in England. München. 1973. S365.

٢١٧,١٠٥ هەزار. کە ڕێژەی ٣٣,٢٪ هەموو کرێکارانی دەکرد[١٦]. دیارە ئەم ڕێژەیەش، لە هەرێمێکەوە بۆ هەرێمێکی تر دەگۆڕا. بۆنموونە لە هەرێمی Liagoning ڕێژەی ٠،٣ ٪ بوو، بەڵام لە هەرێمی Kirin ڕێژەی ٢،٣ پێك دەهێنا. دیارە ژنان و منداڵان لە خراپترین هەلومەرجی کاردا، ژیانیان بەسەر دەبرد. کەمترین کرێ و زۆرترین کات، ١٢ سەعات زۆرجار ١٤ سەعاتیش کاریان پێ دەکردن. لە کارگەکانی ئاسن و کانە خەڵووزییەکان و، کارگەکانی تردا، کاری قورس و تاقەت پرووکێنیان بە ژنان و منداڵان دەکرد.

## بار و گوزەرانی ژیانی کرێکاران

دیارە کرێکارانی چین لە ڕووی گوزەرانەوە، ژیانێکی پڕ لە کوولەمەرگی و هەژاری دەژیان. ژیانێك کە بەهیچ شێوەیەك بۆنی ژیانی مرۆڤی لێ نەدەهات. بەداخەوە هەتاوەکو ئەمڕۆش، بەشێکی زۆری کرێکارانی چین بەم شێوەیە ژیان بەسەردەبەن.

## سەعاتی کار

لە ساڵی ١٩٢٣دا حکوومەت یاسایەکی لەسەر سەعاتی کاری کرێکاران دەرکرد. بەپێی ئەو یاسایە، ١٠ سەعات کات لە ڕۆژێکدا بۆ گەورەکان و ٨ سەعات کاتیش بۆ منداڵەکان دانا. لە ساڵی ١٩٢٩دا بۆ یەکەم جار حکوومەتی چینی بەفەرمی، سەعاتی کاری بۆ ٨ سەعات لە ڕۆژێکدا دانا[١٧]. بەڵام ئەم یاسایە تەنیا، ڕەنگێکی وشك بوو، لەسەر کاغەزێکی ڕۆتینیی دەوڵەت. دەنا لە ژیانی ڕەنگینی سەرمایەداریدا، سەعاتی کاری خاوەن کار دەیخوارد. لە زۆربەی کارگەکاندا، ڕۆژانە ١٥ سەعات کاریان بە کرێکاران دەکرد.

## ڕۆژی پشوو

هەتا ساڵی ١٩١٢، لە چین کار بە ڕۆژمێری چینی دەکرا. ڕۆژانی هەینی یان پشوو لە ناو هەفتەدا نەبوو، تەنیا سێ ڕۆژ لە ساڵێکدا پشووی فەرمی بوو. لێ پاش شۆڕشی کۆماری، کار بە ڕۆژمێری ئەورووپی کرا. ساڵی ١٩٢٤ڕۆژانی پشووی لە ساڵێکدا گەیشتە١٠ ڕۆژ لە بەشێکی کەمی کارگەکانیشدا مانگانە پشوو دەدرا بە کرێکار.

دیارە ئەمەش لە کارگەیەکەوە بۆ کارگەیەکی تر دەگۆڕا. بەپێی ڕاپۆرتێك دەڵێت لە ساڵی ١٩٢٤ لە ژمارەی ١٤٣ کارگەدا، لە مانگێکدا تەنیا یەك ڕۆژ پشوو دراوە بە کرێکارەکان. لە ١٠٢ کارگەی تردا، لە مانگێکدا تەنیا ٢ ڕۆژ پشوو هەبووە[١٨]. جگە لەوەش ڕۆژانە بۆ ماوەی ١٢ تا

(16) Hai-Kwang Choi.Die Bedeutung der nichtkommunistischen arbeiter Bewegung in China. 1919 - 1927. Cuilier Verlag.Göttingen.1995.S40.

(١٧) هەمان سەرچاوە.. لاپەڕە ٤١.

(١٨) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٤٤.

١٥ سەعات كاریان بەكرێكاران دەكرد لە زۆربەی كارگەكان چارەكێك پشوویان دەدا بە كرێكارەكان(١٩).

### باری تەندروستی و كارەسات و ڕووداو لەسەر كار

كرێكاران بە گشتی و ژنان و منداڵان بەتایبەتی، لە ژێر بارێكی ئێجگار ترسناك و ناتەندروستیدا كاریان دەكرد. بەتایبەت لە كانەكانی خەڵووز و ئاسندا. كە بەشی زۆری كرێكاران، تووشی چەندین نەخۆشیی ترسناك بووبوون. هیچ كاتێكیش خاوەن كارەكان، گوێیان لە نەخۆشیی و سەقەتبوون یان بریندار بوونی كرێكاران نەبوو. لە ساڵی ١٨٤٤دا زیاتر لە ١٤٠٠ كرێكار لەسەر كار بەڕووداوی جۆراوجۆر مردن. لە نێوان ساڵانی ١٩٠٧ تا ١٩٤٥دا، زیاتر لە ٢٧١٣٥٠ هەزار كرێكار لە كانەكانی خەڵووزدا مردن(٢٠).

ئەمەش ڕێژەیەكی ئێجگار زۆرە. وەلێ هیچ كاتێك خاوەن كارەكان، گوێیان لە مردن و نەخۆش كەوتنی كرێكاران نەبوو. ئەوان هەروەك چۆن سەیری مەكینە و ئاژەڵەكانی بارهەڵگر دەكرد، ئا بەو شێوەیەش سەیری ئەو كرێكارانەیان دەكرد. بۆ زانیاریی زیاتر سەیری ئەم نەخشەیە بكە، كە ڕێژەی برینداربوون و مردن، لە نێوان ساڵانی ١٩٠٧ تا ساڵی ١٩٢٣دا دەردەخات.

| ساڵ | ڕووداوی ناخۆش | ژمارەی مردن | ژمارەی بریندار |
|---|---|---|---|
| Jahr | Anzahl der Unfalle | Anzahl der Todesopfer | Anzahl der |
| 1907 | 125 | 14 | 127 |
| 1908 | 103 | 209 | |
| 1909 | 356 | 28 | 415 |
| 1910 | 570 | 1 | 518 |
| 1911 | 1 901 | 10 | 1 093 |
| 1912 | 1 685 | 10 | 1 679 |
| 1913 | 2 749 | 33 | 3 027 |
| 1914 | 3 338 | 37 | 3 443 |
| 1915 | 3 440 | 29 | 3 708 |
| 1916 | 3 809 | 1 124 | 4 155 |
| 1917 | 3 507 | 75 | 3 809 |
| 1918 | 4 130 | 71 | 4 627 |
| 1919 | 4 724 | 50 | 4 750 |
| 1920 | 5 003 | | |
| 1921 (46) | unbekannt | | |
| 1922 | 5 189 | | |
| 1923 | 7 524 | | |

نەخشەی مردن و برینداربوون و ڕووداو لە كاتی كاركردندا

(١٩) هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٤٣.

(٢٠) هەمان سەرچاوە. لاپەڕە٥١.

## کرێی کرێکاران

ئەو کرێیەی کە درا بەکرێکارێکی چینی، نەك نەیدەتوانی ژیانێکی هەژارانە پێی بژی، بەڵکە بەو پارە کەمە نەیدەتوانی ژیانێکی کوولەمەرگیش بژی. کرێی کرێکاری چینی هەتاوەکو ئەمڕۆش، کەمترین کرێی جیهانە. هەر بۆیە سەرمایەداری جیهانی هەڵپەیەتی بۆ ئەم قەسابخەی کرێکارانە. لە ساڵی ١٩١٢دا کرێکارێکی چینی بۆ سەعاتێك کار، ٢ سەنتی چینی وەردەگرت. کە ئەمەش لە چاو کرێکارانی تری جیهاندا، هەر زۆر کەم بووە. بۆ نموونە کرێکارێکی ئەمەریکی ٣٣،٥٢، فەرەنسییەك ١٩،٣٠، ئەڵمانییەك ١٥،٩٤، بەلجیکییەك ١٠،٩٨ سەنتی چینی وەردەگرت. ٧٣٪ی خێزانەکانی چین، رۆژانە بە کەمتر لە یەك دۆلار دەژیان[٢١]. بەداخەوە پاش شۆڕش و هاتنە سەرکاری کۆمۆنیستەکانیش، هەر وەزعی کرێکاران بەمجۆرە مایەوە.

### ٣- مانگرتنە کرێکارییەکان

لەگەڵ پەیدابوونی مەکینەوە، کۆچی مەکینەی ئەوروپی بۆ وڵاتی چین، کرێکارانی چینیش دەستیان کرد بە مانگرتن. لە ساڵی ١٨٢١دا، بۆ یەکەمین جار لە دژی مەکینە کرێکاران مانیان گرت. دیارە لە زۆربەی کاتەکاندا کرێکاران نەك تەنیا بۆ بەرژەوەندیی خۆیان، بەڵکە لەبەر بەرژەوەندیی نەتەوەیی و دژایەتیی داگیرکەریش مانیان دەگرت، بۆ نموونە ساڵی ١٨٥٨ زیاتر لە بیست هەزار کرێکار لە هۆنگ کۆنگ دژی داگیرکردنی هەرێمی کانتۆن و هۆنگ کۆنگ، خۆپیشاندان و مانگرتنێکی گەورەیان ساز دا. وەلێ بەگشتی بۆ باشکردنی باری ژیان و بەرزکردنەوەی کرێی رۆژانە، مانگرتن ساز دەکرا. لە نێوان ساڵانی ١٨٧٠ بۆ ١٨٩٥، زیاتر لە ١٦ مانگرتنی کرێکاری ڕووی دا. لە ساڵی ١٨٩٦ تا١٩٠٤، نزیکەی ٣٦ مانگرتن، لە ١٩٠٥ تا ١٩١١، ٥٥ جار، لە ساڵانی ١٩١٢ بۆ ١٩١٣، ٢٤ جار، لە نێوان ساڵانی ١٩١٤ تا ١٩١٨، ٨٢. لە ساڵانی ١٩١٨ تا ١٩٢٥، ٦٤٠ جار، کرێکاران مانیان گرتووە[٢٢].

دیارە لە زۆربەی مانگرتن و خۆپێشاندانەکاندا، کوشتار و کۆکوژی و برینداربوون ڕووی دەدا. پۆلیس بەدڕندەترین شێوە، سەرکوتی ئەم خۆپێشاندانەی دەکرد، بەتایبەت خۆپیشاندانەکانی ٧ی فێبرایەری ١٩٢٣. مای ١٩٢٥، ١٢ ئاپریلی ١٩٢٧، کە بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە، کۆمەڵکوژییەکی ئێجگار قێزەونیان بۆ کرێکاران ساز دا. دیارە ئەمانەش، هەموو لە بەرچاوی کاڵی سەرمایەدارە چاوچنۆکەکانی چینی و بیانی بوو[٢٣].

(٢١) هەمان سەرچاوە. لاپەرە. ٤٧.

(٢٢) هەمان سەرچاوە. لاپەرە ٦٦.

(23) http://www.china-guide.de/china/geschichte/4b-bue-rgerkrieg.html.

### ٤- سەندیکای کرێکاری

ڕێکخراوی پیشەیی مێژوویەکی کۆنی هەیە. دیارە پێش ئەوەی ڕێکخراوی کرێکاری یان جووتیاری دروست بێت، چەندین کۆمەڵەی پیشەیی هەبوون. بۆ نموونە هەر لە سەردەمی فەرمانرەوایی Ching چەندین کۆمەڵەی پیشەیی هەبوون، لەوانە (Shougongbang,Jiqigongrebang,Difangbang). هەر یەکێك لەمانە نوێنەری چین و توێژێك بوون. بەرگرییان لە بەرژەوەندی ئەو خەڵکانە دەکرد، کە ئەندامیان بوون.

gnabgnoguohS، کە زیاتر لە خەڵکی پیشەوەرانی ناو شار پێکهاتبوو. ئەوەی جێگەی سەرنجە، چ کرێکاران و چ خاوەن پیشەکان ئەندامی ئەم ڕێکخراوە بوون. پاشان ئەم سێ ڕێکخراوە یەکیان گرت و ڕێکخراوی Hanghui دروست کرد. وەلێ یەکەمین ڕێکخراو کە لە شێوەی سەندیکای کرێکاری، لە ساڵی ١٨٥١ تا ١٨٦١) لە هەرێمی کانتۆن، بەناوی (سەندیکای پیشەسازی پاکەتکراو) دروست بوو. پاشانیش لە ١٩٠٦دا، (یانەی کرێکارانی پۆست) هەر لە کانتۆن دروست کرا. لە ساڵی ١٩٠٩ لە Shamian ئەو کرێکارانەی، کە لە کارگەی بێگانەکان کاریان دەکرد، سەندیکایەکیان دروست کرد. لە ساڵی ١٩١٢ کرێکاران توانییان ڕێکخراوێکی بەهێزی سەرتاسەر بەناوی (یانەی یەکێتی و هاوکاریی کرێکاران) دروست بکەن. لە ساڵی ١٩١٦ کرێکاران لە شاری شەنگهای سەندیکایەکی کرێکاری بەهێزیان دروست کرد، کە زیاتر لەلایەن پارتی کۆمینتانگەوە یارمەتی دەدرا و، پێڕەوی سیاسەتەکانی ئەویان دەکرد(٢٤).

بەگشتی ئەم ڕێکخراوانە لە هەرێمەکانی کانتۆن و شەنگهای دروست بوون. ئەویش بەحوکمی پەیدابوونی چینێکی سەرمایەداری چینی و بیانی. لە هەمان کاتیشدا بەشێکی زۆری پیشەسازیی مۆدێرنی چینی، دەکەوتە ئەم ناوچانەوە. وەلێ بەگشتی لەگەڵ سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، بزاڤی سەندیکالیزمی پەرەی سەند و، بزاڤی کرێکاران ڕووی لە بەهێزبوون کرد. وەلێ بەهاتنی حوکمی دیکتاتۆری سەربازی، ڕۆژ بەڕۆژ هێزی ئەم ڕێکخراوانە بەرەو لاوازی چوو.

### ٥- پارت و ڕێکخراوی سیاسیی کرێکاران

لە ساڵی ١٩١١ (پارتی کرێکارانی کۆماری چین) دروست بوو(٢٥). لە ساڵی ١٩١٢دا، لە ١٤ هەرێمدا، زیاتر لە ٢٠٠ هەزار ئەندامی هەبوو. ئەم پارتە پێوەندییەکی ئێجگار بەهێزیان لەگەڵ پارتی کۆمینتانگدا هەبوو. زۆرجار پێکەوە کاریان دەکرد. ئەم پارتە بەرنامەیەکی نیمچە

(24) Hai-Kwang Choi. Die Bedeutung der nichtkommunistischen arbeiter. Bewegung in China.1919 -1927. Cuilier Verlag.Göttingen.1995.S64-65.

(٢٥) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٦٩, ٧٠.

سۆسیالیزمیان هەبوو. لە هەمان کاتیشدا لە ڕووی داراییەوە، یارمەتیی کرێکاران و دەستکورت و پیرەکانیان دەدا. وەلێ لە هاوینی ساڵی ١٩١٣، حکوومەتی iYuan Shika توانی سەرۆکی ئەم پارتە Hsü Chiwen بگرێت. پاشانیش لەسێدارەیان دا. بەمەش کار و چالاکیی ئەم پارتە لاواز بوو. لە ساڵی ١٩١٦دا، دیسانەوە پارتی کرێکارن دروست کرایەوە، کە لەلایەن پارتی کرێکارانی ئەمەریکاوە یارمەتی دەدرا(٢٦). لە ساڵی ١٩١٢دا لە هەرێمی Tangshan، پارتی کرێکارانی تانگسهان دروست بوو(٢٧).

ئەم پارتە لە هەرێمەکانی باکوری چین بەهێز بوو. دەبێت ئەوەش بڵێم ئەم پارتە، پێوەندییەکی ئێجگار بەهێزی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کۆماری چین هەبوو. لە زۆر کێشە و ڕووداوەکاندا، پێکەوە کاری هاوبەشیان دەکرد. لە ساڵی ١٩١٨ خوێندکارانی زانکۆی پکین، ڕێکخراوێکیان بە ناوی (A Save-the Country Movement) دروست کرد.

ئەم ڕێکخراوە زیاتر لە دژی دەوڵەتانی بێگانە دروست کرابوو، کە دەستیان خستبووە، ناو هەموو کاروبارێکی وڵاتی چینەوە. لە هەمان کاتیشدا دژی، جەنەراڵەکانی جەنگ و حکوومەتی عەسکەرتاری بوو.

دەبێت ئەوەش بڵێم، کە ئەم ڕێکخراوانە، توانییان چەندین کادیری بەتوانای، چەپ و کرێکاری دروست بکەن، کە پاشان هەموویان چوونە ناو پارتی کۆمۆنیستی چینەوە.

**٦- بڵاوبوونەوەی بیری کۆمۆنیستی**

ماوتسیتوونگ دەڵێت : (چینییەکان لە ڕێگەی ڕووسەکانەوە بە بیری مارکسی ئاشنا بوون. چونکە پێش شۆرشی ڕووسی، خەڵکی نەك لینین و ستالینیان نەدەناسی، بەڵکە مارکس و ئەنجلسیشان نەدەناسی. شۆرشی ڕووسی بیری مارکسی و لینی فێر کردین(٢٨)).

هەر بۆیە زۆربەی شارەزایانی بواری چینناسی، لەو باوەڕەدان کە شۆڕشی ڕووسی، وزەیەکی زۆری بە بیری کۆمۆنیستی لە وڵاتی چین داوە. دیارە جگە لە شۆڕشی ڕووسیش، ڕووداوەکانی مای ١٩١٩ گڕ و تینێکی نوێی بە بیری کۆمۆنیستی بەخشی.

لە هەمان کاتیشدا پێش شۆڕشی ڕووسیش، بەشێك لە چینی ڕۆشنبیر و خوێندکارانی چینی، ئاگاداری ئەم بیرە بوون، بەتایبەت ئەوانەی کە لە ئەوروپا یان ژاپۆن دەیانخوێند. جگە لەوەش شۆرشی چینی لە دژی ڕژێمی پاشایەتی و، دروستبوونی کۆماری چین، هێندەی تر بەنزینی بە ئاگری سووری کۆمۆنیستدا کرد. چونکە بیری ئازادیخوازی و دژایەتیی ئیمپریالیست، بوونە باسێکی ڕۆژانەی خەڵکی. لە هەمان کاتیشدا، دەرگا داخراوەکانی چینیش، کەمێك کرانەوە،

(٢٦) هەمان سەرچاوە.

(٢٧) هەمان سەرچاوە.

(28) Mao tse-tung, Über die demokratische Diktatur des Volkes,Bd.IV.Peking. 1969. S.440.

ئەمەش ڕێگەی بۆ هاتنە ژوورەی بیری نوێ خۆش کرد.

### ٧- یەکەمین پارتی سۆسیالیستی چینی

لە ٣ی دیسەمبەری ١٩١١ Chiang Kang -hu لە شاری Hankow پارتی سۆسیالیستی چینی دروست کـرد(٢٩). لـــە سەرەتـــاوە Chiang Kang- hu لـە شەنگـهـای کۆواری (ئەستیرەی سۆسیالیستی) دەردەکرد. پاشان لە ١٠ی مای ١٩١١، یانەی سۆسیالیستی دروست کرد، کە ٥٠ ئەندامی هەبوو. لێ پاشان توانی بەهەوڵی چەند کەسێکی تر، پارتی سۆسیالیستی دروست بکات. ئەم پارتە لە ٤٠٠ ناوچەی چیندا، کۆمیتە و ڕێکخراوی هەبوو. لە ماوەیەکی ئێجگار کورتدا، توانی زیاتر لە ٥٠٠ هەزار ئەندامی هەبێت. لێ پاشان بەحکومی بوونی ڕژێمی عەسکەرتاری و ڕوانانیان لەلایەن حوکمەتی سەربازییەوە، چالاکییان لاواز بوو. ساڵی ١٩١٣، لەلایەن حکوومەتی Yuan Shikai ئەم پارتە بەرەسمی داخرا و لەناوبرا. ئەم پارتە زیاتر لە بیری سۆسیال دیمۆکراتەوە نزیك بوو تا بیری کۆمۆنیستی، ئەمان باوەڕیان بە بوونی موڵکداری تایبەتی دەکرد، لە هەمان کاتیشدا داوای بوونی سیستەمێکی سۆسیالیان دەکرد، داوای یارمەتیدانی خەڵکی هەژار و دەستکورتییان و باشکردنی وەزعی گوزەران و ژیانی کرێکارانیان دەکرد. وەلێ دژی بیری توندوتیژی و، دژی بیری شۆڕشگێڕی و، دژی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا بوون(٣٠). دەبێت ئەوەش بڵێم، کە Chiang Kang-hu زیاتر لە بیری ئانارشییەوە نزیك بوو. لە ساڵی ١٩٠٣ لە ژاپۆن دەیخوێند، هەر لەوێوە ئاشنایەتیی لەگەڵ بیری ئانارشی پەیدا کرد. وەلێ نزیکی و دۆستایەتیی باشی لەگەڵ کۆمۆنیستەکان هەبوو. بەتایبەت لەگەڵ LiTa-chao. Chang Kuo-tao زۆر برادەری بوون.

### ٨- پارتی ئانارشی (فەوزەوییەکان)

بیری ئانارشی ڕەگی کۆنتری لە بیری کۆمۆنیستی هەیە. فەیلەسووفی چینی Laotze کە لە ٦٠٤ی پێش زاین ژیاوە. لە دەقەکانیدا دژی حکوومەتی عەسکەرتاری و پرچەککردن بوو. دژی هێزی حکومی بووە. دژی جەنگ و توندڕەوی بووە. Laotze پێی وا بوو کە خۆشگوزەرانی خەڵکی، لە بوونی حکوومەتێکی تەمەڵدا دەبێت نەك لە بوونی حکوومەتێکی ئەکتیڤدا. لە هەمان کاتدا داوای کۆمەڵگەیەکی برایەتی و هاوکاریی دەکرد، دژی ڕق و کینەی کۆمەڵایەتی بوو. زیاتر داوای کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیزمی سەرەتایی دەکرد. ئەم فەیلەسووفەش ڕێگەخۆشکەر بوو، بۆ ئەوەی کە بیری ئانارشی بەگەلی چین نامۆ نەبێت. لە ٢٢ی یولی ١٩٠٧ کۆمەڵێك خوێندکار کە لە پاریس دەیانخوێند، کۆوارێکیان بەناوی (سەدەی نوێ) دەردەکرد. هەر ئەمانیش

(29) Hai-Kwang Choi. Die Bedeutung der nichtkommunistischen arbeiter. Bewegung in China.1919 -1927. Cuilier Verlag.Göttingen.1995.S84.

(٣٠) هەمان سەرچاوە.

توانییان گرووپێکی سیاسی دروست بکەن، کە پێکهاتبوون لە (Chi-hui.Lo shih-tseng.chang Ching.chu Min-i) ئەمانە بەشێکی زۆری بەرهەمەکانی بیرمەندی گەورەی رووسی (باکۆنین)یان بۆ چینی وەرگێرا. بیری ئانارشی لەسەر دەستی ئەمان بڵاو بووبووەوە(٣٢). هەروەها لە مای ١٩١٢ لە شاری کانتۆن Liu Shifu گرووپێکی سیاسی ئانارشی دروست کرد. ئەم گرووپە زیاتر لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی باشووری چیندا ئەکتیڤ بوون. لە ئۆکتۆبەری ١٩١٢ لەگەڵ باڵی چەپی پارتی سۆسیالیست، توانییان پارتێکی ئانارشیستێکی سۆسیالیستی دروست بکەن. ئانارشیستەکان لە شارەکانی شەنگهای و کانتۆن بەهێز بوون.

لە مای ١٩٢١ لە شاری کانتۆن، گەورەترین خۆپێشاندانیان ساز کرد زیاتر لە چل هەزار کەس بەشداریی تێدا کرد(٣٣). وەلێ ئەمانیش لەگەڵ هاتنی حکوومەتی دیکتاتۆری Yuan Shikai چالاکییان لاواز بوو.

### ٩- هەژاری و دەوڵەمەندی لە کۆمەڵگەی چینیدا

کۆمەڵگەی چینی وەکو هەموو کۆمەڵگەکانی جیهانی ئەو سەردەمە، بەسەر دوو چینی ئێجگار دژ بەیەکدا دابەش کرابوو. چینێکی کەمینە خاوەنی هەموو شتێك بوو، سامان و داهاتێکی زۆری بوو، لەخۆشترین پلەی ژیاندا گوزەران دەکات. چینێکی زۆرینەش، کە خاوەنی هیچ شتێك نەبوو، هەرچی پێی بڵێیت سامان نییەتی. لە خراپترین پلەی ژیاندا گوزەران دەکات. جێگەی وەبیرهێنانەوەیە، ئەمڕۆش چ چین، چ جیهان خۆی لە هەمان حاڵەتی سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا دەبینێت، کۆمەڵگەکان بەسەر دوو چینی دژ بەیەکدا دابەش بوون، چینێکی کەمینەی دەوڵەمەند، چینێکی زۆرینەی هەژار. لە ناوەڕاستی سەدەی نوزدەمدا، چینێکی بۆرجوازی چینی لەشارەکان دروست بوو. ئەم چینە خاوەنی ١١٣ کارگەی پیشەسازی بوون. ئەم ڕێژەیە ڕۆژ بەڕۆژ زیادی کرد. لە ساڵی ١٩١٣دا نزیکەی ٢١,٧١٣ هەزار کارگە هەبوون(٣٤). دیارە بەشێکی زۆری ئەم کارگانە، موڵکی مەسئوولە عەسکەرییەکان بوون. واتە چینی بۆرجوازی چینی، بۆرجوازییەکی بیرۆکراتی سیاسی بووە. مەسئوولە عەسکەرییەکان لە ڕێگەی بازرگانی و کارگەکانەوە، خۆیان دەوڵەمەند کردبوو. ئەم شێوازەش وەکو شێوازێکی سیستەمی فاشیی ئیتاڵی ونازی ئەڵمانیایە. یان دەتوانین، بە مەسئوولەکانی خۆمانی بشووبهێنن.

بەڵام کێشەی سەرەکیی چین، بوونی چینێکی هەژاری جووتیاری گوند بوو. ئەم چینە زیاتر لە ٨٠٪ی کۆمەڵگەی چینیان پێك دەهێنا. هەر ئەم چینەش بوونە سووتەمەنیی شۆڕشی چینی

(٣٢) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٩٢
(٣٣) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٩٦.
(٣٤) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە٣٠.

و بوونە بەنزینی سەیارەی پارتی کۆمۆنیستی. ئەم چینە بێ دەرامەترین و هەژارترین خەڵکی چین بوون. لە بەرامبەردا چینێکی دەرەبەگ و ملهووڕی خاوەن زەویوزاری چینی هەبوون. هەموو کاتێك دەرەبەگ و ئاغاکانی چین، بێ مۆراڵترین و دڕندەترین چینی دەرەبەگی جیهان بوون. مەگەر چینی دەرەبەگی ئەوروپی و تورکی، وەکو دەرەبەگی چینی بووبێت. باشترین زەویی کشتوکاڵی، لەلایەن چینی دەرەبەگی چینییەوە داگیر کرابوو. ئەم چینەش ڕۆژ بەڕۆژ دەوڵەمەندتر دەبوو. لەساڵی ١٩١٧ئەم چینە خاوەنی لە ٥،٣٦٪ زەویی کشتوکاڵی بوو. لە ساڵی ١٩١٨ گەیشتە ٤٠،٨ ٪. بەڵام ١٩١٩ گەیشتە سەروو نیوەی زەویی کشتوکاڵی[٣٥]. دەتوانین بڵێین چەند خێزانێکی دەرەبەگ، بەشێکی زۆری زەویی کشتوکاڵییان بۆ خۆیان قۆرخ کردبوو. بۆنموونە ساڵی ١٩١٩ نزیکەی ١١٤ خێزانی دەرەبەگ خاوەنی زیاتر لە ١٠٠ Mou[*] بوون. (بۆ زانیاریی زیاتر سەیری ئەو نەخشەیە بکە، کە بە ڕوونی باری دەرەبەگ و جووتیارانی دەرخستووە.) هەر ئەم وەزعە ناخۆشەی جووتیارانیش، بوو بەهۆی پەیوەستبوونی بەشێکی زۆری جووتیاران، بەپارتی کۆمۆنیستی چینییەوە. خەڵکی خاوەنی هیچ نەبوو، ئیتر ئاسان بوو خۆیان بۆ خەونێکی خۆش بدەن بەکوشت. زۆرجار لای خەڵکی هەژار هیوایەکی درۆینە باشترە، تا ژیانێکی کوولەمەرگی. پارتی کۆمۆنیستیش زۆر باش ئەم هەلەی بۆخۆیان قۆستەوە.

### ١٠- بوونی داگیرکەری بێگانە

یەکێك لە هۆکارەکانی تری دروستبوونی پارتی کۆمۆنیستی چینی، بوونی هێزی بێگانە و، دەستێوەردانی دەوڵەتانی بێگانە لە کاروباری ناوخۆی چین بوو. جگە لەوەش لە سەدەکانی هەژدەوە تا ناوەراستی سەدەی بیستەم، چین بەدەستی دەوڵەتانی بێگانە گیری خواردبوو. وڵاتانی ئیمپریالیست، وەکو گورگێکی برسی، هەموو کات خۆیان بۆ نێچیری چین مەڵاس دابوو. کۆمۆنیستەکانیش هەموو کاتێك دژایەتیکردنی ئیمپریالیست، بەیەکێك لە کارە سەرەکییەکانیان دادەنا. لە هەمان کاتیشدا پەلاماری ژاپۆنییەکان و، داگیرکردن و تاڵانکردن و کۆمەڵکوژییەکانیان، هێندەی تر خەڵکی چینی بۆلای کۆمۆنیستەکان ڕاکێشا. چونکە چەتەگەری و دڕندەیی ژاپۆنییەکان هێندە قێزەون بوو، کە وای کردبوو هەموو چینییەکان بەدوای هێزێکی نیشتمانیی بەهێزدا بگەڕێن. ئەمانیش خۆیان کردە پاڵەوانی مەیدان و، بەناوی دژایەتیی هێزی داگیرکەری ژاپۆنییەوە، توانییان خەڵکێکی زۆر لە خۆیان کۆ بکەنەوە.

### ١١- ئاینی کۆنفۆشی و بوزی

بەپێچەوانەی ئاینی مەسیحی و ئیسلامەوە، نزیکایەتییەکی ئێجگار زۆر نزیك لە نێوان ئاینی

---

(٣٥) هەمان سەرچاوە ٢٢.

(*) Mou .. ڕێژەیەکی چینییە، زەویی پێ حسێب دەکرێت. هەر 614 Mou کیلۆمەتر چوارگۆشەیە.

کۆنفۆشی و بوژی لەگەڵ بیری کۆمۆنیستدا هەیە. ئاینی کۆنفۆشی باسی مافی خاوەنداریەتیی زەوی بۆ جووتیاران دەکات، زۆر دژی چینی بازرگان بوو. بەتایبەت لە دەستووری سەردەمی فەرمانڕەواییی Han، ڕێگریی لە کاری بازرگانی دەکرد(٣٦). هەروەها پادشا و ئیمپراتۆرەکانی چین، دژی کاری بازرگانی بوون، وەکو پادشاکانی ئەوروپا نەبوون. لە هەمان کاتیشدا ئاینی کۆنفۆشی، زۆر گرینگیی بە بیری هاوبەشی و هاوکاری کۆمەڵی دەدات، زۆر داکۆکی لە خێزان و پێکەوە ژیانی کۆمەڵگە دەکات. بەهەمان شێوەش ئاینی بوژی، دژی سەروەت و سامان، ژیانی مەسرەفگەراییە. لە هەمان کاتیشدا داوای دوورەپەرێزی لە ژیان دەکات. دژی جەنگ و کوشتارە، داوای ئاشتی و برایەتی دەکات.

وەلێ خاڵی گرینگ ئەوەیە، کە چ ئاینی کۆنفۆشی یان ئاینی بوژی، ئاینێکی خواپەرستی نەبوون و باوەڕیان بە بیری خوا نییە. ئەمەش باشترین خزمەتی کۆمۆنیستەکانی چینی کرد، چونکە ئاین لە کۆمەڵگەکاندا ڕۆڵی سەرەکییان هەیە. کۆمۆنیستە چینییەکان وەکو کۆمۆنیستەکانی هیند یان جیهانی ئیسلامی و مەسیحی، ئاینەکەیان زۆر دژیان نەبوو، بەڵکە یارمەتیدەریان بوو. ئەمەش هۆکارێکی تری سەرکەوتنی ئەو پارتە بوو.

هەموو ئەم هۆکارانە بوونە هۆی دروستبوون و سەرکەوتنی پارتی کۆمۆنیستی چین.

### پارتی کۆمۆنیستی چین

لە ٢٣ تا ٣١ یۆلیۆی ١٩٢١ بەئامادەبوونی ٥٧ ئەندام، کە نوێنەرایەتیی هەرێمەکانی چینیان دەکرد، لە شاری شەنگهای کۆبوونەوەیەکی فراوانی سیاسی بەسترا. ئەم کۆبوونەوەیە، کە زیاتر ئەندامان و هەوادارانی بزاڤی چواری مای بوون. لەم ماوەیەدا چەندین بیر و بۆچوونی سیاسی و فەلسەفی ئاڵوگۆڕکرا. پاش قسە و باسێکی چڕوپڕ، لە کۆبوونەوەکەدا بە ڕاگەیاندنی پارتی کۆمۆنیستی چینی کۆتایی پێ هات. دیارە لە مۆسکۆشەوە Henk Sneevliet و M. Nikolaevsky وەکو نوێنەری کۆمێنتێرن (ڕێکخراوی ئەنتەرناسیۆنالی پارتە کۆمۆنیستەکانی جیهان) بەشداریی ئەم کۆبوونەوەیە بوون(٣٧).

هەرلەم کۆبوونەوەیەدا هەردوو سیاسەتمدار و رووناکبیری کۆنی چینی Chen Duxiu و Li Dazhao، بۆ کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران. پاشانیش Chen Duxiu، کرا بە سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی چین. هەر لەم کۆبوونەوەیەدا بەرنامەی پارتەکە ڕاگەیەنرا، کە خۆی لەم چوار خاڵەدا کۆ کردبوەوە:

+ لە ڕێگەی بزاڤی شۆڕشگێریی کرێکاراندا، سیستەمی سەرمایەداری لەناو ببرێت. هەوڵ بدرێت چینی کرێکاری نەتەوەییی شۆڕشگێڕ دروستبکرێت.

(37) http://de.wikipedia.org/wiki/Kommunistische-Partei-Chinas.

(36) C.P.Fitzgerald.Revolution in China.Europäische Verlagsanstalt. Frankfurt am Main.1957. S38.

+ لە ڕێگەی دیکتاتۆری پرۆلیتاریاوە، کۆتا بە سیستەمی سەرمایەداری بهێنرێت.

+ داگیرکردنی زەویوزاری دەرەبەگەکان، دابەشکردنی بەسەر جووتیاراندا. لە هەمان کاتیشدا دەستگرتن بەسەر هەموو هۆکاری بەرهەمهێنان (کارگە، مەکەینە، کەرەستەی خاو)، خستنە ژێر ڕکێفی دەوڵەتەوە. واتە بە سۆسیالیزمکردنی دەوڵەت.

+ ئەندامبوون لە کۆمێنترێن (ڕێکخراوی پارتە کۆمۆنیستەکانی جیهان)[٣٨].

## سەرهەڵدانی جیاوازیی شەخسی و بیروڕا

ئیسحاق دۆیتچە دەڵێت (پارتی کۆمۆنیستی چینی ڕاستەوخۆ لە منداڵدانی پارتی بۆلشەفی رووسی لەدایك بووە[٣٩]). هەر بۆیە زۆر لە کێشە و بیر و بۆچوونەکانی بەلشەفییەکان، لەم پارتەدا ڕەنگیان داوەتەوە. هەر لە سەرەتاوە مەسەلەی پێوەندی لەگەڵ پارتی کۆمێنتانگ، جێگەی مشتومڕ و جیاوازی بوو.

بەشێکی زۆری پارتەکە، چێن دوخیۆیان بەوە تۆمەتبار دەکرد، کە زیاتر پارتەکە بەرەو کۆمێنتانگ دەبات. هەرچەندە ئەم قسانە هیچیان ڕاست نەبوون.

Chen Duxiu (1879/ 1942) یەکێك بوو لە باوکەکانی بیری چەپی چینی. لە ساڵی ١٩١٥دا لە ژاپۆن دەیخوێند، کۆوارێکی بەناوی (گەنجی نوێ) دەردەکرد. کە بەیەکێك لە کۆوارە ڕادیکاڵەکانی چین دەژمێردرا. پاشان لەگەڵ Li Dazhao کۆوارێکی نوێیان بەناوی (ڕەخنەی هەفتانە) دەرکرد، کە ڕۆڵێکی گەورەی لە هۆشیارکردنەوەی گەنجان و خوێندکارانی چین هەبوو. جێن دوخیو، ڕۆڵێکی بەرچاوی لە خۆپێشاندانەکانی ٤ ی مای ١٩١٩دا هەبوو. هەر پاشانیش ڕێکخراوێکیان بەناوی چواری مای دروست کرد. کێشەکانی ستالین و ترۆتسکی، باڵی بەسەر ئەم پارتەدا کێشابوو. چێن دوخیو زیاتر لایەنگری باڵی ترۆتسکی بوو، زۆر لە بۆچوونەکانی ئەوی بەلاوە پەسند بوو. هەر ئەمەش ئاگری بەردایە ناوپارتەکە. لەساڵی ١٩٢٧دا، بەبیانووی ئەوەی کە پارتەکە بەرەو پارتی کۆمێنتانگ دەبات، لەلایەن هاوڕێکانیانەوە پلانێکی لێ کرا و، لە سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی لایانبرد. پاشان هێندەی تر خۆی خزاندە ناو باڵی ترۆتسکی، هەتا لە ساڵی ١٩٣٢دا لەلایەن حکوومەتی


Chen Duxiu

(٣٨) هەمان سەرچاوە.

(39) Maoismus. Peter.J.Opitz.Kohlhammer Verlag.Stuttgart.1972.S99.

کۆمێنتانگەوە گیرا و پێنج ساڵ خرایە زیندانەوە. تا لە ساڵی ١٩٤٢ لە شاری Sichuan مرد(٤٠).
گاڵتەجاڕییەکە لەوەدایە، کە هاوڕێکانی بە خزاندنی پارتی کۆمۆنیستی بۆ ناو کۆمێنتانگ، تاوانباریان دەکرد، کەچی کابراش لەلایەن کۆمێنتانگەوە زیندانی دەکرا. ئەمەش یەکێك بوو لەو سیاسەتە ناڕەوایەی ستالینیزمی و ماویزم، کە بەناڕەوا خەڵکی تاوانبار بکرێن. هەرکەس دژی بۆچوونیان بوو، تۆمەتی جاسوسی خۆفرۆشییان بۆ هەڵدەبەست.

## لەدایکبوونی دیکتاتۆرێکی نوێ ماوتسیتوونگ

لە ٢٦ی سێپتەمبەری ١٨٩٣ لە گوندی Shaoshan، کەدەکەوێتە هەرێمی Hunanی چینی لەدایك بووە. باوکی جووتیارێکی هەژاری لادێ بووە. ساڵی ١٩١١ دەبێتە سەرباز و، لەشۆڕشی ١٩١١ وەکو سەربازێکی حوکمی عەسکەری لە دژی گەل شەڕ دەکات (واتە لە بەرەی دژە شۆڕش بووە!).


ماوتسیتوونگ

لە ساڵی ١٩١٨ پەیمانگای مامۆستایان تەواو دەکات. لە ساڵی ١٩١٩ دەبێتە فەرمانبەر لە کتێبخانەی پکین. ئەمەش هێندێك مێشکی ڕووناك دەکاتەوە و تێکەڵی جیهانی خوێندنەوە و کتێبی دەکات. هەر لەو ساڵەدا لە بیری کۆمۆنیستی نزیك دەبێتەوە و بەشداریی خۆپیشاندانەکانی مای دەکات. ساڵی ١٩٢١ دەبێتە ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی چینی. ساڵی ١٩٢٣ دەبێتە ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزی پارتی کۆمۆنیستی چینی. هەندێك کەس پێیان وایە، گەیشتنی ماو بەم پلەیە، هۆکەی بۆ زیرەکی و چالاکیی ماو ناگەڕێتەوە، بەڵکو زیاتر بۆ ماستاوچییەتی و خۆهەڵواسین دەگەڕێتەوە. دەڵێن کابرایەکی زۆر ماستاوچی بووە. هەر بۆیە زۆر حەزی بەخەڵکی ماستاوچی بوو، زۆر ڕقیشی لە خەڵکی هۆشیار و ڕەخنەگر بووە.

لە ساڵی ١٩٣١ ژاپۆن مەنشوریا و باکوری چین داگیر دەکات. هەر لەگەڵ داگیرکردنی چین، بزووتنەوەیەکی چەکداری پەیدا دەبێت و، ماویش خۆی دەکاتە کەڵەگای ئەم بزووتنەوەیە(٤١).

## مارشی درێژ

پاش ئەوەی حکوومەتی سەربازیی کۆمێنتانگ لە هەموو شوێنێکدا، تەنگی بەئەندامان و لایەنگرانی پارتی کۆمۆنیستی چینی هەڵچنی بوو، ناچار بیر لە خەباتی چەکداری کرایەوە. هەر بۆیە لەشکری سوور دروست کرا. دیارە هەر زوو ماو پشتگیریی ئەم بیرۆکەی کرد. ئەویش

(40) http://de.wikipedia.org/wiki/ChenDuxiu.

(41) tse-tung. www.Wiekipedia.de.Mao Microsoft Encarta. 2003. Mao tse-tung.

لەبەرئەوەی دەیزانی تەنیا لە ڕێگەی چەکدارییەوە، دەتوانێت دژایەتیی هاوڕێکانی بکات، دەنا ئەو هیچ مەبەستی ڕووخاندنی کۆمێنتانگ نەبوو. لە ئۆکتۆبەری ١٩٣٤دا زیاتر لە ٩٠ هەزار چەکداری لەشکری سوور کۆکرانەوە، بەرەو باکور و ڕۆژئاوای چین بەڕێ کەوتن.

دیارە ئەم مارشە کە بەدرێژترین مارشی سەربازی لە مێژوودا دەژمێردرێت. زیاتر لە ١٢٥٠٠ کیلۆمەتر، کە نزیکەی ٣٧٠ ڕۆژی خایاند[٤٢]. هەندێك سەرچاوە پێیان وایە خۆی لەم ژمارەیە زیاتر دەدات[٤٣].

### ئامانجی ئەم مارشە چی بوو؟

دیارە ئامانجی سەرەکیی ئەم مارشە سەربازییە تاقەت پرووکێنە، لەناوبردن و دژایەتیکردنی حکومەتی کۆمێنتانگ بوو. لێ ماوتسیتوونگ چەند ئامانجێکی نەگریسی هەبوو.

ماو دەیویست لە ڕێگەی ئەم مارشەوە، خۆی بکاتە کەڵەگای پارتەکە و، هەموو دەنگێکی نارەزایی لەناو بەرێت. هەر ئەم مارشە دوور و درێژە، بوو بەهۆی مردن و شەهیدبوونی زۆر لە کەسە بەناوبانگەکانی ناو پارتەکە. بەکورتییەکەی ماو بە بەردێك چەندین چۆلەکەی کوشت.

لە لایەکەوە هەرچی دەنگی نارەزایی بوو، لەم مارشەدا لەناوچوون و شەهید بوون(یان کوشتنی). پاشانیش هەر لەرێگەی ئەم مارشەوە ناوبانگی ماوتسیتوونگ هەموو چین و جیهانی گرتەوە. هەرچەندە ماوتسیتوونگ لە باشترین حاڵەتدا دەژیا، کەچی پێشمەرگەکانیش لە خراپترین باردا گوزەرانیان دەکرد.

### قوربانییانی مارشی درێژ

لە سەرەتای مارشەکەوە ژمارەی ئەم لەشکرە خۆی لە ٩٠ هەزار کەس دەدا. لێ کاتێك گەیشتنە جێگەی مەبەست تەنیا ٧ هەزار کەسیان لێ مایەوە. بەشی زۆری چەکدارەکان، بەهۆی خراپیی ئاووهەوا، برسییەتی، نەخۆشی، شەڕەوە، گیانیان لەدەست دا و شەهید بوون[٤٥].

ئێمە تەنیا بە ژمارە و وشە دەتوانین باسی ئەم تراجیدیا گەورەیە بکەین. لێ زیاتر لە ٨٠ هەزار خەون، ٨٠ هەزار ئاوات، ٨٠ هەزار ژیان،٨٠ هەزار مرۆڤ، بوونە قوربانیی سیاسەتێکی گەوجی سەرکردەکانیان. ٨٠ هەزار مرۆڤ بوونە پردێك، بۆ گەیشتنی دیکتاتۆرێك بە دەسەڵاتی سیاسی. کە ئەمەش گەورەترین تاوانە بەناوی شۆڕشەوە کرابێت.

(42) www.china-guide.de/china/geschichte/4c.zweiterbuergerkrieg.html.

(43) http://www.spiegel.de/spiegelspecial/0,1518,328523,00.html.

(45) http://de.wikipedia.org/wiki/LangerMarsch.

## ئایا پارتەکەی ماو، کرێکاری بوو یان وردە بۆرجوازی شار بوو؟!

بەشێکی زۆری ئەوانەی سەرکردایەتی بزووتنەوە چەکدارەکانیان لە جیهاندا کردووە، خەڵکانی وردە بۆرجوازی ناو شاربوون. بزووتنەوەکەی ماویش بزووتنەوەیەکی وردە بۆرجوازی ناو شار بووە. تۆنی کلێف دەڵێت: (بزووتنەوەکەی ماو، زۆر دوور بوو لە کرێکاری ناو شار و، بەڵکە هیچ بایەخێکی ئەوتۆی نەبووە لایان(٤٦)).

لە ساڵی ١٩٢٨ کرێکاران ١٠٪ی پارتی کۆمۆنیستی چینیان پێك دەهێنا. ساڵی ١٩٢٩ ئەم رێژەیە بۆ ٣٪ کەم بووەوە، ساڵی ١٩٣٠ گەیشتە ١,٥٪ . ئەمەش مانای وایە، کە ئەم پارتە، رۆژ بەرۆژ لە چینی کرێکارانەوە دوور کەوتووەتەوە و هیچ پێوەندییەکی بەهێزی بە چینی کرێکاری چینییەوە نەبووە. هەروەك تۆنی کلێف دەڵێت (لە ماوەی ١٩ ساڵ پاش کۆنگرەی یەکەمی حزب ساڵی ١٩٢٩، هیچ کۆنگرەیەکیان بۆ سەندیکا نەبەست. بەڵکە حزب هیچ چینی کرێکارانی بەلاوە گرینگ نەبوو. لە بەشی زۆری شارەکانی ژێردەسەڵاتی کۆمینتانگ، کە پێگەی سەرەکیی پیشەسازی و رێژەیەکی زۆری کرێکاری چینی پێك دەهێنا، حزبەکەی ماو هیچ بنەیەك یان رێکخراوێکی حزبییان لەو شارانەدا نەبوو(٤٧)).

جگە لەوەش کاتێك لەشکرەکەی ماو شارەکانی داگیر کرد، بەیاننامەیەکیان بڵاو کردەوە، داوایان لە پۆلیس و حاکم و فەرمانبەر و ئەفسەر و هەموو دەزگاکانی حکوومەتی کۆمینتانگ کرد، کە لە جێگەی خۆیان بمێننەوە و کارەکانی خۆیان بکەن(٤٨).

ئەمەش مانای وایە کە ئەم حزبە هیچ پسپۆڕ و کارمەندێکی حکومیی لەگەڵدا نەبووە. هەرچەندە هێنانەوەی ئەو کارمەندانەی سەردەمی حکوومەتی کۆمینتانگ، زللەیەکی گەورەی لە شۆڕشی چینی دا. پێشتر ئەو کەسانەی کە دژی کۆمۆنیستەکان کاریان دەکرد، بەبێ هیچ لێ پرسینەوەیەك هاتنەوە سەر کارەکانیان.

ئەمانەش لە سەردەمی ماودا، بەهەمان شێوە خەڵکیان دەچەوساندەوە. لە هەمان کاتیشدا ئەم بڕیارەی ماو ئیسپاتی کرد، کە ئەوان لەگەڵ گۆڕینی رژێمدا نین، بەڵکە لەگەڵ گۆڕینی ڤیگور (دەموچاوی) حکوومەتدان.

ئەندامانی حکوومەتەکەی کۆمینتانگ، هەروەکو خۆیان مانەوە. هەر چۆن پێشتر بەناوی

---

(٤٦) سێ بۆچوون دەربارەی دەسەڵات. تۆنی کلێف، وەرگێرانی، د. پشتیوان عەبدوڵڵا. سایتی سۆسیالیستە ئینتەرناسیۆنالیستەکان.

(٤٧) هەمان سەرچاوە.

(٤٨) هەمان سەرچاوە.

دژایەتیی کۆمۆنیستەوە، خەڵکیان دەچەوساندەوە، لە سەردەمی ماویشدا بەناوی دوژمنانی ماو، کەوتنە گیانی خەڵکی. ئەم دیاردەیە ترۆتسکی، بەدەسەڵاتی دوالیزم (ازدواجية السلطه) ناوی دەبات[٤٩].

## چەند بۆچوونێکی سەیری ماوتسیتوونگ

ماویزم ئەو ناوەیە کە بۆ ڕەوتێکی سیاسی دانراوە، کە لە شەست و حەفتاکاندا، بەشێوەیەکی بەربڵاو لە ناو جیهاندا بڵاو بووەوە. ماویزم هەروەکو مارکسیزم و لینیزم، بەناوی شەخسی ماوتسیتوونگەوە بەستراوە. لێرەدا من هەوڵ دەدەم، کەمێك ئەو بۆچوونانەی ماو بخەمە، ژێر زەرەبینی پرسیارەوە.

* **گواستنەوەی شۆڕش لە لادێوە بۆ شار**

ئەمە یەکێکە لە تێزە بنەرەتییەکانی بیری سەقەتی ماوتسیتوونگ. گواستنەوەی شۆڕش لە لادێوە بۆ شار و، داگیرکردنی شارەکان بەهۆی هێزی چەکدارییەوە، یەکێکە لە دەقە پیرۆزەکانی بیری ماو. خۆی لە خۆیدا داگیرکردنی شارەکان لەلایەن جووتیار و گوندنشینەکانەوە، کارێکی زۆر خراپی کردە سەر فەرهەنگ و شارستانیی چین.

هەروەك تۆنی کلێفیش دەڵێت : (داگیرکردنی شارەکان، تەنیا مانای دووریی ئەم پارتەی لە چینی کرێکاری شارەوە پێشان دەدات).

ئەم داگیرکردنە، مانای داگیرکردنی بەربەرییەت و ناشارستانییە. هەر ئەمەش بوو بەهۆی دوورخستنەوەی بیری شارستانی و، زاڵبوونی بیری تاکڕەوی و بەربەرییەتی ماوتسیتوونگ. هەروەك تۆنی کلێف دەڵێت : (کاتێك چەکدارەکانی ماو شاری شەنگهایان داگیر کرد هێشتا گڵۆپیان نەدی بوو، کاتێك شەو دادەهات لە جیاتی بیکوژێننەوە دەچوون دەیانشکاندن، چونکە نەیاندەزانی چۆن بیکوژێننەوە)[٥٠].

ماو بەپێچەوانەی مارکس و لینینەوە، پێی وا بوو پێویستە شۆڕش لە لادێوە بەرەو شارەکان ببرێت. ئەمەش ماڵوێرانییەکی زۆری بۆ گەلانی جیهان هێنا. ئێمەی کوردیش باجێکی گەورەی ئەم بیرەمان دا. زیاتر لە سێ هەزار گوند لە باشوور، نزیکەی پێنج هەزارێکیش لە باکوری کوردستان بەئاگری سەربازی فاشیزمی تورك و عەرەب سووتێنران.

(٤٩) تاريخ الثورة الروسية. ليون تروتسكي. ترجمة. اكرم ديري، هيثم الايوبي. المؤسسة العربية للدراسات والنشر.الطبعة الثانية. بيروت. ١٩٧٨.ص٩.٢٥٥

(٥٠) سێ بۆچوون دەربارەی دەسەڵات. تۆنی کلێف، وەرگێرانی، د. پشتیوان عەبدوڵڵا. سایتی سۆسیالیستە ئینتەرناسیۆنالیستەکان.

**• جووتیاران نەك کرێکاران دینەمۆی شۆڕشن**

مـارکس پـێی وا بـوو، کـە تـەنیـا کرێکـاران دەتوانـن کـۆمـەڵگەی سەرمـایـەداری لـەنـاو بـەرن و کۆمەڵگەیەکی نوێ دابمەزرێنن. لینینیش بەهەمان شێوە، لەسەر ئەم بیروڕایە بوو[٥١]. لێ ماوتسیتوونگ بە پێچەوانەی مارکس و لینینەوە، پێی وا بوو کە جووتیاران دینەمۆی شۆڕشن. دیارە ئەم بۆچوونەی ماویش هی خۆی نەبوو، بەڵکە پێش ماو لە هەرێمی Kwangtung, بزاڤێکی بەهێزی جووتیاری بەسەرۆکایەتیی Peng Pei هەبوو[٥٢].

دیارە ماو لەم ئەزموونەوە فێری ئەم بۆچوونە بوو. بەحوکمی ئەوەی چین وڵاتێکی کشتوکاڵی بوو، وەکو پێشیش باسمان کرد، کە لە ٨٠٪ی دانیشتووانی چین، جووتیار و گوندنشین بوون. هەموو کاتێکیش خەڵکی هەژار بیر لە شۆڕش دەکەنەوە، نەك خەڵکی دەوڵەمەند. لە چینیش جووتیاران بەشی گەورەی هەژارانی چینیان پێك دەهێنا، هەر بۆیە ئەوان یەکەمین وزەی شۆڕش بوون.

**• تێکەڵاوکردنی شۆڕشی نەتەوەیی و کرێکاری**

مـاوتسیـتـوونگ دەڵـێت: (بـەحـوکـمـی ئـەوەی بـەشێکـی چین "هـۆنگ کـۆنگ" لـە ژێر دەستـی کۆلۆنیالیزمدایە، بەشێکی گەورەی چینیش لە ژێر دەستی نیمچە کۆلۆنیالیزمە، هەر بۆیە شۆڕشی ئێمە شۆڕشێکە بۆ ڕزگاریی نیشتمان لە دەستی کۆلۆنیالیزم و نۆکەرەکانی[٥٣]). تێکەڵاوکردنی بیری ناسیۆنالیزم و کۆمۆنیزم، بیرێکی تری ماویزمە.

بەحوکمی ئەوەی چین لە ژێر دەستی بێگانەدا دەیناڵاند، هەر بۆیە خەڵکی بەناوی بیری ناسیۆنالیزم و نەتەوەپەرستییەوە، باشتر کۆ دەکرانەوە. بەواتایەکی تر خەڵکی بەناوی خەباتی نەتەوایەتییەوە باشتر هەڵدەخەڵەتان، تاوەکو بەناوی خەباتی چینایەتی!. ستالین دەڵێت : (شۆڕشی چەکداریی چینی، شۆڕشێکە دژی نەیارانی شۆڕش. ئەمەش سیفەتێکی تایبەتی شۆڕشی چینییە[٥٤]). هەر ئەم تێکەڵاوییەش سەری لە هەموو چەپی جیهان شێواند و، تووشی کارەسات و براکوژییەکی گەورەی کرد.

**• چین سەنتەری شۆڕشی کۆمۆنیستی جیهانە**

مارکس پێی وا بوو کە شۆڕشی کرێکاری لە ئینگلتەرا دەست پێ دەکات و، بەهەموو جیهاندا بڵاو

(51) W.I.Lenin. Ausgewälte Werke, Bd.3, Berlin,1960, S.394.

(52) Alian Peyrefitte. Wenn sich China erhebt. Rowohlt. Verlag. Hamburg. September.1976.S31.

(53) Mao Tse-tung.Ausgewählte Schriften.Verlag.S.Fischer.Verlag.Frankfurt am Main. 1963. S135.

(54) J.W.Stalin, Über die Perspektiven der revolution in China. Werk Bd. 8, S.324.

دەبێتەوە. هۆکەشی بۆ گەشەسەندنی ئابووریی ئینگلتەرا لە چاو وڵاتانی تری جیهان دەگەڕاندەوە. مارکس پێی وا بوو کە شۆڕشی کرێکاری لە بەرزترین  قۆناغی سەرمایەداریدا دەکرێت(٥٥). ئیتر ئەم بۆچوونە بوو بە تەوەری سەرەکیی هەموو کۆمۆنیستەکان.

کاوتسکیش لە ساڵی ١٩٠٢دا، لە کۆواری Iskra هەمان بۆچوونی مارکسی دووپات کردەوە و وتی (ئەوروپا سەنتەری شۆڕشی جیهانە، هەر لە رۆژئاواشەوە بەرەو رۆژهەڵات دەڕوات)(٥٦). لینینیش هەر لەسەر هەمان ڕا بوو. بەڵام کاتێك شۆڕشی رووسی ڕووی دا، بۆچوونی خۆی گۆڕی.

لێ ماوتسیتوونگ بە پێچەوانەی ئەوانەوە، پێی وا بوو کە چین سەنتەری شۆڕشی جیهانە. لە هەمان کاتیشدا پێی وا بوو، کە شۆڕش لە ئاسیاو ئەفەریقاوە، سەرهەڵدەدات و بەرەو ئەوروپا دەڕوات(٥٧).

دیارە ئەم بۆچوونەش شتێکی نوێ نەبوو، چونکە دەمێکە چینییەکان وڵاتەکەیان بەسەنتەری جیهان دادەنێن. پێش هەزاران ساڵ لەمەوپێش ئەم قسەیە کراوە، بەڵام ماو بە تازەی بە خەڵکی عەوام فرۆشتەوە.

*** خەباتی پارتیزانی و دیکتاتۆری پرۆلیتاریا**

مارکس و لینینو ترۆتسکی، پێیان وا بوو کە شۆڕشی کرێکاری لە ڕێگەی ڕێکخستنی کرێکاران لە حزبێکی سیاسیی شۆڕشگێر دەبێت. ئەم حزبە هەوڵی کۆکردنەوەی جەماوەری زەحمەتکێش و ڕەنجدەران دەدات، بۆ ئەوەی شۆڕشێکی سەرتاسەری بکات، سیستەمی سەرمایەداری بڕووخێنێت. بەپێچەوانەوە ماو پێی وا بوو بۆ گەیشتنە دەسەڵاتی سیاسی، پێویستە لەڕێگەی خەباتی پارتیزانییەوە بێت(٥٨).

ئیتر ماو بوو بەمامۆستای بزاڤی پارتیزانی و، چەند تێزێکی سەقەتی بەناو جیهاندا بڵاو کردەوە. کۆمەڵێك تاکتیکی خەباتی پارتیزانی نووسی بوو، کە سوودی لە خەڵکی تر وەرگرتبوو. ئیتر ئەم نامیلکانەی دەربارەی پارتیزانی و شەڕی گەریلا، بوونە وێزەی سەر زمانی زۆربەی گەنجانی جیهانی سێیەم.

کە بەداخەوە دەگەی گەورەی لە بزاڤی شۆڕشگێڕی جیهان دا. لەلایەکی ترەوە ماو پێی وا بوو دیکتاتۆری پرۆلیتاریا تاکە ڕێگەیە بۆ لەناوبردنی سیستەمی سەرمایەداری. هەر لەڕێگەی

(55) http://www.marxists.org/deutsch/archiv/marx-engels/1848/manifest/1-bourprol.htm

(56) Maoismus. Peter J. Opitz. Verlag. Kohlhammer. Stuttgart.1972. S.7

(57) Revolution und neue Gesellschaft. Marx,Lenin,Mao,. Dieter Oberndörfer,Wolfgang jäger.Verlag.Kohlhammer.Stuttgart.1975.S84.

(٥٨) هەمان سەرچاوە.

ئەوەشەوە، کرێکاران و جووتیاران دەتوانن دەسەڵات بگرنە دەست و، سیستەمی کۆمۆنیزمی دابمەزرێنن[٥٩]. (هەرچەندە ئەم قسەیەش هی لینین بوو ئەو کردی بەموڵکی خۆی!). لەلایەکی ترەوە ماوتسیتوونگ باوەڕی بەشۆڕشی بەردەوامی کرێکاری نەبوو، بەڵکە ئەو باوەڕی بەشۆڕشی نیشتمانی یان سۆسیالیزمی دەوڵەتی هەبوو.

دیارە ئەمەش دژی بۆچوونەکەی ترۆتسکی بوو، چونکە ئەو پێی وا بوو، کە شۆڕشی کرێکاری و سۆسیالیزم لە وڵاتێکدا سەر ناکەوێت. بەڵام ماو دژی ئەم بۆچوونە بوو[٦٠].

*** ئیمپریالیزم شێرێکی پەڕۆینە یان دڕندەیەکی خوێناوییە؟!**

ماوتسیتوونگ لە چاو هاوڕێکانیدا ئاستی ئایدیۆلۆجی زۆر نزم بوو، هەر ئەم حاڵەتەش بوو وای لەم پیاوە کرد، کە چەندین تێزی سەقەت و بێ هێز دابڕێژێت. یەکێك لەو قسانەی ماو، کەناوبانگی پێ دەرکرد (ئیمپریالیزم شێرێکی پەڕۆینەیە!).

لە کاتێکدا مەسەلەی ئیمپریالیزم، مشتومڕێکی ئێجگار گەورەی لەلایەن بیرمەندە گەورەکانی کۆمۆنیزمەوە لەسەر کراوە، لەوانە (ترۆستکی، لینین، کاوتسکی، رۆزا).

ئیمپریالیزم قۆناغیکی مەترسیدار و دڕندانەی کەپیتالیزمە، هەروەك لینیش دەڵێت : (بەرزترین قۆناغی کەپیتالیزمە[٦١]). کەچی ئەم بەڕێزەش دەیەوێت بە دوو قسە، ئەم باسە گرینگ و حەساسە لە کۆڵ خۆی بکاتەوە. هەرچەندە کاتی خۆی برجنێڤ وەڵامی دایەوە و وتی:

(گەمژە ڕاستە ئیمپریالیزم شێرە پەڕۆینە، بەڵام باش بزانە کە ددانەکانی ئەو شێرە ئەتۆمییە).

**چەند سیاسەتێکی سەقەتی ماو**

لە ١ی ئۆکتۆبەری ١٩٤٩وە، کۆماری چینی دامەزرا و، بەم شێوەیەش ئەم وڵاتە مەزنە کەوتە ژێردەستی پارتی کۆمۆنیست و، حەز و ئارەزووە نەخۆشەکانی ماوتسیتوونگ.

هەر لە پاش دامەزراندنی کۆماری گەلی چینییەوە، ماو کۆمەڵێك سیاسەتی سەقەتی پێرەو کرد، کە ئاکامێکی ئێجگار ترسناکی بۆ چین هێنا و، بوو بەهۆی شەهیدبوونی ملیۆنەها کەس. خەڵکانێك نەهیچ تاوانێکیان کردبوو، نەبڕیارێکی سیاسییان لەدەست دابوو، بوونە قوربانیی سیاسەتی سەقەت و چەوتی ماو. من لێرەدا تەنیا ئەو سیاسەتە چەوتانە دیاری دەکەم، کە بوونە هۆی دواکەوتن و وێرانکردن و برسیکردنی چین و گەلە مەزنەکەی.

---

(٥٩) هەمان سەرچاوە.

(60) Maoismus. Peter.J. Opitz.Verlag. Kohlhammer.Stuttgart.1972.S.137.

(٦١) لینین. الامبریالیە اعلی مراحل الرأسمالیە. دار التقدم. موسکو.

## بازی گەورە بۆ پێشەوە

مەسەلەی کام ڕێگەیە باشە بۆ سۆسیالیزم، لە ناو کۆمۆنیستەکانی جیهاندا مشتومڕێکی گەورەی لێ دروست بوو. لە چینیش بەهەمان شێوە، قسە و باسی لێ کرا، وەلێ لە بازنەیەکی ئێجگار کەمدا، چونکە دوا قسە هەر بۆ سەرۆکی فەرماندە بوو، کەسیش نەیدەوێرا لە سنووری خۆی زیاتر بڕوات. پاش ئەوەی ستالین مرد و، خرۆتشۆڤ دەستی کرد بە لەناوبردن و دژایەتیی ستالیزمی ڕاگەیاند. بەپێچەوانەوە لە چین ستالیزمی لە گەرمەیدا بوو. ماوتسسیتوونگ لە سێپتەمبەری ١٩٥٥دا لەکۆبوونەوەیەکی گەورەی حزبدا ڕای گەیاند:

(مەسەلەی سۆسیالیزم زۆر لە مەتریال گەورەترە. باشترین بەڵگەش ئەو گۆڕانکارییە گەورانەیە، کە لە نیوەی ساڵی ١٩٥٥دا، کۆمەڵگی چینی بەخۆیەوە بینیویەتی. پاش ئەوەی کۆمیتەی ناوەندی بڕیاری سۆسیالیزمیکردنی کۆمەڵگەی دا، لە ژمارەی ١١٠ ملیۆن جووتیار و گوندنشینی چینی، زیاتر لە ٧٠ ملیۆن جووتیار، ئەم سیاسەتەیان پراکتیزە کردووە[٦٢]).

لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٧وە، ماو سیاسەتی (بازی گەورە بۆ پێشەوە)ی ڕاگەیاند. مەبەستی سەرەکیی ئەم سیاسەتە، گەیاندنی کۆمەڵگەی چینی، بە قۆناغی سۆسیالیزم بوو. تاکە ڕێگەش بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، بەزرکردنەوەی بەرهەمی ئاسن بوو. بەپێی ئەم سیاسەتە، دەبووایە بەرهەمی ئاسن لە چین، لە ماوەی ١٥ ساڵدا بگاتە ئاستی بەریتانیا[٦٣].

هەر بۆ ئەم مەبەستەش سیاسەتێکی پێنج ساڵانەیان دانا، کە ئامانجیان، گەیشتن بە قۆناغی سۆسیالیزم بوو. ئەمەش هەمان سیاسەتی ستالین بوو. ئەویش هەر لە سەرەتاوە، پشتی بە پیشەسازیی گەورە بەست، تاکە ڕێگەش بۆ ئەم مەبەستە، گەشەسەندن و پێشخستنی پیشەسازیی ئاسن و پۆڵا بوو. دیارە لە سۆڤێتیش هەمان ئاکامی ترسناکی بوو.

لە کۆنگرەیەکی حزبیدا، ماو ڕای گەیاند: (بە دڵنیاییەوە گەر تا کۆتای ساڵی ١٩٥٩، نەگەینە سۆسیالیزم، ئەوا بەدڵنیاییەوە لە ساڵی ١٩٦٠ کۆمەڵگەی چینی، بەتەواوی پێی ناوەتە قۆناغی سۆسیالیزمەوە[٦٤].) بەدڵنیاییشەوە چەپڵەی قایمیش بۆ ئەم سیاسەتە چەوتە لێ درا!.

## قوربانییانی ئەم سیاسەتە

بەحوکمی ئەوەی هەموو کەرتەکانی تری ئابووری پشتگوێ خران، هەموو ئامانجی حکوومەت بوو بەم سیاسەتە. ماڵوێرانی و برسییەتییەکی ئێجگار ترسناک، باڵی بەسەر تەواوی چیندا

(62) Mao Tse-tung.Ausgewählte Schriften.Verlag.S.Fischer.Verlag. Frankfurt am Main. 1963. S257.

(63) http://de.wikipedia.org/wiki/Gro%C3%9Fer-Sprung-nach-vorn

(64) Mao Tse-tung.Ausgewählte Schriften.Verlag.S.Fischer.Verlag. Frankfurt am Main. 1963. S258.

کێشا. ساڵانی ١٩٥٩ بۆ ١٩٦١، بەکارەساتترین ساڵانی چین دەژمێردرێت. بەهۆی ئەم سیاسەتەوە، ٢٠ بۆ ٤٠ ملیۆن کەس گیانیان لەدەست دا و بوونە قوربانی. جگە لەوەی بەشێکی زۆری خەڵکی چینی، ژیانی کوولەمەرگییان بەسەر دەبرد.

لە هەندێك شوێنی چیندا، زیاتر لە ٤٠٪ی دانیشتوان لەناوچوون(٦٥). هەتاوەکو ئەمرۆش گەلی چینی ، برسییەتی و ئازاری ئەو ساڵانەیان لەبیرناچێتەوە. بەشێکی زۆری خەڵکی بەتایبەت لە گوندەکان، کاتێك یەکتری دەبینین، لە جیاتی سڵاو لەیەککردن، دەڵێن (نانت خواردووە!). چونکە برسییەتیی ئەو ساڵانە وای لە خەڵکی کرد، کە پرسی نانخواردن پێش هەموو پرسەکانی تر بکەوێت. ئەمەش بە ترسناکترین سیاسەتی چەوتی ماو دەژمێردرێت.

## هەراکەی شۆڕشی کولتووری




ماوتسیتوونگ وەکو نەخۆشێك وا بوو، هەر جارە و خەوێکی ناخۆشی دەبینی، بۆ بەیانی ئەم خەوە ناخۆشانەی بەسەر گەلی داماوی چیندا دەسەپاند. پاش کارەسات و تراجیدیاکانی سیاسەتی (بازی گەورە بۆ پێشەوە)، ماو فەنتازیایەکی تری بۆهات. لە پاش ئەمە، هەرایەکی گەورەی بەناوی (شۆڕشی کولتووری!)یەوە سازکرد.



لە ١٦ی مای ١٩٦٦دا کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی چین، سیاسەتێکی نوێی بەناوی (شۆڕشی کولتووری) ڕاگەیاند. دیارە پێش ئەمەش ژنەکەی ماو لەگەڵ وەزیری بەرگری و پێنج کەسی تردا، کۆمیتەیەکیان بۆ ئەم سیاسەتە دامەزراندبوو(٦٦).

**ئامانجی سەرەکیی ئەم هەرایە**

دیارە بیرۆکەی ئەم سیاسەتەش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی پێشتر، کاتێك لە پاش سەرهەڵدانی

(65) http://de.wikipedia.org/wiki/Gro%C3%9Fer-Sprung-nach-vorn.

(66) http://www.chinafokus.de/nmun/2-liste.php.

(بزاڤی مای) کە لە ساڵی ١٩١٩دا سەری هەڵدا، ئەم بیرەش پەیدا بوو. مەسەلەی دژایەتیکردن و لەناوبردنی بیری کۆن و، هەوڵدان بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی نوێ. ڕزگاربوون لە داوونەریتی دواکەوتوو، لەگەڵ بیری کۆمۆنیستی لە وڵاتی چین پەیدا بووە. لێ ماوتسیتوونگ ئەمەشی کرد بەموڵکی خۆی. من لێرەدا چەند هۆکارێکی بۆ ئەم سیاسەتە دیاری دەکەم.

**مرۆڤی نوێ**

(ئامانجی سەرەکیی شۆڕشی کولتووری، پێش هەموو شتێك پرۆسێسێکی پەروەردەییە، بۆ ئەوەی نەوەیەکی نوێ دروست بکات، لە بیری هەزاران ساڵەی موڵکداری ڕزگاری بکەین(٦٧)).

ئەمە کرایە بیانووی سەرەکیی ئەم هەرایە. هەرچەندە ئەم بیرەش پێشتر مارکس دای نابوو. مارکس پێی وابوو، شۆڕشی کرێکاری دەتوانێت مرۆڤێکی نوێ دروست بکات، کە دوور بێت لە بیری بۆرجوازییانە و لە کۆت و بەندی کولتووری دواکەتووی هەزاران ساڵە رزگاری بکات(٦٨).

**هۆکاری ئابووری**

پاش ئەوەی سیاسەتی (بازی گەورە بۆ پێشەوە)، شکستی هێنا و لە هەموو لایەکەوە کێشەی ئابووری دروست بوو. لە ساڵی ١٩٦٢ Liu Shaoqi ،Deng Xiaoping، پرۆژەیەکیان پێشکەشی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیست کرد، کە بریتی بوو لە :

- **جووتیاران بۆیان هەیە بەرهەمی تایبەتی خۆیان بفرۆشن.**
- **گەڕانەوەی کاری ناو ماڵان و، پیشەسازیی بچووك ڕێگەی پێ بدرێت.**
- **کارکردن لە کارگەکان ، پشت بە بنەمای ئابووری ببەستێت.**
- **کردنەوەی بازاڕ بۆ شمەکی جووتیاران و ناوماڵەکان(٦٩).**

پاشان بەکۆی دەنگ ڕازی بوون. ئەمەش کەمێك کۆمەڵگەی چینی بووژاندەوە. دەبێت ئەوەش بڵێم ئەمەش هەمان بەرنامەی (نیپ) بوو، کە پێشتر بوخارین لە پاش شۆڕشی رووسی دای نابوو.

دوای ئەوەی بە ملیۆنەها گەنج بەرەو شارەکان گەڕانەوە، کە پێشتر بەرەو لادێکان ناردبوونیان، بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی سۆسیالیزم دروست بکەن. ئەمانە هەمووی چەندین کێشەی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی بۆ دروست دەکردن. هەر بۆیە بۆ خەریککردنی خەڵکی بەسیاسەتێکی نوێوە، ئەم هەرایەیان نایەوە.

(67) Revolution und neue Gesellschaft. Marx,Lenin,Mao,. Dieter Oberndörfer,Wolfgang jäger.Verlag.Kohlhammer.Stuttgart.1975.S87.

(٦٨) هەمان سەرچاوە. ل٦.٨٦

(69) http://www.chinafokus.de/nmun/2-ii-c.php.

## سەرکوتکردن دەنگی ناڕازی و سەپاندنی دیکتاتۆری

سیاسەتە سەقەتەکانی ماو، بووبوونە مایەی نارەزاییی هاوڕێکانی. جارجار لێرە و لەوێ، ڕەخنەو بۆچوونی جیاواز دژی ماو دەوترا. بۆ کپکردنەوە و سەرکوتکردنی ئەو دەنگانە، دەبووایە




سیاسەتێکی نوێ بدۆزرێتەوە. یەکێك لە ئامانجەکانی تری شۆڕشی کولتووری، دژایەتیکردنی بەناو (فراکسیۆنی ڕاست)ی ناو پارتی کۆمۆنیست بوو. هەر زوو سەرۆکی چینی Liu Shaoqi گیرا. ساڵی ١٩٦٧ خرایە زیندانەوە و پاش دوو ساڵ لە زیندان مرد. پاش ئەویش Deng Xiaoping لە ماڵەکەی خۆی دەستبەسەر کرا و، هەتا ماوتسیتوونگ نەمرد، بۆی نەبوو هیچ




قسەیەك بکات و بەشداریی کاری سیاسی بکات. پاشان بەهەزاران کەسی تر، بەناوی دوژمنانی شۆڕش خرانە زیندانەوە و بەشێکی زۆریان لەسێدارە دران و ئەوەی بەرگەی ژیانی سەختی زیندانی کرد، مایەوە و پاش ماو ئازاد کران(٧٠).

(70) http://de.wikipedia.org/wiki/Kulturrevolution.

ئیتر لە هەموو چیندا کتێبە سوورەکەی ماو کرا بە ملوانکە و کرایە ملی هەموو کەسێك. ئەوەی کتێبە سوورەکەی نەبووایە سزا دەدرا. هەر بۆیە ئەم کتێبە ناو نرا (ئینجیلەکەی ماو). ئەوەی جێگەی سەرنجە لە هوو پۆستکارت و پڕوپاگەندەکاندا، تەنیا ماو خۆی کتێبە سوورەکەی بەدەستەوە نییە. تۆ بڵێیت خۆی باوەڕی بەم سیاسەتە نەبووبێت؟!!.

### قوربانییانی ئەم هەرایە

تیرۆری لەشکرەکەی ماو لەم ساڵانەدا گەیشتە لووتکە، هەر کەسێك بچووکترین ناڕەزاییی دەربڕیایە، یەکسەر تۆمەتی ناپاك و دوژمنی شۆڕشیان دەخستە پاڵ. بەپێی هەندێك سەرچاوە زیاتر لە یەك ملیۆن کەس بوونە قوربانیی ئەم سیاسەتە چەوتەی ماو و دەروێشەکانی(٧١). ئەم قۆناغە بە قۆناغی (تیرۆری سوور) ناودەبرێت. دەبێت ئەوەش بڵێم ئەم قۆناغە وەکو هەمان قۆناغی (دادگاکانی مۆسکۆ) بوو، کە ستالین بۆ نەیارانی دای نابوو.



شکاندنی هەندێك شوێنەواری چین

خاڵێکی تری نێگەتیڤی ئەم هەرایە، لەناوبردن و سووتاندن و وێرانکردنی، چەندین شوێنەواری کولتووری چین بوو. یەکێك لە دروشمەکانی ئەم هەرایە (جەنگ لە دژی جیهانی کۆن) بوو. هەر بۆیە لە هەموو چیندا، هەرچی شوێنەواری کۆن بوو، کرایە نیشانەی چەکی لەشکری سوور. بە هەزاران پەرستگای بودی و تاوی سووتێنران و وێران کران. جگە لەوەش لە ناوچە ئیسلامییەکاندا، مزگەوتێکی زۆر سووتێنران. ئەمەش گەورەترین زەرەری لە سامانی کولتووری چین دا. دەتوانم ئەم سیاسەتە، بەهەمان سیاسەتی تاڵیبان بشوبهێنم. کاتێك تاڵیبان هاتنە سەر حوکم، هەرچی شوێنەواری نائیسلامی بوو، وێرانیان کرد. لە کۆتایشدا گەورەترین پەیکەری بودایان تەقاندەوە. یان وەکو سیاسەتی تورکیای فاشیست وایە، کە بەهەموو شێوەیەك شوێنەوارە کۆنەکانی کورد لەناو دەبات.

---

(٧١) هەمان سەرچاوە.

**کۆتای ئەم هەرایە**

ئەم هەرایە یان ئەم کارەساتە، لە ساڵی ١٩٦٦ دەستی پێ کرد، پاش مردنی ماو ساڵی ١٩٧٦ کۆتای پێ هات. جێگەی ئاماژەیە، ئەمڕۆ رەسمییەن، ئەم قۆناغە بە (قۆناغی هەڵەی هاوڕێ ماو) وەسف دەکرێت.

## ماوتسیتوونگ و سۆڤێت

رووسیا درێژترین سنووری لەگەڵ چیندا هەیە. لەبەرئەوەی هەموو کاتێك لە شەڕ و کێشەدا بوون. هەموو کاتێك رووسیا بە چاوی تەماعەوە بۆ چینی دەڕوانی. هەموو کاتێك ورچە سپییەکی باکور، ترسێك بووە بۆ ماسییە زۆرەکانی رووباری بەپیتی چین. هەر بۆیە ناوی (وولاتە برسییەکە) لێ دەنێن. هەر لە سەدەی شانزەوە، تزاری رووسی بیریان لە داگیرکردنی چین کردەوە. لە کۆتای سەدەی شازدەوە پەلاماری رووسیا بۆسەر چین دەستی پێ کرد.

تا لە ساڵی ١٦٨٩، پەیماننامەیەکی زۆرەملێ بەسەر چیندا سەپێنرا، کەبە پەیماننامەی Nibuchu ناو دەبرێت(٧٢). بەپێی ئەم پەیماننامەیە، رووسیا بەشێکی زۆری هەرێمەکانی کینجانی داگیر کرد، کە رووبەریان نزیکەی ٢٤٠ هەزار کم دەبوو(٧٣).

ئیتر ئەمە سەرەتای پەلاماری رووسی بوو بۆ سەر چین. دەتوانین بڵێین سەرەتای پەلاماری ئەوروپی بۆ سەر چین، لەلایەن رووسیاوە بوو. رووسیا لە سەدەی شازدەوە، ٨ جار پەلاماری سەربازی چینی داوە. هەر جارەی بەشێکی زۆری ئەم وڵاتەی داگیرکردووە. لێ پاش شۆرشی رووسی، بەتەواوەتی سیاسەتی دەرەکیی رووسیا گۆڕا. ئەم گۆڕانەش بۆ هەموو جیهان جێگەی خۆشحاڵی بوو، چونکە هەموو کاتێك رووسیا، دەستی دڕندانەی لە وڵاتانی دراوسێ دەوەشاند. لەبەرئەوە ئەم شۆڕشە بوو بە خێر بۆ هەموو جیهان. بەڵام بەداخەوە شۆڕشی رووسی بۆ کورد، نەگبەتی و ماڵوێرانیەکی زۆری بۆهێنا. یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی نەبوونی کوردیش بە دەوڵەت، سەرهەڵدانی شۆڕشی رووسی بوو. بەهەرحاڵ ئێرە جێگەی ئەو باسە گرینگەی مێژوو نییە.

با بێینەوە سەر باسی چین. دیارە هەر لەگەڵ یەکەم رۆژی شۆڕشەوە، چین و شۆڕش و هەراکانی، گرینگییەکی زۆریان لای بۆلشەفییەکان هەبوو. هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێ دا، کە هەردوو پارتی کۆمینتانگ و پارتی کۆمۆنیست، بەیارمەتیی سەربازی و ماددی سۆڤێت دروست کران. بەڵام لە دواییدا هەردووکیان بوونە گەورەترین دوژمنی رووسیا و شۆڕشەکەی.

---

(72) http://www.china-guide.de/china/geschichte/k.Qing-Dynastie.html.

(٧٣) عەلی مەحموود. چین هەواری ڕابردووی ئایدیۆلۆجیاو کارخانەی یاریی منداڵانی ئەمڕۆ و گەورە هێزی داهاتوو. www.dengekan.com

# پێوەندیی سۆڤێت و چین

هەر لە سەرەتاوە سۆڤێت پێوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ هەردوو باڵە سیاسییەکەی چین هەبوو. بەهەموو شێوەیەك یارمەتیی هەردووکیان دەدا. لە کاتێکدا کۆمۆنیستەکان خۆیان بە دۆستی نزیکی سۆڤێت دەزانی، لە کۆنگرەی پێنجەمی ساڵی ١٩٤٥دا، ماو وتی (سۆڤێت تاکە دۆستی پارتی کۆمۆنیستی چینە، هەر ئەوانیش تاکە ڕابەری شۆڕشی گەلانی جیهانن[٧٤]). ساڵی ١٩٢٤ یەکەمین کۆنگرەی پارتی کۆمینتانگ، بەیارمەتیی سۆڤێت بەسترا. هەر بەیارمەتیی سۆڤێتیش خەباتی پارتیزانی دژی داگیرکەران و حکوومەتی سەربازیی چین دەستی پێ کرد[*]. یەکەمین کۆنگرەی پارتی کۆمۆنیستیش بەیارمەتیی سۆڤێت بەسترا. ئەم پێوەندییە ئاڵۆزو دووفاقیە سۆڤێتی تووشی کێشە و گرفتێکی زۆر کرد.

## جیاوازیی بۆچوونی ستالین و ترۆتسکی

مەسەلەی هەڵسوکەوت لەگەڵ شۆڕشی چین، مشتومڕێکی گەورەی لە نێوان ستالین و ترۆتسکی نایەوە. ترۆتسکی پێی وابوو، ستالین خیانەتی لە شۆڕشی پرۆلیتاریای جیهان کردووە، چونکە یارمەتیی کۆمینتانگی داوە، بۆ لەناوبردنی کۆمۆنیستەکان. ترۆتسکی دەڵێت:

(ستالین لە جیاتی پشت بە زۆرینەی خەڵکی هەژار و پرۆلیتاریای چین ببەستێت، پشتی بە جەنەراڵە خوێناوییەکان بەست. ستالین یارمەتیی حکوومەتی kehcs-iaK gnaihcsTدا، ئەویش توانی شۆڕشی پرۆلیتاریای چین سەرکوت بکات و لەناوی بەرێت[٧٥]). بەپێچەوانەوە ستالین پێی وا بوو، کە پێویستە یارمەتیی بۆرجوازی نیشتمانی بدرێت، چونکە دژی داگیرکەرانی بێگانەو ئیمپریالیستی جیهانە. ئیتر ئەمە بووبووە سیاسەتێکی سەرەکیی ستالین لە تەواوی جیهانی سێیەمدا. ئەم سیاسەتەش، گەورەترین نەهامەتیی بۆ کۆمۆنیستەکانی جیهان هێنا. بۆنموونە لەعێراق پشتگیری بەعسیان کرد، دژی شیوعیەکان بوون. لە تورکیاش پشتگیریی مستەفا کەمالی خوێنمژ و دڕندەیان کرد، لە دژی گەلی کورد وەستانەوە. بیانووی سەرەکیشیان ئەوە بوو، گوایە ئەمان دژی ئیمپریالیستی جیهانن!!.

## یەکەمین شۆك بۆ کۆمۆنیستەکان

لە ١١ی فیبراوەری ١٩٤٥ ستالین و ڕۆزڤێلت و چرچل ڕێك کەوتن، کە دانیان بەداگیرکردنی

(74) Dieter Heinzig. Die Sowjetunion und das Kommunistische China 1945-1950. Nomos Verlag. Baden-Baden. 1998. S 88.

(*) دەربارەی ئەو باسە سەیری لاپەڕە ١٥٧ بکە.

(75) Leo Trotzki, Die eindrucksvolle Lehre Chinas,http://www.marxists.org.

بەشێکی مەنگۆلای و مەنشووریا نا، لە بەرامبەردا پێویستە سۆڤێت دان بە حکوومەتی کۆمینتانگ دابنێت و یارمەتی بدات و دژی پارتی کۆمۆنیست بێت(٧٦). ئەمەش گەورەترین خیانەت بوو کە ستالین دژی کۆمۆنیستەکانی چین کردی.

هەربۆیە پاش چەند مانگێك دوای ئەو پەیماننامەیە، سۆڤێت دانی بە حکوومەتی کۆمینتانگ دا نا و، لە ١٤ ئوگستسی ١٩٤٥دا، سۆڤێت و حکوومەتی کۆمینتانگ، پەیماننامەی (سینۆ و سۆڤێتیان) مۆرکرد. ئەم ڕێککەوتنەش بۆ کۆمۆنیستەکانی چین، شۆکێکی گەورە بوو. ئەوان هیچ کاتێك چاوەڕێی شتێکی وایان لە سۆڤێت نەدەکرد. دەتوانم بڵێم ئەمەش سەرەتایەك بوو، بۆ دروستبوونی شك و گومان لای ماو بەرامبەر بە سۆڤێت و ستالین.

## کۆماری گەلی چینی و سەرەتای قۆناغێکی نوێ

پاش ئەوەی ساڵی ١٩٤٩ پارتی کۆمۆنیست توانی بەسەر حکوومەتی کۆمینتانگ سەر بکەوێت و، کۆتا بەجەنگی ناوەخۆ هێنا و ئیعلانی کۆماری گەلی چین کرا، قۆناغیکی نوێ لەگەڵ سۆڤێت دەستی پێکرد.

## یەکەمین هاوپەیماننامەی نێوان سۆڤێت و کۆماری گەلی چین

هەر لەپاش سەرکەوتنی کۆمۆنیستەکانەوە، لە نێوان مەسئوولەکانی هەردوو وڵاتدا، چەندین پێوەندی بەدزییەوە ئەنجام درا. ئاکامی ئەم پێوەندییانەش پاش ساڵێك دەرکەوت. لە ١٤ی فێبراوەری ١٩٥٠دا یەکەمین ڕێکەوتنی ستراتیجی لە نێوان سۆڤێت و کۆماری گەلی چین مۆر کرا(٧٧). بەم شێوەیەش سەرەتایەکی نوێ لە نێوان سۆڤێت و چین دەستی پێ کرد.

## یارمەتییەکانی سۆڤێت بۆ چین

### لە ڕووی سەربازییەوە

لە ٢٧ی یونی ١٩٤٩دا ستالین فەرمانی بەخشینی ٤٠ فڕۆکەی جەنگی بە چین دەدات. پاشانیش هێڵێکی تەلەفۆنی لە نێوان پکین و مۆسکۆ دروست دەکەن. سۆڤێت زیاتر لە ٢ هەزار لۆری سەربازی (زیل) عەسکەری و، ٤٠ فرۆکەی بارهەڵگری تری بۆ ناردن، کە زیاتر لە ١٠ هەزار سەربازی چینی دەگواستەوە، ماویش بۆ ئەم کارە سوپاسی تایبەتی ستالین کرد، چونکە توانی حەرەکەی لەشکرەکە زووتر بکات. لە ١٩ی سێپتەمبەریشدا ٣٣٤ فڕۆکەی جەنگی و ٣٦٠ مووشەکی دژە ئاسمانی بەبڕی ١١٦ ملیۆن ڕۆبل (٢٦،٥ ملیۆن دۆلار) بەقەرز پێ فرۆشتن. جگە

(76) Dieter Heinzig. Die Sowjetunion und das Kommunistische China 1945-1950. Nomos Verlag. Baden-Baden. 1998. S 84.

(٧٧) هەمان سەرچاوە. لاپەڕە. ٦١٨.

لەوەش چەندین ئەفسەر و پسپۆڕی سەربازیی بۆ ناردن و، هەزاران ئەفسەری چینیش لە ئەکادیمیا و زانکۆکانی سۆڤێتدا دەیانخوێند(٧٨).

### لە ڕووی ئابوورییەوە

هەر لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٩وە ماوتسیتوونگ تکای لە ستالین کرد، کە یارمەتییان بدات، بۆ دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەری باکوری چین. لە ٦ فێبراوەردا ماو کاتێك سەردانی مۆسکۆ دەکات، داوای ٣٠٠ ملیۆن دۆلار دەکات. لە هەمان کاتیشدا دەیەوێت بۆ ئەم قەرزە کەمترین سوود و درێژترین ماوەیان بۆ دیاریبکەن. پاش ماوەیەکیش سۆڤێت ڕازی دەبێت. پاشانیش سۆڤێت قەرزێکی تریان بە بڕی ٣٠ ملیۆن دۆلاری ئەو کاتە دەداتێ، بۆ باشکردن و پێشخستنی بواری پیشەسازی لە چین(٧٩).

پاش ئەم قەرزەش سۆڤێت بڕی ١،٩ ملیارد دۆلاری تری بەچین دا. کە ساڵی ١٩٦٥ قەرزەکەی دایەوە. ئەمەش باشترین و گەورەترین خزمەتی شۆڕشەکەی کرد، بگرە یەکێك بوو لە هۆ گرینگەکانی سەرکەوتنی شۆڕشی چین. ئەم بڕە قەرزە بەجۆرێك ئابووریی وڵاتی بوژاندەوە، کە چین تا ساڵی ١٩٧٨ هیچ قەرزێکی دەرەکیی تری نەکرد(٨٠).

### لە ڕووی پسپۆڕو تەکنۆلۆجییەوە

سەرکردایەتیی پارتی کۆمۆنیستی چین جگە لە داواکاری ئابووری، خەڵکانی شارەزا و پسپۆڕی سۆڤێتیش، داواکاری سەرەکییان بوو. لە فێبراوەری ١٩٤٩دا، Liu Shaoqi بەرەسمی داوای لە لێپرسراوانی سۆڤێت کرد، کە خەڵکی پسپۆڕی بواری ئابووریی و پیشەسازییان بۆ بنێرێت، تا یارمەتییان بدات بۆ بنیاتنان و گەشەپێدانی ئابووریی وڵاتەکەی. پاش ماوەیەك سۆڤێت، ٥٠٠ پسپۆڕی ئابووری و پیشەسازی و تەکنیکییان بۆ دەنێرێت. سەرکردەیەکی تریان Zhou Enlai داوای پسپۆڕی سەربازیش دەکرد، بۆ مۆدێرنەکردنی لەشکری چین. لە ١٤ی ئۆگستسی ١٩٥٠ دا سۆڤێت شاندێکی تری بۆ چین نارد کە لە ٢٢٠ پسپۆر پێکهاتبوون(٨١).

لە ٢٥ی ئۆگوستس لەلایەن سەرکردایەتیی چین و خەڵکێکی زۆرەوە لە وێزگەی شەمەندەفەر Mukden پێشوازییان لێ کردن. هەر جارەی شاندێکی سۆڤێتی بهاتبایەتە چین، لەلایەن چەندین مەسئوولی گەورە و خەڵکێکی زۆرەوە پێشوازییان لێ دەکردن. دیارە ئەم پسپۆڕانەش،

(٧٨) هەمان سەرچاوە. لاپەرە. ٣٦٦،٣٦٥.

(٧٩) هەمان سەرچاوە. لاپەرە. ٢٥٠.

(٨٠) عەلی مەحمود. چین هەواری ڕابردووی ئایدۆلۆژیاو کارخانەی یاری منالانی ئەمرۆ و گەورە هێزی داهاتوو. www.dengekan.com

(81) Dieter Heinzig. Die Sowjetunion und das Kommunistische China 1945-1950. Nomos Verlag. Baden-Baden. 1998. S 374.

ڕۆڵێکی ئێجگار گەورەیان لە پێشخستن و بووژانەوەی ئابووریی چیندا بینی. کاتێك ساڵی ١٩٦١ ماو پسپۆڕەکانی دەرکرد، ئابووریی چین تووشی ئیفلیجی بوو. پێشتر بەرهەمی پیشەسازی ٣٢٪ بوو، کەچی ساڵی ١٩٦٢ هاتە خوارەوە بۆ ڕێژەی ١٦٪. بەمەش چین تووشی گەورەترین گێژاوی ئابووری بوو. ساڵانی ١٩٦١ و ١٩٦٢ ، ساڵانی برسییەتی و نەهامەتی بوو بۆ چین(٨٢). لە سەرکەوتنی شۆڕشەوە تا ساڵی ١٩٥٧ زیاتر لە ٩٠ هەزار ئەندازیاری چینی لەسەر خەرجی سۆڤێت، لە زانکۆکانی ئەو وڵاتدا دەیانخوێند. هەتا ساڵی ١٩٥٧ زیاتر لە ٢٥٩ هەزار خوێندکاری چین، لەسەر خەرجی سۆڤێت، لە زانکۆ و پەیمانگەکانی ئەو وڵاتەدا، خوێندیان تەواوکرد(٨٣). جگە لە ڕاهێنان و فێرکردنی هەزاران تەکنیکی و ئەکادیمی چینی، کە هەموویان لەسەر خەرجی سۆڤێت بوونە پسپۆڕ و شارەزای بوارە جۆراوجۆرەکانی ئابووری و سەربازی و پیشەسازی. سۆڤێت بۆ گەلانی وەکو چین و تورك و عەرەب و چەند گەلێکی تریش وەکو هەتیووخانەیەك وا بوو. بۆ گەلانی وەکو کوردیش، قەسابخانەیەکی گەورە بوو. سەیر لەوەیە، چینییەکان و عەرەبەکان و تورکەکان کە باشترین سوودیان لە سۆڤێت وەرگرت، گەورەترین دەگەیان لە وڵات دا.

**لە ڕووی سیاسەتی نێودەوڵەتییەوە**

لە یەکەمین ڕۆژی کۆماری گەلی چینەوە، هەتا ئەو کاتەی کە پێگەیان قایم بوو، سۆڤێت باشترین دۆستی چین بوو لە جیهاندا. لە هەموو شوێنە نێودەوڵەتییەکاندا، سۆڤێت زۆر بەتوندی پشتگیریی چینی دەکرد. بگرە تاکە ڕێگر بوو لە بەردەم ئەمەریکا، کە نەیهێشت بۆمبی ئەتۆمی لە دژی چین بەکار بهێنێت. سۆڤێت وەکو دایکێك لە هەموو ڕوویەکەوە، ئەم کۆمارە تازەیەی پاراست. کەچی ماوتسیتوونگ هێندە بێ ئابڕوو بوو، نەك پاداشتی سۆڤێتی نەدایەوە، بەڵکە لە ئەمەریکی و ئەوروپییەکانیش زیاتر دژایەتیی سۆڤێتی دەکرد.

هەروەك سەرۆکی پێشووی سۆڤێت (برجنێڤ) وتی : (مەگەر پارتی پارێزگارانی بەریتانیا و پارتی مەسیحیی ئەڵمانیا، هێندەی ماوتسیتوونگ ڕقیان لە سۆڤێت بێتەوە)(٨٤).

## جەنگی ماویزم و ستالینیزم

ئەم جەنگە نە فکری و نە سیاسی بوو، بەڵکە جەنگی دوو دیکتاتۆر بوو، بەرگێکی فکری سیاسییان پێدا بوو. پاش ئەوەی ماو دەسەڵاتی چینی داگیر کرد و، پاش ئەوەی پێویستی بە

(٨٢) عەلی مەحموود. چین هەواری ڕابردووی ئایۆلۆجیا و کارخانەی یاریی منداڵانی ئەمڕۆ و گەورە هێزی داهاتوو. www.dengekan.com

(٨٣) هەمان سەرچاوە.

(٨٤) بالمیرو تولیاتي. محاضرات في الفاشیة. تعریب. انطوان صیداوي. دار الفارابي. الطبة الثانیة. بیروت.١٩٨١ ص٣١.

سۆڤێتنەما جەنگێکی نارەوای بەسەرسۆڤێت و تەواوی کۆمۆنیستەکانی جیهاندا سەپاند. ماو بەشێکی زۆری داهاتی وڵاتی چینی دانابوو، بۆ دروستکردنی گرووپی سیاسیی سەر بەچین لە جیهاندا. کە پاشتر پێیان دەوتن ماویستەکان. ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی لە چەندین شوێنی جیهاندا، شەڕ و پێکدادان لەنێوان گرووپە کۆمۆنیستەکان روو بدات. گرووپە ماوییەکان لە سەرانسەری جیهاندا کاریان شەڕ و ئاژاوەنانەوە بووە، زیاتر وەکو گرووپێکی چەقۆکێشی سەر بەچین کاریان دەکرد. هەر خەریکی شەڕفرۆشتن بوون بەگرووپە کۆمۆنیستەکانی جیهان بەتایبەت ترۆتسکیست و کۆمۆنیستە ڕەسەنەکان. هەروەك چۆن سەدام و خومەینی و حافیز ئەسەد و سعوودیە، کۆمەڵێك گرووپی چەقۆکێشی سەربەخۆیان لە جیهاندا دروست کرد، چینیش بەهەمان شێوە. باشترین نموونەیان پۆل پۆتی کەمبۆدیایە.ئەم جەنگەش هەمووی لەخزمەتی ئەمەریکا بوو، تەنانەت زۆرجار پێکەوە دژایەتیی سۆڤێتیان دەکرد، وەکو لە کەمبۆدیادا دەرکەوت. بگرە هەموو ئەم هەرایەش پلانێکی ئەمەریکی بوو، بۆ کزکردنی بیری شۆڕشگێریی کۆمۆنیستی لەجیهاندا، ماویش باشترین یارمەتیدەری ئەمەریکا بوو، تەنانەت زۆرجاریش ئەو گرووپانە بە یارمەتی داراییی ئەمەریکا دروست دەکران، بۆ ئەوەی دژایەتیی گرووپە شۆڕشگێرەکانی تری پێ بکرێن.

### ماوتسیتوونگ جیهانی دەرەوە

ماوتسیتوونگ سیاسەتێکی تا بڵێیت دڕندانە و ئەگرەسیڤانەی لە دژی سۆڤێت گرتە بەر. لە تەواوی جیهاندا کەوتە دژایەتیکردن و پلاندانان لە دژی سۆڤێت. لە ڕووی نێونەتەوەییشەوە یارمەتیی ئەو وڵاتانەی دەدا کە دژایەتیی سۆڤێت دەکەن ودژایەتیی ئەو دەوڵەتانەشی دەکرد کە دۆستی سۆڤێت و کۆمۆنیستن. بۆ نموونە لە ئاست کۆمەڵکوژییەکی ئەندەنووسیا بێدەنگ بوو. تەنانەت یارمەتیی سۆهارتووی دیکتاتۆری دەدا. لە کاتێکدا دەیتوانی کۆمۆنیستەکانی ئەندەنووسیا لە دەستی چەقۆکێشەکانی ئەمەریکا ڕزگار بکات. بەڵام چونکە پارتی کۆمۆنیستی ئەندەنووسی سەر بەو نەبوون، بۆیە زۆر بێ ڕەحمانەکردنی بە قوربانی چەقۆکێشەکانی ئەمەریکا. لە ئاست ئیمپریالیزمی جیهانی بەسەرۆکایەتیی ئەمەریکا، زۆر نەرمونیان و ناسك بوو، ماوەیەکی زۆر ژێر بەژێر پێوەندییەکی شاراوەیان هەبوو، جۆرە بەرەیەکی دژە سۆڤێتییان دانابوو. تا لە سەرەتای حەفتاکاندا ئەم پێوەندییەیان ئاشکرا کرا. لە ئاست دەوڵەتانی جیهانی سێیەمیش پشتگیریی چەندین رژێمی دیکتاتۆر و دڕندە و فاشیستی جیهانی دەکرد وەکو عێراق و تورکیاو شیلی. لە ئاست دەوڵەتێکی مەزنی وەکو هیندستانیش، کەوتە دژایەتیکردن و شەڕ پێفرۆشتن. گەورەترین یارمەتیی فاشیستە پاکستانییەکانیان دەدا و بوون بەباشترین یارمەتیدەری ئەم وڵاتە وەحشیە دڕندەیە. پاکستان کەلە وشەی (پاکەوە) هاتووە، بەڵام ئەوەی پێی بڵێیت پاکی لەم وڵاتەدا نییە. پاشگرە ناوی لێی بنێیت (پیسستان، شڕستان). هەرچی

گرووپی ئیسلامیی فاشی هەیە، لەم وڵاتەوە سەری هەڵداوە. ئەم وڵاتە بوو پشتگیریی شەڕی ئەفغانستانی بەسەر سۆڤێتدا سەپاند. کەچی هەتاوەکو ئەمڕۆش باشترین دۆستی چینە.

## تابووتی ماویزم

دیارە ماویزمیش وەکو هەموو ڕەوتێکی نامرۆڤانە و سەقەت، پاش مردنی ڕابەرەکەی، ناچار هاوڕێکانی دان بەهەڵەدا دەنێن و واز لەم ڕەوتە سەقەتە دەهێنن. هەروەك چۆن پاش مردنی ستالین، هاوڕێکانی کۆتایان بە بیری سەقەتی ستالینزیم هێنا. لە چینیش پاش مردنی ماو، هاوڕێکانی کۆتایان بە بیری سەقەتی ماویزیم هێنا. بەمجۆرەش جارێکی تر ئاسۆی ڕۆژێکی ڕووناك، وڵاتە مەزن و کۆنەکەی چینی گرتەوە. هەر لە پاش مردنی ماو و، کۆتا بەسیاسەتی جینۆسایدکردنی مرۆڤ و مێژوو (واتە سیاسەتی شۆڕشی کولتوری) پێ هێنرا.

## ئەو پیاوەی چین و جیهانی گۆڕی



Deng Xiaoping 1904 /1997

لە پاش ماوتسیتوونگ، دێنگ خیاپینگ بەناوبانگترین سەرکردەی چینە. لەگەڵ ناوی ئەم پیاوەدا کۆمەڵێك ڕووداوی سیاسیی گرینگ و ئاڵۆزمان بیردەکەوێتەوە. دێنگ خیاپینگ لە ٢٢ی ئوگستسی ١٩٠٤ لە شارۆچکەی Xiexing سەر بەهەرێمی Sichuan لەدایك بووە. باوکی ناوی نا Xiaoping کە مانای (ئاشتیی بچکۆلە) دەگەیەنێت(٨٥). بنەماڵەی دێنگ یەکێك بوون لە چینە خانەوادەکان. خاوەنی نزیکەی ١٠ هیکتار زەوی بوو. باوکی یەکێك بوو لە فەرمانبەرە گەورەکانی سەردەمی ئیمپراتۆیەت. لەبەرئەوە دێنگ توانی بچێت بخوێنێت، تەنانەت ناردیشیان بۆ فەرەنسا بۆ خوێندن. ئەمە لە کاتێکدا زۆربەی خەڵکی چینی نەیاندەتوانی منداڵانیان بنێرن بۆ قوتابخانە. لە ساڵی ١٩٢٠ دەچێتە فەرەنسا، لە یەکێك لە دواناوەندیەکانی پاریسدا دەخوێنێت. هەر لە فەرەنسا پێوەندی بەکۆمۆنیستەکانەوە دەکات.

هەر لەوێش هەردوو هاوڕێی Zhou Enlai  n, Zhou Enlai دەناسێت پێکەوە ڕێکخراوی (گەنجانی کۆمۆنیست) دروست دەکەن.

---

(85) http://de.wikipedia.org/wiki/Deng-Xiaoping.

پاشان لە ساڵی ١٩٢٥ دەچێت بۆ مۆسکۆ. لەوێ لە زانکۆی کۆمۆنیستەکان، بۆ کرێکارانی ڕۆژهەڵات دەست دەکات بە خوێندنی بیری کۆمۆنیستی. پاشان دەچێتە زانکۆ Sun-Yat-sen. هەر لەوێش لەڕێگەی Pavel Mif، جێگری زانکۆکەوە، ئاشنایەتی لەگەڵ بیری ترۆتسکی پەیدا دەکات. پاش هەڵمەتە بڵاوەکەی ستالین دژی ترۆتسکییەکان، ئەویش ڕادەکات و ساڵی ١٩٢٦ دەگەڕێتەوە بۆ چین(٨٦).

پاش ئەوەی دەگەڕێتەوە لە نزیکەوە کار لەگەڵ پارتی کۆمۆنیست دەکات. هەرلەسەرەتاوە پێوەندی لەگەڵ چەند سەرکردەیەکی ئەو پارتە پەیدا دەکات لەوانە Li Lisa, Zhou Enlain، لە ڕێگەی ئەمانیشەوە دەتوانێت لە سەرکردایەتی کار بکات. ساڵی ١٩٢٧ بۆ یەکەم جار ماوتسیتوونگ دەناسێت. لە کاتی جەنگی ناوەخۆدا بەشدار دەبێت، سەرکردایەتیی ناوچەکەی خۆیان دەکات. ساڵی ١٩٣٤ بەشداری لە مارشی درێژ دا دەکات. لە ساڵی ١٩٣٧تا ١٩٤٥ دەبێتە کۆمیسیاری سیاسیی لەشکری سوور. ساڵی ١٩٤٥ دەبێتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی. پاش ڕاگەیاندنی کۆماری چین، ساڵی ١٩٤٩ دەبێتە سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی.

## جیاوازیی سیاسی نێوان دێنگ و ماوتسیتوونگ

پاش ئەوەی ماو سیاسەتی (هەنگاوی گەورە بۆ پێشەوە)ی ڕاگەیاند، ئەم یەکێك بوو لە نەیارانی ئەم سیاسەتە. هەر بۆیە لەلایەن ماوەوە دژایەتی کرا. پاش کارەساتەکانی ئەم سیاسەتە، ساڵی ١٩٦٢ لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی چین Liu Shaoqi، پرۆژەیەکیان بۆ بووژاندنەوەی ئابووری پێشکەشی کۆمیتەی ناوەندی کرد. کە تا ڕادەیەکی زۆر باش چینی لە برسییەتی ڕزگارکرد. ساڵی ١٩٦٧ لەکاتی شۆڕشی کولتووریشدا، هەڵوێستی دژی هەبوو، بۆیە بەیەکجاری لەحیزب دەرکرا و هەموو مەسئولیاتێکی لێ سەنرایەوە و بۆ ناوچەی Jiangx دوور خرایەوە. لە نێوان ساڵی ١٩٦٧ تا ١٩٧٣ ژیانی لەم ناوچەیەدا بەسەر برد، کە ناخۆشترین کاتی بووە. بۆ بژێویی خۆی، ماوەیەکی زۆر کاری پینەچێتیی کردووە(٨٧). ساڵی ١٩٧٣ پاش ئەوەی ماو لەگەڵ Zhou Enlai تێك دەچن، عەفوی بۆ دەردەکات دەگەڕێتەوە ناو سیاسەت. دەبێتە جێگری سەرۆك وەزیران و دەگەڕێتەوە بۆ ناو کۆمیتەی ناوەندی. پاشان ساڵی ١٩٧٤ دەگەڕێتەوە بۆ ناو کۆمیتەی سیاسی. ساڵی ١٩٧٥ دەبێتە جێگری سەرۆکی پارتی کۆمۆنیست. ساڵی ١٩٧٦ دیسانەوە لەلایەن (باندە چوارییەکە(*)) دژایەتی دەکرێت و هەوڵی لابردنی دەدەن. لە

(86) www.Encarta.msn.com - Deng-Xiaoping.

(٨٧) هەمان سەرچاوە.

(*) باندە چوارییەکە. گرووپێکی ڕادیکاڵی ناوکۆمیتەی سیاسیی پارتی کۆمۆنیست بوون. زۆر چەپانە بیریان دەکردەوە و دژی بیری ریفۆرم و میانڕەوەکانی ناو پارتەکە بوون. ئەم گرووپە لەلایەن ژنی سێیەمی ماوەوە Jiang Qing سەرپەرشتی دەکرا. ئەم گرووپە ڕۆڵێکی گەورەیان لە ناو سوپای سووردا هەبوو. ساڵی ١٩٧٦ ئەم گرووپە هەموویان گیران و خرانە زیندانەوە.

سێپتەمبەری هەمان ساڵدا ماوتسیتوونگ دەمرێت. لە ساڵی ١٩٧٧ لەلایەن سەرۆکی پارتەکەوە Hua Goufeng دژایەتی دەکرێت و هەموو دەسەڵاتێکی لێ دەسێنرێتەوە.

**یەکەمین هەنگاو بۆ گەیشتن بە لووتکەی دەسەڵات**

لە کۆنگرەی یازدەمینی پارتی کۆمۆنیست کە لە دیسەمبەری ١٩٧٨دا بەسترا، وتارێکی زۆر بەهێز دەخوێنێتەوە. ئەم وتارەی دێنگ زۆر جیاواز بوو لەگەڵ ئەوانی تر. هیچ باسی شۆڕشی کولتووری و کۆمۆنیست و خەباتی چینایەتیی نەکرد، بەڵکە تەنیا باسی گەشەپێدان و بووژانەوەی ئابووریی کرد. مەسەلەی ئابووریی کردە کرۆکی سەرەکیی وتارەکەی[88]. هەر لەم وتارەوە، هەنگاوی یەکەمی ریفۆرمی ئابووری و سیاسی دەستی پێ کرد. پاشان دەبێتە سەرۆك وەزیران، هەتا ساڵی ١٩٨٠ واز لە سەرۆك وەزیران دەهێنێت. ساڵی ١٩٨١ دەبێتە سەرۆکی گشتیی سوپای سوور. لە ساڵی ١٩٨٢ تا ١٩٨٧ دەبێتە سەرۆکی کۆمیتەی سیاسی. لە کۆنگرەی ١٢ی پارتی کۆمۆنیستدا، کە لە سێپتەمبەری ١٩٨٢دا بەسترا، سێ خاڵی کردە سیاسەتی سەرەکیی پارتەکە. کە بریتی بوون لە:

١- دامەزراندنی سۆسیالیزم لەسەر شێوازی چینی.

٢- یەکگرتنەوە لەگەڵ تایوان و گەڕانەوەی هەموو ناوچە دابڕاوەکانی تر بۆ سەر چین.

٣- باشکردنی وەزعی ئابووری و بەرزکردنەوەی باری ژیانی خەڵکی بۆ ١٠٠٠ دۆلار لە ساڵێکدا[89].

## سەرەتای ریفۆرم و کرانەوە

″گرینگ نییە پشیلە ڕەش بێت یان سپی، گرینگ ئەوەیە مشك بگرێت″



ئا بەم ڕستەیەی سەرەوە دینگ دەستی کرد بە دانانی بناغەیەکی نوێ و دروستکردنی باڵەخانەیەکی تازەی چینی. هەروەك عەلی مەحموود دەڵێت (مشك گرتنی چینییەکان گەشەسەندن و تازەکردنەوە بوو[90]) چاکسازیی

(88) http://de.wikipedia.org/wiki/Deng-Xiaoping.

(٨٩) هەمان سەرچاوە.

(٩٠) عەلی مەحمووود. چین هەوارگەی ڕابووردی ئایدیۆلۆجیا. www.dengekan.com

چینی لەسەر سێ کۆڵەکەی سەرەکی بنیات نرا (کرانەوە، چاکسازی، تازەگەری). دینگ پێی وا بوو بۆ ئەوەی چین ببێتە دەوڵەتێکی مەزن و پێشکەوتوو، پێویستە پێش هەمووشتێك پشت بە تەکنیکی نوێ و سیستەمێکی مۆدێرنی بەرێوبردن ببەستێت. لە پێش هەموو شتێکەوە، دەستیان کرد بە پێشخستنی ژێرخانی ئابووریی چین. چونکە گەر ژێرخانێکی باشی ئابووریت نەبێت، ناتوانیت سەرخانێکی پێشکەوتووی ئابووری دابمەزرێنیت.

**پێشکەوتن لە هەموو ڕوویەکەوە**

قۆناغی ڕیفۆرمی چین، دەتوانین بەباشترین و چاکترین ڕیفۆرمی جیهانی دابنێین. ئەم سیاسەتی ریفۆرمە، بەتەواوی چینی لە وڵاتێکی دواکەتووەوە بۆ وڵاتێکی پێشکەوتوو گۆڕی. دەتوانین بەجوانترین و باشترین پۆشاکی ڕیفۆرمی جیهانی دابنێین. لە ساڵی ١٩٨٠دا هێڵی شەمەندەفەر گەیشتە نزیکەی ٢٥٠٠٠ کم. ڕێگەوبان گەیشتە ٨٧٦٠٠٠ کم. کەرتی کشتوکاڵی بەڕێژەی ٢٢٪ زیادی کرد. ساڵی ١٩٧٩ چین بەڕێژەی ٠،٧٪ بەشداریی بازرگانیی جیهانی دەکرد. پاش سێ ساڵ واتە ساڵی ١٩٨٢ ڕێژەکە بۆ ٢٪ بەرزبووەوە. بەم شێوەیەش چین گەیشتە پلەی ١٩مینی لە بازرگانیی جیهانی. کەرتی بازرگانی ساڵی ١٩٨٠ بەڕێژەی ١٥٪، ساڵی ١٩٨٤ بە ڕێژەی ٢١٪، ساڵی ١٩٨٦ بە ڕێژەی ٣٥٪ گەشەی سەند. کۆی گشتیی بازرگانیی دەرەوەی چین ساڵی ١٩٥٠ نزیکەی ١،١٣ ملیارد دۆلار بوو. ٥٥٠ ملیۆن ناردە، ٥٦٠ ملیۆن هاوردە. کەچی ساڵی ١٩٨٠ گەیشتە ٣٧،٧ ملیارد دۆلار. بڕی ناردە گەیشتە ١٨،٢٧ ملیارد دۆلار، هاوردەش گەیشتە ١٩،٥١ ملیارد دۆلار. ساڵی ٢٠٠٤ بازرگانیی دەرەوەی چین گەیشتە ١١٥،٤٧٢ ملیارد دۆلار. لە ساڵی ١٩٧٩ تا ساڵی ٢٠٠٤ بازرگانیی دەرەوەی چین ساڵانە، ٥٦ جار زیادی کرد، بە ڕێژەی ١٦،٨٪ بۆ هەر ساڵێك(٩١). جگە لەوەش چین لە وڵاتێکی پەراوێزخراوی جیهانەوە، بوو بە وڵاتێکی خاوەن نفوز و مەزن. لە زۆربەی قسە و باس و کێشە جیهانییەکاندا، خاوەنی سیاسەتی خۆی بوو. لە هەمان کاتیشدا دەوڵەتە گەورەکانی جیهان، ناچار بوون کە پرسی پێ بکەن و گوێ بۆ دەنگی چین ڕابگرن. لە پێش هەمووشیانەوە، سۆڤێت و ئەمەریکا.

**باجی چاکسازی و کرانەوە Tian’anmen**

**ڕووداوەکانی گۆڕەپانی ئاشتی**

دینگ وای دەزانی کاتێك دەرگە داخراوەکانی چین دەکاتەوە، تەنیا شەماڵی سەرمایەگوزاری و تەکنیکی نوێ دێتە ژوورەوە. نەیزانی کاتێك دەرگە بکەیتەوە، هەموو شتێك خۆی دەکات بەژوورەوە. میکرۆبی گەندەڵی و گەردەلوولی پلانە نەبڕاوەکانی ڕۆژئاوا و سیاسەتە

(٩١) هەمان سەرچاوە.

گلاوەکانیان دژی ئەم گەلە قارەمانە، دێنە ژوورەوە. ساڵانی هەشتاکان بەساڵانی ئاژاوە و کێشەی بلۆکی ڕۆژهەلات دەژمێردرا. بەساڵانی ڕووخانی شوورەی قایمی سۆڤێتی دەژمێردرێت. بەداخەوە پلانە گلاوەکانی ئەمەریکا، لەم ساڵانەدا گەیشتە ترۆپکیان. ئەمەریکا بۆ ماوەی چل ساڵی ڕەبەق تۆوی لەناوبردنی سۆڤێتی دەچاند. لە ساڵانی هەشتاکاندا توانی دەورووێنەی ئەو ساڵانە بکاتەوە. لە هەموو جیهاندا کێشە و ڕووخانی رژێمەکان بوونە هەواڵی سەرەکیی هەموو ماڵێك. لەلایەکی ترەوە دینگ هەڵەیەکی گەورەی کرد، کاتێك ڕێگەی دا چەند پیاوێکی درندەی ئەمەریکی بەناوی ڕیفۆرمەوە، کەوچکی گلاویان لە قاپی پاك و تەمیزی فەخفووری چینی تێوە گلێنن. لە پێش هەمووشیانەوە Milton Friedman. بەداخەوە دینگ ئەم پیاوەی کردبووە ڕاوێژکاری سیاسیی خۆی بۆ کاروباری ئابووری و سیاسی. بیر و بۆچوونەکانی وەکو ژەهر بەناو خوێندکارانی چین بلاو بووەوە. جگە لەوەش کرانەوەی دەرگەکان ڕێگەی بە چەندین چەورەی ئەمەریکی و ئەوروپی دا، کە دڵی گەنجانی چینی بەناوی (دیموکراتی و ئازادی ومافی مرۆڤەوە) گەرم بکەن و دژی حکوومەت هانیان بدەن. بەڵام پاش ئەزموونە تاڵەکەی گۆڕەپانی ئاشتی، پاش ئەوەی چەند گەنجێك هاتنە ئەمەریکا و ئەوروپا، زۆربەیان پەشیمان بوونەوە. هەروەك یەکێك لە ڕابەرانی بزاڤی خوێندکارانی چین، لەم دواییەدا دانی پێ دانا، کە ڕۆژئاوا ئێمەی هەڵخەڵەتان(٩٢).

**سەرەتای تەقینەوەکە**

پاش ئەوەی قۆناغە ترسناك و تۆقێنەرەکەی ماو کۆتایی پێ هات، سەردەمی میهرەبانی و دڵفراوانی دینگ دەستی پێ کرد. بەداخەوە چەند کەسێك زۆر خراپ سوودیان لەم گۆڕانە وەرگرت. پێشتر کەس نەیدەوێرا ڕەخنە یان قسەیەك لە دژی سەرکردەکان بکات. بەڵام کاتێك کۆتا بەم سیاسەتە هێنرا، چەند کەسێکی مشەخۆری سیاسیی و بازرگانی فاشیلی فیکر، بەپیسترین شێوەخۆیان کردە کوێخای فکر و سیاسەت. کابرایەکی فشەکەری سیاسی چینی بەناوی Hu Yaobang لەخۆڕا ناوی گەورە بوو. بەناوی ریفۆرمەوە کەوچکی هەموو قاپێك بوو. ئەم ڕەفتارانەی ئەم پیاوە وای کرد، کە چەندین جار سەرکردە حزبی و حکوومییەکان شکاتی لێ بکەن. بەڵام دینگ زۆر میهرەبان بوو لەگەڵی، بەڵام پاش ئەوەی خۆی زۆر بێ تام کرد، ئیتر ناچار لە ساڵی ١٩٨٦دا، لە حزب دەرکرا و ریسوا و ترۆ کرا. ئیتر ئەمەش هێندەی تر هانی ڕۆژئاوای دا، کە بەزەرەبینی میدیاکانیان، ئەم پیاوە لە بەرچاوی چینییەکان گەورە بکەن. کاتێك لە ١٥ی ئەپریلی ١٩٨٩دا، بەهۆی نەخۆشییەوە مرد. میدیاکانی ڕۆژئاوا هێندەی تر پەمپی خەڵکیان داو دەیانگوت بەپلان کوژراوە و نەخۆش نەبووە. لە کاتی ناشتنی تەرمەکەیدا

---

(٩٢) دانييل بورشتاين. ارنية دي كيزا. ترجمة شوقي جلال. التنين الاكبر. الصين في القرن الواحد والعشرين. عالم المعرفة. الكويت. يوليو ٢٠٠١. ص. ٢١١.

کۆمەڵێك گەنجی هەڵخەڵەتاو، کە شەو و ڕۆژ گوێیان بو ڕادیۆ و میدیاکانی ئەمەریکا و ئەوروپا دەگرت. ئەوانەی کە تەنیا لە تیڤییە ڕەنگاوڕەنگەکانەوە، سەیری جەنگەڵی ڕۆژئاوایان دەکرد. بەجارێك هەزاران کەس ڕژانە ناو گۆڕەپانی ئاشتی لە پکین. سەرەتا پۆلیس ڕێگەی لێ نەگرتن، بەڵام پاشان دەرکەوت، کە ئەمەریکا و ڕۆژئاوا نیازیان خراپ بوو. دەیانویست هەروەك چۆن بلۆکی ڕۆژهەڵاتیان ڕووخاند، ئاواش بە چین بکەن. بەڵام نەیانزانی کە دیوارە مەزنەکەی چین، زۆر لە دیوارە ڕزیوەکەی بەرلین، گەورەتر و قایمترە. کاتێك خوێندکاران پەلاماری پۆلیس و دەزگاکانی حکوومەتیان دا، بەنیازی ڕووخانی حکوومەتی چین. زیاتر لە ٥ هەزار پۆلیس بریندار بوون و کوژران. لە پاش ئەم کردەوەیە، دینگ فەرمانی دەرکرد، کە سوپا چی تر بێدەنگ نەبێت و دەستبکاتەوە[٩٣]. دەرئەنجامیش سەدان خوێندکار کوژران و بریندار بوون. هەزارانیش ماڵیان وێران بوو.

**ئەنجامە خراپەکانی ئەم ڕووداوە**

پاش ئەوەی چین لە ڕووی ئابوورییەوە گەشەی سەند و پێشکەوت، ئیتر بەجارێك چاوی هەموو ڕۆژئاوای تەقاند. هەر بۆیە ڕۆژئاوا زۆر بەخراپی ئەم ڕووداوەی قۆستەوە و چەندین سزای ئابوورییان بەسەر چیندا سەپاند. هەربۆیە بەجارێك ئابووریی چینی پووکانەوە، ڕێژەی گەشەسەندنی ئابووری بەشێوەیەکی ترسناك هاتە خوارەوە بۆ ڕێژەی ٣,٤٪. کە ئەمەش ئامانجی سەرەکیی ڕۆژئاوا بوو. لە هەمان کاتیشدا، لە هەموو جیهاندا دەستیان کرد بە پڕوپاگەندەیەکی نەگریس، وێنەیەکی ترسناك و تۆقێنەریان بۆ چین دانا.

بەبڕاوی من دەبووایە هەر لە یەکەم ڕۆژەوە دینگ ئاگای لەم ڕووداوانە بووایە. ئێمە ناتوانین بڵێین ئایا گەر سوپا نەبووایە، چین حاڵی چۆن دەبوو. چونکە حاڵەتەکە هێندە ترسناك بوو، هەر دەبووایە سوپا تەداخول بکات و کۆتا بە پلانی لەناو بردنی حکوومەتی سەربەخۆی چین بهێنێت. چونکە گەر وایان نەکردایە چین لەناودەچوو. بەڵام بەداخەوە خەڵکانێکی زۆری بێ تاوانیش، ماڵیان وێران بوو. کۆمەڵێك بازرگانی فاشیل و جاشی ڕۆژئاواش، پاش ئەوەی فەرتەنەکەیان نایەوە، وەك بەرزەکی بانانا بۆی دەرچوون، کرێی جاشایەتیی خۆیان وەرگرت.

## کۆتای حوکمی دێنگ خیاپینگ

پاش ماوەیەکی زۆر لە خەباتی سیاسی، دوای وەرگرتنی چەندین بەرپرسیاریەتیی گرینگی حزبی و حکوومی. لە ساڵی ١٩٩٠ بەرەسمی دێنگ وازی لە کاری سیاسی هێنا. وەلێ هەر ڕۆڵی خۆی لە پشت پەردەوە دەبینی. جگە لەوەش زۆرجار حکوومەت پرس و ڕایان پێدەکرد. بەتایبەت ژیانگ زیمینگ، کە جێگەی گرتەوە، هەموو کاتێك پرسی بەو دەکرد. لە ساڵی ١٩٩٤ بەبۆنەی

(93) http://de.wikipedia.org/wiki/Deng-Xiaoping.

جەژنی ٩٠ ساڵی لەدایکبوونیەوە، میدیاکانی چین و جیهان، پەخشێکی زۆریان دەربارەی ژیانی ئەم سیاسەتە مەزنە کرد. وەلێ پاش ئەوەی کە تووشی نەخۆشیی (پارکینسۆن) بوو، بەتەواوی پەکی کەوت لە جێگەدا کەوت. کچکەی یارمەتی دەدا و، پاشان هەروەکو سکرتێر و قسەکەری رەسمیی ئەویش بوو. پاش چەند ساڵێك خەبات لە دژی نەخۆشییە زەحمەتەکەی، بۆ دوا جار ئەم پیاوە مەزنەی چین لە ١٩ی فێبرایەری ١٩٩٧دا، بە یەکجاری ماڵئاوایی لە چین و جیهان کرد. بەم شێوەیەش چین مەزنترین و ناودارترین سەرکردەی لەدەست دا. مێژوونووسان و چینناسانی جیهان پێیان وایە، کە سیاسەتە ریفۆرمەکانی دێنگ، بە گەورەترین و باشترین سیاسەتی ریفۆرمی جیهان دەژمێردرێت. دیارە ڕاستە ئەم سیاسییە مەزنە، بەحوکمی مەزنی وڵاتی چین و، دڕندەییی دوژمنانی چین، چەند کردەوەیەکی سیاسی هەڵەی کردووە. وەلێ کارە چاکەکانی زۆر لەو چەند کارە خراپانە زۆرترە، کە ناحەزانی باسی دەکەن. جێگەی ئاماژەیە، سەرەتا هەموو ڕۆژئاوا وەسفی دێنگیان دەکرد، وەلێ کاتێك چین بەهێز بوو و پێشکەوت، ترسیان لێ نیشت. هەر بۆیە بە ناشرینترین شێوە کەوتنە دژایەتیی ئەم پیاوە مەزنە[٩٤].

(٩٤) هەمان سەرچاوە.

## سەرچاوەکانی بەشی سێیەم


1- www.wikipedia.de.

٢- دانییل بورشتاین. ارنیة دي کیزا. ترجمة شوقي جلال. التنین الاکبر. الصین في القرن الواحد والعشرین. عالم المعرفة. الکویت. یولیو ٢٠٠١.

٣- عەلی مەحمود. چین هەوارگەی ڕابووردی ئایدیۆلۆجیا. www.dengekan.com.

4- www.Encarta.msn.com.

٥- بالمیرو تولیاتي. محاضرات في الفاشیة. تعریب. انطوان صیداوي. دار الفارابي. الطبة الثانیة. بیروت ١٩٨١.

(6) Dieter Heinzig. Die Sowjetunion und das Kommunistische China 1945-1950. Nomos Verlag. Baden-Baden.1991.

(7) Leo Trotzki Die eindrucksvolle Lehre Chinas, http://www.marxists.org.

(8) www.chinafokus. de.

(9) Revolution und neue Gesellschaft. Marx,Lenin,Mao,. Dieter Oberndörfer,Wolfgang jäger.Verlag.Kohlhammer.Stuttgart.1975.

١٠- لینین. الامبریالیة اعلي مراحل الراسمالیة. دار التقدم. موسکو.

(11) Maoismus. Peter.J. Opitz.Verlag. Kohlhammer.Stuttgart.1972.

(12) www.marxists.org/deutsch.

(13) Mao Tse-tung.Ausgewählte Schriften.Verlag.S.Fischer.Verlag. Frankfurt am Main. 1963. S135.

(14) J.W.Stalin, Über die Perspektiven der revolution in China. Werk Bd. ٨, S.324.

(15) W.I.Lenin. Ausgewälte Werke, Bd.3, Berlin,1960..

(16) Alian Peyrefitte. Wenn sich China erhebt. Rowohlt. Verlag. Hamburg. September.1976.

١٧- تاریخ الثورة الروسیة. لیون تروتسکي. ترجمة. اکرم دیري، هیثم الایوبي. الموسسة العربیة للدراسات والنشر.الطبعة الثانیة. بیروت. ١٩٧٨.

١٨- سێ بۆچوون دەربارەی دەسەڵات. تۆنی کلێف، وەرگێڕانی، د. پشتیوان عەبدوڵڵا.
www.kurdistansocialists.org

١٩- ئەزموون و یاد، پشکۆ نەجمەدین، کتێبخانەی هەرزان. بەشی یەکەم. سوێد. ٢٠٠٨

٢٠- ڕۆژمێری پێشمەرگەیەك، حەمەی حاجی مەحموود، بەشی یەکەم، کوردستان.

٢١- ئاوات قارەمانی، بیرەوەرییەکانم، سلێمانی. ٢٠٠٧.

(22) www.spiegel. de.

(23) www.china-guide.de

(24) C.P.Fitzgerald.Revolution in China.Europäische Verlagsanstalt.

Frankfurt am Main. 1957. S38.

(25) Hai-Kwang Choi. Die Bedeutung der nichtkommunistischen arbeiter. Bewegung in China.1919 -1927. Cuilier Verlag.Göttingen.1995.

(26) Maoismus. Peter.J.Opitz.Kohlhammer Verlag.Stuttgart.1972.
(27) Mao tse-tung, Über die demokratische Diktatur des Volkes,Bd.IV.Peking. 1969.
(28) Friedrich Engles, die Lage der arbeitenden Klasse in England.München.1973.
(29) Mao Tsetung.Die chinesischen Revolution und die Kommunistischen Partei Chinas. Bd.II. Peking. 1968.
(30) Karl Marx,Manifest der Kommunistischen Partei.:MEW.Bd.,10. Berlin.1972.S49
(31) Thoralf Klein. Geschichte Chinas. Von 1800bis gegewart.Schöningh Verlag.Stuttgart.2007
(32) Sabine Dabringhaus.geschichte Chinas. 1279-1949 .Oldenburg Verlag.München.2006.

٣٣- جەنگیز ئیمتاتۆڤ. یەکەمین مامۆستا. وەرگێڕانی. فایەق سەعید. دەزگای سەردەم. سلێمانی ٢٠٠٥. چاپی یەکەم.

# بەشی چوارەم

## ئایا چین دەبێتە هێزێکی مەزنی جیهان؟

*"لە مێژووماندا بێگانەکان دەهاتن هێڵی ئاسنینان بۆ دروست دەکردین بۆ ئەوەی سەروەت و سامانی کیشوەرەکەمان تالان بکەن. بەڵام ئەمڕۆ چینییەکان هێڵی ئاسنینمان بۆ دروست دەکەن، تا خزمەتی هاووڵاتییانمان بکەین و ئابوورییەکەمان پێش بکەوێت ٤٥"*

سەرۆکی تەنزانیا *Julius Nyerere*

بەشێکی زۆری پسپۆڕان و شارەزایانی ئابووری و سیاسیی نێودەوڵەتی، پێیان وایە کە چین پاش ماوەیەکی تر، دەبێتە یەکەمین هێزی گەورەی جیهان. هەر کەس بەشێوەیەکی تایبەتی خۆی، هەوڵی سەلماندنی ئەم بۆچوونەی دەدا. دیارە چەندین خاڵی گرینگ هەن، کە ئاسۆی ڕووناکیی چین ڕۆشنتر دەکەن. وەلێ چەندین خاڵی نێگەتیڤیش هەن، گەر چارەسەر نەکرێن بەتەواوەتی پێچەوانەی خەون و ئاواتەکانی چینییەکان دەبێتەوە.

پێم باشە بەکورتی، ئەو خاڵە پۆزەتیڤانە دیاری بکەم، کە دەبنە هۆی بەهێزبوونی چین و سەرکەوتنی بۆپێشەوە. لە هەمان کاتیشدا ئەو خاڵە نێگەتیڤانە دەستنیشان بکەم، کە ئەمڕۆ بەزەقی دیارن و تا ڕادەیەکی زۆریش کاریان لە گۆڕینی چارەنووسی چیندا دەبێت.

## خاڵە بەهێزەکانی چین

### ئابووری

ئابوورییە بەهێزەکەی چین، هەموو جیهانی ڕۆژئاوای ترساندووە. هەر ئەمەش وای کردووە، کە بەهەموو شێوەیەك کێشە و ئاژاوەی زۆری بۆ بنێنەوە. ئەمڕۆ چین چوارەمین ئابووریی جیهانە. لە پاش ئەمەریکا و ژاپۆن و ئەڵمانیا، چین دێت. کە بەرهەمی نەتەوەییی ساڵانەی دەگاتە نزیکەی، ٢،٣٣ هەزار ملیارد دۆلار(١).

بەپێی بۆچوونی شارەزایان، گەر چین بەم شێوەیە بەردەوام بێت، ئەوا تا ساڵی ٢٠٢٠، دەبێتە یەکەمین هێزی ئابووریی جیهان. وەزیری ئابووریی چین وتی (گەر هەموو ساڵێك ڕێژەی گەشەی ئابووریمان ساڵانە ١٠٪ بێت، ئەوا تا ساڵی ٢٠٢٠، چین دەبێتە یەکەمین هێزی ئابووریی جیهان)(٢).

---

(1) http://www.china-observer.de
هەروەها سەیری
www.wikipedia.org/wiki/Liste-der-LändernachBruttoinlandsprodukt.

(2) China - Wirtschaftsmacht und zugleich ein Entwicklungsland.
31/5/2007 www.china-observer.de Kultur.

## گەورەترین کارگەی جیهان



ساڵی ١٧٥٠ چین سێ یەکی بەرهەمی هەموو جیهانی بەرهەم دەهێنا. ساڵی ١٨٠٠ گەیشتە ڕێژەی ٣٣،٣٪. بەڵام لە سەدەی بیستەمدا، بەهۆی داگیرکەری بێگانە و شەڕی ناوەخۆ، ڕێژەکە بەتەواوی هاتە خوارەوە. ساڵی ١٩٢٨ ڕێژەکە هاتە سەر ٣،٢٪ بەرهەمی جیهان[٣]. بەڵام خۆشبەختانە وا بۆ ماوەی چەند ساڵێکە، دیسانەوە چین پێگەی خۆی بەدەست هێنایەوە. جاران ناوی (ئیمپراتۆریناوەڕاست)یان بۆ چین بەکار دەهێنا، بەڵام ئەمڕۆ (گەورەترین کارگەی جیهان)ی بۆ بەکار دەهێنن. دیارە ئەم ناز ناوەش هەر وا لەخۆڕا نەهاتووە. ئەوەی کە ئەمڕۆ لە چین دەیبینین، ڕاستی ئەم قسەیەمان بۆدەسەلمێنێت. ئەمڕۆ ٢/٣ ی هەموو کامێرای دیجیتال، ١/٣ هەموو تەلەفۆنی دەستی، هەموو غەسالەی جلشتن، لە چین بەرهەم دەهێنرێت (یان دروست دەکرێت)[٤]. هەروەها لە بەرهەمی تەلەڤزیۆن و کۆندێشن (سپلیت)، لە ڕیزی پێشەوە دێت.

## باشترین کێڵگەی سەرمایەگوزاری بۆ کۆمپانیا گەورەکانی جیهان

ئەمڕۆ چین بووەتە کورەیەکی گەورەی هەنگوین، هەرچی کارگە و کۆمپانیای جیهان هەیە، پەلەیانە بۆ ئەوەی لەم شوێنە شیرینەدا جێگەیەك بۆخۆیان بگرن. ئەمڕۆ زیاتر لە ٤٠٠ هەزار کۆمپانیا کە لە ١٧٠ وڵاتی جیهانەوە هاتوون، لە چین سەرمایەگوزاری دەکەن. ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش شەڕی کۆمپانیاکان زیاتر دەبێت. پێش چەند ساڵێك لەمەوپێش کۆمپانیایەکی ئەمەریکا لە شاری شەنگهای نارەزایی لە دژی سەرۆکی شارەوانیی دەربڕی، چونکە نرخی زەوییەکەیان بەگران پێ فرۆشتووە. لە وەڵامدا سەرۆکی شارەوانی دوو دێری بۆ نووسی (ببوورە بەڕێزم، پێمان خۆشە بەڕێزتان لێرە سەرمایەگوزاری بکەن، بەڵام گەر ناڕازین ئەوە کێشەی خۆتانە. حەزم کرد ئاگادارتان بکەمەوە، گەر جەنابتان ناڕازین و زەوییەکەتان ناوێت، ئەوا

(٣) عەلی مەحموود، چین هەواری ڕابووردی مێژوو. بەشی شەشەم. سایتی دەنگەکان.

(4) Spiegel Special. China. Aufstieg zur Weltmacht. NR.5 /2004. S10.

کۆمپانیایەکی ژاپۆنی ئامادەیە لەو نرخەی ئێوە زیاترمان پێ بدات[٥]) سەرمایەگوزاریی بێگانە، ڕۆڵێکی ئێجگار گەورەی لە بووژاندنەوەی ئابووریی چین گێڕا. تەنیا ساڵی ٢٠٠٦ سەرمایەگوزاری گەیشتە نزیکەی ٦٩،٨ ملیارد دۆلار[٦]. ئەمەش ڕێژەیەکی ئێجگار گەورەیە.

وەزیری ئابووریی چین ڕای گەیاند، کە لە نۆ مانگی ٢٠٠٨، لە کۆی ٥٠٠ کۆمپانیای مەزنی جیهان، ٢٠١ یا بەبڕی چوار ملیارد دۆلار سەرمایەگوزاریان کردووە[٧]. بەشێکی زۆریشیان لە های تەکنیکدا سەرمایەگوزارییان کردووە. دیارە بەحوکمی بوونی ڕێژەیەکی ئێجگار کەمی باج و، بوونی کرێکارێك و تەکنیکی و کادیری زۆری هەرزان، باشترین هۆکارن بۆ کۆچی کۆمپانیا گەورەکانی جیهان بۆ ئەم وڵاتە.

## گەورەترین کارگەی ئۆتۆمۆبێلی جیهان



جاران ئەمەریکی و ژاپۆنی و ئەڵمانییەکان شانازییان بەوەوە دەکرد، کە زۆرترین ئۆتۆمۆبێلی جیهان دروست دەکەن. وەلێ ئەمساڵ چینییەکان لەمەشدا پێشی هەموویانیان دایەوە. بەرهەمی ساڵی ٢٠٠٨، گەیشتە نزیکەی ١٠،٨ ملیۆن ئۆتۆمۆبێل. کە ئەمەش زۆرترین ڕێژەیە لە مێژووی چیندا[٨]. ئەمەش خاڵێکی تری گەشاوەی ئابووریی چینە.

## کۆمپانیا گەورەکانی چین

چین لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی دواییدا توانی کۆمەڵێك کۆمپانیای گەورە دروست بکات. بەم شێوەیەش خۆی خستە ناو بازنەی وڵاتە مەزنەکانی جیهان. کۆمپانیا مەزنەکانی وەکو (TCL.Haire, SINOPEC,Lenovo,Bank of China). پاش ئەوەی کۆمپانیای TCL هەردوو کۆمپانیای (Schneider,Thomson ئەڵمانی، فەرەنسی) کڕیوە، بووەتە یەکەمین کۆمپانیای بەرهەمی تەلەڤزیۆن لە جیهاندا. کۆمپانیاکانی Lenovo Haire، مونافەسەی کۆمپانیا

(٥) دانييل بورشتاين. ارنية دي كيزا. ترجمة شوقي جلال. التنين الاكبر. الصين في القرن الواحد والعشرين. عالم المعرفة. الكويت. يوليو ٢٠٠١. ص. ١١٣.

(6) Bundesagentur für Auenwirtschaft. Erfolgreich Investieren in der VR China. Köln. 2007. S 14.

(7) www://german.cri.cn/401. 26.12.2007 .

(8) www://german.china.org.cn.

مەزنەکانی (Microsoft, IBM,Sony) لە بواری ئەلکترۆنی وکۆمپیوتەریدا دەکەن[٩].

## یەکەمین هێزی بازرگانیی جیهان



لــە ساڵــی ١٩٧٨ چین تــەنــیــا ڕێژەی ٠,٨٪ ی بــازرگــانــی جــیــهــانــی پــێك دەهــێــنــا. بــەڵام ساڵی ٢٠٠٦، ڕێژەکەی گەیشتە ٨٪. واتە دەقات ڕێژەکەی بەزر بووەتەوە[١٠]. ساڵی ٢٠٠٧ بازرگانیی چین گــەیشتــە ٧٦٩،٢ مــلــیــارد دۆلار. ئــەمساڵ ٢٠٠٨ چین بوو بەیەکەمین هێزی بازرگانیی جیهان. بازرگانیی دەرەوەی چین گەیشتە ٨٠٢،٩ ملیارد دۆلار. واتە بەڕێژەی ١٢،٥٪ بازرگانیی دەرەوەی چین لە چاو ساڵی پاردا گەشەی سەندووە[١١]. بەم شێوەیەش پێشی ئەڵمانیای دایەوە. ئەمڕۆ چین لە ١٨،٥٪ی بازرگانیی کەلوپەلی کارەباییی (تیڤی، ڕادیۆ، تەسجیل...هتد) جیهان دەکات. لە ١٣،٤٪ ی ئەلکترۆنی جیهان. لە بەرهەمی ماکینە، کیمیایی، ئاسن و پۆڵا، ڕیزی پێشەوە دێت. واتە بەتەواوی کۆنترۆڵی هەموو بەشەکانی بەرهەمی جیهانی کردووە. ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش ئەم پێشکەوتنە بەردەوامە.

## گەشەسەندنی بازرگانیی چین

لەگەڵ دروستبوونی کۆماری چین، بچووکترین و نزمترین ڕێژەی بەرهەمی بازرگانیی جیهانی پێك دەهێنا. ساڵی ١٩٥٣ تەنیا ڕێژەی ٣,٢ ی بازرگانیی جیهانی پێك دەهێنا. بەڵام ساڵی ١٩٦٣ کەمێك بەرز بووەوە بۆ ٣,٥٪. پاش دە ساڵی تریش واتە ١٩٧٣ هەر هەمان ڕێژەی تۆمار کرد. بەڵام لە پاش ریفۆرمەکانی ساڵی ١٩٧٨ وە، کەمێك ڕێژەکە باش بوو. ساڵی ١٩٨٠ گەیشتە ٥,٢٪ ی بازرگانیی جیهان.

ساڵی ١٩٩٦ بازرگانیی دەرەوەی چین تەنیا ١٥١,١ ملیارد دۆلار بوو. هاوردەی ١٣٩,٠ ملیارد دۆلار بوو. بەڵام ئەم ڕێژەیە ساڵی ٢٠٠٤ بەم شێوەیە گۆڕا. بازرگانیی دەرەوە ٥٢٩,٦ هاوردە ٥٠٨,٨ ملیارد دۆلار[١٢].

---

(9) Spiegel Special. China. Aufstieg zur Weltmacht. NR.5 /2004. S11.

(10) www.focus.de/finanzen/news/export.

(11) www.german.china.org.cn 24.9.2008.

(12) Dr. Klaus Bruns. Dr. Nathalie Homlong. Wirtschaft Partner China. Lexis Nexis Verlag. Wien. 2006. S 17.

## شەریکە بازرگانییەکانی چین

یەکێك لەو پرسیارە ئاڵۆز و مەسەلە زەحمەتانەی کە بۆ من قورسە تێگەیشتنی ، پێوەندیی نێوان ئەمەریکا و چینە. ئا لەو کاتەی کە هەردوو وڵات لە میدیاکانەوە، سیاسییەکانیان دژایەتیی یەکتری دەکەن، کەچی کاتێك سەیری دەفتەری بازرگانییان دەکەیت، شتێکی زۆر دژوار دەبینیت. ئەمڕۆ ئەمەریکا باشترین و گەورەترین شەریکی بازرگانیی چینە. ساڵانە بازرگانیی نێوان هەردووکیان دەگاتە نزیکەی ٢١١,٦ ملیارد دۆلار. هەناردەی چین دەگاتە ١٦٢,٩ هاوردەشی لە ئەمریکاوە دەگاتە ٤٨,٧ ملیارد دۆلار.

| Land | chin. Export | chin. Import | Volumen |
|---|---|---|---|
| USA | 162.9 | 48.7 | 211.6 |
| Japan | 84 | 100.4 | 184.4 |
| Hongkong | 124.5 | 12.2 | 136.7 |
| Südkorea | 35.1 | 76.8 | 111.9 |
| Taiwan | 16.5 | 74.7 | 91.2 |
| Deutschland | 32.5 | 30.7 | 63.2 |
| Singapur | 16.6 | 16.5 | 33.1 |
| andere | 299.9 | 300.1 | 600 |
| Gesamt | 772 | 660.1 | 1432.1 |

Quelle: Deutsche Botschaft Peking, Wirtschaftsdaten kompakt;2006, S.5; Chinesische Zollstatisik;NBS.

نەخشەی شەریکە بازرگانەکانی چین (هەناردە و هاوردە)

لەم بازرگانییەشدا چین قازانج دەکات، چونکە هەناردەی لە هاوردەی زیاترە. پاش ئەمەریکاش ژاپۆن دێت، بازرگانیی ساڵانەیان دەگاتە ١٨٤,٤ ملیارد دۆلار. هەناردەی چین دەگاتە ٨٤ ملیارد دۆلار. بەڵام هاوردەی دەگاتە ١٠٠,٤ ملیارد دۆلار. لێرەدا ژاپۆن ١٠٠,٤ ملیارد دۆلار قازانج دەکات(١٣). بۆ زانیاریی زیاتر سەیری ئەو نەخشەیەی سەرەوە بکە.

## گەورەترین بازاڕی جیهان

ئەوەی کە زۆر ڕوون و ئاشکرایە، چین زۆرترین ژمارەی دانیشتوانی جیهانی هەیە. هەر ئەمەشە وای لێ کردووە کە ببێتە بازاڕێکی مەزنی جیهان.

(13) www. china.ahk.de. Die wichtigsten Handelspartner.

| | | |
|---|---|---|
| — | EU | 14.712.370 |
| 1 | Vereinigte Staaten | 13.843.825 |
| 2 | China^a | 6.991.036 |
| 3 | Japan | 4.289.809 |
| 4 | Indien | 2.988.867 |
| 5 | Deutschland | 2.809.693 |
| 6 | Vereinigtes Königreich | 2.137.421 |
| 7 | Russland | 2.087.815 |
| 8 | Frankreich^b | 2.046.899 |
| 9 | Brasilien | 1.835.642 |
| 10 | Italien | 1.786.429 |

نەخشەی هێزی کڕینی شمەك لە جیهاندا

ئەوەی کە زیاتر ئەم بازاڕە گەرمتر دەکات، باشبوونی باری ئابووریی ئەم وڵاتەیە. ئەمڕۆ هێزی کڕینی شمەکی چین دەگاتە ٦,٩٩١,٠٣٦ ملیارد دۆلار[١٤]. ئەمڕۆ هەرچی بازاڕە گەورەکانی جیهانە (Wal Mart ئەمریکی. Carrefour,Metro، فەڕەنسی، Karstadt، ئەڵمانی) لقیان لە شار و شارۆچکەکانی چیندا هەیە.

## گەورەترین بانکی جیهان

کۆواری شپیگلی ئەڵمانی لە ژمارەیەکی تایبەتدا کە بۆ چینی دانابوو. بەئاشکرا نووسیبووی (ئەمڕۆ چین بووەتە گەورەترین بانکی جیهان[١٥]).

ئەم قسەیەش تا ڕادەیەکی زۆر ڕاستە. چونکە هیچ گەشەیەکی بازرگانی و پیشەسازی، بەبێ هێزی بانکی ناکرێت. هەموو کاتێك بانکەکان، بەنزینی ئابووریی هەموو وڵاتێکن. لە ساڵی ١٨٠٠ تا ساڵی ١٩٤٩، بانکە جیهانییەکان دەستیان بەسەر سیستەمی بانکی چیندا گرتبوو. لە هەموو بوارەکانی ئابووریدا، ڕوڵێکی ئەکتیڤیان هەبوو[١٦]. بەڵام لەگەڵ دروستبوونی کۆماری چینی ئیشتراکی، ئەم بانکانە دەرکران و لە جیاتیان بانکی میللی دامەزرا. بەڵام لەگەڵ ساڵانی ١٩٧٨ و پاشتر، کاتێك دەرگەکان کرانەوە، دیسانەوە بانکە جیهانییەکان هاتنەوە بۆ چین. ئەمڕۆ سیستەمی بانکی چین لەلایەن چوار بانکی سەرەکییەوە بەڕێوە دەبرێت. بانکی گەلی چینPBC. ئەم بانکە لە ساڵی ١٩٤٨ دامەزرا. کە بەشێکی زۆری سەرمایە و پشکی حکوومی لەم بانکەدایە. هەر ئەم بانکە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە وەزارەتی داراییی چینەوە. بانکی میللیی سەنتەری چین. PCBC ئەم بانکەش ساڵی ١٩٥٤ دامەزرا، کاری کۆنترۆڵکردنی پرۆژەکانی (نۆژەنکردنەوە، دروستکردنی خانووبەرە، بودجەی وەزارەتەکان، قەرزی کشتوکاڵی بەجووتیاران، کۆنترۆڵکردنی کارگە بچووکەکان). بانکی ئەگری کولتووری چین ABC ئەم بانکە لە ساڵی ١٩٥٧وە دامەزرا، کە بەشێك لە کارەکانی بانکی میللیی لە ئەستۆ گرت. سەرمایەکەی دەگاتە ١٥,٢٧٠ ملیارد دۆلار. لە کاتی شۆڕشی کولتووریشدا ساڵانی ١٩٦٥، زیاتر کاری کۆنترۆڵکردنی کارگە بچووکەکان،

(14) www..wikipedia.de.org/wiki/ListederLändernachBruttoinlandsprodukt.

(15). Spiegel Special. China. Aufstieg zur Weltmacht. NR.5 /2004. S9

(16). Stefan Brehm. Die Integration der VR China in eine globale Finanz-und Währungsordnung.Lit. Verlag. Berlin. 2007. S22.

قەرزدان بەجووتیاران بوو. جگە لەوەش زۆرجار پارەی یەدەگی بانکەکان لێرە دادەنرێت[١٧].

لە ناوەڕاستی شەستەکاندا زیاتر لە ١٠٠ هەزار لقی بانکی هەبوون. بەڵام پاش ریفۆرمەکانی ١٩٧٨، ڕێژەی لقەکان بۆ ٧٠ هەزار هاتە خوارەوە. هەموو ئەم لقانەش لەلایەن بانکی میللییەوە بەڕێوەدە بران. بانکی چین BOC کە کاری کۆنترۆڵکردنی بازرگانی و گواستنەوەی پارەیە لە ناوەوە و دەرەوەدا، کۆکردنەوە و بازرگانیکردن بە پارەی بیانییەوە کۆنترۆڵ کردووە. ئەم بانکەش بە بەشێکی بانکی میللی دەژمێردرێت. سەرمایەکەی دەگاتە ١٨,١٥١. ملیارد دۆلار[١٨].

## بانکی بێگانە لە چین

پاش چەندین ساڵ لە دابڕان و کۆچ، بۆ یەکەمین جار ساڵی ١٩٨١ یەکەمین بانکی بێگانە لە شاری Shenzhen لقێکی خۆی کردەوە. بەڵام لە ساڵانی نەوەتەکاندا، هێرشێکی گەورەی بانکەکانی جیهان دەستی پێ کرد. ئەم هێرشە هەتا ئەمڕۆش بەردەوامە. ساڵی ٢٠٠١ ژمارەی بانکە بێگانەکان گەیشتە ١٥٩. ئەم ڕێژەیەش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاد دەکات کەم ناکات[١٩].

### پیشەسازی سپی (توریزم)



ئەمڕۆ کەرتی سەفەر و گەڕان (توریزم) بە کەرتێکی گرینگی ئابووریی جیهان دەژمێردرێت. لە ماوەی بیست ساڵی پێشوودا، ئەم کەرتە گەشەسەندنێکی ئێجگار گەورەی بەخۆە دیوە. ئەمڕۆ ئەم کەرتە گرینگەی ئابووری، زیاتر لە ٢٣١ ملیۆن کەس لە جیهاندا لەم بوارەدا کار دەکەن. واتە ١/١٢ هەموو هەڵێکی کار[٢٠]. ساڵی ٢٠٠٦ ژمارەی توریستی جیهان گەیشتە ٨٤٢ ملیۆن کەس. بۆ ساڵی ٢٠٠٧ ژمارەکە بۆ ٨٩٨ ملیۆن کەس بەرز بووەوە. واتە بە ڕێژەی ٦,٠٪ زیادی کردووە[٢١]. ئەمڕۆ توریزم داهاتی سەرەکیی گەلێك وڵاتی جیهانە، بەتایبەت وڵاتانی جیهانی سێیەم.

---

(١٧) هەمان سەرچاوە. لاپەڕە ١٧.

(18). Bundesagentur für Auenwirtschaft. Erfolgreich Investieren in der VR China. Köln. 2007. S 8.

(19). Stefan Brehm. Die Integration der VR China in eine globale Finanz-und Währungsordnung.Lit. Verlag. Berlin. 2007. S39.

(20). Deutschen Reise Verbands(DRV). Fakten und Zahln zum Deutschen Reisemarkt.2007.Berlin. S4.

(٢١) هەمان سەرچاوە.

## گەشەسەندنی توریزم لە چین



لـە پـاش ڕیفـۆرمـەکـانـی سالّـی ١٩٧٨وە، کرانەوەی دەرگە داخراوەکانی چین، ڕێگە بـۆ گـەشتیـارانـی جیـهـان کـرایـەوە، کە سەردانـی ئـەم وڵاتـە مـەزنـەی جیـهـان بـکـەن. لـە پـاش سالّـی ١٩٧٨وە، پیشەسازی تـوریـزم، گـەشەیـەکی بـاشی بـەخـۆوە بـیـنـی. لـەلایـەك ڕێگـە بـۆ گەشتیارانی جیهان کرایەوە، لەلایەکی تریشەوە باشبوونی باری ئابووری، توریزمی ناوەخۆی بوژاندەوە. واتە خەڵکێکی زیاتر توانای سەفەر و گەڕانی بۆ ڕەخسا.

## خاڵە گرینگەکانی توریزمی چین

چین بەحکوومی مێژووی هەزاران ساڵەی، گەنجینەیەکی باشی کولتووریی هەیە. لە هەمان کاتیشدا خاوەنی ئاووهەوایەکی ئێجگار سازگار و خۆشە. جگە لەوەی کە چەندین شوێنی کۆنی شارستانیی باشی هەیە. لە هەمان کاتیشدا شارە مۆدێرنەکانی شەنگهای و پکین، بوونەتە جێگەی ئاواتی خەڵکانێکی زۆری جیهان.

ساڵی ٢٠٠٦ ژمارەی توریستە بێگانەکان گەیشتە ٤٩,٦ ملیۆن کەس. بۆ ساڵی ٢٠٠٧ ژمارەیان بۆ ٥٤,٧ ملیۆن بەرز بووەوە. ژمارەی توریستە ناوەخۆییەکانیش (چینییەکان خۆیان، هەرێمەکانی هۆنگ کۆنگ، تایوان، ماکاوا). گەیشتە ١,٢١٢ ملیارد کەس. واتە بەڕێژەی ١٠٪ بەرز بووەوە. گەشتیارە چینییەکان زیاتر لە ٥٢٨,٦ ملیارد یوانیان خەرج کردبوو. واتە بەڕێژەی ١٢٪ داهاتی توریستی ناوەخۆیی زیادی کردووە. ئەمڕۆ زیاتر لە ٣٨،٩٣ ملیۆن کەس لەم بوارەدا کار دەکەن(٢٢).

## باشکردنی ژێرخانی توریزم لەچین

دیارە پیشەسازیی توریزمیش، پێویستی بەکۆمەڵێك کۆڵەکەی سەرەکی هەیە، بۆ ئەوەی ببێتە بوارێکی گرینگی ئابووری. لەوانە (هۆتێلی مۆدێرن، ئۆتۆبووس، فڕۆکەخانە، خزمەتگوزاریی باش، شوێنەواری مێژوویی، مێواندۆستی خەڵکی، چێشتخانەی باش،،، هتد) چین کۆمەڵێك هەنگاوی گرینگی لەم بوارەدا ناوە.

(22) www.fac.de. DER TOURISMUS ERSTRAHLT IN CHINA.

* زیاتر لە ٦٠٠ ملیارد دۆلار لەم بوارەدا لەلایەن چین و بێگانەوە، سەرمایەگوزاری کراوە.
* زیاتر لە ٣٠٠ هەزار کۆمپانیای توریستی هەیە.
* ٢٨٣،٨٠٠ ژووری هۆتێلی هەیە. ٢٣٩ هۆتێلی پێنج ئەستێرە .٩٦٣ هۆتێلی چوار ئەستێرە. ٣٨٦٧ هۆتێلی سێ ئەستێرە. ٥٢٢٢ هۆتێلی دوو ئەستێرە.
* ١٣،٣٦١ رایزەبیرۆ (ئۆفیسی گەشتیاری).
* ٣٥٠٠ شوێنەواری مێژوویی هەیە.
* ١٠٧مپانیای ئۆتۆبووس و کەشتییەوانی هەیە (٢٣).

## سوپای چین



یەکێك لە خاڵە بەهێزەکانی تری چین، بوونی سوپایەکی بەهێزە. ئەمڕۆ سوپای چین یەکەمین و گەورەترین سوپای جیهانە(٢٤). لە پاش شۆڕشی چینەوە، واتە لە پاش ساڵی ١٩٤٩ ناوی ئەم سوپایە کرا بە (سوپای سوور) پێشتر سوپای ڕزگاریخوازییان پێ دەوت. ئەم سوپایە توانی گەلی چین لە ژێر دەستی ژاپۆنییە دڕندە داگیرکەران ڕزگار بکات و، کۆتا بە حوکمی کۆیلەیەتی و سووکایەتی بهێنێت. توانی کۆتا بە چەتەگەری، دەستدرێژی بۆ سەر کچ و ژنان، شەهیدکردنی منداڵان، کۆمەڵکوژی، ماڵوێرانی و سووتاندن، بهێنێت. کە ڕۆژانە ژاپۆنییە بەربەرییەکان لە چین تۆماریان دەکرد. هەر ئەم سوپایە توانی کۆتا بە حکومی دەرەبەگایەتی و چەوساندنەوەی بێ سنووری حاکمە گەندەڵ و دیکتاتۆرەکانی چین بهێنێت. ئەوانەی کە زۆر دڕندانە دژی گەلەکەیان حوکمیان دەکرد، لە بەرامبەر دوژمنەکانیشیان، زۆر سووك و چرووك بوون. مانەوەی حوکمیان، وابەستە بوو بە سازشکردن و سەرشۆڕی بەردەوام بۆ ژاپۆنی و ڕۆژئاواییەکان.

### پێکهاتەکانی سوپای چین

* ژمارەی سەربازانی سوپای چین دەگاتە ٢,٢٥٥,٠٠٠ چەکدار.
* ژمارەی پیادە ١,٦٠٠,٠٠٠ چەکدار.

(23) www.fac.de. DER TOURISMUS ERSTRAHLT IN CHINA.

(24) www.wikipedia.org/wiki/Volksbefreiungsarmee.

* هێزی ئاسمانی ٤٠٠,٠٠٠ چەکدار.
* هێزی دەریایی ٢٥٥,٠٠٠ چەکدار(٢٥).
* ٨٠٠,٠٠٠ سوپای یەدەگ.
* بودجەی سوپای چین بەپێی ئاماری رەسمیی حکوومەتی چین بۆ ساڵی ٢٠٠٦ گەیشتە نزیکەی ٣٥ ملیارد دۆلار. بەڵام بۆ ساڵی ٢٠٠٧ گەیشتە ٤٤,٩٤ ملیارد دۆلار. واتە بەرێژەی ١٢٪ زیادی کردووە. بەڵام بەپێی ئاماری پێنتاگۆنی ئەمەریکا بێت. بودجەی سووپای چین دەگاتە ١٤٠ ملیار دۆلار(٢٦). بەڵام حکوومەتی چین ئەم ئامارە رەت دەکاتەوە. بەداخەوە زۆر زەحمەتە ژمارەیەکی تەواومان دەربارەی بودجەی سوپای چینمان دەست بکەوێت. (بۆ زانیاریی زیاتر سەیری ئەو نەخشەیە بکە، کە پێنتاگۆنی ئەمەریکی لەسەر بودجەی سوپای چین کردوویەتی)..




بودجەی ساڵانەی سوپای چین. لە ساڵی ١٩٩٦ تا ٢٠٠٨. بەپێی قسەی پێنتاگۆنی ئەمەریکا

* ٢٨٠٠ فڕۆکەی سەربازی (کە زیاتر کاری گواستنەوەی شمەك و کەلوپەلی سەربازی دەکەن).
* ١٨٠٠ فڕۆکەی جەنگی (واتە ئەو فڕۆکانەی کە بۆمباران دەکەن).
* ١٠,٧٠٠ تانکی سەربازیی زرێپۆش (سەیارەی سەربازی کە بۆ کاری گواستنەوەی سەرباز و، شەڕی سووك بەکار دەهێنرێن).
* ٦٧٠٠ تانکی مۆدێرنی جەنگی (دەبابە).

(25) www.spiegel.de.

(26) www.wikipedia.org/wiki/Volksbefreiungsarmee.

* ۱۳,٦۰۰ راکێتی ئاسمانی، دژەمووشەکی جەنگی.
* ۷٥ گەشتی جەنگی گەورە.
* ٥۹ کەشتی ژێر ئاو (غواصە)(۲۷)
* بوونی زیاتر لە سەد هەزار کارگەی هەمەجۆر و کێڵگەی کشتوکاڵی، کە لەلایەن سوپاوە بەڕێوە دەبرێت و قازانجەکانی بۆ سوپا دەبێت. دیارە ئەم کارگانە تەنیا شمەکی سەربازی دروست ناکەن، بەڵکە شمەکی ئاسایش بەرهەم دەهێنن(۲۸) .

**بۆمبی ئەتۆمی**

یەکێك لە خەونەکانی ماوتسیتوونگ، بۆمبی ئەتۆمی بوو. ساڵی **۱۹٦٤** بۆیەکەم جار، لە بیابانی تیبتدا، یەکەمین ئەزموونی تاقیکردنەوەی ئەتۆمیی بەسەرکەوتوویی ئەنجامدرا. بەم شێوەیەش چین بوو بەخاوەنی بۆمبی ئەتۆمی و بوو بەیەکێك لە پێنج هێزەئەتۆمییەکەی جیهان. ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش، چین گرینگییەکی ئێجگار زۆر بەهێزی ئەتۆمی دەدات. چەندین پەیمانگا و زانکۆی تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە داناوە. ئەمڕۆ چین خاوەنی **۱۳۰** بۆمبی ئەتۆمییە. بەپێی ئاماری رەسمی. وەلێ سەرچاوەی تر زۆر لەو ژمارەی زیاتر دەڵێن(۲۹).

**پێشخستنی هونەر و زانستی جەنگ**

چینییەکان یەکەمین کەس بوون کە لەسەر زانستی جەنگیان نووسیوە. هەموومان کتێبە بەناوبانگەکەی (هونەری جەنگ)ی سان تێزۆ دەناسین. کە یەکەمین کەس بووە، چەند تیۆرێکی زانستییانەی دەربارەی جەنگەوە نووسیوە. (جێگەی ئاماژەیە، پێش چەند ساڵێك لەمەوپێش، ئەم کتێبە لەلایەن بەڕێز ڕەئووف حەسەن کراوە بەکوردی).

هەر بۆیە چینییەکان هەر لە دێرزەمانەوە، ئیهتمامێکی زۆریان بە هونەری جەنگ داوە. ئەمڕۆش بەهەمان شێوە هەوڵیان داوە، خۆی بە نوێترین زانست و مۆدێرنترین چەکی جەنگی، خۆیان پڕ چەك بکەن. بەدڵنیاییەوە سوپای چین بە یەکێك لە خاڵە گرینگ و بەهێزەکانی چین دەژمێردرێت.

## گەورەترین وڵاتی جیهان

چین گەورەترین وڵاتی جیهانە. ڕووبەرەکەی دەگاتە۹,٥۹٦,۹٦۰ qkm. ڕووبەری گشتیی وڵاتی

(۲۷) هەمان سەرچاوە.

(۲۸) دانییل بورشتاین. ارنیة دي کیزا. ترجمة شوقي جلال. التنین الاکبر. الصین في القرن الواحد والعشرین. عالم المعرفة. الکویت. یولیو ۲۰۰۱. ص. ۲۱۹.

(29) Geographie.www.wikipedia.org/wiki/China.

چین، هێندەی ڕووبەری ئەمەریکا و ئەوروپایە[٢٩]. ئەم ڕووبەرە گەورەیەشی وای کردووە، کە لە ڕووی جیۆپۆلیتیکەوە، ڕۆڵیکی ئێجگار گەورەی هەبێت. چین دراوسێی ١٤ دەوڵەتی جیهانە. واتە گەر هیچ کەسێك حسابی بۆ نەکات، دەبێت ئەو ١٤ دەوڵەتە، حسابێکی ورد و درشت بۆ ئەم دراوسێ مەزنەیان بکەن.



نەخشەی وڵاتی چین

چین دراوسێی سێ دەوڵەتی مەزنی جیهانە. هیندستان، رووسیا، ژاپۆن. ئەم سێ وڵاتەش قوورساییی خۆیان لەسەر سیاسەتی جیهانی هەیە. جگە لەوەش وڵاتی چین، لە ڕووی سروشتییەوە هەمەرەنگ (بیابان، پێدەشت، شاخ) دەوڵەمەندە. جگە لە بوونی چەندین ڕووبار و دەریاچەی ئاوی زۆر. درێژترین ڕووباری یانگستە، کە ڕووبەری ٦٤٠٠ کم درێژە. گەورەترین دەریاچەش، -Qinghai ڕووبەری ٥٠٠٠ کم چوارگۆشەیە. دەبێت ئەوەش بڵێم کە زیاتر کم١٤,٥٠٠ ڕووبەری چین لەسەر دەریایە[٣٠]. کە ئەمەش پێوەندیی چین بەجیهانەوە دەبەستێتەوە. بوونی ئەم ڕووبەر زۆرە ئاویە، وایکردووە کە هەمووکاتێك چین پێوەندیی بە جیهانی دەرەوە هەبێت. جگە لەوەی بوونی ئەم ڕووبەر زۆرە ئاویە، لەڕووی سەربازی و سیاسییەوە، گرینگییەکی ئێجگار زۆری هەیە. لە هەمان کاتیشدا ڕووبەرە مەزنەکەی چین وای کردووە، کە چین بیەوێت یان نایەوێت، هەر دەبێت حسابی دەوڵەتێکی مەزنی بۆ بکرێت. ئاخر کەس ناتوانێت گەورەترین وڵاتی جیهان لە بیر بکات. لەبەرئەوە، لە هەموو قۆناغێکی مێژووییدا، سەیر دەکەین ناوی چین هەبووە. کەس نەیتوانیوە وڵاتە مەزنەکەی جیهان لە بیر بکات. بە بڕوای من ئەم ڕووبەرە گەورەیەش بەیەکێك لە خاڵە بەهێزەکانی چین دەژمێردرێت.

## زۆرترین ژمارەی دانیشتوانی جیهان

بەپێی دوا سەرژمێری کە لەساڵی ٢٠٠٥دا ئەنجام دراوە، ژمارەی دانیشتوانی چین ١,٣٠١,٥١٨ کەسە[٣١]. بەم شێوەیەش دیسانەوە چین زۆرترین دانیشتوانی جیهان پێك دەهێنێت. ئەم ژمارە زۆرەی چین، لە دوو ڕووەوە گرینگییەکی زۆری هەیە. یەکەم لە ڕووی ئابوورییەوە.

(29) Geographie.www.wikipedia.org/wiki/China.

(٣٠) هەمان سەرچاوە.

(31). www.china9.de/lexikon/bevoelkerungszahl-china.php.

بوونی ژمارەیەکی ئێجگار زۆری هێزی کرێکار. ژمارەی کرێکارانی چین دەگاتە ٧٤٤،٣ ملیۆن کەس. ٢٥٦،٤ ملیۆن کرێکار لە شارەکان دەژین. ئەوانی تریش لە گوندەکان و کەرتی کشتووکاڵی کار دەکەن.

| Jahr | Einwohner | Jahr | Einwohner |
|---|---|---|---|
| 1950 | 556.613.000 | 1995 | 1.200.241.000 |
| 1955 | 614.479.000 | 2000 | 1.265.830.000 |
| 1960 | 682.024.000 | 2005 | 1.301.518.000 |
| 1965 | 754.452.000 | 2010 | 1.347.514.000 |
| 1970 | 825.812.000 | 2015 | 1.392.234.000 |
| 1975 | 908.266.000 | 2020 | 1.434.383.000 |
| 1980 | 981.200.000 | 2025 | 1.471.282.000 |
| 1985 | 1.051.438.000 | 2030 | 1.500.611.000 |
| 1990 | 1.133.682.500 | 2050 | 1.322.435.000 |

نەخشەی ژمارەی دانیشتوانی چین لە ساڵی ١٩٥٠ تا ٢٠٥٠

لە ٥٠٪ی کرێکارانی چین لە بواری کشتوکاڵی کار دەکەن ٢٦,٩٪ لە بواری خزمەتگوزاری، لە٢٣،٠٪ لەبواری پیشەسازی کار دەکەن(٣٢).

بوونی هێزێکی کاری زۆر و هەرزان، باشترین هۆی ڕاکێشانی سەرمایەگوزاری بێگانەیە بۆ ئەم وڵاتە. لەلایەکی ترەوە ژمارە زۆرەکەی دانیشتووانی چین، وایکردووە کە ئەم وڵاتە ببێتە گەورەترین بازاڕی جیهان. بازاڕیش بە خاڵێکی گرینگی ئابووری دەژمێردرێت.

دووەمین خاڵی گرینگی زۆری دانیشتوانی چین، لەڕووی سەربازییەوە، وای کردووە کە چین خاوەنی زۆرترین هێزی چەکداریی جیهان بێت. هەر بۆیە چینیش زۆر بەباشی ژمارە زۆرەکەی لە خزمەتی سیاسەتەکانی بەکار هێناوە.

## نەبوونی مێژوویەکی خوێناوی داگیرکەرانە

یەکێك لەو خاڵانەی کە سەرسامی کردم، ئەم وڵاتە دێرین و مەزنەی جیهان، هیچ کاتێك پەلاماری وڵاتێکی دراوسێی خۆی یان وڵاتێکی بێگانەی نەداوە. بەڵکە هەمووکاتێك هەر خەڵکی تر پەلاماری داوە.

ڕاستە چین کۆنترین وڵاتی جیهانە، ڕاستە خاوەنی کۆنترین و بەهێزترین ئیمپراتۆریەتی جیهانە. وەلێ هیچ کاتێك پەلاماری وڵاتێك یان گەلێکی نەداوە و، هەوڵی لەناوبردن و

(32). Dr.Klaus Bruns. Dr. Nathalie Homlong. Wirtschaft Partner China. Lexis Nexis Verlag. Wien. 2006. S 13.

تواندنەوەی هیچ نەتەوەیەکی نەداوە. ئەمە خۆی لە خۆیدا جوانترین و بەهێزترین خاڵی مێژووی پاك و بێگەردی ئەم وڵاتە مەزنەیە. ئاخر چەند گەلێك هەن، کاتێك سەیری مێژوویان دەکەیت، قێزت لە مرۆڤایەتی دێتەوە. کاتێك سەیری مێژووی پڕ خوێناوی چەتەگەری (تورك، عەرەب، ئەمەریکا، ئەڵمان، ئینگلیز، ژاپۆن) دەکەیت بەشێکی زۆری مێژوویان پڕە لە کۆمەڵکوژی و دزین و تاڵانکردنی گەلانی جیهان. هەتاوەکو ئەمڕۆش (تورك و عەرەب و ئەمەریکا) لە چەتەگەری و دزین و تاڵانی و کۆمەڵکوژی گەلانی تر بەردەوامن.

یەکێك لەو خاڵانەی کە ئەمڕۆ گەلانی جیهان، بەچاوێکی ڕێزەوە سەیری چین دەکەن، نەبوونی مێژوویەکی خوێناویە. ئەم وڵاتە هیچ کاتێك بیری لە داگیرکردن و چەتەگەری نەکردووەتەوە. بەڵکە زۆرجار هاوکاری و یارمەتیی گەلانی جیهانی زوڵم لێکراوی داوە. بەتایبەت گەلانی (ئەفەریقا و ئەمەریکای لاتین). وەلێ بەداخەوە ئەم وڵاتە مەزنەش، هیچ کاتێك بیری لە یارمەتیدانی گەلی زووڵم لێکراوی کوردی نەکردووەتەوە. بەڵکە بەداخەوە زۆرجار یارمەتیی داگیرکەرانی کوردستانی داوە. کە ئەوەش خاڵێکی ناشرینی ئەم وڵاتەیە.

### بوونی پێوەندییەکی فراوان و دیپلۆماسییەکی باشی نێودەوڵەتی

ئەمڕۆ چین باشترین و فراوانترین پێوەندیی نێودەوڵەتی هەیە. وڵاتێکی سەر ئەم گۆی زەوییە نییە، سەفارەت و کۆنسوڵی چینی لێ نەبێت. لەلایەکی تریشەوە هەموو دەوڵەتانی جیهانیش، سەفارەت و کۆنسوڵی خۆیان لە چیندا هەیە. وای لێ هاتووە کە هەموو دەوڵەتێك دەبێت پێوەندیی لەگەڵ چین ببەستێت.

## پێوەندیی چین و ئەمەریکای لاتین

کیشوەری ئەمەریکای لاتین، بەیەکێك لە کیشوەرە گرینگەکانی جیهان دەژمێردرێت. لەلایەکەوە سامانێکی سروشتیی گرینگی وەکو (نەوت، گاز، ئاسن، خەڵوون، ئەلەمنیۆم، سامانی کشتوکاڵیی هەمەجۆر) هەیە. جگە لەوەش بازاڕێکی گەورەی جیهانیشە. ژمارەیەکی ئێجگار زۆری دانیشتوانی هەیە. لە هەمان کاتیشدا لە ڕووی جیۆپۆلیتیکەوە، شوێنێکی ئێجگار ستراتیجی مەزنی هەیە. ئەم کیشوەرە وەکو کاروانسەرایەکی گرینگی جیهانە، هەموو کیشوەرەکانی تر بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

### مێژووی پێوەندیی چین و ئەمەریکای لاتین

پێوەندیی چین لەگەڵ ئەم کیشوەرە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شازدە، بەتایبەت لە سەردەمی فەرمانڕەواییی مینگ (١٣٦٨/١٦٤٤). بەتایبەت پاش داگیرکردنی فلیپینەوە، پێوەندی لەگەڵ ئەم کیشوەرە پەرەی سەند، هەر لەو کاتەدا پێوەندیی بازرگانی لەگەڵ مەکسیك دەستی پێ کرد. لەگەڵ فەرمانڕەوای کینگ (١٦٤٤/١٩١١) ئەم پێوەندییە زیاتر پەرەی سەند. دیارە جگە لە

بازرگانی، ژمارەیەکی زۆری چینیش ڕوویان کردە ئەم کیشوەرە مەزنە. لە نێوان ساڵانی ١٨٤٧ تا ١٨٧٤ زیاتر لە ٢٥٠ هەزار چینی ڕوویانکردە ئەم کیشوەرە. ئەو ساڵانەی کە سیستەمی کۆیلایەتی نەما، کۆمپانیاکان پشتیان بە کرێکاری چینی دەبەست، بەتایبەت لە کێڵگەکانی (کوبا، پیرۆ، بەرازیل) کاریان دەکرد(٣٣). لەگەڵ بوونی ئەم ژمارە زۆرەی چینی، بازرگانیش بەرەو پێشەوە چوو. لە چین (حەریر و چاوفەخفووری و لۆکە) یان دەهێنا، لە ئەمەریکای لاتینیشەوە، بەروبوومی کشتوکاڵییان بۆ چین دەبردەوە.

## ساڵانی ١٩٥٠

لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی چین و، بڵاوبوونەوەی بیری ماویزم، پێوەندییەکانی هەردوولا بەهێزتر بوو. بەتایبەت لەو ساڵانەدا، گەلانی ئەم کیشوەرە دژی سیاسەتە دڕندانەکانی ئەمەریکا خەباتیان دەکرد. باشترین جۆری خەباتیش، خەباتی پارتیزانی بوو، کە ماو بە پەیامبەر و چین بە قەڵای ئەم بیرە دەزانرا. بەتایبەت لەو ساڵانەدا لە وڵاتانی کوبا و گواتیمالا، ئەم جۆرە خەباتە بوونی هەبوو.

## ساڵانی شەست

هەموو کاتێك ئەمەریکا ئەم کیشوەرەی بۆخی داگیر کردبوو. بەهەموو شێوەیەك دەیویست نەهێڵێت وڵاتانی تر سوود لەم کیشوەرە مەزنە وەربگرن. بەڵام خەباتی گەلانی ئەم کیشوەرە مەزنە، توانی کۆتای بە حوکمی نەگریسی ئەمەریکا بهێنێت.

سەرکەوتنی شۆڕشی کوبا، دەرگایەکی گەورەی بۆ پێوەندییەکانی چین کردەوە. کوبا بەحوکمی بیری شۆڕشگێری و دژایەتیکردنی ئەمەریکا، بوو بەباشترین دۆستی چین. یەکەمین وڵاتیش بوو کە پێوەندیی لەگەڵ تایوان داخست. لە سێپتەمبەری ١٩٦٠ بۆ یەکەمین جار، چین سەفارەتی خۆی لە هاڤانی پایەتەختی کوبا کردەوە. بەمجۆرەش یەکەمین سەفارەتی خۆی لەم کیشوەرەدا کردەوە. بەواتایەکی تر هاڤانا یەکەمین شوێنپێی چین بوو(٣٤).

لە نێوان ساڵانی ١٩٦١ / ١٩٦٤ کوبا ٤٥٪ ی بازرگانیی چین و ئەمەریکای لاتینی پێك دەهێنا. دیارە چین جگە لە بازرگانی، یارمەتییەکی تەکنیکی و ئابووریی باشیشی پێشکێش بە کوبا کرد.

## ساڵانی ١٩٧٠ ساڵانی کرانەوەی یەکجارەکی

پاش قووڵبوونەوەی شەڕی نێوان چین و سۆڤێت، کە ئەمەریکا ڕۆڵی باشی تێدا هەبوو. وردە

(33) Jörg Husar. Chinas Engagement in Lateinamrika. Verlag für Entwikungpolitik. GmbH. Saarbrücken, 2007, S 25.

(٣٤) هەمان سەرچاوە. لاپەڕە ٢٧.

ورده ئەم کیشوەرە خۆی لە چین نزیك کردەوە. دەبێت ئەوەش بڵێم، کە ئەمەریکا دەیویست گەلانی ئەم کیشوەرە زیاتر بەرەو چین بڕۆن تا بەرەو سۆڤێت. هەر بۆیە پشتگیریی پێشخستنی ئەم پێوەندییەی دەکرد. ئا لەو کاتەدا هەموو کیشوەرەکە بەدەستی حکوومەتە دیکتاتۆرە سەربازییەکانەوە دەینالاند. هەر هەمووشیان پیاوی ئەمەریکا بوون. لە نێوان سالانی ۱۹۷۰ تا ۱۹۷۷دا، ۱۰ ولاتی تر پێوەندیی دیبلۆماسیی لەگەڵ چیندا بەست.

شیلی ۱۹۷۰ دووەم ولات بوو. پێرۆ ۱۹۷۱، مەکسیك، ئەرجەنتین، گویانا، جامایکا، ۱۹۷۲. ڤەنزوێلا، بەرازیل، ترینیداد، تۆباگۆ، ۱۹۷٤. سورینام، ۱۹۷٦. بەربادۆس۱۹۷۷. لە سالانی ۱۹۸۰تا ۱۹۸۷ پۆلیڤیا، کۆڵۆمبیا، نیکاراگۆوا، ئێکوادۆر، پێوەندیی دیپلۆماسیان دانا[(۳٥)] .

ساڵی ۱۹۷۹بۆ یەکەمین جار بازرگانیی نێوان چین و ئەمەریکای لاتین گەیشتە ۱،۲ ملیارد دۆلار. ئەمەش سەرەتایەکی باش بوو.

## ۱۹۸۱ یەکەمین سەردانی رەسمی

ساڵی ۱۹۸۱ بۆ یەکەمین جار سەرۆك وەزیرانی چین (Zhao Ziyang) سەردانی ئەم کیشوەرەی کرد. لە ولاتی مەکسیکۆ کۆنفرانسێکی گەورەی ولاتانی باکور و باشوور بەسترا. بۆ یەکەمین جاریش، سەرۆك وەزیرانی چینیش بەشدار بوو. هەر لەو کاتەشەوە پێوەندیی چین لەگەڵ ئەم کیشوەرە چووە قۆناغێکی نوێی ترەوە. ساڵی ۱۹۸۰ پێوەندیی بازرگانیی سالانەی چین و ئەمەریکای لاتین گەیشتە ۱,۳ ملیارد دۆلار. ساڵی ۱۹۹۰ گەیشتە ۱،۸ ملیارد دۆلار. ساڵی ۱۹۸۸ دێنگ خیاپینگ وتی (سەدەی ۲۱، سەدەی ئەمەریکای لاتین و گەلانی زەریای هێمن ″پاسیڤیك″ دەبێت[(۳٦)] ).

## سالانی ۱۹۹۰

پاش ڕووداوەکانی ساڵی ۱۹۸۹، ولاتانی رۆئاوا پێوەندیی خۆیان لەگەڵ چین بڕی. بەناوی (مافی مرۆڤەوە!!). بەلام پێوەندیی چین لەگەڵ ئەم کیشوەرە وەکو خۆی مایەوە. ئەمەش بەهۆی پەیرەوکردنی سیاسەتی (دەست نەخستنە ناو کاروباری ولاتان).

کەهەردوولا، پێیان وایە کە رۆئاوا بەناوی مافی مرۆڤەوە دەیەوێت دەست بخاتە ناو کاروباری ئەم ولاتانەوە. لە هەمان کاتیشدا بەشێکی زۆری حکوومەتە دیکتاتۆرەکانی سەر بەئەمەریکاش ڕووخان. ئیتر خەڵکی ئەم کیشوەرەش هیچ گوێیان بۆ درۆکانی رۆئاوا نەدەگرت، چونکە بۆ سالانێکی زۆر ئەم کیشوەرە لەلایەن چەندین رژێمی عەسکەری و دڕندەی سەر بەرۆئاواوە حوکم دەکرا. بچووکترین مافی مرۆڤیش لەم کیشوەرە پێڕەو نەدەکرا. هەر بۆیە

(۳٥) هەمان سەرچاوە. ۲۹.

(۳٦) هەمان سەرچاوە. لاپەڕە ۳۱.

ساڵانی نەوەت، پێوەندییەکانی چین و ئەم کیشوەرە بەهێزتر بوو. لە نێوان ساڵانی ١٩٩٠ تا ١٩٩٩، ٢٠ سەرۆك، ٧ جێگری سەرۆك، ٧ سەرۆك وەزیران،١٦ وەزیری دەرەوە، ٩ وەزیری تری ئەمەریکای لاتین سەردانی وڵاتی چینیان کرد. لە بەرامبەریشدا ساڵی ١٩٩٣ و ١٩٩٧ سەرۆکی چین Jiang Zemin، سەرۆك وەزیرانیش ١٩٩٢، ١٩٩٥، ١٩٩٦، ١٩٩٨ سەردانی ئەمەریکای لاتینیان کرد. لە نۆڤێمبەری ئەمساڵیشدا، سەرۆکی چین سەردانی (کوبا و کۆستەریکا و پیرۆی) کرد.

## ساڵی ١٩٩٥ سەرەتای پێوەندییەکی قووڵتر

لە نۆڤێمبەری ١٩٩٥دا، حکوومەتی چین بڕیاری دا، کە لە ٣٠٪ ی گومرگ لەسەر کۆمەڵێك کاڵای ئەم کیشوەرە لابدات. بۆ ساڵی ١٩٩٧ بەڕێژەی ٣٦٪ گومرگ لەسەر ٤,٨٠٠ کاڵای هەمەجۆر لابرا. ئەم بڕیارەی حکوومەتی چینیش سوودێکی ئێجگار گەورەی بەئابووریی ئەم وڵاتانە گەیاند. لە هەمان کاتیشدا بوو بەهۆی بەرزبوونەوەی بازرگانیی نێوان هەردوولایان. ساڵی ١٩٩٠ هەموو بازرگانیی نێوانیان گەیشتە ٢,٣ ملیارد دۆلار. بەڵام ساڵی ٢٠٠٠ گەیشتە ١٢,٦ ملیارد دۆلار.

## ساڵانی پاش ٢٠٠٠

ساڵانی پاش ٢٠٠٠ بەساڵانی کرانەوەی تەواوی پێوەندییەکانی هەردوولا دێت. بازرگانیی نێوانیان رۆژ بەرۆژ بەرەو زیادبوون دەچوو. بازرگانیی نێوانیان گەیشتە ٥٠ ملیارد دۆلار . بەتایبەت پاش دەرکەوتن و بەهێزبوونی ئابووریی چین، پێوەندییەکانی هەردوولا رۆژ لە دوای رۆژ بەهێزتر دەبوو. هەتا ساڵی ٢٠٠١ یش تەنیا ١٠ دەوڵەتی ئەمەریکای لاتین پێوەندیی دیپلۆماسیی لەگەڵ چین هەبوو. بەڵام ئەمڕۆ زیاتر لە ٢١ دەوڵەتی ئەمەریکای لاتین پێوەندییان لەگەڵ چیندا هەیە.

جاران بەشێکی زۆری ئەم کیشوەرە پێوەندیی لەگەڵ تایوان هەبوو. بەڵام بەحوکمی ئابووریی بەهێزی چین و سیاسەتێکی دیپلۆماسیی حەکیمانە، توانی دەرگای سەفارەتی تایوان لەم کیشوەرە دابخات. دەبێت ئەوەش بڵێم کە یارمەتییە مرۆڤییەکانی چین، هێزێکی گەورەی هەبوو. بۆ نموونە تا ساڵی ٢٠٠٤ کۆماری دۆمینیك پێوەندیی لەگەڵ تایوان هەبوو. بەڵام پاش ئەوەی چین یارمەتییەکی ئابووریی بە بڕی ١٢٠ ملیۆن دۆلار پێشکێش بەو وڵاتە کرد، دەرگای سەفارەتی تایوان داخرا. (تایوان تەنیا ٩ ملیۆن بەخشی بوو، بۆیە سەفیرەکەیان دەرکرد !!(٣٧) ).

(37) Tobias Hänni. Wirtschaftliche Beziehungen zwischen Lateinamerika und China. www.weltpolitik.net.

## سەرمایەگوزاریی چین لە ئەمەریکای لاتین

هەتا ساڵی دووهەزاریش چین سەرمایەگوزارییەکی زۆری لەم کیشوەرە نەکرد. بەڵام پاشتر ئەم کیشوەرە بوو بە ستراتیجیەکی نوێی سەرمایەگوزاریی چین. ساڵی ٢٠٠٤ سەرۆك وەزیرانی چین Hu Jintao سەردانێکی گرینگی کرد. زیاتر لە ٤٠٠ گرێبەستی ئابووری و سیاسیی مۆر کرد. جگە لەوەی لەگەڵ سەرانی (کووبا، ڤەنزوێلا، شیلی، بەرازیل) کۆ بووەوە. هەر لەو سەردانەیدا، چین بەبڕی ٣٠ ملیارد دۆلار سەرمایەگووزاریی خۆی کرد. بەڵێنیشی دا، کە لە ماوەی دە ساڵی تردا، بڕی سەرمایەگوزاریی چین لەم کیشوەرەدا بگاتە ١٠٠ ملیارد دۆلار(٣٨). لە بەرامبەردا، سەرمایەگوزاریی ئەمەریکای لاتین لە چین گەیشتە ٥٦,٩ ملیارد دۆلار. زیاتر لە ١٨٠٠٠ پڕۆژەی هەمەجۆر سەرمایەگوزاری دەکەن.

ساڵی ٢٠٠٦ لە نێوان چین ئەم کیشوەرەدا رێککەوتننامەی ناوچەی بازرگانیی ئازاد مۆر کرا. کەتا دە ساڵی تر ٩٧٪ هەموو گومرگێك لەسەر کاڵای یەکتری لادەبەن(٣٩) .

## هۆکاری ئەم پێوەندییە سیاسی و ئابوورییە

بۆ هەموو پێوەندییەکی دپلۆماسی لە نێوان وڵاتاندا، پێویستە کۆمەڵێك هۆکاری سیاسی و ئابووریی بەهێز هەبن، بۆ ئەوەی ئەم پێوەندییە ڕابگرێت. لێرەدا بەکورتی ئەو هۆکارانە دیاری دەکەم.

* بوونی سامانێکی زۆری سروشتی بەتایبەت گاز و نەوت.

ئەمڕۆ لە چەندین وڵاتی ئەم کیشوەرە نەوت و گازی سروشتی بەرهەم دەهێنرێت. بڕی ٩،٧٪ سامانی نەوتی جیهان لەم کیشوەرەیە. چینیش پێویستییەکی زۆری بەم سامانە گرینگە هەیە. ساڵی ٢٠٠٣، ١٤٪ی هەموو سەهمەکانی کۆمپانیای ئێکوادۆری کڕیوە. ساڵی ٢٠٠٤ بە بڕی ١٠ ملیار دۆلار سەرمایەگوزاری لە بواری نەوت لە بەرازیل کرد. لە ڤەنزوێلاش، بڕی ٣٥٠ ملیۆن دۆلاری لە بواری نەوت و گواستنەوەی نەوت بە بۆڕی، سەرمایەگوزاری کردووە(٤٠) .

* جگە لە نەوت سامانێکی زۆری تری سروشتی لەم کیشوەرە دەست دەکەوێت. بەشێکی زۆری سامانی (زیو، ئەلەمنیۆم، گۆگرد، ئاسن، فاقۆ) جیهان لەم کیشوەرەیە.
* لە ڕووی بازرگانییەوە، چین کیشوەری مەزنی ئەمەریکای لاتین، بەبازاڕێکی باش دادەنێت

---

(٣٨) هەمان سەرچاوە.

(٣٩) هەمان سەرچاوە.

(٤٠) هەمان سەرچاوە.

بۆ ساخکردنەوەی شمەکەکانی. بەتایبەتی چین پشتی بە پیشەسازی بچووك بەستووە، کە ئەمەش پێداویستی رۆژانەی خەڵکییە. لە هەمان کاتیشدا بەحوکمی ئەوەی ئابووریی چین، پشتی بە ئابووریی بازرگانیی دەرەوە بەستووە، بۆیە ناچارە بەدوای بازاڕی نوێدا بگەڕێت. لەلایەکی تریشەوە، ئەمەریکای لاتینیش چین بەبازاڕێکی گەورە دادەنێن، بۆ فرۆشتنی شمەکەکانیان. لە هەمان کاتیشدا چین هەلی باشتری بۆ رەخساندوون تا ئەمەریکا و ئەوروپا. هەربۆیە ئەوانیش ڕوویان لە چین کردووە.

* چین لە ڕووی ئابووری و هەلی باشی بازاڕەوە، زیاتر هاوکاری و یارمەتیی ئەمەریکای لاتین دەدات، هەتا ئەمەریکا و ئەوروپا و ژاپۆن. هەر بۆیە ئەمانیش ڕوویان لە چین کردووە.
* بەشێکی زۆری ئەم وڵاتانە، چین وەکو ڕێگرێك لە بەرامبەر ئەمەریکا دادەنێن. لە ڕووی سیاسیەوە زیاتر پشت بە چین دەبەستن، بەتایبەت پاش هاتنە سەر حوکمی چەند حزبێکی شۆڕشگێر لە (ڤەنزوێلا، شیلی، بۆلیڤیا، بەرازیل، ئەرجەنتین). هەموو ئەم حکوومەتانەش بەچاوێکی گومان و ترسەوە سەیری ئەمەریکا دەکەن.
* نەبوونی مێژوویەکی تاڵی داگیرکەرانە

چین هیچ کاتێك پەلاماری ئەم وڵاتانەی داوە. هیچ کاتێکیش دەستی بەخوێنی گەلانی ئەم کیشوەرە سوور نەبووە. وەلێ ئەمەریکا و ئەوروپا، هەتا سەر ئێسقانیان دەستیان بەخوێنی پاکی ئەم کیشوەرە سوورە. تا ساڵانێکی زۆر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ خەریکی دزین و تاڵانکردن و کۆمەڵکوژی بوون. پاشانیش لە ڕێگای کودەتا سەربازییەکانەوە، هەمان مەرامی نەگریسی خۆیان کرد. هەر بۆیە ئەو مێژووە تاڵەی رۆئاوا، هەروا بەئاسانی لە بیر ناکرێت. لە هەمان کاتیشدا، ئەمەریکا و ئەوروپا هەتا ئەمڕۆش، هەرخەریکی پلانن، لە دژی ئەم کیشوەرە قارەمانە.

* لە ڕووی جیۆپۆلیتیکەوە ئەم کیشوەرە بۆ چین گرینگە، چونکە دەتوانێت لە دژی ئەمەریکا بەکاری بهێنێت. یان بەواتایەکی تر دەتوانێت پشت لە ئەمەریکا بگرێت.

## پێوەندیی چین و ئەفەریقیا

لە ٤/ ٥ نۆڤێمبەری ٢٠٠٦دا، گەورەترین کۆبوونەوەی چینی و ئەفەریقی لە پکینی پایەتەختدا بەسترا. بەئامادەبوونی ٤٨ دەوڵەت،٤٢ سەرۆك وڵات بەشداریی تێدا کرد. جگە لەئامادەبوونی زیاتر لە ١٢٥٠ رۆژنامەنووسی جیهانی، کە ٣٨٨یان لە ئەفەریقیاوە هاتبوون.

زیاتر لە ٣٠٠٠ مێوان ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون، کە ٢٠ هۆتێلی پێنج ئەستێرەیی لە خزمەتکردنیاندا بوون(٤١). هەر لەم کۆبوونەوەیەدا، ڕێکخراوێکی نوێ بەناوی (فۆرمی

(41) Anne Guhl.China will Beziehungen zum “schwarzen Kontinent” ausbauen. www. Uni.kassel. de.

هاوکاریی ئەفەریکی و چینی) کەبە (FOCAC) ناسراوە دروست کرا.

بەپێی بۆچوونی زۆربەی چاودێرانی سیاسی، ئەمە گەورەترین و باشترین کۆبوونەوەی چینی و ئەفەریقی بووە. لەم کۆبوونەوەیەدا کۆمەڵێك گرێبەستی ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی گرینگ بەسترا.

ئەمە سەرەتایەکی ئێجگار باش بوو بۆ هەردوولا. لەم کۆبوونەوەیەدا، چین بەڵێنی دا، کە تا ساڵی ٢٠١٠ بازرگانییان بگاتە بڕی ٥٠ ملیارد دۆلار لە ساڵێکدا. ساڵی ٢٠٠٧ بڕی سەرمایەگوزاریی چین لە ئەفەریقیا گەیشتە ١٣,٧ ملیارد دۆلار. لە کاتێکدا ساڵی ٢٠٠٠ تەنیا ٥٠٠ ملیۆن دۆلار بوو(٤٢). بڕی ٦ ملیارد دۆلار لە ٩٠٠ پرۆژەی هەمەجۆردا سەرمایەگوزاری دەکات. جگە لەوەش ٧٠٠ پرۆژەی خزمەتگوزاریی گرینگی پێشکێش بەئەفەریقیا کرد. زیاتر لە ٢٠٠٠ کم هێڵی ئاسنین و ٣٠٠٠ کم ڕێگای سەیارەی دروست کردووە. لە قەرزی ٣١ دەوڵەتی ئەفەریقی خۆش بوو، کە دەگاتە بڕی ١٠,٩ ملیارد دۆلار. هەروەها گومرگی لەسەر کاڵا و بەرهەمی ٣٠ دەوڵەتی هەژاری کیشوەرەکە لابرد. جگە لە پێگەیاندن و فێرکردنی زیاتر لە ١٤٦٠٠ کادیری ئەفەریقی لە زانکۆ و پەیمانگاکانی چیندا. هەروەها زیاتر لە ١٥٠٠٠ ئەفەریقی لە نەخۆشخانەکانی چیندا چارەسەر دەکرێن. کە ئەمەش خزمەتێکی ئێجگار گەورەی ئینسانییە(٤٣).

### بوونی ژمارەیەکی زۆری کۆمپانیا و کرێکاری چینی لە ئەفەریقیا



کرێکاری چینی لە ئەفەریقیا

ئەمڕۆ زیاتر لە ٨٠٠ کۆمپانیای چینی لەم کیشوەرە کار دەکەن. هەر ئەم کۆمپانیایانەش ژمارەیەکی زۆری کرێکاری چینییان لەگەڵ خۆیان هێناوە. جگە لەوەش ئەمڕۆ ژمارەیەکی ئێجگار زۆری چینی ڕوویان کردووەتە ئەم کیشووەرە و بژێویی ژیانیان لێ دابین دەکەن. بەپێی هەندێك سەرچاوە، ژمارەی کرێکاری چینی لە ئەفەریقیا دەگاتە نزیکەی ٧٥٠ هەزار کرێکار(٤٤). دیارە چینییەکان هەم لە ڕووی کرێ و دەستڕەنگینی و شارەزایی و خوێندنەوە، زۆر لە کرێکاری ئەفەریقی باشترن. هەر ئەمەش بووەتە هۆی گرژی و نارەحەتیی کرێکارانی ئەفەریقی.

(٤٢). ٢٠٠٨/٨/٥ ميدل ايست اونلاين. العمالة الصينية المتفانية تُذهل الأفارقة وتخيفهم.

(43) Anne Guhl.China will Beziehungen zum “schwarzen Kontinent” ausbauen. www. Uni.kassel. de.

(٤٤). ٢٠٠٨/٨/٥ ميدل ايست اونلاين. العمالة الصينية المتفانية تُذهل الأفارقة وتخيفهم.

### بۆچی ئەفەریقییەکان چینیان خۆش دەوێت؟

سەرۆکی تەنزانیا Julius Nyerere وەڵامی ئەم پرسیارەمان بە ڕوونی دەداتەوە:

(لە مێژووماندا بێگانەکان دەهاتن هێڵی ئاسنینان بۆ دروست دەکردین بۆ ئەوەی سەروەت و سامانی کیشوەرەکەمان تالان بکەن. بەڵام ئەمڕۆ چینییەکان هێڵی ئاسنینمان بۆ دروست دەکەن، تا خزمەتی هاولاتییانمانە بکەین و ئابوورییەکەمان پێش بکەوێت[٤٥].).

ئەوروپییەکان شەرمەزاریترین و بێ ئابڕووترین مێژوویان لە ئەفەریقا تۆمارکرد. گەلەکەیان کۆیلە کرد، سامانەکەیان تالان کرد. وەلێ چین، مێژوویەکی ئێجگار پاك و بێ گەردی لەم کیشوەرە

مەزنەدا هەیە. هەربۆیە ئەفەریقییەکانیش چینیان خۆش دەوێت.

### گرینگی ئەفەریقیا بۆ چین

لە زۆر ڕووەوە ئەفەریقیا بۆ چین گرینگە. کە دەتوانین بەم چەند خاڵەی خوارەوە دیاری بکەین:

* بوونی سامانێکی زۆری سروشتی وەکو گاز و نەوت و ئاسن و ئاڵتوون. چەندین سامانی تریش.
* ئەفەریقیا بازاڕێکی گەورە و گرینگە بۆ شمکە هەرزانەکانی چین. کە هەردوولا لەم بازرگانییانە سوودمەند دەبن. ئەفەریقییەکان شمەکی هەرزانیان دەست دەکەوێت، چینیەکانیش بازاڕێکی باشیان بۆ ساخکردنەوەی بەرهەمەکانیان بۆ دابین دەبێت.
* لە ڕووی سیاسی و فیکری و شێوازی حوکمرانیەوە کەمێك لە یەکترییەوە نزیکن. هەردوولا باوەڕیان بەتێکەڵکردنی کاروباری ناوەخۆی یەکتری نییە. هەردوولاش باوەڕیان بەقسە درۆینەکانی ڕۆئاوا نییە، کە ڕۆژانە بەناوی مافی مرۆڤەوە، دەیانەوێت بازرگانییەکی هەرزان بکەن. ئەوەی کە چاوەڕوان دەکرێت، کە پێوەندییەکانی چین و ئەفەریقیا بەرەو باشتر بڕوات. هەردوولاش باوەڕیان بەباشکردن و پێشخستنی ئەم پێوەندییە هەیە. چونکە هەردوولایان لەبوونی ئەم پێوەندییە سوودمەندن.

## پێوەندیی وڵاتانی ئاسیا وچین

گەر سەیری نەخشەی جوگرافیی ئاسیا بکەین، چین وەکو دڵێکی مەزن لە ناوەڕاستی ئەم کیشوەرە مەزنەدا ڕاکشاوە. وەلێ ئایا لە ڕووی سیاسی و عەسکەریشەوە، چین ڕۆڵی دڵ دەبینێت ؟ یان وەکو هەندێك چاودێریی سیاسی ڕۆئاوایی بەتایبەت ئەمەریکی دەڵێن (چین وەکو مەعسکەرێکی ترسناك وایە لە ناوەراستی کیشوەری ئاسیادا). ئەم دوو بۆچوونە کامیان راستن.

---

(45) Wolfgang Schonecke. Chinas Rolle in Afrika. Netzwerk Afrika Deutschland.

مەهاتیر محەمەد سەرۆك وەزیرانی مالیزیا دەڵێت: (وا بزانم کاتی ئەوە هاتووە کە بە چاویلکەی ترسەوە سەیری چین نەکەین، بەڵکە ئەمڕۆ چین ڕۆڵی هەلێکی مەزن دەبینێت بۆ ئەم کیشوەرە[٤٦]).

لی کوان یو سەرۆك وەزیرانی سەنگافووریش دەڵێت: (ئەمە سەخافەتێکی گەورەیە کە چین بەیاریزانێکی تازەی دابنێیت، بەڵکە چین بەهێزترین و باشترین یاریزانی مێژوو بووە [٤٧]).

واتە گەلانی ئاسیایی کە خۆیان لەگەڵ چین دەژین، ئەم وڵاتە بەترس دانانێن، وەلێ ئەمەریکاو ئەوروپا دەیانەوێت بەترسی دابنێن. دیارە چین لە زۆر کاتدا پشتگیریی وڵاتانی ئاسیایی کردووە. بەتایبەت لە کاتی کێشە ئابوورییە گەورەکەی ساڵانی ١٩٩٧/١٩٩٨ کە بەشێکی زۆری ئەم وڵاتانە تووشی ئیفلاسی بوون، بەڵام چین خۆی لە بەردەم ئەم کێشە گەورەیەدا ڕاگرت و توانی لە ڕووی ئابووریشەوە یارمەتیی ئەم وڵاتانە بدات، تەنانەت چین بوو بەتاکە هیوای بووژاندنەوەی ئابووریی ئەم وڵاتانە.




نەخشەی هەنارده و هاوردەی بازرگانیی چین لەگەڵ وڵاتانی جیهاندا

### پێوەندیی بازرگانیی چین و وڵاتانی ئاسیا

پێوەندیی بازرگانیی نێوان چین و وڵاتانی ئاسیایی لەوپەڕی بەهێزیدایە. ئەم پێوەندییە بەهێزە باشترین وزەی بەهەردوولا بەخشیوە. ئەمڕۆ پێوەندیی بازرگانیی نێوان چین و وڵاتانی

(٤٦) دانییل بورشتاین، ارنیة دي کیزا. التنین الاکبر. الصین في القرن الواحد والعشرین. ترجمة. شوقي جلال. دار عالم المعارف. الکویت. یولیو٢٠٠١. ص ١٤٥.

(٤٧) هەمان سەرچاوە لاپەڕە. ٣١

ئاسیایی دەگاتە نزیکەی ٥٠٠ ملیارد دۆلار(٤٨). ژاپۆن یەکەمین شەریکی بازرگانیی چینە لە ئاسیادا، بازرگانیی نێوانیان ساڵانە دەگاتە ١٨٤،٤ ملیارد دۆلار. (هاوردەی ١٠٠،٤. هەناردەی ٨٤ ملیارد دۆلار) لەگەڵ هۆنگ کۆنگ دەگاتە ١٣٦،٧ ملیارد دۆلار.(هاوردە ١٢,٢ ملیارد، هەناردە ١٢٤،٥ملیارد دۆلار.) کۆریای باشوور ١٠١،٩ ملیارد دۆلار. (هاوردە ٧٦,٨. هەناردە ٣٥,١ ملیارد دۆلار).تایوان ٩١,١ ملیارد دۆلار.(هاوردە ٧٤,٧ ملیارد. هەناردە ١٦,٥ ملیارد دۆلار) سەنگاپوور ٣٣،١ ملیارد دۆلار.(هاوردە ١٦,٥ ملیارد، هەناردە ١٦,٦ ملیارد دۆلار)(٤٩). بەگشتی ئاسیا باشترین و گرینگترین شەریکی بازرگانیی چینە. بازاڕی چین شوێنێکی باش و گرینگە بۆ شمەکی دراوسێکانی، بەهەمان شێوە بازاڕەکانی ئەوانیش، گرینگ و پڕ بایەخن بۆ ئابووریی چین.

**مێژوویەکی خراپ لەگەڵ هیندی باشترین دراوسێ**

دیارە ئینگلیزە وەحشییەکان، هەر بەتەنیا گەل و خاکی هیندی مەزنیان داگیر نەکرد، بەڵکە مێژوویەکی خوێناوی و کۆمەڵێك کێشەی تریان بۆ ئەم وڵاتە مەزنە بەجێ هێشت. لە سەدەی حەڤدەمدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ هیند لەلایەن ئینگلیزە چەتەکانەوە داگیر کرابوو. لە ساڵی ١٨٣٥ جەنگێکی خوێناوی لەلایەن رووسیا و ئینگلیزەوە بەسەر چیندا سەپێنرا. پاشتر هەموو هەرێمی تبت لەلایەن رووسیاوە داگیرکرا. وەلێ ساڵی ١٩٠٣ چەتە ئینگلیزەکان وەکو پیشەی هەموو جارێکیان، دەستیان کردەوە بەتاڵانی و تیتیان داگیر کرد. (هەروەك چۆن تورکە وەحشیەکان ، هەتاوەکو ئەمرۆش حەزی تاڵانیی سنووری بۆ نییە، ئینگلیزەکانی هاورێیانیش بەهەمان شێوەن). پاش داگیرکردنی تبت، سەرۆکی رۆحی تبت (دەلای لاما) بۆ مەنگۆلا ڕای کرد.

هەتا ماوەیەکی زۆریش چین داوای تبتی دەکرد. تا ساڵی ١٩١٤ لە ڕێککەوتننامەی Shilma ئینگلیزەکان بەتۆپزی هێڵی McMahon-Linie کردە سنووری چین و هیندستان. بەم شێوەیەش تبت کەوتە ژێر دەستی ئینگلیزەوە. پاش ئەوەی ساڵی ١٩٥٠ هەردوولا لە دەستی داگیرکەر ڕزگاریان بوو، پێوەندییەکی ئێجگار توند و باشیان پێکەوە هەبوو. وەلێ بەداخەوە مێشکە نەخۆشە توندڕەوەکەی ماو، بوو بە ڕێگر لەم پێوەندیە مەزنە. ساڵی ١٩٥٠ لەشکرەکەی ماو، پەلاماری تبتی دا و داگیری کرد. ساڵی ١٩٥٩ دەلای لاما بۆ هیند ڕای کرد و مافی پەنابەریی وەرگرت(٥٠).

(48) Dr. Klaus Bruns. Dr. Nathalie Homlong. Wirtschaft Partner China. Lexis Nexis Verlag. Wien. 2006. S 18

(49) www.china.ahk.de. Die wichtigsten Handelspartner.

(50) www.wikipedia.org/wiki/Indisch-Chinesischer - Grenzkieg.

## یەکەمین شەڕی نێوان هیند و چین

لە ٢٠ی ئۆکتۆبەری ١٩٦٢ هەردوو لەشکری چین و هیند لەسەر سنوور، یەکەمین چەخماخەی جەنگێکی نەگریسییان داگیرساند. وەلێ باش بوو، ئاگری ئەم شەڕە زۆری نەخایاند و کوژایەوە. لە ٢١ی نۆڤێمبەردا جەنگ ڕاگیرا. لە دیسەمبەردا کۆنفرانسی کۆلۆمبۆ بەسترا و، جەنگ بەتەواوی ڕاگیرا[٥١]. ساڵی ١٩٦٣ چین و پاکستان هاوپەیمانییەکی سەربازییان لە دژی هیند بەست. کە ئەمەش گەورەترین هەڵەی چین بوو بەرامبەر هیند کردی. لە ساڵی ١٩٦٥ کاتێك سوپا وەحشییەکەی پاکستان پەلاماری گەلی بەنگلادیشی دا و، دژی خەونی ڕزگاری ئەو گەلە قارەمان وەستایەوە، ئەوە تەنیا هیندی مەزن بوو کە چوو بەهانای ئەم گەلە ستەم دیدەیەوە. وەلێ چین هەڵوێستێکی زۆر ناموڕاڵی و نامرۆڤانەی لە کێشەی بەنگلادیشدا بینی.

بەداخەوە جارێکی تریش لەسەر سنوور شەڕ لە نێوان هیند و چین ڕووی دایەوە. وەلێ باش بوو دیسانەوە زوو دامرکایەوە.

لە ساڵی ١٩٧٢ هیند و سۆڤێت رێککەوتنی ستراتیجی و دۆستانەیان مۆر کرد. ئەمەش هێندەی تر بەنزینی کرد بەئاگرەکەدا. چونکە ئەو کاتە شەڕی نێوان چین و سۆڤێت لە لووتکەیدا بوو.

### هەوڵەکانی ئاشتیی نێوان هەردوو وڵات

پاش مردنی ماو، هاتنە سەر کاری دینج هیساو، پێڕەوکردنی سیاسەتی ریفۆرم و کرانەوە بە ڕووی جیهان. پێوەندیی نێوان هەردوو وڵات بەرەو قۆناغێکی باشتر هەنگاوی نا. ساڵی ١٩٨١ بۆ یەکەم جار گفتوگۆ لەسەر سنووری نێوان هەردوو وڵات کرا. ئەم گفتوگۆیەش ئەنجامی باشی هەبوو، کەمێك گرژییەکانی هێور کردەوە. ساڵی ٢٠٠٥ گفتوگۆی تر کرا و، پاشتر چین وازی لە هەندێك ناوچەی سنووری هێنا کەپێشتر داگیری کردبوون. لە ٢٠٠٦/٦/١٦ بۆیەکەمینجار سنووری هیمالایا کرایەوە، کەپێشتر بەرێگای حەریر ناسرابوو[٥٢].

لە پاش ساڵانی نەوەتەوە، پێوەندی هەردوو وڵات زۆر باشتر بووە. لەڕووی بازرگانیشەوە، پێوەندیی نێوان هەردوولا ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو پێشەوە دەڕوات. ساڵی ٢٠٠٨ پێوەندیی بازرگانیی هەردوولا گەیشتە نزیکەی ٣٧ ملیارد دۆلار[٥٣].

بەبڕوای من پێویستە هیند وچین دەستخەنە ناو دەستی یەکتری. هەروەك چۆن هاوپەیمانیی

(51) www.encarta.msn.com.. Indisch-Chinesischer Krieg.

(52) www.wikipedia.org/wiki/Indisch-Chinesischer-Grenzkrieg.

(٥٣) رئيس الحكومة الهندية يبدأ زيارة للصين. www.BBC Arabic.com.13.01.2008

ئەڵمانی و فەرەنسی، نەخشەی ئەوروپای گۆڕی، بەهەمان شێوەش هاوپەیمانیی هیند و چین، هەموو ئاسیا دەگۆڕێت، دیارە بەرەو باشی. بۆ ئاشتی و بەهێزی ئاسیا، زۆر گرینگە ئەم دوو وڵاتە مەزنە هاوپەیمانی ببەستن. نابێت بهێڵن چی تر دەوڵەتانی ئیمپریالیست، شەڕ و ئاژاوەیان بۆ دروست بکەن.

**بۆچی ئاسیا بۆ چین گرینگە؟**

بەبڕوای من ئاسیا بۆ چین گرینگە چونکە :

* سامانێکی ئێجگار مەزنی سروشتی (گاز و نەوت، ئاسن، خەڵووز، چەندین سامانی تر) لەم کیشوەرەدا هەیە. وە چینیش پێویستییەکی ئێجگار گەورەی بەم سامانە هەیە. هەتا ئەم چەند ساڵەی دوایش، چین تەنیا پشتی بەنەوتی ئەندەنووسیا و مالیزیا دەبەست.
* بوونی ژمارەیەکی ئێجگار مەزنی دانیشتوان لەم کیشوەرەدا. کە دەوڵەمەندترین کیشوەرە لە ڕووی دانیشتوانەوە. ئەمەش بازاڕێکی مەزن پێك دەهێنێت.
* بوونی سنوورێکی ئێجگار زۆری سروشتی (ئاووی، وشکانی) کە چینی بەم وڵاتانەی بەستۆتەوە. هەربۆیە بۆدابینکردنی ئاشتی وئارامی، پێویستە پێوەندیەکی باش لەگەڵ ئەم وڵاتانە ببەستێت.
* بوونی ڕەوەندێکی زۆری چینی لە وڵاتانی ئاسیا بەتایبەت (ئەندەنووسیا، مالیزیا، سەنگافوور)، ئەمانەش هەموو کاتێك چین بەدایکی خۆیان دەزانن.
* بوونی مێژوویەکی ئێجگار مەزن و کۆن، کە ئەم وڵاتانە پێکەوە دەبەستێتەوە. (دیارە جگە لەگەڵ ژاپۆن چونکە مێژوویەکی زۆرپیسی داگیرکەرانەی لەگەڵ ئەم وڵاتانەدا هەیە)
* لە ڕووی کولتوورییەوە ئەم وڵاتانە تا ڕادەیەکی ئێجگار باش لەیەکەوە نزیکن. هیچ ڕێگری کولتووری نییە لە نێوانیاندا. (دیسانەوە جگە لە ژاپۆن، چونکە زۆر لەمان جیاوازە)
* لە ڕووی سیاسی و ئابووریشەوە، تاڕادەیەکی ئێجگار نزیك، شێوازی حوکمرانیان وەکو یەك وایە. دیارە لە هەندێك وڵاتی ئاسیاییدا، بوونی دیموکراسی هەیە، وەلێ بەگشتی سیستەمی چینیان لا قبووڵە.

## بوونی ژمارەیەکی زۆری ئەکادیمی و پسپۆڕ

یەکێك لە خاڵە بەهێزەکانی تری چین، بوونی ژمارەیەکی زۆری ئەکادیمی و پسپۆڕە. دەتوانین چین بە گەورەترین زانکۆی جیهان بژمێرین، چونکە زۆرترین ئەکادیمی لە جیهاندا هەیە. ئەمڕۆ زیاتر لە ٢٢ ملیۆن ئەکادیمی لە چین هەیە (٥٤). ئەمەش گەورەترین ڕێژەیە لە جیهاندا.

(54) Georg Blume und Babak Tavassolie.China Realitätsschok. Die Zeit.23.10.2006.

هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی چینییەوە، پێشخستن و باشکردنی بواری خوێندن و پەروەردە، گرینگییەکی ئێجگار گەورەیان پێدا. ئەمڕۆ لەچین زیاتر لە ٣ هەزار زانکۆ و پەیمانگە هەیە. زیاتر لە ١٢٠٠ پەیمانگە و زانکۆی تایبەتی هەیە[٥٥].

ئەمڕۆ بوونی کەسانی ئەکادیمی و پسپۆر بەسامانی گرینگی وڵاتان دەژمێردرێت. ڕاستە ئابووری گرینگە، وەلێ ئابووری بەبێ بوونی کەسانی پسپۆڕ و ئەکادیمی، وەکو نەبوونی شۆفێرە بۆ ماشین. ژمارەی کەسانی ئەکادیمی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەو زیادبوون دەچێت. (بۆ زانیاریی زیاتر سەیری نەخشەی خوێندکار و قووتابخانەکانی چین بکە).




نەخشەی ژمارەی خوێندکاران لە زانکۆ و پەیمانگەکانی چین لە نێوان ساڵانی ١٩٩٤ تا ٢٠٠٥

لەلایەکی تریشەوە ساڵانە هەزاران خوێندکاری چینی ڕوو لە زانکۆکانی جیهان دەکەن، بەتایبەت زانکۆکانی ئەمەریکا و ئەوروپا. لە پاش ریفۆرمەوە واتە پاش ساڵی ١٩٧٨وە، زیاتر لە ٥٠٠ هەزار خوێندکاری چینی لە دەرەوە خوێندنیان تەواو کردووە، بەشی زۆریشیان ماستەر و دوکتۆرایان هێناوەتەوە بۆ چین[٥٦]. دەبێت ئەوەش بڵێم کە نیوەی ئەم ڕێژەیەش لە زانکۆکانی ئەمەریکا خوێندیان تەواو کردوو[٥٧]. بەس تەنیا ساڵی ٢٠٠٢ زیاتر لە ٧٠ هەزار خوێندکاری چینی لە زانکۆکانی ئەمەریکا دەیانخوێند[٥٨]. ئەمەش زۆرترین ڕێژەی خوێندکاری بێگانەیە لەو وڵاتە. بەپێی هەندێك سەرچاوەش خوێندکارە چینییەکان زۆر زیرەك و چالاکن، هەر بۆیە زۆرجاریش دژایەتییان دەکرێت. دیارە چین هەوڵی داوە لە هەموو بوارەکانی زانستدا پێش

(55) Die chinesischen Hochschulen im Überblick .www.china-guide.de

(56) Martin Guan Djien Chan. Der erwachte Drache. Gromacht China im 21.jahrhundert. Konrad Theiss Verlag. Stuttgart. 2008. S 27.

(57) Rüdiger Machetzki. China. Ein neuer Global Player in Ostasien? ,www.bpb.de.

(58) Zbigniew Brzezinski.Die einzige Weltmacht. Amerikas Strategie der Vorherrschaft. S.Fischer Verlag. GmbH. Frankfurt am Main. Februar.2002.S233.

بکەویت. زیاتر لە ٣٥٠ هەزار ئەندازیاری تایبەتی تەکنەلۆجی هەیە(٥٩). یەکێك لە خاڵە بەهێزەکانی تری ئەم سامانە گرینگەی چین، نرخی کەمیی مووچەی ئەکادیمیەکانە. بۆ نموونە ئەندازیارێکی چینی مانگانە ١٠٥ دۆلار وەردەگرێت، بەڵام ئەندازیارێکی ئەمەریکی زیاتر لە ٢٥ هەزار دۆلار وەردەگرێت(٦٠). هەر بۆیە بەشێکی زۆری کۆمپانیا جیهانییەکان ڕوویان لە چین کردووە. ئەمڕۆ کۆمپانیا جیهانییەکان چەندە بەدوای بازاردا دەگەڕێن، دووهێندە بەدوای کرێکاری و شارەزا و کادیری هەرزاندا دەگەڕێن. هەر بۆ یەئەمەش بەخاڵێکی ئێجگار بەهێزی چین دەژمێردرێت.

## هێزی ناسکی چین

مەبەست لە هێزی ناسکی دەوڵەتێك ئەو هێزەیە، کە پشت بە سەربازو ئابووری و دیپلۆماسی نابەستێت، بەڵکە زیاتر مەبەست لەم دەستەواژەیە، بوونی هێزێکی کولتوورییە، کە هەر دەوڵەتێك لە دەرەوەی سنووری خۆیەوە هەیەتی. بۆ نموونە (گۆرانی و شێوازی خواردن و ئەدەب و زانست بەهەموو جۆرەکانیەوە، بە هێزی ناسکی دەوڵەتان دەژمێردرێت) گرینگیی ئەم هێزە لەوەدایە، کە دەوڵەتان هیچ زەرەرێکی مادی یان مۆراڵی لە بەکارهێنانی ئەم هێزەدا نابینین. ناوبانگی هەر دەوڵەتێك بەستراوە بەو هێزە ناسکەی کە هەیەتی، بۆ نموونە لە حەفتاکاندا کاتێك ئەمەریکا پەلاماری چەتەگەری لە دژی ڤێتنام دەستپێکرد، ڕاستە ڤێتنام وڵاتێکی بچووك و بێهێزبوو، وەلێ هەموو جیهان پشتگیریی ڤێتنامی کرد. تاماوەیەکی زۆر هەموو جیهان ناوی ڤێتنامی، خواردن، ئەدەب، گۆرانیی ڤێتنامی لە هەموو جیهاندا بڵاو بوویەوە. خۆی لە خۆیدا ڤێتنام توانی بەم هێزە ناسکەی، وڵاتێکی زلهێزی وەکو ئەمەریکا بەرەو دۆڕاندن بەرێت. دیارە چینیش لەم ڕووەوە کۆمەڵێك خاڵی بەهێزی هەیە.

### خواردنی چینی



ئەمڕۆ خواردنی چینی بووەتە بەیەکێك لە خواردنە سەرەکییەکانی جیهان. هەروەك چۆن ماکدۆنالد و کۆکاکۆلا بووەتە خواردنێکی جیهانی، بەهەمان شێوەش خوادرنی چینیش بووەتە

---

(٥٩) دانییل بورشتاین. ارنیة دي کیزا. ترجمة شوقي جلال. التنین الاکبر. الصین في القرن الواحد والعشرین. عالم المعرفة. الکویت. یولیو ٢٠٠١. ص. ١١٦.

(٦٠) هەمان سەرچاوە.

خواردنێکی جیهانی. ئەمڕۆ لە هەموو کونجێکی ئەم جیهانەدا، ریستۆرانتێکی چینی دەبینیت. جگە لەوەی کە ڕۆژانە چەندین کتێب و کۆواری هەمەجۆر لەسەر چێشتی چینی دەنووسرێت.

### چۆن خواردنی چینی بوو بەجیهانی؟

چەند هۆکارێکی گرینگ هەن کە وای کردووە ئەم خواردنە یان ئەم ناندین (مطبخ)ە بکرێتە جیهانی :

* ناندینی چینی کۆنترین ناندینی جیهانە. هەر بۆیە چەندین شێواز و جۆری خواردنی بەتام و بەچێژی تێدایە(٦١).
* بوونی چەندین جۆر و شێوازی خواردنی بەتام و بەچێژ.
* لەڕووی تەندروستییەوە زۆر بۆ لەشی مرۆڤ باشە، چونکە زیاتر (برنج، گۆشتی سپی "پەلەوەر"، سۆیا، سەوزەواتی هەمەجۆر)ی تێدایە. ئەم جۆرە خواردنانەش بۆ لەشی مرۆڤ باشن، وەکو خواردنی ئەمەریکی نییە، کە هەمووی زەرەری بۆ لەشی مرۆڤ هەیە و دەبێتە هۆی تووشبوونی چەندین نەخۆشی.
* بوونی ڕەوەندێکی زۆری چینی لە جیهاندا. دیارە یەکێك لە هۆکارە گرینگەکانی ئاشنابوونی جیهان بە خورادنی چینی، بوونی ئەو ڕەوەندە زۆرەی چینە، کە لە جیهاندا دەژین.
* لە ڕووی نرخەوە زۆر لە خواردنەکانی تر هەرزانە، بۆ نموونە دەتوانیت لە ریستۆرانتێکی چیندا بە کەمتر لە ٥ ئویرۆ باشترین خواردن و خواردنەوە بخۆیت. ئەمەش بەیەکێك لە خاڵە گرینگەکان دەژمێردرێت.
* لەڕووی باشیی خواردن و پاك و خاوێنییەوە، ریستۆرانە چینییەکان لە پێش ریستۆرانەتەکانی ترن. بۆ نموونە لەم ماوەیەدا لە هەرێمی ریگنبۆرگی ئەڵمانیدا، ریستۆرانتە چینییەکان لە ریزی دە ریستۆرانەتە باشەکانی هەرێمەکە بوون. هەر لە پلەی یەکەمەوە تا دەیەم، هەموویان چینی بوون، واتە پێش ریستۆرانتی ئەڵمانی و ئەوروپییەکانیش کەوتوون(٦٢).

### وەرزشی چینی

هەر لە دێرزەمانەوە گەلی چینی گرینگییەکی زۆریان بە وەرزش و لەشساخی داوە. هەر بۆیە ئەم وڵاتە بە مەڵبەندی کۆمەڵێك وەرزشیی جیهانی دەژمێردرێت، لەوانە (کۆنگ فو، کاراتی، یۆگا) ئەمڕۆ ئەم وەرزشانە سنووری چینیان بەزاندووە و بوونەتە یارییەکی جیهانی. هەمووممان بەتاسەوە سەیری فیلمەکانی برووسلی و جاکیشانمان دەکرد. منداڵ بووین هەموومان حەزمان

(61) www.ichkoche.at/Die-Chinesische-Kueche.

(62) www.qype.com/de/categories/-chinesische-restaurants-in-regensburg .



دەکرد، ببینە بروسلی وەکو ئەو ئازا بین. دیارە ئەمەش خەونی زۆرێك لە زارۆکانی جیهانە. دیارە هەندێك وەرزشی چینی بۆ نموونە (یۆگا) کە ئەمڕۆ ئیهتمامێکی زۆری پێ دەدرێت، چونکە زۆر سوودی بۆ لاشەی مرۆڤ هەیە و کۆمەڵێك نەخۆشیش چارەسەر دەکات لەوانە (پشت ئێشە). هەر بۆیە لەهەموو شوێنێکی جیهاندا، قوتابخانەیەکی وەرزشی چینی دەبینین.

ئەمەش خۆی لە خۆیدا، هێزێکی باش بەم وڵاتە دەبەخشێت.

### زانستی لەشساخی چینی



دیارە ناتوانین لەم کتێبەدا باسی زانستێکی ئێجگار گەورە و مەزنی جیهان بکەین، گەر بمانەوێت لەسەر زانستی لەشساخی و پزیشکی چینی شارەزاییمان هەبێت، ئەوا پێویستمان بە چەندین کتێب هەیە. ئەمڕۆ حیکمەتی چینی بۆ لەشساخی، لە زانکۆکانی جیهاندا دەخوێنرێت. جگە لەوەی بۆ ئەوەی پسپۆڕ بیت لەم بوارەدا پێویستە چەندین ساڵ لە یەکێك لەزانکۆکاندا بخوێنیت. من تەنیا ئەوەندە دەتوانم بڵێم، کە ئەم زانستە بەیەکێك لە کۆنترین زانستی لەشساخی و پزیشکیی جیهان دەژمێردێت. مێژووی ئەم زانستەش بۆ ٢ تا ٣ هەزار ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە. ئەم زانستە لە نێوان میتۆلۆجی (ئاین) و زانستدا تێکەڵ بووە. بەگشتی ئەم زانستە لە سەدەی ٢٠٢ پێش زاینەوە بەتەواوی پێش کەوت ڕێچکەی زانستی گرتە بەر بەتایبەت لە سەردەمی فەرمانڕەواییی هانەوە (٢٢٠ تا ٢٥ پێش زایین)(٦٣). هەرچەندە هەندێك سەرچاوە دەڵێن مێژووی ئەم زانستە دەگەڕێتەوە بۆ ٥،٦ هەزار ساڵ پێش ئێستا(٦٤).

ئەمڕۆ زانستی چینی لە هەموو جیهاندا بەکار دەهێنرێت و، ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش، خەڵکی ڕوو لەم جۆرە زانستە دەکەن.

---

(63) www.ikipedia.org/wiki/TraditionelleChinesischeMedizin.

(64) www.china2day.de/cinesische-medizin.

**دەرمانی چینی**


دەرمانخانەیەکی چینی

دەرمانی چینی بەیەکێك لە دەرمانە باشەکانی جیهان دەژمێردرێت. ئەم دەرمانە زیاتر پشت بە گژوگیا و ڕووەکی سروشتی دەبەستێت. زۆر بەکەمی پشت بە مادەی کیمیایی دەبەستێت. هەر بۆیە بەشێکی زۆری دوکتۆرەکان هانی نەخۆش دەدەن، کە زیاتر ئەم جۆرە دەرمانانە بەکار بهێنێت، چونکە لە دەرمانی کیمیاوی باشترە. دەرمانی کیمیایی بۆ نەخۆشییەك باشە، بەڵام زۆرجاریش زەرەری بۆ شوێنێکی تری لاشەی مرۆڤ هەیە و تووشیی نەخۆشی تری دەکات. ئەمڕۆ لە هەموو جیهاندا دەرمانسازی چینی بوونی خۆی هەیە.

بەداخەوە لەلای خۆمان، هەتاوەکو ئەمڕۆش هیچ جۆرە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لەسەر زانستی چینی بۆ لەشساخی نەکراوە.

## چین و تەکنیکی نوێ (های تێك)

ئەمڕۆ مەسەلەی تەکنیکی نوێ یان تەکنیکی (زیرەك، مۆدێرن، های تێك)، بەیەکێك لە خاڵە گرینگەکانی دەوڵەتان دەژمێردرێت. چەندە دەوڵەتان، خاوەنی تەکنیکی نوێ بن، هێندەش دەسەڵاتی سیاسی و ئابوورییان بەهێزتر دەبێت. دیارە کە دەڵێین تەکنیکی نوێ، هەموو بوارەکانی زانست دەگرێتەوە. یەکێك لەو شەڕانەی کە لە سەردەمی نوێدا دەوڵەتان لەگەڵ یەکتری دەکەن، شەڕی تەکنیکی نوێیە. هەر دەوڵەتەی دەیەوێت، ئەم تەکنیکە لە ژێر دەستی خۆیدا بێت و نەگاتە دەستی دەوڵەتانی تر. ئەمڕۆ هێندەی دەزگاکانی سیخوڕی جیهانی خەریکی سیخوڕی زانستین، هێندە خەریکی سیخوڕی سیاسی و سەربازی نین.

**چوونە سەر مانگ**

یەکێك لەخەونەکانی مرۆڤ، کەشفکردن و گەڕان لە ناو ئاسمان بووە. چوونە سەر مانگ یەکێکە لە خەونە خۆشەکانی هەموو مرۆڤایەتی. دیارە بۆیە کەمین جار، رووسەکان دەستی خۆیان وەشاند، پاشانیش ئەمەریکییەکان خۆیان گەیاندە سەر مانگ. هەر بۆیە گەیشتنە سەر مانگ، بەیەکێك لە خاڵە بەهێزەکانی وڵاتە مەزنەکان دادەنرێت.

## سەرەتای ئەم پرۆژەیە لە چین

ماو دوو خەونی هەبوو، یەکێکیان بۆمبی ئەتۆمی، دووەمیان چوونە سەر مانگ. هەتا لە ژیاندا بوو توانی خەونی یەکەمی بهێنێتە دی، وەلێ نەیتوانی خەونی دووەمیان بهێنێتە دی. ئەم خەونەی ماو مایەوە هەتا لە ساڵی ١٩٨٦ بۆ یەکەمین جار حکوومەتی چینی پرۆژەیەکی بەناوی (نەخشەی ٨٦٣) بۆ گەیشتن بەتەکنیکی نوێی ئاسمانی و گەیشتنە سەر مانگ دارشت[٦٥]. هەر بۆ ئەم مەبەستەش ١٠ ملیارد یوان (یەك دۆلار، ٦,٨ یوانە). زیاتر لە ٤ ملیارد یوان تەنیا بۆ زانستی ئاسمانی تەرخان کرا. دیارە چین زۆر بەشێنەیی دەستی دایە ئەم پرۆژە گەورەیە، بەچەندین وەسائیلی شەرعی و ناشەرعی هەوڵی دەستکەوتنی ئەم زانستەی داوە. لە ساڵی ١٩٩٢ جارێکی تر نەخشەیەکی نوێ دانرا، کە ئامانجی بەرەو پێشخستنی نەخشەی ٨٦٣ بوو. بۆ ئەم نەخشەیەش ٢٠ ملیارد یوانی تریان دانا.



ئاسترۆناوتی چینی یانگ Yang لە کاتی گەڕانەوەی لە ئاسمان

بۆ جێبەجێکردنی ئەم نەخشەیەش، کرا بە سێ قۆناغەوە. هەر قۆناغەی میکانیزمی تایبەتی خۆی بۆ دانرا[٦٦]. بەڕێوەبەری دەزگای ئاسمانیی چین وتی (هەتا سەرەتای نۆڤێمبەری ٢٠٠٨، ١١٢ راکێتی هەمەجۆرمان دروست کردووە و تاقیمان کردووەتەوە، لە نێوانیاندا، ١٠٧ دانەمان بۆ ئاسمان ناردووە. لە ماوەی ٣٠ ساڵی رابردوودا، توانیومانە زیاتر لە ١١٠ مانگی دەستکرد رەوانەی ئاسمان بکەین و زیاتر لە ٧ کاروانی ئاسمانی (مرکب فضائي) بۆ ئاسمان ناردووە[٦٧]).

---

(٦٥) منجزات صينية في مجال الفضاء على مدار ٣٠ عاما من الاصلاح والانفتاح على الخارج. صحيفة الشعب اليوميه اونلاين. ٢١/١١/٢٠٠٨. http://arabic.people.com.cn

(٦٦) هەمان سەرچاوە.

(٦٧) هەمان سەرچاوە.

چین لە مانگی نۆڤێمبەری ٢٠٠٨دا توانی کاروانێکی ئاسمانی رەوانەی سەر مانگ بکات، کە لە شەش ئاستڕۆناوت پێکهاتبوون. بەسەرکەوتوویی چوون و هاتنەوە. بەپێی هەواڵێکی رۆژنامەی قوانختشو، چین بەتەمایە مانگێکی دەستکرد رەوانەی ئەستێرەی مەریخ بکات. ئەم ئەستێرەیە بۆ ساڵی ٢٠١٠ دەگاتە شوێنی خۆی و ماوەی ١١ مانگ لەوێ دەمێنێتەوە، بۆ کەشفکردنی ئەم ئەستێرەیە.

ئەمرۆ چین لە بواری زانستی ئاسمانیدا زۆر پێشکەوتووە. لە ٨٠٪ ی هەموو مەوادەکانی زانستی ئاسمانی لە ناو چین دروست دەکرێت. زیاتر لە ٢هەزار زانستگەی هەمەجۆری تەکنیکی بۆ ئەم زانستە دروست کراوە. جگە لەوەش توانیویەتی لە رووی بازرگانیی مانگی دەستکردەوە پێش بکەوێت، ئەمرۆ زیاتر لە ١٣ دەوڵەتی جیهان پش بە چین دەبەستن. زیاتر لە ٣٥ مانگی دەستکردی بە وڵاتان فرۆشتووە. بەواتایەکی تر، چین لەم بوارە گرینگەکەشدا گورزی خۆی وەشاندووە.

## گەورەترین مەڵبەندی تەلەفۆنی دەستی و ئینتەرنێتی جیهان

ئەمرۆ بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و تەلەفۆنی دەستی، نیشانەی گلۆبالیزم و سەردەمی نوێیە. ئەم دوو ئامێرە وایان لێ هاتووە بووەتە نیشانەی پێشکەوتن و دواکەوتووی دەوڵەتان. هەتا ماوەیەکی زۆر، ئەمەریکا شانازی بەوەوە دەکرد، کە زۆرترین ژمارەی تەلەفۆنی دەستی و کۆمپیوتەر بەکار دەهێنن لە جیهاندا. وەلێ چین لەم چەند ساڵەی دواییدا، لەم بوارەشدا پێشی هەموو جیهان کەوت. ئەمرۆ لە چین زیاتر لە ٢٢٨,٥ ملیۆن کەس ئینتەرنێت بەکار دەهێنن، واتە لە ریزی یەکەمی وڵاتانی جیهانە. پاش ئەو ئەمەریکایە، کە ٢١٧,١ ملیۆن کەسە(٦٨). لە ساڵی ١٩٨٩وە ئینتەرنێت لە زانکۆ و دەزگا گرینگەکانی دەوڵەتدا بەکار دەهێنرا. بەڵام لە پاش ساڵی ١٩٩٥وە، بۆ خەڵکی تریش ئازاد کرا.. رۆژ لە دوای رۆژیش، رێژەی بەکارهێنانی ئەم زانستە نوێیە، روو لە زیادبوونە(٦٩).

ساڵی ٢٠٠٢ تەنیا ٣٠ ملیۆن کەس کۆمپیوتەری هەبوو، بۆ ساڵی ٢٠١٠ پێشبینی دەکرێت کە ئەم رێژەیە بگاتە ١٧٩ ملیۆن کەس.

بەنیسبەت تەلەفۆنی دەستیشەوە بەهەمان شێوە، رۆژ لە دوای رۆژ رێژەی بەکارهێنانی ئەم زانستە روو لە زیادبوونە. ساڵی ٢٠٠٢ نزیکەی ٢٠٠ ملیۆن چینی خاوەنی تەلەفۆنی دەستی بوون، بۆ ساڵی ٢٠١٠ پێشبینی دەکرێت ئەم رێژەیە بگاتە ٣,٩٠٨ ملیۆن تەلەفۆنی دەستی(٧٠). دەبێت ئەوەشمان لە بیر نەچێت کە ئەمرۆ ٣/١ تەلەفۆنی دەستیی جیهان لە چین دروست دەکرێت(٧١). بەواتایەکی تر، گەورەترین کارگەی دروستکردنی تەلەفۆنی دەستی جیهانە. لە ١٢٪

(68) Jan Johannsen. Internetnutzer: China überholt die USA.www.netzwelt.de.

(69) Roland Specker China und das Internet .Zürich.1997.www.socio.ch/

(70) Jörg-Meinhard Rudolp.Soziale und wirtschaftliche Herausforderungen Chinas:.wwbpc.de

(71) Spiegel.Special.China.Aufstieg zur Weltmacht. 2004. S9.

هەموو بەرهەمی کۆمپانیای مۆتۆریلا، لە چین بەرهەم دەهێنرێت[٧٢]. هەر بۆیە چین بەویەڕی دڵنیاییەوە پێ دەنێتە هەزارەی سێیەمەوە. ئەمڕۆ چین بەشێوەیەکی ئێجگار زیرەکانە توانیویەتی، پشکی خۆی لە زانستی نوێدا دەست بکەوێت، کە ئەمەش یەکێکە لە خاڵە بەهێزەکانی ئەم وڵاتە.

## بوونی ڕەوەندێکی گەورەی چینی لە جیهان

ئەمڕۆ لە جیهاندا ڕەوەندێکی ئێجگار گەورەی چینی هەیە. دەتوانین بڵێین، هەر کونجێکی ئەم جیهانە بگەڕێیت، خانەوادەیەکی چینی دەدۆزیتەوە. چینییەکان وەکو شمەکەکانیان بەهەموو کیشوەرەکانی جیهاندا بڵاو بوونەتەوە.

### هۆکاری کۆچی چینییەکان

چینییەکانیش کۆمەڵێك فاکتەری گرینگ وای لێیان کردووە، کە زێدی باو و باپیرانیان بەجێ بهێڵن و بەرەو دەرەوەی چین کۆچ بکەن. بەگشتی دەتوانین لە ڕێگەی ئەم فاکتەرانەوە، هۆکاری کۆچی چینییەکان تێ بگەین:

* **هۆکاری ئابووری**

ئەمەش بەهۆکاری سەرەکیی هەموو کۆچێك دادەنرێت.

* **جەنگ**

بەحوکمی ئەوەی جەنگ هەموو کاتێك مێوانێکی ڕەزاگرانی چین بووە، هەر بۆیە بۆ پارێزگاریی ژیان، چینییەکان بەناچاری وڵاتیان بەجێ هێشتووە.

* **هۆکاری سیاسی**

بەحوکمی بوونی حوکمڕانی دەرەبەگایەتی و دیکتاتۆری، بەشێکی کۆمەڵگەی چینی، بەناچاری ملی کۆچیان گرتووەتە بەر و، وڵاتیان بەجێ هێشتووە.

* **کارەساتی سروشتی**

وەکو برسییەتی، لافاو، وشکەساڵی. کە زۆرجار ڕووی لە چین کردووە.

### ڕەوەندی چین لە جیهان

ژمارەی ڕەوەندی چینی لە جیهاندا بە ٣٥ ملیۆن کەس دەخەمڵێنرێت. هەندێك سەرچاوە

---

(٧٢) دانییل بورشتاین. ارنیة دي کیزا. ترجمة شوقي جلال. التنین الاکبر. الصین في القرن الواحد والعشرین. عالم المعرفة. الکویت. یولیو ٢٠٠١. ص١١٧.

زیاتریش دەڵێن[٧٣]. زۆرترین ژمارەیان لە وڵاتی ئەندەنووسیا، کە دەگاتە ٧,٨ ملیۆن کەس. لە وڵاتی سەنگافوورەش ڕێژەی ٧٦,٨٪ دانیشتوانی ئەو وڵاتە پێك دەهێنن. بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ڕەوەندی چینی سەیری نەخشەکانی ڕەوەندی چینی بکە.

نەخشەی ڕەوەندی چینی لە کیشوەر و وڵاتانی جیهان

| کیشوەر | ٪ | ژمارە |
|---|---|---|
| Asien | 80 | 17,070,000 |
| Amerika | 11,63 | 5,020,000 |
| Europa | 2,3 | 945,000 |
| Ozeanien | 1,28 | 564,000 |
| Afrika | 0,3 | 126,000 |
| Total | 100 | 33,720,000 |
| ووڵات | دانیشتوان ٢٠٠٥ | ڕیزبەند |
| Indonesien | 7,566,200 | 1 |
| Thailand | 7,053,240 | 2 |
| Malaysia | 6,187,400 | 3 |
| Vereinigte Staaten | 3,376,031 | 4 |
| Singapur | 2,684,900 | 5 |
| Kanada | 1,612,173 | 6 |
| Peru | 1,300,000 | 7 |
| Vietnam | 1,263,570 | 8 |
| Philippinen | 1,146,250 | 9 |
| Myanmar | 1,101,314 | 10 |



شاری چین لە مۆنتریاڵ، کەندا

(73) de.wikipedia.org/wiki/Auslandschinese.

## گرینگیی ئەم ڕەوەندە بۆ چین

### لە ڕووی ئابوورییەوە

لە پاش ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٨٩دا، چین ڕووبەڕووی گەمارۆیەکی ئابووریی جیهانی بووەوە. ئابووریی چینیش گورزێکی خراپی لێ کەوت. ئەوەی کە توانی پشتی چین بگرێت و، لەو ئابڵووقەیە دەری بکات، تەنیا چینییەکانی دەرەوەی وڵات بوون (وەکو دەڵێن، چینییەکانی دەرەوەی دەریا). ئەمانە ڕۆڵێکی باشیان لە بووژاندنەوەی ئابووری چین هەبوو، بەتایبەت چینییەکانی (هۆنگ کۆنگ، تایوان، سەنگافوورە). هەرئەمانیش بوون توانییان چین لەم پیلانە دەرەکییە ڕزگار بکەن[٧٤]. لەلایەکی تریشەوە ئەم ڕەوەندە باشترین بازاڕن بۆ ساخکردنەوەی بەرهەمەکانی چین. لە هەمان کاتیشدا ڕۆڵێکی باشیان هەیە، لە گەشەسەندنی بازرگانیی چین و ئەو وڵاتانەی لێی دەژین. زۆرجاریش دەڵێن گوایە بەشێکی زۆری ئەم ریستۆرانەتە چینییانەی ئەوروپا، حکوومەتی چینی پشتگیرییان دەکات. لە هەمان کاتیشدا ئەم ڕەوەندە زۆرترین دراوی گرانبەها بۆ چین دەنێرێتەوە، کە ئەمەش ڕۆڵێکی ئێجگار باشی هەیە.

### لە ڕووی کولتوورییەوە

ئەم ڕەوەندە گەورەترین ڕۆڵی هەبووە، لە بڵاوکردنەوە و ناساندنی کولتووری چینی بەجیهان، بەتایبەت ئەو وڵاتانەی کە لێی دەژین. ئەم ڕەوەندەی چین توانیویەتی کولتووری چینی بەهەموو بەشەکانیەوە (زمان، عادات و تەقالید، خواردن و خواردنەوە، گۆرانی، فیلم، وەرزش، تەندروستی، هتد) بە گەلانی جیهانی بناسێت. کاتێك کە دەچیتە ریستۆرانتێکی چینییەوە، چەندین وێنەی هەمەجۆری ئەو وڵاتە دەبینیت، لە هەمان کاتدا گوێت لە موزیك و گۆرانیی چینی دەبێت، زۆرجاریش فیلمی چینی لێ دەدەن. پاشانیش خواردن و خواردنەوەیەکی باشیش دەخۆیت و، چەند کەسایەتییەکی چینیش دەناسیت. هەر بۆیە ئەم ڕەوەندە باشترین ڕۆڵی ریکلامی بۆ چین گێڕاوە.

### لە ڕووی سیاسی و سیخوڕییەوە

بەشێکی زۆری چینییەکانی دەرەوەی وڵات، هێشتا شانازی بەوڵات و گەلی چینی دەکەن. بەواتایەکی تر پەیوەندییەکی ڕۆحی بەهێزیان بە وڵاتی دایکەوە هەیە. ئەمانەش وەکو قەڵخانێکی سیاسی وان بۆ چین. لەلایەکی تریشەوە بەشێکی زۆری سیخوڕەکانی دەزگای زانیاریی چین، پشت بەم ڕەوەندە دەبەستێت. ئەمانیش لاسایی مووسادی ئیسرائیلی دەکەنەوە،

---

(٧٤) دانييل بورشتاين. ارنية دي كيزا. ترجمة شوقي جلال. التنين الاكبر. الصين في القرن الواحد والعشرين. عالم المعرفة. الكويت. يوليو ٢٠٠١. ص٧٢.

زیاتر پشت بەرەوەندی خۆیان دەبەستن. بەتایبەتی لە ئەمەریکا و ئەوروپا، دەزگای زانیاریی چین، پشتی تەواو بەمانە دەبەستێت. زۆرجاریش لە ڕووی هەواڵگرییەوە یارمەتیی باشی چینیان داوە.

**لە ڕووی هێنانی تەکنۆلۆجیا و زانستی مۆدێرنەوە**

بەشێکی زۆری ئەوانەی کە خاوەن بڕوانامەی زانستین یان پسپۆڕی بوارێکی زانستین، گەڕاونەتەوە بۆ چین و لەوێ خزمەتی وڵاتەکەیان دەکەن. بگرە بەشێکی زۆری زانستی مۆدێرن، یان تەکنیکی مۆدێرنی کۆمپانیا گەورەکان، شارەزاکانی چین لە دەرەوەی وڵات، توانیویانە بەشێکی باشی ئەم تەکنیکە بۆ ناوەوەی وڵات بگوێزنەوە. لەلایەکی تریشەوە بەشێکی زۆری ئەکادیمییەکانی دەرەوەی وڵات، پاش تەواوبوونی کۆلێج و وەرگرتنی بڕوانامەی زانستی، دەگەڕێنەوە بۆ چین. بەپێچەوانەی ڕەوەندەکانی تری جیهانەوە، خوێندکارە چینییەکان پاش خوێندن بەشێکی زۆریان بۆ چین دەگەڕێنەوە. کە ئەمەش سوودێکی باشی بە زانست و تەکنیك و کولتووری چینی بەخشیوە.

## خاڵە لاوازەکانی چین

پاش ئەوەی باسی خاڵە بەهێزەکانی چینم کرد، پێم باشە باسی خاڵە لاوازەکانی چینیش بکەم، بۆ ئەوەی خوێنەری کورد، زانیارییەکی باشی دەربارەی ئەم زلهێزەی جیهان هەبێت. دیارە هەموو وڵاتێك چەندە بەهێزیش بێت، وەلێ چەند خاڵێکی لاوازی هەر دەبێت. بەگشتی هەوڵ دەدەم باسی خاڵە لاوازەکانی چین بکەم.

## ١ - کێشەکانی ئابووریی چین

ڕاستە ئەمڕۆ ئابووریی چین یەکێکە لە خاڵە گەشاوەکانی ئەم وڵاتە. وەلێ ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت، کە ئابووریی چین کێشەی نییە، بەڵکە بەپێچەوانەوە، ئابووریی چین بەدەست کۆمەڵێك کێشەی گەورەوە دەناڵێنێت، گەر ئەو کێشانە چارەسەر نەکرێن، ئەوا ترسی لەناوچوونی ئەم ئابوورییە هەیە. دەتوانین ئەو کێشانەی ئابووریی چینیش لەم خاڵانەی خوارەوە دەستنیشان بکەین.

*** بوونی سیستەمێکی بیرۆکراتی ئابووری**

بەشێکی زۆری کۆمپانیاکانی چین، پشت بە سیستەمێکی بیرۆکراتی سیاسی دەبەستن، کە ئەمەش لەگەڵ ئابووریی بازاڕدا ناگونجێت. زۆرجاریش دەبێتە هۆی ئیفلاسبوون و لەناوچوونی کۆمپانیاکان. چین لەلایەکەوە پێڕەوی ئابووریی بازاڕ دەکات، لەلایەکی تریشەوە بەشێکی زۆری کۆمپانیاکانی، لەلایەن دەسەڵاتێکی ناوەندی و بیرۆکراتییەوە دەبرێت بەڕێوە. هەر بۆیە بوونی

دوو سیستەمی ئابوورییە، بەیەکەوە ناگونجێت و تووشی چەندین کێشەی هەمەجۆری کردووە. لەوانە (کەسی گونجاو لە شوێنی گونجاو نییە، بەکارهێنانی کۆمپانیاکان بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی، تەسککردنەوەی رۆحی مونافەسە لە نێوان کۆمپانیاکان و کەسانی ناو کۆمپانیاکە.)

**• خراپیی باری کارگە و پڕۆژە حکوومییەکان**

لەوانە بێت هیچ دەوڵەتێك هێندەی چین، پڕۆژەی حکوومیی نەبێت. ژمارەی پڕۆژە حکوومییەکانی دەگاتە نزیکەی ٣٠٠ هەزار پڕۆژەی ئابووری و ١٠٠ هەزار پڕۆژەی پیشەسازی(٧٥). ئەم پڕۆژانەش زیاتر لە ١٧٠ ملیۆن کەس کاری تێدا دەکەن. بەواتایەکی تر حکوومەتی چین، زۆرترین مووچەخۆری لە جیهاندا هەیە. ئەم دیناسۆرە گەورەی کەرتی حکوومی، گەورەترین کێشەی ئابووریی چینە. دەبێت ئەوەش بڵێم، کە بەشێکی زۆری ئەم پڕۆژانە، بەدەست (خراپیی بەرهەم، نەبوونی کەسانی شارەزا، خراپی بەڕێوەبردن) دەناڵێنێت. لە ڕووی گەشەسەندیشەوە هەموو کاتێك کەرتی حکوومی پاش کەرتی تایبەت بووە. ڕێژەی گەشەسەندن لە کەرتی تایبەتدا ساڵانە ١٥٪یە، وەلێ کەرتی حکوومی ٨٠٪. ئەمڕۆ کەرتی حکوومی بەدەست خراپیی بەرهەم و ساخ نەکردنەوەی لە بازارەکاندا دەناڵێنێت، بۆ نموونە ساڵی ١٩٩٦ کەرتی حکوومی زیاتر لە ٦٥ ملیارد دۆلار، بەرهەمی نەفرۆشراوی هەبوو. ئەمەش زەرەرێکی ئێجگار گەورەیە بۆ حکوومەت. لە ٤٠٪ پڕۆژە حکوومییەکان تووشی تەنگژەی دارایی (عجز مالي) بوون. لە ١٠ بۆ ٣٠٪ پڕۆژە حکومییەکان، پڕۆژەی زەرەرمەندن(٧٦).

لە کۆنگرەی پازدەمی حزبی کۆمۆنیست کە لە ساڵی ١٩٩٧ بەسترا، کێشەی پڕۆژەحکومیەکان، بەیەکێك لەکێشە سەرەکییەکانی وڵاتیان دانا. هەر لەم کۆنگرەیەدا پێشنیاز کرا کەحکوومەت هەموو ڕێگایەك بگرێتە بەر بۆ نەهێشتنی ئەم کێشەیەوەو بچووکردنەوەی ئەم دیناسۆرە گەورەیە. هەروەها پێشنیاز کرا کە ئەندامانی حزبی چالاك بکرێنە بەڕێوەبەری پڕۆژەکان.

**• خراپیی سیستەمی بانکی**

نووسەری ئەڵمانی Stefan Brehm بانکەکانی چین بە سیخوڕی دەوڵەت دەشووبهێنێت(٧٧). چونکە بەشێکی زۆری کاری ئەم بانکانە، کۆنترۆڵکردنی داراییی چینە. دیارە بەحوکمی ئەوەی کە هێشتا سیستەمی شمولی حوکمی چین دەکات، لەم سیستەمانەشدا، بانکەکان بەشێکی ڕاستەوخۆی حوکمەتن. لەبەرئەوە زۆرجار بانکەکان لە کاری خۆیان دوور دەکەونەوە. دەستی

(٧٥) هەمان سەرچاوە. لاپەرە. ٢٤٧.

(٧٦) هەمان سەرچاوە. لاپەرە. ٢٤٨.

(77) Stefan Brehm. Die Integration der VR China in eine globale Finanz-und Währungsordnung.Lit. Verlag. Berlin. 2007 . S15

دەوڵـەت هـەمـوو کـاتـێك لـە پشتی کـاری بـانکـەکـانـەوەیـە. لـەلایـەکی تـریشەوە بـەشێکی زۆری بانکەکانی چین بەدەستی (کەمیی کەسانی شارەزا و کادر، نەبوونی ئەزموونی باش، خراپیی باری تەکنیکی، خراپیی بەڕێوەبردن) دەناڵێنن. دیسانەوە مەسەلەی بوونی دوو سیستەمی جیاوازی ئابووری (سۆشیالیستی و کەپیتالیستی)، بووەتە هۆی دروستبوونی چەندین کێشە بۆ ئەم وڵاتە. بازاڕی ئازاد پێویستی بەبانکی ئازاد هەیە، بۆ ئەوەی وزە بخاتە جەستەیەوە. هیچ کاتێك بانکێکی حکوومی ناتوانێت لەگەڵ بازاڕی ئازاددا خۆی بگونجێنێت.

## ٢- کێشەکانی سیستەمی سیاسی

هەموو کاتێك سیستەمی سیاسی لە چین بووەتە هۆی دروستبوونی ڕاپەڕین و جەنگی ناوەخۆ. هەتا سەردەمانێکی زۆر چین سیستەمێکی دەرەبەگایەتی و سەربازیی دواکەوتووی هەبوو. لە پاش سەرهەڵدانی شۆڕشی رووسی و، گواستنەوەی بیری مارکسی و لینینی بەجیهاندا، پڕیشکی ئـەم بـیـرەش گـەیشتـە چین. لـە سەدەی بیستـەمدا لـەلایـەن ڕژێمێکی دیکتـاتـۆری و ڕاسترەوی سەربـازیـیـەوە حـوکمـی چین دەکرا. وەلـێ پـاش سەرهـەڵدانی پـارتـی کۆمـۆنیستـی چـینـی و بەرپابوونی جەنگی ناوەخۆ و کۆتای بەم سیستەمە هێنا و لە جیاتی دیکتاتۆری ڕاسترەو، دیکتاتۆری چەپڕەوی (کە بەناڕەوا بە دیکتاتۆری پرۆلیتاریا ناوی دەبەن) جێگەی گرتەوە.

چین هەتاوەکو ئەمڕۆش پێرەوی ئەو سیستەمە دەکات، کە لە ڕووسیا و ئەورووپای ڕۆهەڵات پیرەو دەکرا. بەواتایەکی تر سیستەمی تاك حزبی و بیرۆکراتی. سیمای گشتیی ئەم سیستەمە ئەوەیە، کە حزب زاڵە بەسەر هەموو دەزگاکانی حکوومەت و کۆمەڵگەدا. کێشەی سەرەکیی ئەم سیستەمە ئەوەیە، کە کۆمەڵێك کەس خۆیان بەسەر کۆمەڵگەدا دەسەپێنن و بەشێوازی حوکمی موتلەق کۆمەڵگە دەبەن بەڕێوە. ئەم سیستەمە خۆی لە خۆیدا کۆمەڵێك نەخۆشیی کوشندە لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. (ملکەچی تەواو بۆ سەرکردە، نەبوونی ئازادیی بیروڕا، بڵاوبوونەوەی بیری ماستاوچییەتی و مشەخۆری، کە ئەمەش ڕێگە لە کەسانی شارەزا و زیرەك دەگرێت، بچنە پێشەوە و دەسەڵات بگرنە دەست. گەیشتن بە مەسئوولیات لە ڕێگەی باشترین دیاری ناکرێت، بەڵکە لە ڕێگەی باشترین ماستاوچی و گوێڕایەڵی سەرکردەکان دیاری دەکرێت، بڵاوبوونەوەی گەندەڵی لە ناو دەزگا ئابووری و سیاسییەکانی حکوومەتدا). هەموو ئەمانەش دەبنە هۆی دروستبوونی کۆمەڵگەیەکی نەخۆش.

### نۆ کەس حوکمی گەورەترین وڵاتی جیهان دەکەن

لە ساڵی ١٩٤٩وە چین لەلایەن حزبی کۆمۆنیستەوە بەڕێوە دەبرێت. ئەم حزبە حوکمی زیاتر لە ١,٣ ملیارد مرۆڤ دەکات. هەموو کێشەکان و گرفتەکانی ئەم وڵاتە مەزنە لەلایەن دەستەیەکی

بچووکەوە باس دەکرێت و چارەسەری بۆ دادەنرێت. ئەمەش گەورەترین کێشەی ئەم وڵاتە مەزنەیە. ئاخر چۆن دەکرێت ٩ کەس کێشەی ١,٣ ملیار مرۆڤ چارەسەر بکەن؟!.



**لێژنەی ناوەندی**

حزبی کۆمۆنیستی چینی، لە هەڵبژاردنێکدا کە زۆرجار پارە و خزم و دۆستایەتیی زاڵە بەسەریدا، لێژنەیەکی ٢٤ کەسی بۆ لێژنەی ناوەندی هەڵدەبژێرن. بەشێکی زۆری دەسەڵاتی سیاسیی چین، لەژێر دەستی ئەم لێژنەیەدایە[٧٨].

**کۆمیتەی سیاسی**

پاش ئەوەی لێژنەی ناوەندی هەڵبژێردرا، ئینجا لێژنەی ناوەندی هەڵدەستێت بەهەڵبژاردنی ٩ کەس بۆ مەکتەبی سیاسی. ئەم نۆ کەسەش لە بەهێزترین کەسایەتیی وڵات پێك دێن، کە خاوەنی نفوزێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی بەهێزن. زۆرجاریش بەپێی ناوبانگ و نفوزی ناوچەیی ئەو کەسانە دیاری دەکرێن. بەهەرحاڵ ئەم نۆ کەسە حوکمی موتڵەقی ئەم وڵاتە مەزنە دەکەن. هەموو دەسەڵاتەکان لە ژێر دەستی ئەم نۆ کەسەدایە (دانانی سەرۆك، سەرۆکی حکوومەت، سەرۆکی پەرلەمان، دانانی ئەمینی پارێزگا گرینگەکانی وڵات (پکین و شەنگهای)، دانانی لیژنەی سەربازی " کە بەهێزترین دەسەڵاتی سەربازیی وڵاتە"، ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانی "پەرلەمان"، وەزیر و بەرپرسە گەورەکانی حکوومەت،). جگە لەوەی هەموو بڕیارێکی سیاسی و ئابووری و سەربازی، ئەم نۆکەسە دەیدەن. هەموو ریفۆرم و سیاسەتێکی نوێ، ئەم نۆ کەسە دای دەرێژن[٧٩]. بەواتایەکی تر ئەم نۆکەسە حوکمی ١,٣ ملیارد چینی دەکەن و هەموو دەسەڵاتێکی سیاسی و ئابووری و سەربازییان لەژێردەستدایە. وە هیچ شتێکیش بەبێ ڕەزامەندیی ئەم نۆ کەسە ناکرێت.

---

(٧٨) تقرير خاص، صين. نظام الحكم في الصين. www.BBC.Arabic.com.

(٧٩) هەمان سەرچاوە.

## گەورەترین بیرۆکراتی حزبی جیهان

لە بچووکترین فەرمانبەری حکوومەتەوە تا دەگاتە سەرۆکی وڵات، لەلایەن حیزبی کۆمۆنیستی چینەوە دادەنرێت. بۆ گەیشتن بە مەسئوولیاتیش، هیچ پێوەرێکی زانستی و ئەخلاقی و سیاسی و ئیداری، هێندەی پێوەری ماستاوچییەتی و ناسیاوی و گوێڕایەڵی دەوری نییە. بەواتایەکی تر هەموو فەرمانبەرەکانی حکوومەت، بەشێوەیەکی نابەجێ دادەمەزرێن. کە ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی حکوومەتێکی نەخۆش. لەم جۆرە حوکمانەدا، کەسانی پسپۆڕ و شارەزا و زیرەك، کەمتر بواری پێشکەوتنیان بۆدەرخسێت، چونکە عادەتەن هەر کەسێ تەمەڵ و دواکەوتوو، پشت بە ماستاوچییەتی و خزمایەتی و گەیشتن بەدەسەڵات لەڕێگای ناشەرعیەوە دەدات. کەسێك هەموو خاڵێکی بەهێزی زانستی و ئەخلاقیی تێدا بێت، هانا بۆ ماستاوچییەتی و مشەخۆری نابات. بەپێچەوانەوە کەسانی تەمەڵ و ناچالاك، هانا بۆ ئەم ڕێگە ناشەرعییانە دەبەن. حوکمی حزبی تاکڕەو، گەورەترین کێشەی چینە. چونکە ئەم جۆرە حوکمە، دەبێتە هۆی گەندەڵی و بەهەدەردانی سامانی وڵات، چارەسەرنەکردنی کێشەکان بەشێوەیەکی زانستی و سیاسی و ژیرانە. چینیش لە هەموو وڵاتێك زیاتر پێویستی بەسیستەمی دیمۆکراسی هەیە، چونکە کێشەکانی ١,٣ ملیار مرۆڤ، تەنیا بە ئازادیی بیروڕا و حوکمی دیمۆکراسی چارەسەر دەکرێت. دەبێت فەزای حوکم بۆ بەشێکی زۆری خەڵکی بڕەخسێنرێت و خەڵکی بەشداری بڕیاری سیاسی و ئابووریی وڵات بکات. گەر وا ناکەن لە چەند ساڵی داهاتوودا، چین ناتوانێت لە قگاری پێشکەوتن بەردەوام بێت. چونکە کێشە ناوەخۆییەکان ڕۆژبەڕۆژ زیاد دەکەن، لە ئاکامدا هەمان چارەنووسی سۆڤێتی دەبێت.

## دوو سیستەمی دژ بەیەك

ئەمڕۆ چین لەلایەن دوو سیستەمی جیاوازو دژ بەیەکەوە حوکم دەکرێت. لە ڕووی سیاسییەوە پێڕەوی حوکمی حزبی تاکڕەو کۆمۆنیستی دەکات، لە ڕووی ئابووریشەوە پێڕەوی سیستەمی ئابووریی بازاڕ و سەرمایەداری دەکات. ئەم دوو سیستەمەش زۆر دژی یەکترین و زۆر زەحمەتە تا ماوەیەکی زۆر پێکەوە بژین. مارکس پێی وایە (هەموو ژێرخانێکی ئابووری سەرخانێکی ئابووری دیاری دەکات). وەلێ لە چین پێچەوانەیە. چین خاوەنی ئابوورییەکی بەهێزی سەرمایەدارییە و پێرەوی سیاسەتی بازاری ئازاد دەکات، کەچی لە ڕووی سیاسیشەوە پێرەوی دیکتاتۆری کۆمۆنیستی دەکات. دیارە کە وتمان بازاری ئازاد، کۆمەڵێك تیۆری تایبەتی سیاسی و ئەخلاقی و ئابووریی خۆی هەیە. لە هەموو کاتێکدا بازاری ئازاد پێویستی بە (شەفافیەت و ئازادیی بیروڕا و حوکمی فرە حزبی و ژیانی پەرلەمانی هەیە). دیارە هەموو ئەم دەزگایانەش بۆ خزمەتی چینی بۆرجوازییە و دژی چینی کرێکارانە. بەبڕوای من چین ناتوانێت

هەتاماوەیەکی زۆر بەم شێوەیەی خۆی بمێنێتەوە. چونکە لە کاتێکدا چین ڕێگە بدا بەهاتنی کۆمپانیا و تەکنیك و سەرمایەی بێگانە، ناکرێت و ناتوانێت ڕێگا لەهاتنی بیر و کولتووری بێگانەش بۆ ناو چین بگرێت. بەواتایەکی تر چین دەبێت ئەوە باش بزانێت، کە لە دەرگە کاکراوەکانی چینەوە تەنیا (پارە و کارگە و تەکنیکی نوێ) نایەتە ژوورەوە، بەڵکە (بیروڕای جیاواز و کولتووری نوێش) دێتە ژوورەوە. لەلایەکی تریشەوە ئەمڕۆ سیستەمی ئابووری نوێ چین، توانیویەتی گۆڕانکاری مەزن لە کۆمەڵگەی چینی دروست بکات. لە هەمان کاتیشدا چینێکی بۆرجوازی گەورەش دروست بووە، کە ئەم چینەش زۆرجار لەگەڵ بوونی بازاڕی ئازاد و سیستەمی کراوەی سیاسی و شەفافیەتدایە و دژی حوکمی حزبی تاکڕەوە. هەرچەندە زۆرجار بۆرجوازی دەتوانێت خۆی لەگەڵ سیستەمی جیاوازیشدا بگونجێنێت.

**گەورەترین زیندان و نەبوونی ئازادی**

مارکس پێی وایە (دەوڵەتان زیندانی گەلەکانن). چین کە گەورەترین وڵاتی جیهانە، هەتاوەکو ئەمڕۆش وڵاتێکە باوەڕی بە حزبی تاکڕەو، سیستەمی دیکتاتۆری هەیە. زۆر کەس چین بەگەورەترین زیندانی جیهان دادەنێن. وا بۆ ماوەی پەنجاساڵە، چین پێڕەوی سیستەمێکی دیکتاتۆری دەکات، قسە لەسەر ئەوەیە ئایا تا چەندە چین دەتوانێت بەم شێوەیە بمێنێتەوە؟. ئایا تا چەندە چینییەکان ئامادەن قسە نەکەن؟ بەبڕوای من ئەم وەزعە هەر وا نامێنێتەوە، چونکە گلۆبالیزم ڕێگە بە دوورەپەرێزی هیچ گەلێك نادات. بەڵکە گلۆبالیزم دەچێتە هەموو ماڵێکی ئەم جیهانەوە. بەبڕوای من پێداویستییەکانی ئابووری و گلۆبالیزم گەورەترین ڕۆڵیان لە گۆڕینی سیستەمی سیاسیی چیندا دەبێت. ئەمڕۆ کۆمەڵگەی چینی بەشێوەیەکی ئێجگار مەزن گۆڕانکاریی تێدا ڕووی داوە. ساڵانە ملیۆنەها خوێندکار لە زانکۆ و پەیمانگاکان خوێندن تەواو دەکەن ، جگە لەوەی ساڵانە هەزاران خوێندکار روو لە زانکۆکانی ئەوروپا و ئەمەریکا دەکەن. ئەمانەش کاتێك دەگەڕێنەوە بیری و کولتووری نوێ لەگەڵ خۆیان دەهێننەوە. بە بڕوای من لە داهاتوودا ئەم توێژە نوێیەی لاوانی چین، گەورەترین ڕۆڵیان لە گۆڕینی سیستەمی چیندا دەبێت. ئاخر خۆی ئەم لاوانە تەنیا زانست و تەکنیك فێر نابن، بەڵکە فێری قیمی ڕۆئاوایش دەبن. ئەمەش یەکێکە لە کێشەکانی داهاتووی چین. بەواتایەکی تر چین ناتوانێت خۆی لەشەڕی نەوەکان دەرباز بکات. پاشان گەر چین بیەوێت ببێتە وڵاتێکی زلهێزی جیهانی، دەبێت پێش هەمووشتێك باوەڕی بە ئازادیی گەلەکەی هەبێت. ئاخر ناکرێت، وڵاتێك باسی ئازادی بکات و، گەلەکەی خۆیشی ئازاد نەبێت و لە زیندابێت.

**گەندەڵی**

چینییەکان وشەیەکیان هەیە پێی دەڵێن (جوانشی، Guanxi) کە بەکوردی مانای (پێوەندیی

کۆمەڵایەتی، علاقاتی شخصی) دەگەیەنێت. هەر لە دێرزەمانەوە ئەم سیاسەتە یان ئەم رێگەیە لە ناو کۆمەڵگەی چیندا بوونی هەبووە. تەنانەت لە سەردەمە توندوتۆڵەکانی ماویشدا، بوونی خۆی هەبووە. لە شەست و حەفتاکاندا، هەموو چینییەکان هەژار بوون، جوانشی بۆ (وەرگرتنی کۆبۆنی نان، بۆدامەزراندن بەمووچەخۆرییەکی حکوومی، وەرگرتنی پایسکیلێك) بەکار دەهێنرا، وەلێ ئەمڕۆ جوانشی بۆ شتی گەورەتر بەکاردێت (وەرگرتنی قەرزی بانکی، تەندەری حکوومی، چوون بۆ دەرەوەی وڵات، وەرگرتنی مۆڵەتی بازرگانی(٨٠)). گەندەڵی بەیەکێك لە کێشە گەورە و چارەسەرنەکراوەکانی چینی ئەمڕۆ دەژمێردرێت. لەگەڵ کرانەوەی دەرگا داخراوەکەی چیندا، کۆچی بەکۆمەڵی سەرمایەی بێگانە بۆ ئەم وڵاتە، خۆری ئایدیۆلۆجیا ڕوو لە کزی، خۆری پارە ڕوو لە بەرزی هەنگاو دەنێت. ئەمڕۆ خەڵکی چینی دەفتەری شیکی بانك، وای لێ کردوون کە گوێ بۆ دەفتەرە سوورەکانی ماو نەگرن. ئەمڕۆ بەهاکانی سەرمایەداری، جێگەی بە بەهاکانی سۆسیالیزم لێژ کردووە. گەندەڵی هەموو بوارەکانی حکوومەت و حزبی گرتووەتەوە. هەر بۆیە لەناوبردنی گەندەڵی بووەتە بەیەکێك لە قسەو باسە سەرەکییەکانی ئەم وڵاتە. دەبێت ئەوەش بڵێم چین چەند هەنگاوێکی باشی لەم بوارەدا ناوە، وەلێ دیسانەوە ناتوانێت چارەسەری کێشەکە بکات. بۆ لەناوبردنی گەندەڵی چەند فاکتەرێکی گرینگ رۆڵی سەرەکی دەبینن. (بوونی دەزگایەکی سەربەخۆی دادوەری، ئازادی بیروڕا و رۆژنامە و تیڤیی سەربەخۆ، شەفافیەت، لێپرسینەوەی پەرلەمانی(٨١)). ئەمانەش هیچیان بوونی لەم وڵاتەدا نییە. هەر بۆیە لەناوبردن و بنەبڕکردنی گەندەڵی زۆر زەحمەتە.

### هەوڵەکانی چین بۆ لەناوبردنی گەندەڵی

لەناوبردنی گەندەڵی بووەتە سیاسەتی سەرەکیی پارتی کۆمۆنیست. چەندین لێژنەی هەمەجۆر بۆ ئەم کارە دانراوە و چەندین سیاسەت و سزای هەمەجۆریش دژی گەندەڵی دارێژراوە. لێژنەیەکی تایبەت کە ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی سەرپەرشتیی دەکات، واتە لە لووتکەی دەسەڵاتەوە سەرپەرشتی دەکرێت، دژ بەگەندەڵی دانراوە و فوان کە ئەندامی مەکتەبی سیاسییە و بەرپرسی لیژنەی گەندەڵییە، وتی (سیاسەتی ئێمە لەسەر سێ پایە دامەزراوە. چاودێری، سزا، پارێزگاریکردن. پارێزگاریکردنی سەروەت و سامانی گشتی و حکوومەت. چاودێریکردنی هەموو دەزگەیەکی حزبی و حکوومی، سزادانی هەموو بەرپرسێکی حزبی و حکوومی)(٨٢).

لەساڵی ١٩٩٦وە بڕیار دراوە، کە هیچ مەسئولێك لە ٥ ساڵ زیاتر لە شوێنەکەی خۆیدا

(٨٠) دانییل بورشتاین. ارنیه دی کیزا. ترجمه شوقی جلال. التنین الاکبر. الصین فی القرن الواحد والعشرین. عالم المعرفه. الکویت. یولیو ٢٠٠١. ص.٢٥٧.

(٨١) د. ناسر عوبێد ئەلناسر، دیاردەی گەندەڵی. وەرگێڕانی سەلاح شاکەلی. دەزگای موکریان. کوردستان. هەولێر. ٢٠٠٥. لاپەڕە٥١.

(٨٢) عەلی مەحموود. چین هەوارگەی ئایدیۆلۆجیا،. سایتی دەنگەکان.

نەمێنێتەوە، واتە واز لە کورسییەکەی بهێنێت. لە پاش پێرەوکردنی سیاسەتی بازاڕی ئازاد، بریسکی پارەبۆتە هۆی ئەوەی کە هەرچی بەرپرسی حزبی و حکوومی هەیە، چاویان تووشی نەخۆشیی گەندەڵی ببێت. بەتایبەتی لە پاش سالآنی دوو هەزارەوە، دیاردەی گەندەڵی ڕوو لە زیادبوونە. لە ساڵی ١٩٩٧ تا ٢٠٠٠، زیاتر لە ٨٤٣٩٠ بەرپرسی حکوومی دادگایی و سزا دراون[٨٣]. ساڵی ٢٠٠١ زیاتر لە ٣٦،٤٤٧حاڵەتی گەندەڵی ئاشکرا بووە. زیاتر لە ١٢٠٢٠ کەس سزا دران لە ناویاندا ٧ مەسئولی گەورە هەبوون کە پایەی وەزیر و حاکمی ولایەت بوون. پاشتریش جێگری سەرۆکی پەرلەمانیش، لەسەر گەندەڵی دەرکرا. کە ئەمەیان گەورەترین پلەداری حکوومی بوو، کە لەسەر گەندەڵی دەرکرا بێت. ساڵی ٢٠٠٤ زیاتر لە ٣٠٧٨٨ بەرپرسی حکوومی و حزبی دادگایی کران زیاتر لە ٨١١١٢٠ کەس بەگومانی گەندەڵییەوە، لێپرسینەوەیان لەگەڵدا کراوە[٨٤]. گەندەڵی گەورەترین زللەی کوشندەی لە ئابووریی چین داوە. بۆ نموونە ساڵی ١٩٩٤ زیاتر لە ١٢٤ هەزار کۆمپانیای حکوومی تووشی ئیفلاس بوون، بەمەش حکوومەت زیاتر لە ٢٢٣،١١ ملیارد یوانی زەرەر کرد[٨٥]. هۆکاری سەرەکیی ئەم ئیفلاسییەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی (بەڕێوەبەری گەندەڵ و مشەخۆری ئەم کۆمپانیایانە). ئەمڕۆ چین پلەی ٦٦ی هەیە بۆ گەندەڵی لە ئاست جیهاندا. ئەمەش پلەیەکی زۆرە بۆ نموونە فەرەنسا پلەی ٢٣ی هەیە.

هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێدا، کێشەی سەرەکی لەوەدایە، کە ئەم سیستەمی حیزبی تاکڕەوە، هۆکاری سەرەکیی گەندەڵیە. چونکە هیچ کاتێك باوەڕی بە (ڕەخنەی هاووڵاتییان و نەیاری سیاسی نییە). مۆنتیسکۆ دەڵێت: (حکوومەتی ستەمکاری بەردەوام تووشی گەندەڵی دەبێت، چونکە لە خودی خۆیدا گەندەڵە[٨٦]). لێرەدا مۆنتیسکۆی مەبەستی لەحکوومەتی ستەمکار، حکوومەتێکی نادیمۆکراسی و نادەستوورییە، کە بەتۆبزی حوکمی خەڵکی دەکات. دیسانەوە دەبێت ئەوە بڵێم، کە هیچ حکوومەتێك ناتوانێت گەندەڵی لەناو بەرێت، گەر خاوەنی (شەفافییەتێکی زۆر، میدیای ئازاد، دادگایەکی سەربەخۆ، پەرلەمانێکی هەڵبژێردراو نەبێت). هیچ کاتێك چەند کەسێك ناتوانن ببنە سوپەرمان و دیناسۆری گەندەڵی لەناو بەرن. گەندەڵی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، تەنیا بە بەشدارییەکی زۆری کۆمەڵگە لەناو دەبرێت. بەدڵنیاییەوە چەندە ئازادیی بیرورِا فراوان بێت، هێندەش گەندەڵی بچووکتر دەبێتەوە. گەندەڵی گەورەترین

---

(83) Qinglian He.Aus dem Chinesischen. Von. Christine Reisner. China in der Modernisierungsfalle.bpb Verlag. Bonn. 2006. S 123.

(٨٤) عەلی مەحموود. چین هەوارگەی ئایدیۆلۆجیا، سایتی دە نگەکان.

(85) Qinglian He.Aus dem Chinesischen. Von. Christine Reisner. China in der Modernisierungsfalle.bpb Verlag. Bonn. 2006. S135.

(٨٦) مۆنتیسکۆ. رۆحی یاساکان، وەرگێڕانی ئیدریس شێخ شەرەفی. چاپی دووەم. دەزگای وەرگێڕان. هەولێر. لاپەڕە. ٢٠٤ .

ترسە بۆ سەر لاشەی ئەم زلهێزە نوێیەی جیهان، گەر وا بڕوات ئەوا لاشەی بەتەواوی تووشی ڤایرۆسی گەندەڵی دەبێت و هەموو هیوایەکی لە دەست دەچێت.

## ٣- کێشەکانی سووپای چین


زەمین لەرزەکەی هەرێمی سیشوان

ڕاستە چین خاوەنی گەورەترین سوپای جیهانە، وەلێ خاوەنی بەهێزترین سوپای جیهان نییە. بەداخەوە ئەمەریکا خاوەنی بەهێزترین هێزی سەربازی جیهانە. هەتاوەکو ئەمڕۆش چین ناتوانێت لە ڕووی سەربازییەوە جەنگی ئەمەریکا بکات. هەر بۆیە دەنگی ئەمەریکییەکان هێندە بەهێزە، چونکە باش دەزانن کە هێشتا چین لە ڕووی سەربازییەوە ئەو هێزە نییە، کە بتوانێت دژایەتیی ئەوان بکات. لەلایەکی تریشەوە سوپای چین خاوەنی تەکنیکی مۆدێرن نییە، بۆ نموونە چەند ساڵێك لەمەوپێش، لە وڵاتێکی وەکو ئیسرائیل دەپاڕایەوە تا هەندێك فڕۆکەی مۆدێرنی پێ بفرۆشێت، هەرچەندە ئەمەریکا نەیهێشت پێی بفرۆشن. دەبێت ئەوەشمان لە بیر نەچێت، کە هێشتا چین نەبۆتە خاوەنی هێزێکی دەریاییی بەهێز، هیچ ئوسطولێکی دەریایی لە زەریاکانی جیهان نییە. بەڵکە هەتاوەکو ئەمڕۆش ئەمەریکا کۆنترۆڵی هەموو زەریاو دەریا گرینگەکانی جیهان کردووە. لەلایەکی تریشەوە ئەمڕۆ بە هێزی لەشکرێك بەبوونی ژمارەی زۆر ناپێورێت، بەڵکە بەبوونی (تەکنیکی نوێ و کوشندە، مەشقی مۆدێرن، بوونی هێزێکی ئاسمانی و دەریایی و وشکانی بەهێز). بگرە ئەمڕۆ بوونی ژمارەیەکی زۆری سەربازو ئەفسەر، بەخاڵی لاوازی لەشکرەکان دادەنرێت. چونکە لە ڕووی داراییەوە، خەرجییەکی زۆری دەوێت، لە ڕووی مەشق و کۆکردنەوە و گوستنەوەشدا بارێکی قورسە. لەبەرئەوە ئەمڕۆ زۆربەی لەشکرەکان هەوڵی بچوکردنەوەی ژمارەکانیان دەدەن. پاشان ئەمڕۆ شێوازی جەنگەکان گۆڕاون، زیاتر پشت بە هێزی ئاسمانی و مووشەکی مۆدێرن و سەتەلیت دەبەستێت. لە هەمان کاتیشدا ڕۆڵی پیادە وەکو جاران نەماوە. ئەمڕۆ پشت بە سوپای تایبەتی بچووك دەبەسترێت، بەتایبەت بۆ دژایەتیی گرووپە تیرۆریستەکان، زیاتر پشت بەبوونی سوپای بچووك دەبەسترێت. لە پاش ڕووداوەکانی ١١ سێپتەمبەرو جەنگی ئەفغانستانەوە، زیاتر بیر لە بوونی سوپای بچووك و هێزی تایبەت کرایەوە. لە زۆر ڕووەوش وەسائیلی جەنگی ئەم سوپایەش بچووکتر کرایەوە، بەتایبەت (تانك و تۆپ، لۆری گواستنەوەی سەرباز)، هەموو

ئـەمـانـەهــەوڵـی بـچـووکـردنـەوەیـان دەدرێت. شارەزایانی سەربازی هەوڵی دروستـکـردنـی وەسائـیـلـی مـۆدێرن دەدەن، کــە تــوانــای گــواستــنــەوە و شەڕکـردنـی بـاشتـربـێت لـە جـاران. بەتایبەتی سوپای ئەمەریکا، چەندین لــێژنــەی پسپــۆڕی بــۆ گــۆڕیــن و چاکسازیی لەشکری ئەمەریکی دروست کردووە. ئەمڕۆ جەنگ لە دژی گرووپی تیرۆریستی و باندی مافیا، بە یەکێك لە کـاری لـەشکرەکـانـی جـیـهـان دادەنرێت.



هـاووڵاتیەکی چینی بۆ قوربـانییانی دەگری لە هـەرێمی سیشوان

بەواتایەکی تر جەنگی نێوان وڵاتان باوی نەماوە یان کەم بووەتەوە، زیاتر شەری گرووپی بچووك ڕوو لە زیادبووندایە. لەلایەکی تریشەوە یەکێك لە کارەگرینگەکانی لەشکری ئەمڕۆ، چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوەی کارەساتە سروشتییەکانە. بەهێزی هەر لەشکرێك لەوەدایە، کە تا چـەنـدە سەرکـەوتـووە لـە ڕووبـەڕووبـوونـەوەی ئـەو کـارەسـاتـانـە. هـەر بـۆیـە بـەشێکی زۆری لـەشکرەکـانـی جـیـهـان، گرینگییـەکی زۆر بـە مـەشقی بـەرگریی میللی دەدەن بـەتـایـبـەت بـۆ ڕووبـەڕووبـونـەوەی کـارسـاتـە سروشتییـەکـان وەکـو (لافـاو، زەمین لـەرزە، بـورکـان). بـەحـوکمی گۆڕانی بواری ژینگەی جیهان، کارەساتە سروشتیەکانیش ڕوو لە زیادبوونە. لەلایەکی تریشەوە چین خاوەنی ژێرخانێکی باشی (ئاو و ئاوەڕۆ، بەنداو، ڕووباری تایبەت) نییە، هەر بۆیە زوو تووشی کارەساتی لافاو دەبێت. 2008 بینیمان کە لەشکری چین، لە کاتی زەمین لەرزەکەی هـاویندا، لە ناوچەی (سیشوان) باشووری ڕۆژئاوای چیندا، زۆر خراپ هـەڵسوکەوتی کرد. ئەم لەشکرە هیچ بۆئەو کارەساتە گەورانە ئامادەنەکراوە، هەر بۆیە خەڵکی زیاتر پشتی بەخۆی دەبەست. زۆرجار شارەزایانی بێگانەش ڕۆڵیان زۆر بوو. تەنیا لە زەمین لەرزەکەی هـاوینی ئەمساڵدا. زیاتر لە ٥ ملیۆن کەس ئاوارە بوون و زیاتریش لە ٥٠ هـەزارکەس بوونە قوربـانی(٨٧). هەر بۆیە چین نابێت دڵی بەوە زۆر خۆش بێت، کە خاوەنی گەورەترین لەشکری جیهانە.

## ٤ - کێشە کۆمەڵایەتییەکانی چین

ئەمڕۆ چین گەورەترین کۆمەڵگای جیهانە. بوونی ١,٣ ملیارد کەس پێکەوە کارێکی ئاسان نییە. کۆمەڵگە چەندە گەورە بێت هێندە کێشەی زۆرتر دەبێت. لەبەرئەوە زۆرجار سەیر دەکەیت

---

(٨٧) خمسة ملاين مشرد نتيجة زلزال الصين .www.BBc.Arabic.com.16.05.2008

ژیانی خەڵکی لە وڵاتە بچووکەکان باشترە تا وڵاتە گەورەکانی جیهان. چەندین کێشەی (بێکاری، نەبوونی خزمەتگوزاری، بێ ئاوی و کارەبایی، نەبوونی ئاسایش،،،هتد). هەربۆیە ئەمڕۆ چین ڕووبەڕووی کۆمەڵێك کێشەی هەمەجۆری کۆمەڵایەتیی گەورە بووەتەوە، گەر چارەسەریان نەکات، بەدڵنیاییەوە داهاتوویەکی باش چاوەڕوانی ناکات. پێم باشە لێرەدا بەکورتی باسی ئەو کێشە کۆمەڵایەتییانە بکەم.

**هەژاری و دەوڵەمەندی**

یەکێك لەو شتانەی کە سەرنجی هەموو چاودێرانی بیانیی ڕاکێشاوە، جۆری سڵاوکردنی چینییەکانە. کاتێك دوو کەسی چینی یەکتری دەبینن دەڵێن (نانت خواردووە؟) کەسی دووەمیش وەڵام دەداتەوە (بەڵێ خواردوومە) واتە باشم. من کەجاری یەکەم بیستم باوەڕم نەکرد، تا پاشتر لە ناو چینۆلوجیدا قووڵ بومەوە و بۆم دەرکەوت کەڕاستە. نووسەری بەناوبانگی چینی Belle Yang کە لە ئەمەریکا گەورە بووە دەڵێت (کاتێك کە گەڕامەوە بۆ چین، لێیان دەپرسیم نانت خواردووە، منیش سەیرم لێ دەهات، نەمدەزانی بۆ یەکەمجار سڵاوم لێ ناکەن؟!. منیش پاشتر تێگەیشتم کە بەمجۆرە چینییەکان سڵاو لە یەکتری دەکەن[88]). هەر بۆیە دەبێت ئەوە باش بزانین کە پرسی نان لەم وڵاتەدا یەکەمین شتە. دیارە بەحوکمی ئەوەی چین، چەندین جار تووشی برسییەتی و گرانیی زۆر بووەتەوە، جاری وا هەبووە بەملیۆنەها کەس بوونەتە قوربانی بەتایبەت لە سەدەی بیستدا، چونکە تووشی گەلێك جەنگی ناوەخۆیی و دەرەکی بوون. لە کاتی شۆڕشی کولتووریشدا برسییەتی گەیشتە ترۆپکی. دەبێت ئەوەش بڵێم کە لە سەردەمی ماودا، هەموو چینییەکان لە هەژاریدا یەکسان بوون. بۆشاییی نێوان دەوڵەمەند و هەژار نەبوون، چونکە هەموویان تا ڕادەیەکی زۆر لە یەك ئاستدا دەژیان. وەلێ پاش سیاسەتە ریفۆرمەکانی دینگ، پەیڕەوی بازاڕی ئازاد کرا. هەمووشمان دەزانین لە بازاڕی ئازاددا، باڵەخانەی بڵند و جوان دروست دەبێت، لە پەناشیا کۆمەڵێك گەڕەکی برسی هەڵدەقوڵن. بەواتایەکی تر چەندە باڵەخانەی بڵند دروست بکرێت، هێندەش نێوانی چینی هەژار و دەوڵەمەند زۆر دەبێت. لە پاش ساڵی ١٩٩٠ هەژاری ڕوو لەزیادبوونە، لەهەمان کاتیشدا چینێکی نوێی دەوڵەمەند پەیدا بوون، کەخاوەنی باڵەخانەی بەرز و ڤیلا و ماشینی نوێن. ساڵی ١٩٩٤ زیاتر لە ٥٠ ملیۆن کەس لە شارەکاندا لە ژێر هێڵی هەژارییەوە بوون. ساڵی ٢٠٠٠ زیاتر لە ٣٧ ملیۆن کەس لە شارەکاندا مانگانە بە (١٠٠ یوان، ٦ یوان دۆلارێکە) دەژیان[89]. ئەمەش لە چاو ساڵانی هەشتاکاندا ژمارەیەکی ئێجگار زۆرە. دیارە لە لادێکاندا وەزعی هەژاری زۆر خراپترە. زیاتر لە ٨٠ ملیۆن هەژاری لادێیی ناتوانن ڕۆژانە

(88) Belle Yang. Auf den Schultern meines Vater .aus dem Amerikanischen von. Charlotte Franke. Albrecht Knaus GmbH. München. November 1997. S 29.

(98) Qinglian He. Aus dem Chinesischen. Von. Christine Reisner. China in der Modernisierungsfalle. bpb Verlag. Bonn. 2006. S265.

پیاڵەیەك چای بكرن. كاتێك لە وەزیری كۆمەڵایەتییان پرسی، ژمارەی هەژارانی چین چەندە وتی (١٢٠ بۆ ١٥٠ ملیۆن كەس ساڵانە پێویستییان بە یارمەتیی حكوومی هەیە(٩٠)). وەلێ چەند سەرچاوەیەكی تر ئاماژە بۆ ٢٠٠ ملیۆن كەس دەكەن، كە لەئاستی هێڵی هەژارییەوە دەژین(٩١).

دیارە بەشێكی زۆری هەژارانی چینیش لە لادێكاندا دەژین. هەر بۆیە كۆچی لادێ بۆ شار ڕوولە زیادبوونە. ٢٠٠ ملیۆن كەس لەشكرێكی ئێجگار گەورەیە، واتە بەقەدەر ٥٠٪ دانیشتوانی هەموو ئەوروپا. ئەمەش ژمارەیەكی زۆرە، بەڕاستی چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوەی كێشەی هەژاری، ئەم لەشكرە مەزنە، كارێكی هەر وا ئاسان نییە. ئاخر من تێ ناگەم چۆن وڵاتێك دەتوانێت ئیدعای زلهێزی جیهان بكات لە هەمان كاتیشدا خاوەنی ٢٠٠ ملیۆن هەژار بێت؟.



گەڕەكێكی دەوڵەمەند گەڕەكێكی هەژار

لەبەرامبەردا كەمینەیەكی دەوڵەمەند هەڵتۆقیوە، كە خاوەنی هەموو شتێكە. ئەمڕۆ زیاتر لە ٤٠٠ ملیاردێر (كە خاوەنی سەر و ملیارد دۆلارن) هەن، مەگەر لەئەمەریكا ئەوەندە ملیاردلێر هەبێت(٩٢). ئەمساڵ ژمارەی ملیۆنێرەكانی چین گەیشتە ١٠،٧ ملیۆنێر. یەك ملیۆن كەس زیادی كردووە. بەم شێوەیەش پلەی پێنجەمی لە ئاست جیهان بەركەوت. (دوای ئەمەریكا، ژاپۆن، بەریتانیا، ئەڵمانیا)(٩٣). دەبێت ئەوەش بڵێم كە بەشێكی زۆری ئەو كەسانەی كە دەوڵەمەند بوون، برێتین لە كەسانی مەسئوولی حزبی و حكوومی، بۆ نموونە دەوڵەمەندترین پیاوی چین كوڕی سەرۆك وەزیرانی پێشووی چین رونج یرین، كە خاوەنی ١،٦ ملیارد

(٩٠) دانییل بورشتاین. ارنیة دي كیزا. ترجمة شوقي جلال. التنین الاكبر. الصین في القرن الواحد والعشرین. عالم المعرفة. الكویت. یولیو ٢٠٠١. ص٢٣٩.

(91) Johnny Erling.Armut in China. Welt Online. 26. Mai.2006.

(92) Janis Vougiokas. Chinas neue Reiche. Süddweutsche Zeitung.13/10/2007.

(93) www.Fokus.de.Zhal der MIlionäre Steigt Sprunghaft. 5/9/2008.


دەوڵەمەندە نوێکانی چین


لەشکری هەژارانی چین

دۆلارە(٩٤). ئەمڕۆ کۆمەڵگەی چینی بەشێوەیەکی ئێجگار زۆر بۆشاییەکی کۆمەڵایەتیی تێ کەوتووە. لەلایەکەوە چینێکی دەوڵەمەند خاوەنی هەموو شتێکە، لەلایەکی تریشەوە ڕێژەیەکی زۆری هەژاری، خاوەنی هیچ نین. دیارە بەشی هەرە زۆری هەژارەکانیش، خەڵکی لادێنشینەکانن. بەبڕوای من کۆمەڵگەی چینی، بەرەو قۆناغێکی ئێجگار ترسناکی کۆمەڵایەتی هەنگاو دەنێت. گەر ئەم حاڵەتە باش نەکرێت، دەبێت چاوەڕێی شۆڕش و ڕاپەڕینی خوێناویی گەورەبکەین.

**بێکاری**

بەحوکمی ئەوەی هیچ دەزگایەکی سەربەخۆ لە چین نییە، لە هەمان کاتیشدا زۆربەی جار حکوومەت ئامارەکانی جێگەی بڕوا نییە. چونکە لەبەر خاتری بەرژەوەندیی سیاسی ئامارەکان دەگۆڕن. بەپێی ئاماری ڕەسمی وەزارەتی کار و کۆمەڵایەتی بێت، ئەمڕۆ زیاتر لە ٨,٣ ملیۆن کەس بێکارن(٩٥). وەلێ هەندێك سەرچاوەی ناحکوومی و سەربەخۆ دەڵێن ئەم ژمارەیە دووقاتە و دەگاتە نزیکەی ٢٠ ملیۆن کەس(٩٦).

وەزیری کارو کۆمەڵایەتی وتی (بۆ ساڵی داهاتوو، زیاتر لە ٢٤ ملیۆن کەس بەدوای کاردا دەگەڕێن و دێنە بازاڕی کارەوە، بەداخەوە تەنیا ١٢ ملیۆن هەلی کارمان تا ئێستا هەیە(٩٧)). مانای وایە کە زیاتر لە ١٢ ملیۆن کەس هیچ کاریان دەست ناکەوێت. ئەمەش ژمارەیەکی ئێجگار زۆرە. دیارە چەندە بێکاری زیاد بێت، هێندەش (کریمینالیتی، دزی و کوشتن) زیاد دەبێت. هەر بۆیە هەموو وڵاتانی جیهان، نەهێشتنی بێکاری، بەکاری سەرەکیی حکوومەتی دادەنێن.

---

(٩٤) المزيد من المليارديرات في الصين .www.BBC .Arabic.com.04.11.2005

(95) www. China Observer.de. 27/11/2008.

(96) China droht schlimme Arbeitslosigkei. www.Handlesblat.com.

(97) www. China Observer.de. 27/11/2008.

## خراپیی باری کرێکارانی چین

چین کە لەسەر بنەمای شۆرشی کرێکار و جووتیاری دامەزراوە، ئەمرۆ بووەتە دۆزەخێکی ئێجگار گەورە بۆ ئەم چینە. بەپێی ئاماری رەسمیی حکوومەت بێت، ژمارەی هێزی کاری چین بۆ ساڵی ٢٠١٠ دەگاتە نزیکەی ٨٣٠ ملیۆن کەس. زیاتر لە ١٥٠ ملیۆن کرێکار لە شارەکاندا دەژین و بەشەکەی تریش لە لادێکاندا دەژین(٩٨).



جووتیارێکی هەژاری چینی

ئەمرۆ بەشێکی زۆری کرێکاری چینی (لە خراپترین باری ئابووری و تەندروستی و کۆمەڵایەتیدا) دەژین. ئەمرۆ چین بووەتە خراپترین کۆماری سەرمایەداری، کە زۆرجار حالی کرێکارانی ئەمڕۆی چین، بەحالی کرێکارانی ئەورووپا لەسەدەی هەژدە و نۆزدەهەمدا دەشوبهێنن. چونکە ئەو کاتە چینی کرێکاری ئەورووپی خاوەنی هیچ مافێکی ئابووری و تەندروستی و کۆمەڵایەتی نەبوو.

بەداخەوە حکوومەتی چینی، لاشەی کرێکارانی کردووەتە وزەیەکی قێزەون، بۆ دەوڵەمەندکردنی چینێکی کەمینە. لەلایەکی تریشەوە کرێکارانی چین بوونەتە قوربانیی کۆمپانیا جیهانییەکان، بەخراپترین شێوە دەچەوسێنرێنەوە. لەهەمووشی خراپتر ئەوەیە کرێکاری چینی ناتوانن داوای مافەکانی خۆشیان بکەن، چونکە مانگرتن و خۆپێشاندان، بەکارێکی ئاژاوەگێڕی دادەنرێت و هاووڵاتی سزا دەدرێت لەسەری. هەربۆیە زۆرجار مانگرتنە کرێکارییەکان بە کارەساتی خوێناوی تەواودەبێت. بۆنموونە ساڵی ١٩٩٩ لە هەرێمی Daqing کرێکارانی کۆمپانیای پیترۆلی چینی مانیان گرت ، چونکە دەیانویست زیاتر لە ٧٥ هەزار کرێکار دەربکەن و تەنیا ٥٠ هەزار کرێکار مانەوە. کارەساتەکە لەوە دابوو، کە پاش ئەو هەموو مانگرتن و خۆپێشاندانە، تەنیا ٥٠٠ دۆلار درا بەو ٧٥ هەزار کەسەی کە بەزۆر دەرکران(٩٩). دیارە دەرکردنی کرێکاران کارێکی ئێجگار ئاساییە لەم وڵاتەدا. لە بەشێکی زۆری کارگەکانی چیندا، رۆژانە کرێکاران زیاتر لە ١١ بۆ ١٢ سەعات بەنرخێکی هەرزان کار دەکەن. زۆرجار خاوەن کارەکان پارەشیان نادەنێ و ماڤیان دەخۆن، بەتایبەت کرێکارە ژنەکان. بەداخەوە ئەمرۆ چین بووەتە دیکتاتۆرترین سیستەمی سەرمایەداری لە جیهاندا. بەدڵنیاییەوە ئەم

(98) www. German CRI. Com. 25/06/2007.

(99) Spiegel. Special.China. Aufstieg zur Weltmacht. 2004. S102.

وەزعەش هەر وا نامێنێتەوە، چونکە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زوڵم و چەوساندنەوەی کرێکاران زۆرتر دەبێت. چەندە زوڵمیش زۆر بێت، هێندەش خەبات و بەرخودان زیاتر دەبێت. ساڵی ١٩٩٨، ٣١٣٩٦ مانگرتنی کرێکاری ڕووی داوە(١٠٠). هەمووشی لەلایەن پۆلیسەوە، دڕندانە پەلامار دراون.

## خراپیی باری جووتیاران

جووتیاران هەمووکاتێك زۆرینەی کۆمەڵگەی چینیان پێك هێناوە. ئەمڕۆ ژمارەی جووتیاران و لادێنشینی چین دەگاتە نزیکەی ٨٠٠ ملیۆن کەس(١٠١). واتە دیسانەوە جووتیاران بەشێکی سەرەکیی کۆمەلگەی چینی پێك دەهێنن. دیارە جووتیاران سووتەمەنیی سەرەکیی شۆڕشەکەی ماو بوون. بەواتایەکی تر ئەوان کوڵەکەی ئەم شۆڕشە بوون. وەلێ جووتیاران لەگەڵ پێڕەوکردنی سیاسەتەکانی دینگ، گەورەترین زەرەرمەند بوون. ئەمڕۆ زۆربەی زۆری لادێکانی چین، بەدەست هەژاری و خراپی خزمەتگووزاریەوەدەناڵێنن. هەربۆیە بەشێکی زۆریان بەرەوشارەکان کۆچ دەکەن. دەبێت ئەوەش بڵێم، کاتێك سەیری مێژووی چین دەکەین، بەشی هەرەزۆری شۆڕش و ڕاپەرینەکان، بەهۆی خراپی باری جووتیارانەوە سەریهەڵداوە. ئەمڕۆ ڕۆژانە لەچەندین شوێنی جیاجیای چیندا، مانگرتن و خۆپیشادانی جووتیاری دەبێت، وەلێ باس ناکرێت. بەشێکی زۆری ئەم خۆپیشاندانانەش بە دڕندەترین شێوە دادەمرکێنێتەوە.

بەبڕوای من گەر کێشەی جووتیاران چارەسەر نەکرێت، ئەوا پاش چەند ساڵێکی تر، چەندین ڕاپەڕین و شوڕشی تر دەبینین. لەلایەکی تریشەوە خراپیی باری لادێکان، وای کردووە کە کۆچ بەرەو شارەکان زیاد بکات و، ئەمەش بەیەکێك لە کێشە گەورەکانی ئەمڕۆی شارەکانی چین دەژمێردرێت.

## کۆچی لادێکان بۆ شارەکان

ئەمڕۆ زیاتر لە ٧٠٪ خەڵکی چین لە لادێکاندا دەژین. لادێکانی چینیش بەگشتی زۆر لە خزمەتگوزارییەوە دوورن. بەشێکی زۆری لادێکانی چین، هەروەك سەردەمەکانی کۆن دەژین، هیچ گۆڕانکارییەکیان تێدا نەکراوە. بەداخەوە لە ڕووی شارستانییەوە زۆر دوورن. گەورەترین هێزی کاری چین لە لادێکانە، ژمارەیان دەگاتە ٥٤٠ ملیۆن کرێکار. هەندێك سەرچاوە پێیان وایە، کەرتی کشتوکاڵی تەنیا دەتوانێت ٢٠٠ ملیۆن کەس بەکەمترین داهات بخاتە سەر کار. ڕێژەکەی تر ناچارە ڕوو لە شارەکان بکات.

بەشێکی زۆری لادێکانی چین، وەزعیان لە لادێکانی بەنگلادیش و ئەندەنووسیا خراپترە. لە

(100) Qinglian He. Aus dem Chinesischen. Von. Christine Reisner. China in der Modernisierungsfalle.bpb Verlag. Bonn.2006. S308.

(101) Information. bpb. Zur politischen Bildung. 289. Volksrepublik China. S40.

ڕووی داهاتیشەوە زۆر خراپە، بۆ نموونە کرێکارێکی لادێ ٤٠ سەنتی دەست دەکەوێت، وەلێ کرێکارێکی ناوشار زیاتر لە دۆلارێکی دەست دەکەوێت[١٠٢]. سالانە زیاتر لە ١٥٠ ملیۆن کرێکار لە لادێکانەوە ڕوو لە شارەکان دەکەن[١٠٣]. هەندێك سەرچاوە دەڵێن ژمارەیان دەگاتە ٢٥٠ ملیۆن[١٠٤]. ئەمەش بەیەکێك لە کێشە گەورەکانی چین دەژمێردرێت. چونکە هیچ هیوایەك نییە، کە ژیانی لادێکان باشتر بکرێت. هەر بۆیە خەڵکەکەش بەناچاری ملی سەفەر دەگرنە بەر. دیارە بڵاوبوونەوەی تیڤی لە لادێکان، هێندەی تر هانی کۆچکردنی لە لادێوە بۆ شار داوە. چونکە خەڵکی خەونی زیاتر بە خۆشگوزەرانیی ناو شارەکان دەبینن.

**زۆربوونی تاوان و دزی و بڵاوبوونەوەی باندی مافیا**

لە پاش ساڵی ١٩٩٠ وە کاری (کریمینالیتی، تاوان) بەشێوەیەکی ئێجگار ترسناك زیادی کردووە، بەتایبەت لە ناو شارەکاندا، کە بەشی زۆریشی دەکەوێتە ناو کرێکارە گەڕۆکەکان (ئەوانەی لە لادێکانەوە دێن بۆ شار)، ساڵی ٢٠٠٢ زیاتر لە ١,٠٧ ملیۆن تاوان کراوە، زیاتر لە ١٤٠ هەزار کەس کوژراوە، زیاتر لە ١٥ هەزار لە خانەکانی خەڵووز کوژراون. جگە لە ٢٦٠ هەزار حاڵەتی ئاگرکەوتنەوە ڕووی داوە و بووەتە هۆی کوشتنی ٢٤٠٠ کەس[١٠٥]. کێشەکە لەوەدایە کە  ساڵ لە دوای ساڵیش ڕێژەکە زیاتر دەبێت. بۆ نموونە ساڵی ١٩٩٥ ژمارەی تاوانکاران گەیشتە ٢٧٤٩١٤، کەکاری (دزین، کوشتن، پەلاماردانی سێکسی و جەستەیی، بریندارکردن)، وەلێ ساڵی ٢٠٠١ ژمارەکە گەیشتە ٧٢٩٩٥٨، واتە ڕێژەی ١٥٪ زیادی کردووە. ساڵی ١٩٩٩ ژمارەی کێشەی تاوان لە دادگەکاندا گەیشتە ٥٣٩ هەزار تاوان، کە بەڕێژەی ١٢,٢٧ لە چاو ساڵی پێشووتر زیادی کردبوو[١٠٦].

لەلایەکی تریشەوە باندی مافیا روو لە زیادبوونە. بەتایبەت پاش ساڵی١٩٩٠ کە بەرێژەی ٢٠٪ زیادی کردووە. بەشێکی زۆری کاری مافیاکانی چین (بازرگانیکردنی مادە بێهۆشەکانە، قومارخانە، بازرگانیکردنی بە ژنانەوە). لە هەمووی خراپتر ئەو بازرگانییە قێزەونەیە کە بەلاشەی ژنانەوە دەکرێت. کە بەشێکی زۆری کاری باندەکانی مافیای چینییە. بەداخەوە ئەمڕۆ لە چین بەهەزاران بۆردێل لە شارەکاندا دروست بووە، کە ئەمەش بووەتە گۆڕەپانێك بۆ سووتاندنی لاشەی ناسکی ژنان. لەلایەکی ترەوە بەشێکی زۆری ئەم بازرگانییەش، بەلاشەی

---

(١٠٢) دانییل بورشتاین. ارنیة دی کیزا. ترجمة شوقی جلال. التنین الاکبر. الصین في القرن الواحد و العشرین. عالم المعرفة. الکویت. یولیو ٢٠٠١. ص.٢٤٠.

(103) Information. bpb. Zur politischen Bildung. 289 Volksrepublik China. S33.

(104) Qinglian He.Aus dem Chinesischen. Von. Christine Reisner. China in der Modernisierungsfalle.bpb Verlag. Bonn. 2006. S293.

(١٠٥) هەمان سەرچاوە لاپەرە، ٣٠٧.

(١٠٦) هەمان سەرچاوە لاپەرە، ٣١٢.

مـنـدالانـەوە دەكـرێت. ئـەمـڕۆ بـازرگـانـیـكـردن بـەلاشـەی مـنـدالان ، بـووەتـە یـەكـێك لـە كێشە مورالییەكانی چین، كە بەداخەوە ئەم حكوومەتەی چین، زۆر كەم بەتەنگ مۆراڵەوەیە. دۆلار چاوی زۆربەی بەرپرسە سیاسییەكانی چینی كوێر كردووە.

## ٥- خراپیی باری تەندروستی


چینییەك كە نەخۆشیی ئایدزی هەیە

ڕاستە چین خاوەنی مێژوویەكی مەزنە لە بواری زانستـی پـزیشكـی، ئـەمـڕۆش لـەم زانستـەدا زۆر پێشكەوتووە و نەخۆشخانەی مۆدێرنیشی هەیە، بـەڵام ئــەمــە مــانــای ئـەوە نـیـیـە كـە بـاری تـەنـدروستـیـی خـەڵكی چین بـاش بێت، بەڵكە بـەپـێـچـەوانـەوە ئـەمـڕۆ بـەشێكی زۆری خـەڵكی چین، بـاری تـەنـدروستـیـیـان زۆر خـراپـە. بـەپێی سەرچـاوەی دەزگـای هـەواڵی چینـی (شیـنـخوا)، زیاتر لە ٧٣٪ی چینییەكان كێشەی تەندروستییان هەیە[١٠٧]. ئەمڕۆ زیاتر لە ٣٥٠ ملیۆن چینی جگەرە دەكێشێت، بەشێكی زۆری ئەم خەڵكەش لە ماوەیەكی داهاتوودا، تووشی چەندین نەخۆشیی شێرپەنچە و دڵ و سیل دەبەن. بەپێی لێكۆڵینەوەیەك كە دەزگایەكی ئەمەریكی ئەنجامی داوە، بۆ ماوەی ٢٥ ساڵی تر، زیاتر لە ٨٣ ملیۆن چینی بە نەخۆشیی سیل دەمرن. هۆكاری سەرەكیش، خراپی باری ژینگە و خواردن و تەندروستیی چینییەكانە[١٠٨]. ئەمڕۆ چین پێڕەوی سیستەمێكی سەرمایەداری تەندروستی دەكات، بەواتایەكی تر حكوومەت وەكو جاران یارمەتیی هاووڵاتییانی نادات. بەشی زۆری نەخۆشخانەكان موڵكی ئەهلین و ئەو كەسەی پارەی نەبێت ناتوانێت سەردانی دوكتۆر بكات. بەتایبەت خەڵكی هەژاری لادێكان. زیاتر لە ٨٠٪ خەڵكی لادێكان كارتی تەندروستییان نییە، دەبێت لەسەر خەرجی خۆیان بچن بۆ لای دوكتۆر، حكوومەت هیچ یارمەتییان نادات[١٠٩].

### بڵاوبوونەوەی ئایدز

لە پاش ساڵی ١٩٩٠وە نەخۆشیی ئایدز بەشێوەیەكی ترسناك بڵا بووەتەوە. ساڵ لە دوای ساڵیش ڕێژەی ئەو كەسانەی تووشی ئەم نەخۆشییە دەبن، ڕوو لە زیادبوونە. بەپێی ئاماری

---

(١٠٧) www.BBC.Arabic.com.09.11.2008. ملف الصين.

(١٠٨) www.BBC.Arabic.com. امراض الرئة تقتل ٨٣ مليون شخص في الصين ٤/١٠/٢٠٠٨ .

(109) Information.bpb. Zur politischen Bildung. 289, Volksrepublik China. S35.

ڕەسمیی وەزارەتی تەندروستیی چین بێت، ساڵی ٢٠٠٧ ژمارەی ئەو کەسانەی تووشی نەخۆشیی ئایدز بوون، دەگاتە نزیکەی ٧٠٠ هەزار کەس(١١٠). هەندێك سەرچاوە پێیان وایە بۆ ساڵی ٢٠١٠ ژمارەی ئەو کەسانە دەگاتە ١٠ ملیۆن کەس(١١١). بەشێکی زۆری ئەوکەسانەی کە نەخۆشیی ئایدزیان هەیە، لە حاڵەتێکی ئێجگار خراپدا دەژین، چونکە حکوومەت بەپێی پێویست یارمەتیان نادات. دیارە حکوومەتی چینی لە سەرەتاوە ئەم کێشەیەی زۆر بەخەمساردی وەرگرت، هەر بۆیە ڕێژەکەش وا زیادی کرد. بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا، حکوومەت زۆر بەجدی هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم نەخۆشییە دەدات و بەئەرکێکی گرینگی خۆی دەزانێت.

## ٦- کێشەکانی ژینگە

سەرمایەداری تەنیا زەرەری بۆ ژیانی مرۆڤەکان نییە، بەڵکە گەورەترین زەرەریش بۆ سروشت و ئاژەڵەکانیش هەیە. لەناوبردنی ژینگە و، ژەهراویکردنی ئاووهەوا، سیمای سەرەکیی سیستەمی سەرمایەدارییە. بەو پێیەی کە چین وا بۆ ماوەی ٣٠ ساڵێك دەچێت، لەڕووی ئابوورییەوە پێڕەوی سەرمایەداری دەکات، لەبەرئەوە کێشەی ژینگە، بەیەکێك لە کێشە سەرەکییەکانی ئەم زلهێزەی جیهان دەژمێردرێت. بۆ ساڵی ٢٠٢٠ زیاتر لە ٣٠ ملیۆن کەس لەبەر خراپیی باری ژینگە، ناچارن لە شوێنی خۆیانەوە کۆچ بکەن(١١٢).

### خەونی تێرئاوخواردنەوە

خەونی دەوڵەمەندبوون و تێر ئاوخواردنەوە، بەکۆنترین خەونی چینییەکان دەژمێردرێت. کەمیی ئاو یەکێکە لە کێشە سەرەکییەکانی ئەمڕۆی چین. لە باکوری چین کە ٤٣٪ی خەڵکی چینی لێ دەژی، تەنیا ١٤٪ ئاوی چینی لێیە(١١٣). بەپێچەوانەوە هەموو سامانی ئاوی چین دەکەوێتە باشووری چینەوە. یەکێك لە خەونەکانی ماو، گواستنەوەی ئاو بوو لە باشوورەوە بۆ باکور. ئەم خەونە پاش پەنجا ساڵ دەست کرا بە جێبەجێکردنی و ساڵی ٢٠١٠ کۆتای پێ دێت. لە ساڵی٢٠٠٢ دەست کرا بە پرۆژەی دروستکردنی ڕووباری زەردی دووەم کە کاری گواستنەوەی ئاوە بۆ باکوری چین. درێژیی ئەم ڕووبارە دەگاتە ١٣٠٠کم، بڕی ٤٤,٨ ملیارد مەتر چوارگۆشە ئاو لە باشوورەوە بۆ باکور دەگوازێتەوە. دیارە ئەم پرۆژەیەش خەرجییەکی ئێجگار زۆری تێ دەچێت، نزیکەی ٦٠,٥ ملیار دۆلاری تێ دەچێت(١١٤).

---

(110) www. China Observer. com. 10/12/2008.

(١١١) هەمان سەرچاوە.

(112) Bruns/Homlong. Wirtschaftspartner China.LexisNexis Verlag. Wien.2005.S117.

(١١٣) هەمان سەرچاوە.

(١١٤) عەلی مەحموود. چین هەوارگەی ئایدیۆلۆجیا یان، سایتی دەنگەکان، سایتی عەلی مەحموود.

وەلـێ کێشەی کـەم ئـاوی بـەم ڕووبـارەش چـارەسـەر نـاکـرێت. بـەپێی ڕاپۆرتێکی گرووپی ژینگەپارێزی (Greenpeace)، زیـاتـر لـە ٦٠٠ شاری چین، بـەپکینی پـایـەتـەختیشەوە، ئـاوی تەواویان نییە، ١٠٨ شاری تر بەدەست کێشەی کەم ئاوییەوە دەناڵێنن. هەرچەندە چینییەکان کەمترین ڕێژەی ئاو لە جیهاندا بەکار دەهێنن. ساڵانە تەنیا ١,٧١٧م٣ بەکار دەهێنن. دیارە جگە لە ئاوی خواردنەوە، کەرتی کشتوکاڵیی چینیش تووشی کەم ئاوی دەبێتەوە. ئەمڕۆ تەنیا ٢٠٪ی زەویی کشتوکاڵی بەشێوەی تەکنیکی ئاو دەدرێت، کە دەگاتە نزیکەی ٥٠ ملیۆن هێکتار. ئـەمـەش ڕێژەیـەکی ئێجگار کـەمـە. بـەدڵـنـیـاییـیـەوە پـاش چـەند ساڵێکی تر، کەرتی کشتوکاڵی تووشی گەورەترین تەنگژەی بێ ئاوی دەبێتەوە.

## خراپیی سیستەمی ئاو و ئاوەڕۆ

هەتاوەکو ئەمڕۆش چین خراپترین سیستەمی ئاو و ئاوەڕۆی هەیە. سیستەمێك کە لەگەڵ پێداویستیی زۆری هاووڵاتییاندا نایەتەوە. ٧٠٪ ئاوی باران بەفیڕۆ دەڕوات. تەنیا ٢٠٪ سامانی ئاوی چین بەشێوەیەکی زانستی بەکار دەهێنرێت. لە بەشێکی زۆری شارەکانیدا، کێشەی خراپیی سیستەمی ئاوەڕۆی هەیە(١١٥). ئەمڕۆ بەکارهێنانی ئاوی باران، لە زۆربەی وڵاتاندا بۆ لەناوبردنی کێشەی کەمیی ئاوی بەکار یدەهێنن. هەموو وڵاتە پێشکەوتووەکان، چەندین ڕێگەی زانستییان بۆ بەکارهێنانی ئاوی باران گرتووەتە بەر.

## پیسبوونی ئاوی ڕووبارەکان

بەشێکی زۆری ڕووبارەکانی چین، بەتایبەت هەر چوار ڕووبارە گەورەکە (Huang, Liao, Huai, Hai) پیس بوون. بەتایبەت ڕووبارە گەورەکەی چین (Huang) کە بە ڕووباری زەرد ناسراوە. بەپێی هەندێك سەرچاوە زیاتر لە ٥٠٪ ڕووبارەکانی چین پیسبوون. هەندێك سەرچاوە دەڵێن ٧٠٪ پیس بوون(١١٦). دیارە بەشێکی زۆری ئەم پیسبوونەش دەگەڕێتەوە بۆ تێکەڵاوبوونی پاشەڕۆی کارگە و پاشەڕۆی شارەکانی چین. بەڕێژەی ٧٠٪ ی پاشەڕۆی کارگەکان، ٣٠٪ی پاشەڕۆی ئاوەڕۆی شار و شارۆچکەکانی چین، بوونەتە هۆی پیسبوونی ڕووبارەکانی چین. هەتا ساڵانی هەشتاکانیش هیچ یاسایەك نەبوو بۆ پیس نەکردنی ئاوی ڕووبارەکان. هەتا ساڵی١٩٨٢ یاسایەك بۆ ئاوی ڕووبار و دەریاکان دانرا، کە نابێت پاشەڕۆی کارگەکان بکرێتە ڕووبارەکانەوە. بەڵام ئەم یاسایە ساڵی ١٩٩٩ بەرژدی کاری پێ کرا. هەتا ماوەیەکی زۆریش، کارگەکان پاشەڕۆکانیان دەخستە ناو ڕووبار و دەریاکانی چینەوە. لە ٧٠٪ کارگەکانی چین، پاشەڕۆکانی خۆیان پاك ناکەنەوە و بەشێوەیەکی ئێجگار ترسناك ئەو مادە ژەهراوییانە

(115) Bruns/Homlong. Wirtschaftspartner China. LexisNexis Verlag. Wien.2005.S118.

(١١٦) هەمان سەرچاوە، لاپەرە ١٢٠.

تێکەڵی ئاوی ڕووبار و دەریاکانی دەکەن. کە ئەمەش گەورەترین زڵلەی لە ژینگەی چین داوە[١١٧]. لەلایەکی تریشەوە هەتا ئەم ساڵانەی دوایش، هیچ بیر لە بەکارهێنانی تەکنیکی نوێ نەکرایەوە، بۆ پاکژکردنەوە و بەکارهێنانی ئاوەڕۆی ناوشارەکان. هەرچەندە لەم چەند ساڵەی دوایـیـدا، پـرۆژەیـەکـیـان دانـاوە، کـە بـۆ ساڵـی ٢٠١٠ هـەمـوو شارێکـی ٢٥٠ هـەزار کـەسی، کارگەیەکی پاکژکردنەوەی ئاو و ئاوەڕۆی بۆ دابنێن.

جگە لەوەش زیاتر لە ١٠٠ ملیارد یوان (٦ یوان دۆلارێکە) بۆ کێشەی پاککردنەوەو بێ ئاوی دانراوە[١١٨].

## پیسبوونی دەریاکان

بەحوکمی ئەوەی بەشێکی زۆری رووبارەکانی چین پیس بوون، لە هەمان کاتیشدا بەشێکی زۆری کارگە وپیشەسازی چین دەکەوێتە کەنار دەریاکانەوە، هەر بۆیە بەشێکی زۆری دەریای چین پیسبووە. بەهەندێك ئامار بێت، ٢٤هەزار کم٢ دەریای چین زۆر پیس بووە. ١٤,٩٠٠کم٢. نیوە و ناچڵ پیس بووە. تەنیا ٨٠,٥٠٠کم٢ پاکە[١١٩]. (بۆ زانیاریی زیاتر سەیری نەخشەی پـیسبـوونـی دەریـای چین بـکـە). هــەتـا ساڵـی ٢٠٠١ چین پـۆلـیسی دەریـایـی نـەبـوو بـۆ پارێزگاریکردنی دەریاکان و نەهێشتنی پیسبوونیان.

## پیسبوونی هەوا

کێشەی پیسبوونی هەوا، بەیەکێك لە کێشە ترسناکەکانی چین دەژمێردرێت. ئەم کێشەیە لە چەندین ڕووەوە زەرەری لە چین داوە. لە ڕووی (ئابووری، تەندروستی، سیاسی). ئەمڕۆ چین لەریزی یەکەمی ئەو وڵاتانەیە، کە بوونەتە هۆی پیسبوونی ژینگە. هەر بۆیە خراپترین ناوبانگی جیهانی بۆ خۆی دروست کردووە[١٢٠]. بەپێی ڕاپۆرتێکی کۆنگرەی نیشتمانی چین (پەرلەمان). زیاتر لە پێنج شاری گەورە (کە شەنگهای و پکینی تێدایە)، ژمارەی دانیشتوانی دەگاتە ١٠٠ ملیۆن کەس، هەوایان بەشێوەیەکی ترسناك پیس بووە. ٣٤٠ شاری چین، هەواکەیان پیس بووە. ١١٢ شاری گـەورەی چین (بـە پـکین و شەنگـهـایـەوە)، لـە خوار پلـەی ستـانداری جیهـانـەوەن. بەواتایەکی تر، هەواکەیان پیسەوە دەبێت مرۆڤ پەڕۆ بگرێت بەدەمیەوە. هەر بۆیە دەمامك بەستن لە چین بووەتە باو. دیارە لە ڕووی ئابووریشەوە زەرەری زۆری لە چین داوە. ڕاپۆرتێك دەریخست تەنیا ساڵی ١٩٩٢ چین زیاتر لە ٥٨,٧ ملیارد یوانی زەرەرکردووە. (٢٠,١٦ ملیاردی بەهۆی ئەو نەخۆشییانەی کە تووشی خەڵکیەوە بوون وەکو هەناسەتەنگی وسیل،جەڵتەی دڵ و

---

(١١٧) هەمان سەرچاوە، لاپەرە ١٢١.

(١١٨) هەمان سەرچاوە، لاپەرە ١٢٤.

(١١٩) هەمان سەرچاوە، لاپەرە١١٩.

(١٢٠).BBC.Arabic.com.30.10.2008الصين تقر بصعوبة السيطرة علي انبعاث الغازات الضارة لديها.

دەمـاغ. ٧،٢ مـلـیـارد زەرەری مـاکـینـەی دەزگـاکـانـی دەوڵـەت بـووە. ١٦،٥٣ زەرەری کـەرتـی کشتوکاڵی بووە.)(١٢١). دیارە ئەمڕۆ زەرەری چین لەبواری ژینگەدا دووقاتە، چونکە ڕۆژلەدوای ڕۆژ هەواکەی پیستر دەبێت. ئامارێکی دەزگایەکی ئەمەریکی دەریخست، کە پاش ٢٠ ساڵی تر ساڵانە ٨٣ ملیۆن کەس بەنەخۆشیی سیل دەمرن(١٢٢). هۆکاری سەرەکیش خراپیی هەوای چینە.

لەلایەکی تریشەوە ئەمڕۆ چین ڕووبەڕووی پاڵەپەستۆیەکی نێودەوڵەتی بووەتەوە بۆ ئەوەی سنوورێك بـۆ پـیسبـوونـی ژیـنـگـە دابـنـێت. ژاپۆن و کۆریـاش، چین بـەپیسبوونـی هـەواکـەیـان تۆمەتبار دەکەن.

## هۆکاری پیسبوونی هەوای چین

### بەکارهێنانی خەڵووزی بەردین

بەحوکمی ئەوەی چین، لە سامانی نەوت و گازی سروشتیدا هەژارە، زیاتر پشت بەخەڵووزی بەردین دەبەستێت.ئەمڕۆ لە ٧٣،٩ ٪ وزەی چین لە خەڵووزی بەردین دروست دەکرێت(١٢٣). ئەم ڕێژە زۆرەش، زەرەرێکـی ئـێجـگـار زۆری بـۆ کـەشوهـەوای چین و جـیـهـانـیش هـەیـە. هـەر ئـەم خەڵوزەش هۆکاری سەرەکیی پیسبوونی ژینگەی چینە.

### کارگەکان

پێشکەوتنی ئابووریی چین وای کردووە، کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کارگە و پرۆژەی پیشەسازی زیاد بێت. ساڵـی ٢٠٠٣ کـارگـەکـان ١٩٨،٩٠٦ مـلـیۆن م٣ غـازی پیسیـان بـەرهـەم هـێنـابوو(١٢٤). کێشەکە لەوەدایە هەتا ئەم ساڵانەی دواییش، هیچ جۆرە لێپرسینەوە وسزادانێکی بۆ کارگەکان نەبوو. هەربۆیە ئەوانیش بەئارەزووی خۆیان غازی پیسیان بەرهەم دەهێنا و، هەوای چینیان پیس دەکرد.

### گەورەبوونی شارەکان

ساڵی ١٩٨٠ تەنیا ٢٠٪ خەڵکی چین لە شارەکاندا دەژیان. ئەمڕۆ سەروو٣٠٪ یە. بۆ ساڵی ٢٠٣٠ دەبێتە ٥٠٪ خەڵکی چینی لە شارەکاندا دەژین(١٢٥). ئەمەش هۆکارێکی تری پیسبوونی ئاووهەوای چینە. بەداخەوە هیچ یاسایەکی توند بۆکۆچی لادێکان بۆ شار نەگیراوەتە بەر،

(121) Bruns/Homlong. anihC rentrapstfahcstriW.LexisNexis Verlag...Wien.2005.S130.

(١٢٢) BBC.Arabic.com.04.10.2008. امراض الرئة تقتل ٨٣ مليون شخص في الصين.

(123) Xuewu Gu / Maximilian Mayer.Chinas Energiehunger:Mythos oder Realität ?.. Oldenbourg Wissenschaft Verlag.München 2007.S22.

(124) Bruns/Homlong. Wirtschaftspartner China. LexisNexis Verlag. Wien.2005.S1131.

(١٢٥) هەمان سەرچاوە، لاپەرە ١٢٤.

چونکە هیچ هیوایەکی خۆشگوزەرانی لە لادێکاندا بەدی ناکرێت.

**نەبوونی گرووپی ژینگەپارێزی**

بەحوکمی ئەوەی چین وڵاتێکی دیمۆکراسی نییە، لەبەرئەوە ڕێگە نادرێت هیچ جۆرە گرووپێکی سیاسی دروست بێت. ئەمڕۆ لەم وڵاتەدا هیچ گرووپێکی سیاسی نییە، کە پارێزگاری لە ژینگە بکات، یان زۆر لە حکوومەت و کارگەکان بکات، کە سنوورێك بۆ پیسبوونی ژینگە دابنێن.

**نەبوونی هۆشیاری ژینگەپارێزی**

بەشێکی زۆری چینییەکان هیچ زانیارییەکیان دەربارەی ژینگەپارێزییەوە نییە. بەڵکە زۆربەی زۆریان نانی ڕۆژانە وای لێ کردوون، گوێ بە پرسی ژینگە نەدەن. جێگەی داخە حکوومەتی چینیش هیچ هەوڵێکی لە بواری هۆشیاریی ژینگەیەوە نەناوە.

**خۆڵ و پاشەڕۆ**

ئەمڕۆ هەر چینییەك ڕۆژانە ١ کیلۆ خۆڵی هەیە، لە شارە گەورەکاندا بەتایبەت پکین و شەنگهای، دووقاتە. لە پکین ساڵانە نزیکەی ٤,٣٨ ملیۆن تەن خۆڵ فڕێ دەدەن. ساڵانەش بەڕێژەی ٢٪ خۆڵ خاشاك زیاد دەکات. دیارە ئەوەش بەهۆی زۆربوونی شارنشینی و پیشەسازیبوونی کۆمەڵگای چینییەوەیە. ساڵی ٢٠٠٣ خۆڵ و پاشەڕۆیماڵەکانی چین گەیشتە نزیکەی ١٤٨,٥٧٠,٠٠٠ تەن(١٢٦). پیاو هەرکە سەیری ژمارەکە دەکات، ترسی لێ دەنیشێت. ئاخر ئەم هەموو خۆڵە کە دروست دەکرێت، هەمووی غازاتی ترسناك دروست دەکات و دەبێتە هۆی پیسبوونی ژینگە. تەنیا لە ٥٨٪ی ئەم خۆڵەش چارەسەر دەکرێت، ئەوی تری لە قەراخ شارەکاندا فڕێ دەدرێت. لە ٢٠٠ شار، خۆڵێکی زۆر کۆ کراوەتەوە بووەتە شاخێکی گەورە و بەشێکی زۆری زەویی داگیر کردووە کە بە ٥٠٠ ملیۆن م٢ مەزندە دەکرێت. زیاتر لە ٦ ملیارد تەن خۆڵ لە نزیك شارەکانی چینەوە هەیە(١٢٧). مەسەلەی خۆڵ و خاشاك ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەبێت، هیچ ئاسۆیەکی وا ڕووناکیش دیار نییە، کە ئەم کێشەیە ڕوولەچارەسەرکردن بێت. بەداخەوە هەتا ئەم چەند ساڵەی دواییش حکوومەتی چینی زۆر کەم بەتەنگ بەکارهێنانی تەنکیکی نوێوە بوو،بۆ لەناوبردنی خۆڵ.

**پاشەڕۆی کارگەکان**

لە ساڵی ١٩٩١ تا ٢٠٠١ پاشەڕۆی کارگەکان بەرێژەی ٧٪ زیادی کردووە. ساڵی ٢٠٠٣ کارگەکان ١,٠٠٤ ملیارد تەن پاشەڕۆیان بەرهەم هێناوە(١٢٨). نزیکەی ١١,٧ ملیۆن تەن

(١٢٦) هەمان سەرچاوە، لاپەرە ١٢٥

(١٢٧) هەمان سەرچاوە، لاپەرە ١٢٦.

(١٢٨) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ١٢٨.

پاشەڕۆیان بەرهەم هێناوە کە زەرەری کوشندەی بۆ ژینگە هەیە. کارگەکان هیچ گوێ بەیاساکانی ژینگەپارێزی نادەن، ئەویش بەحوکمی ئەوەی کە گەندەڵی لە ناو دەزگاکانی حکوومەت زۆرە، لەلایەکی تریشەوە دەستکەوتی دارایی چاوی هەموو سیاسییەکانی چینی کوێر کردووە، هیچ بیر لە ژینگەی چین ناکەنەوە تەنیا بیر لە ئابووریی چین دەکەنەوە نازانن پرسی ژینگە چەندە گرینگە. کێشەکە لەوەدایە چین خۆی بەدەست خۆڵ و پاشەڕۆوە دەناڵێنێت، کەچی پاشەڕۆی وڵاتانی تریش دەهێنێت. بۆ نموونە دەزگایەکی ژینگەپارێزی ئەورووپی کەشفی کرد کە ٥٠٪ پاشەڕۆی ترسناکی کارگەکانی ئەورووپا دەنێردرێت بۆ چین[١٢٩].

هەروەکو پێشتریش باسم کرد، کە شارنشینی روو لە زیادبوونە و کۆچی لادێکانیش بەردەوامە، هەر بۆیە کێشەی خۆڵ و پاشەڕۆش، کێشەیەکی چارەسەرنەکراوی ئەم زلهێزەیە. من بەش بەحاڵی خۆم هیچ ئاسۆیەکی وا نابینم کە چین بتوانێت ئەم کێشە گەورەیە چارەسەر بکات.

## کێشەی وزە و سووتەمەنی

یەکێك لە کێشە گەورەکانی داهاتووی چین، مەسەلەی وزەیە. هەموو پسپۆڕان پێیان وایە، مەسەلەی وزە، یەکێك دەبێت لە ڕێگرە گەورەکانی پێشکەوتنی چین. ڕاستە ئەمڕۆ چین هێشتا ئەو کێشەیە ئازاری نادات و ناتوانێت هیچ ڕێگرییەك بۆ پێشکەوتنی دابنێت، لێ لە داهاتوودا یەکێکە لە بەڵاگەورەکانی پێشکەوتنی چین. بەرهەم و بەکارهێنانی وزە لە چین ڕاستە ئەمڕۆ چین لە چاو هێزە ئابوورییە گەورەکانی جیهاندا، وەزعی باشترە، وەلێ گەر چین لە ڕێڕەوی پێشکەوتنی ئابووری بەردەوام بێت، ئامار و ڕێژەکانیش دەگۆڕێن.

### نەوتی خاو

ئەمڕۆ چین لە پاش ئەمەریکا پلەی دووەمی هەیە لە بەکارهێنانی نەوتی خاودا. پێویستیی ئەمەریکا ساڵانە ٢،٣ ملیارد تەن نەوتە. پاشان چین ١،٧ ملیارد تەن، ئینجا هەریەك لە ڕووسیا بە ٠،٧ ملیارد، ژاپۆن ٠،٥ ملیارد، هیندستان ٠،٤، ئەڵمانیا ٠،٣.[١٣٠].

چین ساڵ لە دوای ساڵ پێویستیەکانی بۆ نەوتی خاو زیاتر دەبێت. لە ساڵی ١٩٩٤ تا ٢٠٠٤ بەڕێژەی ٧١٪ زیادی کردووە. تەنیا لە ساڵی ٢٠٠٥ تا ٢٠٠٦ بە ڕێژەی ٨،٤٪ زیادی کردووە[١٣١].

چین لە هەموو شتێکدا دەوڵەمەندە، لە (مێژوو، کولتوور، دانیشتوان، ئابووری، زەوی، ئاو،

(١٢٩) هەمان سەرچاوە، لاپەرە. ١٢٨.

(130) Xuewu Gu / Maximilian Mayer. Chinas Energiehunger: Mythos oder Realität ?. Oldenbourg Wissenschaft Verlag.München. 2007.S13.

(١٣١) هەمان سەرچاوە، ل١٤.

هتد) تەنیا و تەنیا لە نەوتدا زۆر هەژارە. مەسەلەی نەوتیش بەیەکێك لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی پێشکەوتنی ئابووری دادەنرێت، هەر بۆیە چین ناتوانێت ئەم خاڵە گرینگە فەرامۆش بکات. ساڵی ٢٠٠٤ پێویستیی چین ڕۆژانە ٦ ملیۆن بەرمیل نەوت بوو، تەنیا ٣،٥ ملیۆنی لە ناوەخۆ بەرهەم دەهێنا. دەبووایە ٢،٥ ملیۆنەکەی تری لە دەرەوە بهێنایە. ساڵی ٢٠٠٦ ڕێژەکە بۆ ٧،٤ ملیۆن بەرز بووەوە. بەپێی ئامارێکی ئەسنتیتووی EIA جیهان بۆ نەوت، ساڵی ٢٠١٠ چین ناچار دەبێت ٥٢٪ پێویستییەکانی لە دەرەوە بهێنێت. ساڵی ٢٠٢٥ ڕێژەکە دەگاتە ٧٥٪[١٣٢].
گەر سەیری نەخشەی ساڵانەی چین بکەیت، دەبینیت ساڵ لە دوای ساڵ پێویستییەکانی چین بەرەو زیادبوون دەچێت. هیچ هیوایەکی واش نییە، کە ئەم ڕێژەیە بەرەو خوارەوە بهێنێت.
بەڵام لە هەمان کاتدا چین لە چاو وڵاتانی تر، بەپێی پێداویستیی تاك بۆ نەوت، ڕێژەکەی زۆر کەمە. بۆ نموونە ئەمەریکا کە ٦٪ دانیشتوانی جیهان پێك دەهێنێت، کەچی لە ٢٣٪ بەرهەمی نەوتی جیهان بەکار دەهێنێت. بەڵام چین کە ٢٠٪ دانیشتوانی جیهانە، کەچی ١٤٪ ی بەرهەمی نەوت بەکار دەهێنێت[١٣٣].

## کۆمپانیاکانی نەوت

پاش ئەوەی ئەمڕۆ چین بووەتە (گەورەترین کارگەی) جیهان، کۆمپانیاکانی نەوتی جیهانیش، چاویان لەم وڵاتە کردووە. حکوومەتی چینیش، بەهەموو شێوەیەك لە هەوڵی ئەوەدایە، کە بازاڕی وزەی چین، لە ژێر دەستی خۆیدا بهێڵێتەوە. ئەمڕۆ بازاڕی نەوت لە چین بە ١٠٠ ملیارد دۆلار دەخەمڵێنرێت. ساڵانەش ئەم بازارە گەرموگوڕتر دەبێت. لە چین سێ کۆمپانیای مەزن لە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ئەم بازاڕانەن. کۆمپانیای نیشتمانیی نەوت (CNPC) کۆمپانیای نیشتمانی نەوت و کۆپەرسیۆن (SINOPEC). کۆمپانیای نیشتمانی ئۆفیسی نەوت(CNOOC) ئەم سێ کۆمپانیایە کاری پاڵاوتن و دەرهێنان و گواستنەوە و بازرگانیکردنی نەوت دەکەن. لە کۆی ٨٨ هەزار بەنزینخانە، کۆمپانیای SINOPEC خاوەنی ٣٣ هەزارە، کۆمپانیای CNPC یش خاوەنی ١٨ هەزارە. بەگشتی ڕێژەی ٥٣٪ لە ژێر کۆنترۆڵی ئەماندایە. ڕێژەکەی تری لەلایەن کۆمپانیا جیهانەکانەوە کۆنترۆڵ کراوە. بۆ ساڵی ٢٠٠٧ کۆمەڵێك کۆمپانیای جیهانی، هەوڵی سەرمایەگوزارییان لەم بەشە داوە، بۆنموونە عەرەبستانی سعوودی دای ناوە ٧٥٠ بەنزینخانە دابنێت. بەهەمان شێوەش کۆمپانیاکانی BP,TOTAL;SHELL;MOBILE نەخشەی نوێیان دارشتووە.

## کێشەکانی نەوت

یەکێك لە کێشەکانی نەوت، نەبوونی ئەم سامانەیە لەم وڵاتەدا. ئەمەش وا لە چین دەکات کە ڕوو

(١٣٢) هەمان سەرچاوە، ل١٦.
(١٣٣) هەمان سەرچاوە. ل١٨.

بکاتە دەرەوە و پشت بەوڵاتانی تر ببەستێت. ڕاستە لە هەندێك شوێنی چین هەوڵی گەڕان بەدوای نەوتدا دەکرێت و هیوایەکیش بۆ دۆزینەوەی نەوت هەیە. بەڵام ئەو شوێنانەش ڕووبەڕووی دوو کێشە دەبنەوە. بەشێکی ئەو ناوچانە دەکەونە سنوورە ئاوییەکانی چین. ئەمەش پێویستیی بە هێزێکی سەربازیی دەریاییی باش هەیە، بۆئەوەی بیپارێزێت. بەداخەوە هێشتا چین ئەو هێزەباشەی نییە، کە پشتی پێ ببەستێت. لە ڕووی سیاسیشەوە کەمێك کێشەی لەگەڵ دراوسێکاندا هەیە. چونکە ئەوانیش خۆیان بەخاوەنی ئەم ناوچانە دادەنێن. دووەمینیشیان، ئەم ناوچانە دەکەونە ناودەریاوە. کە ئەمەش تێچوونی زۆری دەوێت و لە ڕووی ئابوورییەوە کەم بایەخە.

کێشەیەکی تری چین ئەوەیە، کە ئەو وڵاتانەی نەوتیان لێ دەکرێت لەڕووی سیاسییەوە کێشەیان زۆرە. بۆ نموونە ساڵی ١٩٩٠، ٧٠٪ ی نەوتی لە وڵاتی یەمەن و ئەندەنووسیا دەهێنا. هەتاوەکو ئەمڕۆش ٧٠٪ی نەوتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشووری ئاسیا دەهێنێت. هەمووشمان دەزانین کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ناوچەیەکی پڕ ئاشووب و کێشەیە. ئەمڕۆ چین لە ٦٠٪ ی نەوتی لەم پێنج وڵاتە دەهێنێت. سعودیە ١٧٪، ئەنگۆلا ١٤٪، ئێران ١١٪، رووسیا ١٠٪ عومان ٩٪(١٣٤). کێشەکە لەوەدایە، کە بەشێکی زۆری ناوچەی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست لە ژێر کۆنترۆڵی ئەمەریکادایە، ئەمەش لە ڕووی سیاسییەوە ترسێکی گەورەیە بۆ داهاتووی چین. جگە لەوەش بەشێکی تری لە ڕووسیا و وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست دەهێنێت.

کە ئەمەش وا لە چین دەکات، زیاتر پشت بە ڕووسیا ببەستێت. ئەمەش دژی هیوا و ئاواتەکانی چینی دەسەڵاتدارانی چینە. مەسەلەی نەوت، بەیەکێك لەکێشە ئاڵۆزەکانی چین دادەنرێت. هەر بۆیە سیاسی و شارەزاکانی چین، زۆر بەرژدی هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە دەدەن، چونکە داهاتوویان بەپرسی نەوتەوە بەندە.

### خەڵووزی بەردین

خەڵووزی بەردین بە کۆڵەکەی سەرەکیی سووتەمەنیی چین دەژمێردرێت. چین لەم بوارەدا زۆر دەوڵەمەندە. سامانی بە ١١٥ ملیارد تەن مەزندە دەکرێت. کە ئەمەش ١٣٪ی سامانی خەڵووزی جیهان پێك دەهێنێت(١٣٥). بەرهەمی ساڵانەشی دەگاتە نزیکەی ٢,١١٠ ملیۆن تەن. دەبێت ئەوەش بڵێم کەساڵ لەدوای ساڵ، بەرهەمی خەڵووز زیاد دەکات، چونکە پێداویستیی ناوخۆ زیاد دەکات. ئەمڕۆ چین بەحوکمی ئەوەی کە نەوت و گازی نییە، ناچار کراوە کە پشت بە خەڵووزی بەردین ببەستێت. ئەمڕۆ بەشی سەرەکیی سووتەمەنی لەخەڵوز بەرهەم دەهێنرێت. ساڵ لە دوای ساڵیش ڕێژەکە زیاد دەکات. نزیکەی ٨٦،٩٪ وزە و ٧٣،٩٪ کارەبای چین لە

(١٣٤) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٦٤.

(١٣٥) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٢٢.

خەڵووز بەرهەم دەهێنرێت[١٣٦]. لەساڵی ١٩٩٦ بەرهەمی خەڵووز ٠،٧٣ ملیارد تەن بوو. ساڵی ٢٠٠٦ گەیشتە نزیکەی ١,١٩ ملیارد تەن. واتە دووقات بەرهەمی خەڵووز زیادی کردووە.

### کێشەکانی خەڵووزی بەردین

#### لە ڕووی ژینگەوە

بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی خەڵووزی بەردین، زەربەیەکی ئێجگار گەورە لە ژینگە دەدات. خەڵووز بە یەکێك لە جۆرە سووتەمەنییە خراپەکانی جیهان دادەنرێت، کە بەشێوەیەکی ئێجگار ترسناك زەرەرەری بۆ ژینگە هەیە. هەر بۆیە بەشێکی زۆری وڵاتانی ئەورووپا وازیان لەم جۆرە سووتەمەنییە هێنا. دیارە ئەویش بەحوکمی فشارێکی زۆری هێزە ژینگەپارێزەکانی ئەورووپاوە بوو. لەلایەکی تریشەوە بەحوکمی بوونی جۆری سووتەمەنیی هەرزانی وەکو نەوت و گاز.

#### خراپیی باری ژیانی کرێکاران

کانە خەڵووزەکانی چین، بەحوکمی ئەوەی پشت بەتەکنیکی نوێ نابەستن، کرێکاران لە حالەتێکی ئێجگار خراپدا کار دەکەن. کە ساڵانە بەپێی ئاماری رەسمیی حکوومی نزیکەی ٦ هەزار کرێکار گیانیان لەدەست دەدەن. هەندێکی سەرچاوەی ناحکومی بە ١٠ هەزار دەیخەملێنن[١٣٧]. ئەمەش ژمارەیەکی ئێجگار زۆرە. نزیکەی ٨٠٪ی هەموو قوربانییانی کرێکارانی جیهان پێك دەهێنێت.

#### بەڵام بۆچی کرێکارانی چین ئەم کارە دەکەن؟

ئەمەش پرسیارێکی مەنتیقیە، ئایاچ هۆکارێك وا لەکرێکاران دەکات، کە خۆیان بخەنە ژێر پەتی سێدارەی خەڵووزی بەردین؟. لێرەدا پارە ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت. مووچەی کرێکارانی خەڵووز لە چاو کرێکارانی بەشەکانی تردا زۆرە. کە نزیکەی ٢ هەزار یوان (١٩٠ ئۆیرۆ). کە ئەمەش پارەی ٦ مانگی کرێکارێکی بەشی کشتوکاڵییە. هەر بۆیە کرێکارانیش ناچارن ئەم کارە ترسناکە بکەن.

#### لە ڕووی تەکنیکییەوە

لە ساڵانی شۆڕشی کولتوریدا، ساڵانە ٨ بۆ ١٠ هەزار خوێندکار دەچوونە پەیمانگا و زانکۆکانی بەشی خەڵووزی بەردینەوە. بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا تەنیا ٥٠٠ خوێندکار ئامادەن بچن ئەو بەشانە بخوێنن[١٣٨]. کە ئەمەش وا دەکات لە ڕووی نەبوونی کادیری بەرزەوە، تووشی

(١٣٦) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٢٤.

(١٣٧) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٢٨

(١٣٨) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٢٧.

کێشەیەکی گەورە بێت. جگە لەوەش ئەو تەکنیکی و ئامێرانەی کە پشتی پێ دەبەستن، زۆر دواکەوتوون. هەر بۆیە بەشێکی زۆری خەڵووزەکە لە ناو دەچێت.

جگە لەوەش سالانە نرخی خەڵووزی بەردین دادەبەزێت، ئەمەش زەرەرەرێکی گەورە لە ئابووریی چین دەدات. بەڵام دیسانەوە دەبێت ئەوەش بڵێم، چین ناچار کراوە کە تەنیا پشت بەم جۆرە سووتەمەنییە ببەستێت، چونکە لە جۆرەکانی تردا زۆر هەژارە.

## گاز

هەتا ساڵی ۱۹۹۰، چین هیچ سیاسەتێکی بۆ گاز نەبوو. بەڵام لە پاش ئەو ساڵەوە دەستی کرد بەداڕشتنی ستراتیجییەکی نوێ بۆ ئەم جۆرەی سووتەمەنییە. بەداخەوە دیسانەوە چین لەم جۆرە سووتەمەنییە گرینگەش زۆر هەژارە. یەدەگی گازی چین دەگاتە نزیکەی ۲،٤٥ ملیۆن م۳. کە ئەمەش نزیکەی ۱،۳٪ یەدەگی گازی جیهان پێك دەهێنێت(۱۳۹). لە هەمان کاتیشدا بەرهەم و پێداویستیی چینیش لە چاو زلهێزە ئابوورییەکانی تردا زۆر کەمە. سالانە نزیکەی ٥٨،٦ ملیاردم۳. ئەمەریکا نزیکەی ٦١٩،٧ ملیاردە، رووسیا ٤٣٢،١ ملیاردە، ئەڵمانیا ٨٧،٢ ملیاردە. بەڵام لەساڵی ۱۹۹۰وە سالانە بەڕێژەی ۱۱ بۆ ۱۳٪ پێداویستییی چین زیادی کردووە. هەندێك سەرچاوە پێیان وایە بۆساڵی ۲۰۲۰ پێداویستیی چین دەگاتە ۱۰۰ ملیارد م ۳. ڕاستە ئەمڕۆ گاز بەشێکی ئێجگار کەم لە وزەی چین پێك دەهێنێت. بەڵام بۆ ساڵی ۲۰۱۰ ڕێژەکەی دەگاتە نزیکەی ٦٪ ی وزەی چین. هەر بۆیە ئەمڕۆ دەسەڵاتدارانی چین، زۆر بەرژدی بیر لەم کێشەیە دەکەنەوە. کێشەی سەرەکیش ئەوەیە، کە چین لەم بوارەشدا زۆر هەژارە. لە ٤٠،٥٪ یەدەگی گازی جیهان لە رۆژهەڵاتی ناوەراستە. ئێران ١٥،٥٪ و قەتەریش ١٤٪، رووسیا بەتەنیا ٢٦،٣٪ یەدەگی گازی جیهان پێکدەهێنن. یەدەگی رووسیا بە ٤٨ بملیۆن م۳ دەخەملێنرێت(۱٤۰). ئەمەش خۆی لەخۆیدا کێشەیەکی گەورەیە بۆ چین، چونکە هەروەکو پێشتر وتمان ئەم ناوچەیە هەمووکاتێك ئاژاوە و کێشەی زۆرە. پاشانیش رووسیاش ئەو دۆستە ئازیزەی چین نییە، تا پشتی پێ ببەستن.

## کارەبا

کارەبا بەیەکێك بە کۆڵەکە سەرەکییەکانی شارستانی و پێشکەوتن دەژمێردرێت. هەموو کاتێك کارەبا ڕووناکی دەخاتە سەرهەموو بەشەکانی ژیانی کۆمەڵگەکان. دیارە چین لە چاو جیهاندا هێشتا پێداویستی و بەرهەمی زۆر کەمە بەڵام ساڵ لە دوای ساڵیش، پێداویستی کارەبا زۆرتردەبێت. ساڵی ۲۰۰۳ تەنیا GW ۳۸۹، بەڵام پاش سێ ساڵ واتە ۲۰۰٦ گەیشتە نزیکەی GW ٥۰٦. هەندێك سەرچاوە پێیان وایە بۆ ساڵی ۲۰۱۰ دەگاتە نزیکەیGW ۷۰٤، واتە ۱٦٪ی بەرهەمی جیهان. هەرچەندە بەکارهێنانی کارەباش لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تری چین

(۱۳۹) هەمان سەرچاوە. ل٤١.

(۱٤۰) هەمان سەرچاوە. ل٤١.

دەگۆڕێت. بۆ نموونە ڕۆژهەڵاتی چین ٢٣،١٠٪ ی، باکور ٧،٦٢٪، ناوەڕاست ٣،٤٥٪ کارەبای چین پێك دەهێنێت. بەشەکانی باکووری ڕۆژهەڵات کەمترین بەشی کارەبای بەردەکەوێت. ساڵی ٢٠٠٣ لە کۆی ٣١ ویلایەتی، ٢١یان کێشەی کەمیی کارەبایان هەبوو(١٤١).

## چۆنیەتیی بەرهەمهێنانی کارەبا



چین بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بەخەڵووزی بەردین دەبەستێت. ساڵی ٢٠٠٤ لە ٦،٨٢٪ی کارەبای چین لە خەڵووزی بەردەین بەرهەم دەهێنرا. بەڵام لەم ساڵانەی دوایدا ئەم ڕێژەیە بۆ ٧٣،٩٪ هاتە خوارەوە. ئەم ڕێژەیەش لە چاو دەوڵەتانی تردا زۆرە، بۆ نموونە ئەڵمانیا تەنیا ٥١،١٪ ی کارەبای لە خەڵووز بەرهەم دەهێنێت(١٤٢).

بەڵام دیسانەوە دەبێت ئەوەش بڵێم بەکارهێنانی ئەم برە زۆرەی خەڵووز، وای کردووە کە دۆزەخێکی گەورەی ژینگەیی دروست بکات. چین لەلایەکەوە بەخەڵووز کارەبا بەرهەم دەهێنێت، ناوچەیەك ڕووناك دەکاتەوە، لەلایەکی تریشەوە هەموو ژینگەی چین دەکاتە تاریکستان و دۆزەخ. بەپێی دوایەمین ڕاپۆرتی زانکۆی کالیفۆرنیا، چین بە یەکەمین وڵاتی جیهان دەژمێردرێت، لە ڕووی پیسکردنی ژینگەوە(١٤٣). ئەمڕۆ لە بەشێکی زۆری شارەگەورەکانی چیندا، خەڵکی ناچارن قەمامە ببەستن، چونکە ژینگە زۆر پیس بووە.

بەشێکی تری کارەبای چین لە بەنداوی ئاو دروست دەکرێت. لە ٢٤،٥٪ ی کارەبا بەنداوەکانی ئاو بەرهەمی دەهێنن. دیارە ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش، حکومەتی چین گرینگیی زیاتر بە بەنداوی ئاو دەدات.

## گەورەترین بەنداوی جیهان

یەکێك لە پرۆژە گەورەکانی چین، دروستکردنی مەزنترین بەنداوی جیهانە. ئەم بەنداوە لەسەر ڕووباری Jangtsekiang یان وەکو چینییەکان پێی دەڵێن (ڕووباری درێژ). ئەم بەنداوە

(١٤١) هەمان سەرچاوە. ل٤٩.

(١٤٢) هەمان سەرچاوە. لاپەڕە ٥٢.

(١٤٣) الصين "تتصدر قائمة الدول الأكثر تلويثا للبيئة في العال. www.BBC.Arabice.





ڕووبەری ٦٠٠ کم درێژە، ١٨٥ م بەرزە. پانتاییيەکی ئێجگار زۆریش داگیر دەکات. کە بەقەدەر ڕووبەری وڵاتی نەمسایە. دەبێت نزیکەی ١,٢ ملیۆن کەس کۆچ بکەن. نزیکەی ٢٢ ملیارد دۆلاری تێدە چێت(١٤٤). ئەم بەنداوە زیاتر لە ١٧ ساڵە کاری تێدا دەکرێت و پلانی بۆ داڕژاوە. دەبێت ساڵی ٢٠٠٩ تەواو بێت. ئەم بەنداوە کارەبایەکی ئێجگار زۆر بەرهەم دەهێنێت، ١٨٢٠٠ مێگاوات. کە بەقەدەر ١٤ وزەی ئەتۆمیی کارەبا بەرهەم دەهێنێت(١٤٥). جگە لەوەش ئەم بەنداوە دەبێتە جێگەیەکی گرینگ بۆ گەشتوگوزار و، چینییەکان پێیان وایە ئەم بەنداوە ملیۆنەها توریست بۆ ئەم ناوچەیە ڕادەکێشێت.

**کێشەکانی ئەم بەنداوە**




دیارە ئەم بەنداوەش کۆمەڵێ کێشەی گەورەی هەیە. یەکێك لە کێشەکانی، دروستکردنی کارەساتێکی ئینسانیی گەورەیە، ئەویش بە چۆڵکردن و کۆچکردنی زیاتر لە ١,٢ملیۆن کەس. کە ئەم خەڵکە زۆرە بەناچاری، لە ماڵ و شوێنی خۆی کۆچی پێ دەکرێت. خەڵکانێك کە بۆ ماوەی هەزاران ساڵە لە شوێنێك دەژین، دەبێت بەناچاری واز لە مێژوو و ژیان و هەموو شتێکی خۆیان بهێنن. کە ئەمەش لە ڕووی ئیسنانییەوە زۆر زەحمەتە. لەلایەکی تریشەوە، ئەم بەنداوە دەبێتە هۆی مردنی سەدان جۆری ماسی و گیانداری ئاوی و باڵدار. جگە لە مردنی ملیۆنەهای تر. لەلایەکی تریشەوە، لە ڕووی ژینگەوە، زیانی زۆر بە ژینگەی ناوچەکە دەگەیەنێت. لە هەمان کاتیشدا، تێچوونێکی زۆری تێ

(144) Der gröte Staudamm der Welt zähmt Eurasiens längsten FluB.... http://www.eurasischesmagazin.de.

(145) http://www.geo.de.Die Zähmung des "Langen Flussesl..

دەچێت، زۆر لە پسپۆڕان پێیان وایە، کە ئەو برە پارەیە لە شوێنێکی تردا خەرج بکرایە باشتر بوو. جگە لەوەش ئەم بەنداوە زیاتر بۆ خزمەتی ناوچە دەوڵەمەندەکانی باشوور و ڕۆهەڵاتە، هیچ سوودێکی بۆناوچەکەو، شوێنەکانی تر نییە. ئەمە جگە لە چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆجی و ئابووری، کە بۆ خەڵکی ئەم ناوچەیە، بەهۆی ئەم بەنداوەوە دروست بووە(١٤٦).

### وزەی ئەتۆمی

دیارە بەشێکی تری وزەی کارەبای چین، لە ئەتۆم دروست دەکرێت. ڕێژەی ٢،٣٪ کارەبای چین پێك دەهێنێت. ئەم ڕێژەیەش ئێجگار کەمە. بۆ نموونە وڵاتێکی وەکو فەرەنسا ٧٨٪ی کارەبای لە ئەتۆم دروست دەکات. خاوەنی ٥٩ کورەی ئەتۆمییە. بەڵام چین تەنیا خاوەنی ١١ کورەیە(١٤٧). جگە لەوەش وزەی کارەبا لە هەوا و بیۆئەلکتریك بەرهەم دەهێنرێت. بەڵام بە ڕێژەیەکی ئێجگا کەم. بەڵام چین نەخشەیەکی ستراتیجی داڕشتووە، بۆ دروستکردنی کارەبا لەم بەشانەدا.

١– بەنداوی گەورە. ٢– بەنداوی بچووك. ٣– پەروانەی هەوا. ٤– ڤۆتۆڤلتیك. ٥–بیۆماسە. ٦– بیۆگاز. ٧– گیوتەرهمی. ٨– کارەبا لە پاشەڕۆ.

هەموو ئەمانە بە GW بەرهەمیان دیاری کراوە.

## ٨- کێشە دەرەکییەکان

لە ڕووی دەرەکییەوە چین بەدەست کۆمەڵێك کێشەوە دەناڵێنێت. دیارە دەبێت ئەوە باش بزانین، کە چین هەموو کاتێك جێگەی چاوی تەماعی بێگانە و داگیرکەران بووە. وەلێ بەحوکمی ئەوەی خاوەنی دەسەڵاتێکی سیاسی و سەربازیی بەهێز بووە، لەبەرئەوە داگیرکەران نەیانتوانیوە زەفەری پێ بەرن خاك و گەلە قارەمانەکەی داگیر بکەن. کاتێك تورکە بەربەرییەکان دەیانویست لەباکوری ڕۆئاواوە پەلاماری بدەن، وەلێ چونکە چین خاوەنی دەسەڵاتێکی سیاسی و سەربازیی بەهێز بوو، توانی چاوچنۆکیی تورکە وەحشییەکانی ئاسیای ناوەڕاست ڕاگرێت. ئەم دەوڵەتە مەزنە توانی لە ترسی هێزە تورکە وەحشییەکانی (هۆلاکۆ و جەنگیزخان و تیمولنك) خۆی بپارێزێت. هەر دیواری چینیش بۆ پارێزگاریکردنی چین بوو لە تورکە وەحشییەکانی ئاسیای ناوڕاست بوو. ئەو کاتە چین بە (بەربەر) ناوی دەبردن. دیارە هەر بەربەریش بوون، چونکە ئێمەی کورد و گەلانی ڕۆهەڵات زۆرمان بەدەست ئەم نەتەوە وەحشییەوە چەشتوە. لەبەرئەوە گەلی چین زۆر لەو ڕاستییە تاڵەگەیشتووە، کە هەموو کاتێك چاوی تەماعکاری هێزە بەربەرییەکانی جیهانی لەسەرە.

(146) . http://www.agenda21-treffpunkt.de - rei-Schluchten Staudamm.

(147) Xuewu Gu / Maximilian Mayer.Chinas Energiehunger:Mythos oder Realität ?.. Oldenbourg Wissenschaft Verlag.München. 2007.S143.

# ئەمەریكا

ئەمرۆ هەموو دەوڵەتێك بچووك یان گەورە بێت، دوژمنی هەبێت یان نا، دەبێت حسابی دوژمنكاری و چەتەگەریی هێزێكی وەكو ئەمەریكا بكات. ئەمرۆ لە هەر شوێنێكی جیهاندا شەڕێك ڕووی دا، پێویست ناكات بڵێین شەڕ لە نێوان كێ و كێدایە، بەڵكە دەبێت یەكسەر بڵێین (ئەمەریكا و كێیە؟) چونكە هەموو كاتێك ئەمەریكا هەڵگیرسێنەری هەموو شەڕەكانی جیهانی ئەمڕۆمانە. هەروەك چۆن تورك بەبێ كوشتن و دزین و تاڵانی گەلانی دراوسێیان ناژین، ئەمەریكاش بەهەمان شێوە، نانی لەسەر تاڵانی و دزینی سامانی جیهانە. هەروەك چۆن مرۆڤ بێ نان و ئاو ناژی، ئەمەریكاش بەبێ جەنگ و دزی ناژی. ئەمرۆ ئەمەریكا چین بەگەورەترین دوژمنی خۆی دەزانێت، بەتایبەت پاش نەمانی سۆڤێت. زۆربەی ئەمەریكییەكان چین بە دوژمنی داهاتوویان دادەنێن، بەشێكیان بە ترسێكی گەورە بۆ ئیمپراتۆرییەتە خوێناوییەكەیانی دەزانن. لە پاش ساڵانی نەوەتەوە دەزگاكانی میدیای ئەمەریكی لە هەوڵێكی بەردەوامدان، بۆ ئەوەی وێنەیەكی ناشرین بداتە چین. دەیانەوێت بەناوی پێشێلكاریی مافی مرۆڤەوە، چین بە دەوڵەتێكی فاشی بشووبهێنن(١٤٨). گەورەترین گاڵتەجاری لەوەدایە، كە دەوڵەتێكی دڕندەو دژە مرۆڤی وەكو ئەمەریكا خۆی بكاتە مامۆستای ماڤی مرۆڤ. دەوڵەتێك كەلەسەر كەللە سەری ٤٥ ملیۆن مرۆڤی ڕەسەنی ئەمەریكی (كە بە هیندی سوور ناویان دەبەن) دامەزراوە. دەوڵەتێك كە دۆستی نزیكی دەوڵەتێكی فاشی و بەربەری و دژە مرۆڤی وەكو توركیایە، دەوڵەتێك كە دۆستی ڕژێمە فاشیستە عەرەبییەكانی سعودیە و میسر بێت، چۆن زاتی هەیە باسی ماڤی مرۆڤ بكات. ئا لەو كاتەی كە دەزگا ئیعلامییەكانی ئەمەریكا باسی مافی تبتی و كەمە نەتەوەكانی چین دەكەن، كە چی لە وڵاتی وەحشی و فاش توركیادا، كورد بوون تاوانە. لەیلا زانا١٠ ساڵ خرایە زیندانەوە چونكە بەكوردی قسەی كرد، ئەمەریكا گەورەترین پشتگیریی لەناوبردن وتواندنەوەی كورد لە توركیا دەكات. ئیتر نازانم چۆن لە ڕووی دێت باسی كەمەنەتەوەكانی چین بكات؟. تبتییەكان ڕاستە ئازادنین، وەلێ ئەو مافانەی كە تبتی لە چین هەیەتی، كورد لە توركیای دۆستی نزیكی ئەمەریكادا، دەبێت خەونی پێوەببینێت. بەڕاستی ماڤی مرۆڤ هێندە سووك و گوناح بووە، كەدەوڵەتێكی وەكو ئەمەریكا بازرگانی پێوەدەكات. كاتێك ئەمەریكا لەسەردەمی سۆڤێتدا پێویستی بەچین بوو،بەتایبەت لەدژی ڤێتنام، كەسمان نەبینی باسی ماڤی مرۆڤ و تبتی بكات.

كاتێك كە چین پشتگیریی پۆلپۆتی دۆستی ئەمەریكایان دەكرد، كە بەدەستی زیاتر لە دوو

(١٤٨) دانییل بورشتاین. ارنیة دي كیزا. ترجمة شوقي جلال. التنین الاكبر. الصین في القرن الواحد والعشرین. عالم المعرفة. الكویت. یولیو ٢٠٠١. ص١٧٢.

ملیۆن کەس بوونە قوربانی، ئەو کاتە ئەمەریکییەکان زۆربێ شەرمانە هانی چینیان دەدا کە پشتگیری پۆلپۆت بکات لە دژی ڤێتنام(١٤٩). لەو کاتانەدا گوێمان لە بچووکترین رەخنە نەبوو لەم سیاسەتەی چین. مەسەلەی مافی مرۆڤ و تبت و ئەم قسانە پاش رووخانی سۆڤێت پەیدا بوون. ڕاستە ئەمرۆ ئەمەریکا گەورەترین شەریکی بازرگانیی چینە، وەلێ دەبێت چین ئەوەشی لەبیرنەچێت، کەئەمەریکا ناهێڵێت چین ببێتە هێزێکی جیهانی. هەر بۆیە بەبڕوای من ئەمەریکا ناهێڵێت هەر وا بەئاسانی چین ببێتە هێزێکی جیهانی. ڕاستە ئەمرۆ ئەمەریکا ناتوانێت وەکو سەردەمی پێشو، ولاتیان داگیر بکات و سیاسەتی بازرگانیی بەزۆر بەسەردا بسەپێنێت، چونکە خۆشبەختانە چین هێندە لاواز نییە، وەلێ ئەمە مانای ئەوە نییە، کە واز لە دزی و چەتەگەریی هێنا بێت و چینیان لە بیر کردبێت. بە بڕوای من ئەمەریکا گەورەترین ترسە بۆسەرداهاتووی چین، بەدووریشی نازانم کە فاشیستەکانی ئەمەریکا بڕیاری شەڕ بەسەردا بسەپێنن، چونکە فاشیزمی ئەمەریکا دڕندەترین فاشیزمی جیهانە (دیارە پاش فاشیزمی تورکی و عەرەبی).

## ئەوروپا

ئەوروپییەکان مێژوویان لەگەڵ هەموو گەلانی جیهاندا ڕەش و خوێناوییە. چینییە قارەمانەکانیش بەشی خۆیان نارەحەتی و ئازاری زۆریان بەدەست بەربەریەتیی ئەوروپییەکانەوە بینی. هەر لە سەدەی حەڤدەمەوە، پەلاماری ئەوروپی دەستی پێ کرد و هەتا ناوەراستی سەدەی بیستەم درێژەی کێشا. ئەوروپییەکان بە دڕندەترین شێوە کەوتنە گیانی گەلی چین، جگە لە دزین و کوشتن و تالانی و سووتاندن، بەزۆریش تلیاك و شمەکی خۆیان پێ دەفرۆشتن. من لەو باوەڕەدام کە هیچ کاتێك لووتی چڵماویی زلی ئەوروپی، بۆنی باخی میوەی پێشکەوتنی چینی پێ ناکرێت. ئەوروپییەکان هەموو کاتێك دوژمنی چینن. ئەوان کاتێك پەلاماری چینیان دا، هیچ قیەمێکی ئەخلاقییان رەچاو نەکرد. هێندە دڕندانە پەلاماری چینیان دا، کاتێك ئەو مێژووە خوێناوییەی ئەوروپاییەکان لە چین دەخوێنیتەوە، پیاو تووشی هێڵنج دێت. کەچی ئەمرۆ کەس هێندەی ئەوروپییەکان دەمی گەرم نییە، باسی مافی مرۆڤی چینی دەکەن!. من کاتێك کە گوێم لەم قسانە دەبێت، تەواو پێکەنینم دێت، بەزەیم بەو چینییە دێتەوە کە باوەڕ بەقسەی ئینگلیزێك دەکات، کاتێك خۆی بە بەرگریکەری مافی مرۆڤ لە چین بزانێت. کاتێك ئینگلیزەکان ساڵی **١٩٠٣** هەرێمی تبتیان داگیر کرد و دەلای لامای باوکی رۆحی تبتییەکان رای کرد بۆ مەنگۆلیا، هیچ ئینگلیزێکمان نەبینی (بە چەپ وکۆمۆنیستەکانیشەوە) باسی گەلی تبت بکات. وەلێ ئەوە ماوەیەکە ئینگلیز و ئەوروپییەکان خۆیان لێ کردووینەتە

---

(١٤٩) نعوم تشومسكي. سنة ٥٠١. الغزومستمر. ترجمة. مي النبهان. دار المدي.الطبعة الثانية **١٩٩٩**. سوريا. ديمشق. ص ٤١١.

بەرگریکەری مافی تبتییەکان. کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا گەورەترین گاڵتەجاڕییە. ئاخر لەم کیشوەری ئەوروپادا چەندین نەتەوە هەن کە مافی دەوڵەتیان نییە لەوانە (باسك، کەتەلۆنی، ئێرلەندی، سکۆتلاندی، کۆرسیکی) بگرە خەباتی ئەم گەلانەش بەتیرۆریست دەشوبهێنن. من باسی کورد ناکەم، چونکە ئەوان گەورەترین دوژمنی گەلی کوردن. بەهەرحاڵ من لەو باوەڕەدام هیچ کاتێك ئەوروپییەکان چاویان بەپێشکەوتنی چین هەڵنایەت. بەدڵنیاییەوە گەر بۆیان بکرێت هەروەکو سەردەمی جاران پەلاماری چین دەدەنەوە. بەڵام خۆشبەختانە هەتاوەکو ئەمڕۆ دەستی خوێناویی ئەوان ناتوانێت نزیکی دیوارە مەزنەکەی چین بکەوێتەوە. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە، کە ئەمان هەر وا بەئاسانی واز لە چین بهێنن ببێتە زلهێزی جیهان. هەر بۆیە من ئەوروپا بەیەکێك لە ڕێگرە گەورەکانی پێشکەوتنی چین دادەنێم و ترسێکی گەورەیە بۆ داهاتووی چین.

## ژاپۆن

پێشتر باسی چەتەگەری و بەربەریەتیی ژاپۆنییەکانم لە چین کرد. لەبەرئەوە پێویست ناکات دووبارە باسی ئەو پێوەندییە خوێناوییەی ئەم دوو وڵاتە بکەم. ڕاستە ئەمڕۆ ژاپۆن دووەمین شەریکی بازرگانیی چینە. ڕاستە ئەمڕۆ کۆتایی بەحوکمی فاشیستی ژاپۆنی هێنراوە. ڕاستە ئەم نەوە نوێیەی ژاپۆن کەمتر حەزی بەخوێنڕشتن و کوشتنی گەلانی جیهان هەیە. وەلێ هیچ کاتێك چاوی بچووکی ژاپۆنییەکان، باڵای بەرزی ئابووری و سیاسیی چین نابینن. ئەوان هیچ کاتێك ناتوانن چینێك ببینن، کە لە خۆیان باشتر و دەوڵەمەندتر و بەهێزتر بێت. لەبەرئەوە نابێت چینییەکان ئەو ڕاستیەتاڵەیان لەبیربچێت. دیارە ژاپۆن هەمووکاتێك لەگەڵ ڕۆئاواییەکان هاوپەیمان و شەریکیان بووە لە دزین و پەلاماردانی چیندا. گەر چینییەکیش دڵی بەدۆستایەتیی ژاپۆنییەکان خۆش بێت و، وا هەست بکات کە ژاپۆن هەر وا بەئاسانی وازیان لێ دەهێنێت ئەمان بەهێز بن، ئەوا بەدڵنیاییەوە دەبەنگە و شایستەی بەزەیی پێداهاتنەوەیە. بەبڕوای من ژاپۆنیش وەکو ئەوروپا وئەمەریکا، ترسێکی گەورەیە بۆ سەر داهاتووی چین. وەهیچ کاتێکیش ژاپۆنییەکان ناهێڵن چینییەکان ببنە زلهێزێکی جیهانی.

## ٩- کێشە ناوەخۆییەکان

## تبت

ژمارەی گەلی تبت دەگاتە نزیکەی ٦ ملیۆن کەس، بەشێکی زۆریان لە چین دەژین. ٢٠٠ هەزاریشیان لەدەرەوەی چین دەژین بەتایبەت لە هیندستان. خاکی تبت دەکەوێتە بەرزترین شوێنی جیهانەوە، هەر بۆیە هەر لە کۆنەوە بە (سەقفی جیهان) ناسراوە. زۆرینەی تبتییەکان

بودی لاماستین، له دێرزه‌مانه‌وه ئاینی بودی له‌م ناوچه‌یه‌دا بڵاو بووه‌ته‌وه. گه‌لی تبت هه‌تا سه‌ده‌کانی ٧یش هیچ فه‌رمانڕه‌وایه‌کی تبتی نه‌بوو. وه‌لێ پاشان فه‌رمانڕه‌وایییه‌کی تبتی به‌سه‌رۆکایه‌تیی Yarlung-Dynastie دروست بوو، که هه‌تا ٨٤٢ ساڵ فه‌رمانڕه‌وایی ناوچه‌ی تبتی ئێستای کرد(١٥٠).

## ده‌لای لاما

ده‌لای لاما له دوو وشه‌ی مه‌نگۆلییه‌وه هاتووه که به‌مانای (مامۆستای پیرۆز) دێت. له ساڵی ١٥٧٨ بۆ سه‌رۆکی بودییه‌کانی تبت و مه‌نگۆلای نازناوی (ده‌لای لاما)یان بۆ به‌کار ده‌هێنن. جێگه‌ی ئاماژه‌یه هه‌ر له‌و ساڵه‌وه ئه‌و که‌سه بووه‌ته سه‌رۆکی رۆحی و سیاسیی ئه‌م خه‌ڵکه. هه‌تاوه‌کو ئه‌مڕۆش ده‌لای لاما به‌سه‌رۆکی رۆحی و سیاسیی تیبتییه‌کان ده‌ژمێردرێت(١٥١).



ده‌لای لاما ١٣ (١٨٧٦,١٩٣٣)    ده‌لای لامای ١٤(١٩٣٥)

## مێژووی تبت

هه‌روه‌کو پێشتر باسم کرد، که یه‌که‌مین فه‌رمانڕه‌وای تبتییه‌کان ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ سه‌رده‌می ٧ی زاینی و تا ماوه‌ی ٨٤٢ ساڵ به‌رده‌وام بوو. پاشان فه‌رمانڕه‌واکانی چین ده‌ستیان گرت به‌سه‌ر هه‌رێمی تبتا. وه‌لێ هه‌موو کاتێك تبتییه‌کان خاوه‌نی نیمچه سه‌ربه‌خۆییی خۆیان بوون. هه‌موو کاتێکیش ده‌لای لاماکان له‌گه‌ڵ فه‌رمانڕه‌واکانی چین، پێوه‌ندیان باش بووه. ساڵی ١٩٠٣ ئینگلیز ئه‌م هه‌رێمه داگیر ده‌کات. ده‌لای لامای ١٣ ناچار ده‌بێت به‌ره‌و مه‌نگۆلیا کۆچ بکات. جێگه‌ی ئاماژه‌یه هیچ کاتێك رۆئاوایییه‌کان باسی داگیرکاری و چه‌ته‌گه‌ریی ئینگلیز له تبت ناکه‌ن و خۆیانی لێ گێل ده‌که‌ن. پاش رزگاربوونی هیندستان له ده‌ستی چه‌ته‌گه‌ریی ئینگلیز،

---

(150) ww.wekipedia.de.Tebit Volks.

(١٥١) هه‌مان سه‌رچاوه.



کۆشکی بوتالا لە پێتەختی تیبت لاسا

ساڵی ١٩٥٠ لەشکرەکەی ماو ئەم هەرێمەی داگیر کرد. هەتا ساڵی ١٩٥٧ ڕاپەڕینێك بەسەرۆکایەتیی دەلای لامای ١٤ سەری هەڵدا، بەداخەوە زۆر بەتوندی ئەم راپەرینە سەرکوت کرایەوە و دەلای لاما ١٤ هاوپێناوەکانی بەرەو هیندستان ڕایان کرد[١٥٢].

## تبت پاش ساڵی ١٩٥٠

تبتییەکان لە پاش ساڵی ١٩٥٠ ڕاستە لەلایەن چینەوە داگیر کران، وەلێ ئەم هەرێمە خاوەنی ئۆتۆنۆمیی خۆیەتی. جگە لەوەی کە هیچ کاتێك تبتییەك بەشێوەیەکی سووك و ناشیرین سەیر نەکراوە و زمان و کولتووری تبتی ئازاد بووە. وەلێ نابێت ئەوەشمان لەبیربچێت لەساڵانی هەراکەی (شۆڕشی کولتووری. ١٩٦٦ /١٩٧٦) ئەم هەرێمەش بەشی خۆی لە سیاسەتی توندڕەوی ماو بەرکەوت. زیاتر لە ٦٠٠٠ هەزار پەرستگای بودی سووتێنراو هێندەش راهیبی بودی گیران و کوژران. وەلێ نابێت ئەوەمان لە بیر بچێت، کە ئەم سیاسەتە لە سۆنگەیەکی ناسیۆنالیستییەوە سەری هەڵنەداوە، بەڵکە لە سۆنگەی بیرێکی توندڕەوی سیاسییەوە سەری هەڵداوە. بەواتایەکی تر ئەو پەرستگایان سووتێنران، نەك لەبەرئەوەی هی تبتییەکان بوو، بەڵکە ئەو کاتە هەموو پەرستگاکانی چین سووتێنران و وێران کران.

## ریفۆرمەکانی چین لە تبت

هەروەکو پێشتریش وتمان کە هەرێمی تبت خاوەنی ئۆتۆنۆمییەکی سیاسیی خۆیەتی. ڕاستە ئەم هەرێمە لەلایەن چینەوە داگیر کرا، وەلێ لە ڕووی ئابووری و کولتووری و پەروەردە و

(١٥٢) هەمان سەرچاوە.

ڕۆشنبیرییەوە، کۆمەڵێك هەنگاوی باش نراوە. بۆنموونە هەتاوەکو ساڵی ١٩٥٠ هیچ ڕۆژنامە و دەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوە نەبوو. ئەوە تیڤی و ڕادیۆ هەر نەبووە. بەواتایەکی تر هەتا هاتنی چینییەکان بۆ ئەم هەرێمە، لە زۆر ڕووی شارستانییەوە دوا کەوتبوو.

ساڵی ١٩٥٣ یەکەمین دەزگای ئیزاعی لە تبت دامەزرا، ساڵی ١٩٥٩ یەکەمین کەناڵی تیڤی دامەزرا. ئەمڕۆ زیاتر لە ٣٥٤ ڕادیوی FM هەیە و هەمووشی بەزمانی تبتی بەرنامەکانی خۆی پێشکێش دەکات. هەتا ساڵانی پەنجاکانیش سینەما و شانۆ لەم هەرێمەدا بوونی نەبوو. ئەمڕۆ ٤٣٦ سینەما و ٦٥٠ هۆڵی شانۆیی هەیە. لەڕووی چاپخانەو ڕۆژنامەشەوە گۆڕانکارییەکی زۆر کراوە. لە ساڵی ١٩٥٦ دەزگای پەخش و بڵاوکردنەوەی (ئەدەب و هونەری تبتی) دامەزرا. هەتاوەکو ئەمڕۆ زیاتر لە ٦٦٠٠ کتێبی هەمەجۆر بەزمانی تبتی چاپ کراوە. ئەمڕۆ زیاتر لە ٥٢ ڕۆژنامەو کۆوار، بەزمانی تیبتی دەردەچێت، هەموو ئەمانەش لەلایەن حکوومەتی چینەوە پشتگیری دەکرێت(١٥٣). لە ڕووی ئابووریشەوە پێشکەوتنێکی ئێجگار گەورە لەم هەرێمەدا ڕووی داوە. لە ساڵی ١٩٥٩ وە تا ئەمڕۆ، ئابووریی تبت ١٧١ جار زیادی کردووە. داهاتی تاکی ساڵانەی تبتییەکان دەگاتە ١٢ هەزار یوان.

داهاتی ساڵانەی جووتیار و شوانکارەکانی تبت زۆر لە خەڵکی تر زیاترە و دەگاتە نزیکەی ٢٧٠٠ هەزار یوان. ئەمڕۆ لە هەموو بوارەکاندا پیشەسازی و بازرگانی، سەرمایەگوازی دەکرێت.

لە ڕووی تەکنەلۆجیشەوە چەندین دەزگای ئابووری و تەکنیکی گەورە دامەزراوە. ئەمڕۆ ١٧ دەزگای تەکنۆلۆجی هەیە و زیاتر لە ٢٦٩٠٠ کادری تەکنۆلۆجی تبتی هەیە(١٥٤).

من کاتێك سەیری ئەم هەرێمە و کوردستان دەکەم، ئاسمان و ڕێسمانی جیاوازە. ئەو مافانەی کە تبتییەکان هەیان، کورد لە تورکیا و سووریا دەبێت خەونی پێوە ببینێت. هەتاوەکو ئەمڕۆ لە تورکیا، کوردبوون سزای لەسەرە، قسەکردن بەزمانی کوردی تاوانە، وشەی کوردستان بڤەیەکی گەورەیە. لە ڕووی ئابووری و ڕۆشنبیری و فەرهەنگییەوە، ئەو کارانەی چینییەکان لە تبت کردوویانە، دەبێت کورد لە هەر چوار پارچەکەدا خەونی پێوە ببینێت. وەلێ نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت و هیچ کاتێك تاوانی وا گەورە نەکەین، کە نەتەوەیەکی مەزن و خاوەن کولتوورێکی گەورەی وەکو چین، بەنەتەوەیەکی چەتەگەر و بەربەری تورك بشوبهێنن.

## چین و کێشەی تبت

ئەمڕۆ تبت بەیەکێك لە کێشە ناوەخۆییەکانی چین دەژمێردرێت. وە هیچ کەسێکیش ناتوانێت

(١٥٣) قضية الصحافة والنشر والإذاعة والأفلام والتلفزيون تتطور سريعا.
www.arabic.xinhuanet.com/arabic.

(١٥٤) صحيفة الشعب ئونلاين اليومية. الاقتصاد القومي في التبت ٢٠٠٨/٤/٢٣.

خۆی لەم کێشەیە گێل بکات. هەرچەندە لە چین کەمەنەتەوەی تر هەیە، وەلێ هیچ کاتێك ڕۆئاوا باسیان ناکات. بەدڵنیاییەوە ئەوروپا و ئەمەریکا، کێشەی تبت بۆ بەرژەوەندیی خۆیانی بەکار دەهێنن. لە کاتێکدا ئەمەریکا و ئەوروپا داوای مافی تبتییەکان دەکەن، کەچی بەئاشکرا پشتگیری لەناوبردن و تواندنەوە کورد دەکەن. لەکاتێکدا ژمارەی دانیشتووانی کورد ٤٠ ملیۆنە کەسە. هەربۆیە بۆمنێکی کورد، کاتێك ئەورووپی یان ئەمەریکیەك دەبینم باسی ماڤی تیبتی دەکات، دەبێتە جێگەی گاڵتەجاریم. هەمووکاتێك تیبت کارتێك بووە لەدژی چین بەکارهێنراوە. بۆنموونە لەکاتی ئولۆمپیادا، بەئاشکرا هانی دەلای لامای ١٤ یان دا، کەدەست بکات بە ئاژاوەگێری لەناوچەکەدا، تاوەکو ئۆلۆپیاد تێکدەن.چەند کەسێك گیران، هەموو میدیاکان باسیان لێودەکرد، کەچی کاتێك کە رژێمی فاشیستی توورکی پەلاماری ژن و منداڵی کوردی دەدا، هیچ دەزگایەکی ئیعلامی رۆئاوایی باسی ناکات، بەڵکە کاتێك ئەردۆگانی سەرۆکی فاشیزمی تورکی بەئاشکرا وتی (ئێمە دەست لە ژن و منداڵ ناپارێزین)، لە جیاتی ئەوەی رەخنەی لێ بگرن، جۆرج بوش بەئاشکرا لێداونێکی داو پشتگیریی خۆی بۆ ئەردۆگانی فاشی دوویات کردەوە.

بە بڕوای من باشترە بۆ چین بەشێوەیەکی ژیرانە لەگەڵ تبتییەکان دانوستاندن بکات، هەروەك چۆن لە سەردەمەکانی پێشوودا تبتییەکان سەربەخۆ بوون لە ئیمپراتۆریەتی چیندا، باشترە ئێستاش هەمان سەربەخۆیی خۆیان وەربگرنەوە. بەدڵنیاییەوە گەر ئەم کێشەیە چارەسەر نەکەن، ئەوا رۆئاواییەکان ئەم کارتە بۆ مەرامی گڵاوی خۆیان بەکار دەهێنن.

## کێشەی تایوان

دوورگەی تایوان دەکەوێتە باشووری رۆئاوای چینەوە، ڕووبەری گشتیی دەگاتە نزیکەی ٣٥,٨٠١ کم٢ ، ژمارەی دانیشتوانی دەگاتە نزیکەی ٢٣ ملیۆن کەس. ٨٤٪ ی خەڵکی تایوانن (٧٠٪یان تایوانی Hoklos، ١٤٪ یان تایوانی Hakkas). ١٤٪ چینی کە لە چینەوە هاتوون. ٢٪ خەڵکی رەسەنی تایوانن، ئەوگەلەی کەچەندین ساڵە لەم دوورگەیەدا ژیاوە. دیارە چینییەکان لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە هاتنە ناو ئەم دوورگەیە و داگیریان کرد. ئەم دوورگەیە چەندین هێزی داگیرکەریی بەخۆیەوە بینیوە. لەساڵی ١٥٨٣ بۆیەکەم جار پورتوگالییەکان هاتن و داگیریان کرد. پاشان ساڵی ١٦٢٦ هۆڵەندا داگیر کرد و کردی بە بنکەی سەرەکیی خۆی. دەبێت ئەوەش بڵێم، کە هێرشی کۆچبەرانی چینی لەسەردەمی هۆڵەندیەکاندا بۆ ئەم دوورگەیە زیادی کرد. پاشان نۆرەی ئیسپانییەکان هات و، ساڵی ١٦٢٨ تایوانیان داگیر کرد و پاشان چینی داگیرکرد. هەتا ساڵی ١٨٩٤ پاش دۆراندنی چینییەکان، ئەم دوورگەیە کەوتە ژێردەستی ژاپۆنییەکانەوە. هەتا ساڵی ١٩٤٨ کاتێك ژاپۆن لە جەنگی دووەمدا دۆڕا، ئەم دوورگەیە ڕزگاری بوو. پاش ئەوەی پارتی کۆمینتانگ بەسەرۆکایەتیی Chiang Kai-shek جەنگی ناوەخۆیان دوڕاند. لەشکری کۆمینتانگ و بەشێکی زۆری حکوومەتەکەی Chiang Kai-shek

کە ژمارەی هەموویان دەگەیشتە نزیکەی ١,٥ ملیۆن کەس، بەرەو تایوان رایان کرد. دیارە ئەمەریکاش زۆر یارمەتیی دەرچوونی دان.

لە ساڵی ١٩٤٥ Chiang Kai-shek کۆماری چینی دامەزراند. هەتا ساڵی ١٩٨٧، حکوومەتی دیکتاتۆری کۆمینتانگ بەردەوام بوو. پاش ئەو ساڵە هەڵبژاردنی ئازاد کرا و، ڕێگە بەژیانی دیمۆکراسی درا(١٥٥).

## ئابووریی بەهێزی تایوان

تایوان خاوەنی ئابوورییەکی ئێجگار بەهێزە، بەرهەمی نەتەوەیی ساڵانەی تایوان دەگاتە ٣٨٣,٣ ملیارد دۆلار. داهاتی تاکی تایوانی دەگاتە ١٦,٠٠٠ دۆلار لە ساڵێکدا. کە ئەمەش ڕێژەیەکی ئێجگار بەرزە(١٥٦).

## لە جەنگی ناوەخۆوە بۆ جەنگی دەوڵەتان

کێشەی تایوان کێشەیەکی ناوەخۆی چینییە. ئەم کێشەیە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە هەڵی دا. ئەوکاتەی هەردوو پارتی کۆمۆنیست و کۆمینتانگ، لەسەر خلافی فیکری جەنگێکی ناوەخۆی گەورەیان هەڵگیرساند و، بە دەرکردنی حکوومەتی کۆمینتانگ کۆتای پێ هات.

ئەم حکوومەتە هەر لە سەرەتاوە ئاڵای دژایەتیی کۆماری گەلی چینی هەڵگرتووە. کێشەکە لەوەدایە، کە هەتا سەردەمانێکی زۆر، هەردوولا جەستەی خاك و گەلی چینیان بریندار کردبوو، کاتێك کە کۆمینتانگ لە وڵاتی چین دەرپەڕێنرایە دەرەوە بۆ دوورگەی تایوان، کێشەکە کۆتای نەهات. بەڵکە کێشەکە گەورەتر بوو، تا وای لێ هات ببێتە کێشەیەکی نێودەوڵەتی. ئەم کێشەیەش تەنیا بە ڕۆحی دیالۆگ و نیشتمانی چارەسەردەکرێت. ئەمڕۆ کێشەی تایوان بووەتە کارتێك بەدەست ئەمەریکاوە، زۆرجار چینی پێ ئیستیفزاز دەکات. بەداخەوە زۆرجاریش هەردوولا بۆشی خۆیان داوە بەدەستی ئەمەریکاوە، دەنا گەر ئەوان لە نێوان خۆیاندا ڕێك بکەون، ئەمەریکا ناتوانێت تەداخول بکات. بەبڕوای من پێویستە چین بۆ ئەوەی ببێتە زلهێزێکی مەزنی جیهان، پێویست کێشەی تایوان بەڕێگای دیالۆگ و ئاشتی چارەسەربکات. ئەوەی جێگەی خۆشحاڵیە، کە لەم چەند ساڵەی دواییدا، پێوەندیی هەردوولا زۆر باش بووە، بازرگانی و سەرمایەگوزاری لە هەردوولا هەیە. کە ئەمەش ڕێگەخۆشکەرێکە بۆ چارەسەکردنی تەواوی ئەم کێشەیە. گاڵتەجارییەکە لەوەدایە، کاتێك چین داوای گەڕاندنەوەی تایوان بۆ باوەشی دایکی دەکات، ئەمەریکا هەڕەشە لە چین دەکات و زۆرجار چین بە هێزێکی داگیرکەر وەسف دەکەن. کەچی کاتێك تورکە فاشیستەکان دوورگەی قوبرسیان داگیر کرد، ئەمەریکا نەك دژیان

---

(155) www.Wikipedia.de.Taiwan

(١٥٦) هەمان سەرچاوە.

نەوەستا، بەڵکە پشتگیریی ئەو داگیرکردنەشی کرد. هەتاوەکو ئێستاش ئەمەریکا زۆر لە ئەوروپا دەکات، کە پشتگیریی ئەو داگیرکردنە بکەن.

### زۆربوونی گیانی نەتەوەپەرستی

چین کە خاوەنی کۆنترین شارستانیی مرۆڤایەتییە، هیچ کاتێك رژێمێکی فاشیستی حوکمی نەکردووە. ئاخر مەزنی چین لەوەدایە، کە خاوەنی هەزاران ساڵەی فەرمانرەوایییە، کەچی هەتاوەکو ئەمڕۆش پەلاماری هیچ وڵاتێکی دراوسێی نەداوە. هەر ئەمەش بەجوانترین خاڵی ئەم وڵاتە مەزنە دەژمێردرێت، بگرە شەیداییی من بۆ ئەم وڵاتەش، لەم خاڵەوە سۆنگەی خۆی دەگرێت. چین هەتا سەردەمانەکی زۆریش هەستی نەتەوەپەرستی و فاشیزمی بەخۆوە نەدیوە. نەتەوەپەرستیی چینی بەپێچەوانەی نەتەوەپەرستیی ژاپۆنی و ئەوروپییەوەیە. ناسیۆنالیزمی چین، وەکو رەنگدانەوەیەك یان کاردانەوەیەکی رۆحیی چینییەکان بوو، کاتێك وڵاتەکەیان لەلایەن هێزە وەحشییە ئەوروپی و ئەمەریکی و ژاپۆنییەکاوە، بەدڕندەترین شێوە پەلامار دران. ئەم وڵاتە سەرتاپای بەخوێن ئاو درا، بارانی تاوان هەموو کونج و کەلەبەرێکی ئەم وڵاتەی داگیر کرد. لاشەی ناسکی کیژان و ژنانی چینی ئەتك دەکرا، منداڵانی دەکرانە کۆیلە و لە بازاڕ و سەربازگەکاندا دەچەوسێنرانەوە، بەتایبەتی لەکاتی پەلاماری هێزە وەحشییەکەی ژاپۆنییەکاندا، کە مەگەر تورك وای بەکورد و گەلانی تر کردبێت. هەر بۆیە ئێمە ناتوانین دژی ئەو رۆحە پاکەی ناسیۆنالیزمی چینی بووەستینەوە. چونکە لەو ساڵانەدا ناسیۆنالیزم گرینگ بوو، بۆ لەناوبردنی زوڵم و زۆرداری داگیرکەران. وەلێ بەداخەوە ئەو ناسیۆنالیزمەی کە ئەمڕۆ هەیە، دەتوانین بڵێین ناسیۆنالیزمێکی نەخۆشە. ناسیۆنالیزمێکە کە بە فاشیزم ئاوڕشێن کراوە. دیارە بەحوکمی ئەوەی چین، وڵاتێکی فرە مەزهەب و فرە نەتەوەیە، هەمووکاتێك زیادبوونی رۆحیی نەتەوەپەرستی، زەرەری بۆ ئەم وڵاتە دەبێت. بەداخەوە ڕۆژ لە دوای رۆژیش، ئەم ڕەوتە توندڕەوەی ناسیۆنالیزمی چینی بەهێزتر دەبێت. بەبڕوای من ئەمەش بەیەکێك لە کێشە ناوخۆیییەکانی چین دەژمێردرێت، کە لە داهاتوودا زۆر ئازاری دەدات.

## ١٠ - کێشە کولتوورییەکانی چین

ڕاستە چین خاوەنی کولتوورێکی کۆن و بەهێزە، وەلێ ئەمە مانای ئەوە نییە، کە خەڵکی لە جیهاندا دوای ئەم کولتوورە کۆنە بکەون. کە باسی کولتووری زلهێزێك دەکەین، مانای زۆر شت دەگەیەنێت. ئەمەریکییەکان کە بە بڕوای من بریتن لە کۆمەڵێك چەتە و باندی مافیا کە بە زۆر خۆیان بەسەر جیهاندا سەپاندووە. وەلێ لە هەمان کاتیشدا شتێکیان بەناوی کولتووری ئەمەریکی دروست کردووە، کە ئەمڕۆ خەڵکی لە جیهاندا پێیان خۆشە. وەکو (گۆرانی، فیلم، ماکدۆنالد، کۆکا کۆلا). وەلێ بەداخەوە هێشتا چین لە ڕووی کولتوورییەوە نەگەیشتووەتە ئەو

ئاسته. هەتاوەکو ئەمڕۆش نەفیلمی چین دەتوانێت مونافەسەی ئەمەریکی بکات و ببێتە مێوانی هەموو تیڤییەك، وە نەگۆرانی چینیش هێندە لە جیهاندا رەواجی هەیە. بەڵکە زیاتر لە ناو چینییەکاندا رەواجی هەیە.

## زمان

پێش دوو ساڵ لەمەوپێش لەگەڵ برادەرێکی ئەڵمانی باسی چینمان کرد، ئەو کلیلی دەرگایەکی داخراوی دایە دەستم. کاتێك باسی زلهێزی چینمان کرد، ئەو مەسەلەی زمانی هێنایە گۆڕێ. وتی من لەو باوەڕەدا نیم، کە هیچ کاتێك زمانی چینی جێگەی زمانی ئینگلیزی بگرێتەوە، وتم بۆچی، وتی ئەم زمانە لە ڕووی فێربوونەوە زۆر زەحمەتە. لە ڕووی ڕێنووس و فۆنەتیك و گراماتیك هەتا بڵێیت زمانێکی قورسە. خۆی لە خۆیدا گەر سەیری زمانی چینی بکەین، دەبینین کۆمەڵێك ئاڵۆزی گەورەمان تووش دەبێت. زمانێك کە هەتاوەکو ئەمڕۆش، تەنیا بە وێنە دەنووسرێت، زیاتر لە ١٠ هەزار وشەی هەیە، کە بۆ هەریەکەیان چەند وێنەیەکمان پێویستە. جا تۆ وەرە ئەم لەگەڵ شێوەی نووسینی ئینگلیزی بەراورد بکە، ئەوجا دەزانیت، کە چەندە جیاوازییان هەیە. کاتێك لە سەرۆکی کۆمپانیای زیمنسی ئەڵمانی (Heinrich von Pierer) یان پرسی، ئایا پێشبینی ئەوە دەکەیت کە منداڵەکانمان چینی بخوێنن. لە وەڵامدا وتی نەخێر، زمانی ئینگلیزی هەر بەزمانی جیهانی دەمێنێتەوە[١٥٧].

ئەمساڵ کاتێك ویستم بچم لە یەکێك لەپەیمانگەکاندا زمانی چینی بخوێنم، پێم سەیر بوو، کاتێك پێیان وتم دەبێت لەگەڵ چینیشدا ئینگلیزی بخوێنیت. خۆی کۆرسەکە ٦ سیمستەر بوو، سێ ئینگلیز و سێ چینی. کاتێك لە مامۆستاکەم پرسی بۆچی وایە، وتی چونکە ئینگلیزی لە چیندا زۆر بڵاوە. هەر بۆیە کاتێك یەکێك بیەوێت چینی بخوێنێت، دەبێت ئینگلیزیش بزانێت. دیارە ئەم یاسایە لە هەموو پەیمانگەکانی جیهاندا پێڕەو دەکرێت. نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت، کە هەتاوەکو ئەمڕۆش ئینگلیزی زمانی رەسمیی هەرێمی هۆنگ کۆنگی چینە.

### هێرشی کولتووری رۆئاوایی بۆ چین

بمانەوێت یان نەمانەوێت، کاتێك رۆئاوا دێتە وڵاتێکەوە تەنیا کارگە و سەرمایەکەی لەگەڵ خۆی ناهێنێت، بەڵکە کولتووری خۆشی دەهێنێت. ئەمڕۆ لە بەشێکی زۆری شارەکانی چیندا، ماکدۆنالدو کابۆی جینس و گۆرانی و فیلمی ئەمەریکیی هەیە. ڕاستە هەتاوەکو ئەمڕۆش چینییەکان پارێزگاری لە کولتووری مەزنی خۆیان دەکەن. ڕاستە هێشتا گەردەلوولی فیلم و گۆرانیی ئەمەریکیی چینی داگیر نەکردووە، وەلێ ئەمە مانای ئەوە نییە، کە ئەم وەزعە هەر وا

---

(157) Spiegel Special. China , Aufstieg zur Weltmacht.2004.S53.


گەنجێکی چینی گۆرانیی رۆك دەڵێت

دەمێنێتەوە. ئەمڕۆ لە ناو بەشێکی زۆری چینییەکان بەتایبەت لاوەکانی، هەوادارییەکی زۆر بۆ رۆئاوا هەیە. بەشێکیان کێشەیان لەگەڵ گۆرانیی ئەمەریکی و ماکدۆنالدو جلوبەرگ و فیلمی ئەمەریکیدا نییە. بەڵکە بەپێچەوانەوە بەسەدان گرووپی گۆرانیی رۆك و پەپ لە شارەکانی شەنگهای و پکین هەیە. بەشێکی زۆری گەنجەکانی ئەم شارانە شەوانی هەینی، لە دیسکۆکاندا گۆرانی و دانسی ئەمەریکی دەکەن. لە هەمان کاتیشدا ساڵانە هەزاران خوێندکاری چینی ڕوو لە ئەمەریکا دەکەن و لە زانکۆ و پەیمانگەکانی ئەمەریکدا دەخوێنن. ئەمانە کاتێك دەگەڕێنەوە بەشێکی زۆریان بوونەتە ئەمەریکی. یان بەلایەنی کەمەوە حەزیان بەو جۆرە ژیانە هەیە. کێشەکە لەوەدایە حکوومەتی چینیش هیچ ڕێگە لە چوونی ئەم خوێندکارانە ناگرێت، بەڵکە زۆرجار لەسەر بودجەی حکوومەت دەچن لە ئەمەریکا دەخوێنن. بەبڕوای من پاش چەند ساڵێکی تر، چین کێشەیەکی گەورەی لەگەڵ ئەم نەوەیەدا بۆ تووش دەبێت.

## ١١ - ناوچەگەری

یەکێك لە کێشە گەورەکانی تری چین، دروستبوونی هەستی ناوچەگەرییە. ئەمڕۆ بەشێکی زۆری ئابووریی چین دەکەوێتە ناوچەکانی باشووری چینەوە. بەشەکانی تری چین، بەتایبەت باکور و رۆژهەڵات و روئاوای چین، بەشێکی ئێجگار کەمی بەردەکەوێت. ئەم ناوچانە بەشێکی کەمیان لە ڕۆشنایی ئابووری و خۆشگوزەرانی و ئاوەدانی بەردەکەوێت. هەموو ئاوەدانی چین دەکەوێتە ناوچەکانی باشوورەوە بەتایبەت ئەو شارانەی کە دەکەونە سەر کەناری دەریا لە پێش هەمووشیانەوە شەنگهای.

ئەمەش وای کردووە کەچین بکاتە دوو هەرێمی دژ بەیەکەوە. هەرێمێك کە ئاوەدان و خوشگوزەرانی بەردەوامی تێدایە، لە بەرامبەردا هەرێمێکی هەژار و دواکەوتوو هەیە. ئەمەش وایکردووە کەخەڵکی ئەوناوچانە، هەستێکی نێگەتیڤیان لا دروست بێت. زۆرجار هەست بەدوورەپەرێزی و پشگوێخستن دەکەن. بەبڕوای من گەر حکوومەتی چین هەوڵی ئاوەدانی و بووژاندنەوەی هەرێمەکانی تر نەدات، ئەوا لە داهاتوودا ئەم کێشەیە گەورەتر دەبێت. چونکە هیچ کاتێك خەڵکی ئەم ناوچانە هەر وا بێدەنگ نامێننەوە، بەڵکە ترسی جیابوونەوە و ڕاپەڕین بەهێزتر دەبێت.

## سەرچاوەکانی بەشی چوارەم


1- Spiegel Special. China , Aufstieg zur Weltmacht.2004.

2- www.Wikipedia.de.

٣- صحيفة الشعب ئونلاين اليومية.. http://arabic.people.com.cn

4- www.arabic.xinhuanet.com/arabic.

٥- نعوم تشومسكي. سنة ٥٠١. الغزومستمر. ترجمة. مي النبهان. دار المدي. الطبعة الثانية ١٩٩٩. سوريا. ديمشق.

٦- دانييل بورشتاين. ارنية دي كيزا. ترجمة شوقي جلال. التنين الاكبر. الصين في القرن الواحد والعشرين. عالم المعرفة. الكويت. يوليو ٢٠٠١ .

7- http://www.agenda21-treffpunkt.de. Drei-Schluchten Staudamm.

8- Xuewu Gu / Maximilian Mayer.Chinas Energiehunger:Mythos oder Realität ?.. Oldenbourg Wissenschaft Verlag.München. 2007.

9- Der gröte Staudamm der Welt zähmt Eurasiens längsten Flu.. http://www.eurasischesmagazin.de

10- http://www.geo.de.Die Zähmung des “Langen Flussesl

11- www.BBC.Arabice

12- Bruns/Homlong. Wirtschaftspartner China.LexisNexis Verlag. Wien.2005.

١٣- عەلی مەحموود. چین هەوارگەی ئایدیۆلۆجیا یان،،، www.dengekan.com

14- www. China Observer.com.

15- Information. bpb. Zur politischen Bildung. 289. Volksrepublik China..

16- www. German CRI. Com...

17- Qinglian He.Aus dem Chinesischen. Von. Christine Reisner. China in der Modernisierungsfalle.bpb Verlag. Bonn. 2006.

18- China droht schlimme Arbeitslosigkei.www.Handlesblat.com

19- Janis Vougiokas. Chinas neue Reiche. Süddweutsche Zeitung.13/10/ 2007

20- www.Fokus.de.Zhal der Mllionäre Steigt Sprunghaft.05/09/ 2008.

21- Johnny Erling.Armut in China. Welt Online. 26.Mai.2006. .

22- Belle Yang. Auf den Schultern meines Vater.aus dem Amerikanischen von. Charlotte Franke. Albrecht Knaus GmbH. München. November 1997.

٢٣– مۆنتسكيۆ. رۆحی یاساکان، وەرگێڕانی ئیدریس شێخ شەرەفی. چاپی دووەم. دەزگای وەرگێڕان. هەولێر.
٢٤– د. ناسر عوبێد ئەلناسر، دیاردەی گەندەڵی. وەرگێڕانی سەلاح شاکەلی. دەزگای موکریان. کوردستان. هەولێر. ٢٠٠٥.

25- Stefan Brehm. Die Integration der VR China in eine globale Finanz-und Währungsordnung.Lit. Verlag. Berlin. 2007

26- Jan Johannsen. Internetnutzer: China überholt die USA.www.netzwelt.de.

27-Roland Specker. China und das Internet. Zürich.1997. www.socio.ch

28-Jörg-Meinhard Rudolph. Soziale und wirtschaftliche - Herausforderungen Chinas:.wwbpc.de.

29- www.china2day.de/cinesische-medizin

30- www.ichkoche.at/Die-Chinesische-Kueche

31- www.qype.com/de/categories/-chinesische-restaurants-in-regensburg

32-Rüdiger Machetzki. China. Ein neuer Global Player in Ostasien?/ www.bpb.de.

33- Zbigniew Brzezinski.Die einzige Weltmacht. Amerikas Strategie der Vorherrschaft. S.Fischer Verlag. GmbH. Frankfurt am Main. Februar.2002.

34- Die chinesischen Hochschulen im Überblick.www.china-guide.de

35- Martin Guan Djien Chan. Der erwachte Drache. Gromacht China im 21.jahrhundert. Konrad Theiss Verlag. Stuttgart. 2008.

36- Georg Blume und Babak Tavassolie.China Realitätsschok. Die Zeit.23.10.2006.

37- www.encarta.msn.com.

38- Dr.Klaus Bruns. Dr. Nathalie Homlong. Wirtschaft Partner China. Lexis Nexis Verlag. Wien. 2006.

39- www.china.ahk.de. Die wichtigsten Handelspartner..

٤٠– ٢٠٠٨/٨/٥ میدل ایست اونلاین. العمالة الصينية المتفانية تُذهل الأفارقة وتخيفهم.

41- Wolfgang Schonecke. Chinas Rolle in Afrika. Netzwerk Afrika.Deutschland.

42- Anne Guhl.China will Beziehungen zum “schwarzen Kontinent” ausbauen.www.Uni.kassel.de.

43- Tobias Hänni.Wirtschaftliche Beziehungen zwischen Lateinamerika und China.www.weltpolitik.net.

44- Jörg Husar. Chinas Engagement in Lateinamrika.Verlag für Entwikungpolitik.GmbH. Saarbrücken, 2007.

45- www.china9.de/lexikon/bevoelkerungszahl-china.php.

46- www.spiegel.de.

47- www.fac.de. DER TOURISMUS ERSTRAHLT IN CHINA.
48- Deutschen Reise Verbands(DRV).Fakten und Zahln zum Deutschen Reisemarkt.2007.Berlin.
49- Bundesagentur für Auenwirtschaft. Erfolgreich Investieren in der VR China.Köln..2007.
50- www://german.china.org.cn.
51- www.focus.de/finanzen/news/export.

## بەشی پێنجەم

## ئایا پێویستە مرۆڤایەتی بەم زلهێزە دڵشاد بێت؟

*"وا بزانم کاتی ئەوە هاتووە کە بە چاویلکەی ترسەوە سەیری چین نەکەین، بەڵکە ئەمڕۆ چین ڕۆڵی هەڵێکی مەزن دەبینێت بۆ ئەم کیشوەرە".*

مەهاتیر محەمەد سەرۆک وەزیرانی مالیزیا

## ئایا پێویستە مرۆڤایەتی بەم زلهێزە نوێیە دڵشاد بێت؟

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ئەمەریکا وەکو هێزێکی نوێ هاتە سەر شانۆی سیاسەتی جیهانی. ئا لەو سەردەمەدا هەموو مرۆڤایەتی بەدەستی چەتەگەری و بەربەریەتیی کۆڵۆنیالیزمی ئەوروپی لەسەر هەمووشیانەوە (ئینگلیز) دەیناڵاند. کاتێك ئەمەریکا بوو بەهێزێکی ئابووریی بەهێزی جیهانی، سەرەتا خۆی لە قەرەی ڕووداوەکانی ئەوروپا نەدا. هەر لە سەرەتاشەوە دژی بیری کۆڵۆنیالیزمی ئەروپی بوو (وەلێ هەرلەوکاتەشدا خۆی ئەمەریکای لاتین و فلیپینی!) داگیرکردبوو. هیچ کاتێکیش باسی کۆڵۆنیالیزمی خۆیانی نەدەکرد. لە ساڵی ١٨٢٣ تیۆری مۆنرۆ هاتە کایەوە(١). کە برێتی بوو لەوەی، کە ئەمریکا تەداخولی ئەوروپا نەکات، لە بەرامبەردا ئەوروپا تەداخول لە ئەمریکای لاتین نەکات. هەر لەو ساڵانەشەوە هەتا ئەمڕۆ چەتەگەری ئەمەریکی لەو کیشوەرە قارەمانە بەردەوامە. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ئەمەریکا بەسەرۆکایەتیی ویلسۆن پێشنیازی کۆمەڵێك بیری نوێی سیاسیی کرد. لەوانە (مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلانی ژێردەستەی جیهان، دانانی کۆمەڵەی گەلانی جیهان، داواکردنی بەڕێوەبردنی جیهان بەشێوەیەکی یەکسان کە هەموو گەلانی جیهان بەشداری لە بڕیاری سیاسیی جیهاندا بکەن، وەستانەوە دژی جەنگ، هاندانی ئاشتی و برایەتی لە نێوان گەلانی جیهاندا). هەموو ئەم پێشنیاز و بۆچوونانەش لەلایەن گەلانی ژێردەستەی ئاسیا و ئەفەریقاوە پێشوازیی لێ کرا.

وەلێ ئایا ئەمە تاوانێکی گەورە نییە، کە گەلێکی مەزنی وەکو چین بەکۆمەڵێك چەتە و بەرەبەری ئەوروپی بشوبهێنین؟!. ئەمەریکا لەسەر لاشەی ٤٠ ملیۆن مرۆڤ دروست بوو. هەر لە مرۆڤەوە تا دەگاتە درەخت و ئاژەڵیش سووتانیان. وڵاتێك کە هەتاوەکو ئەمڕۆش ژیانی لەسەر جەنگ و پەلاماردان وەستاوە. ئەمە لە حاڵەتێکدا چین هیچ کاتێك پەلاماری هیچ گەلێکی نەداوە، بەڵکە بەپێچەوانەوە هەموو کاتێك یارمەتیی گەلانی جیهانی داوە.

لە کاتی کێشەی ئابووریی ساڵی ١٩٩٨ کە هەموو ئاسیای گرتەوە، چین گەورەترین یارمەتیی ئەو گەلانەی دا. ئا لەو کاتەدا چین گەورەترین پاڵپشتی و هاوکاریی پێشکەشی ئەم گەلانەی کرد، لە کاتێکدا ئەمەریکا و ژاپۆن هیچ یارمەتییەکی ئەم گەلانەی نەدا، بەڵکە ئەمەریکا ڕاوەستا هەتا کێشەکە ڕووی دا، ئینجا تەداخولی کرد(٢). بەهەمان شێوەش لە کاتی کارەساتەکەی تسوونامیدا چین یارمەتییەکی ئێجگار مەزنی پێشکەشی ئەو گەلە لێقەومانە کرد.

(١) نعوم تشومسكي. سنة ٥٠١. الغزومستمر. ترجمة. مي النبهان. دار المدي. الطبعة الثانية.١٩٩٩ سوريا. ديمشق. ص ٤١.

(٢) ابراهيم نافع. ماالذي يجري في آسيا. موسسة الاهرام. الطبعة الاولي. القاهرة.١٩٩٨ ص١٢٧.

لە کاتی کێشەی ئابووریی ٢٠٠٨دا، کە ئەمەریکا خولْقاندی، هەموو جیهان بەتەمای چین بوو لەم کێشەیە رزگاری بکات. لە ڕاستیشدا چین گەورەترین یارمەتیدەری جیهان بوو بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی لەم کێشەیە(٣). لە ڕووی یارمەتیی داراییشەوە چین باشترین هاوکاریی گەلانی هەژاری جیهان دەکات. ئەمڕۆ چین هیچ باج ناخاتە سەر شمەکی (بەنگلادیش، کەمبۆدیا، میانمار،٢٧ ولاتی ئەفەریقی(٤)). کە ئەمەش باشترین یارمەتییە کە پێشکەشی ئەو گەلانە دەکرێت. ئەمڕۆ هێندەی چین یارمەتی گەلانی هەژاری جیهان دەدات، ئەوروپا و ئەمەریکا و ژاپۆن هێندە یارمەتییان نادەن.

وەلێ لە هەمان کاتیشدا نابێت ئەوەمان لە بیر بچێت، کە چین باشترین دۆستی ئەفەریقایە. ئەو کیشوەرەی کە ئەمڕۆ پێویستییەکی ئێجگار زۆری بەیارمەتیی مرۆڤایەتی هەیە. ئەو کیشوەرەی کە بە دەست (جەنگ و برسییەتی، دواکەوتووتی، نەخۆشی، نەبوونی خزمەتگوزاری، نەبوونی ئاو) دەناڵێنێت. ئەمڕۆ چین بە بڕی ٦ ملیارد دۆلار لە ٩٠٠ پڕۆژەی هەمەجۆردا سەرمایەگوزاری دەکات. جگە لەوەش ٧٠٠ پرۆژەی خزمەتگوزاری گرینگی پێشکەشی ئەفەریقا کرد. زیاتر لە ٢٠٠٠ کم هێڵی ئاسنین و ٣٠٠٠ کم ڕێگای سەیارەی دروستکردووە. لە قەرزی ٣١ دەوڵەتی ئەفەریقی خۆش بوو، کە دەگاتە بڕی ١٠,٩ ملیارد دۆلار. هەروەها گوومرگی لەسەر کالآ و بەرهەمی ٣٠ دەوڵەتی هەژاری کیشوەرەکە لابرد. جگە لە پێگەیاندن و فێرکردنی زیاتر لە ١٤٦٠٠ کادیری ئەفەریقی لە زانکۆ و پەیمانگاکانی چیندا. هەروەها زیاتر لە ١٥٠٠٠ ئەفەریقی لە نەخۆشخانەکانی چیندا چارەسەردەکرێن. کە ئەمەش خزمەتێکی ئێجگار گەورەی ئینسانییە(٥).

گاڵتەجاڕییەکەش لەوەدایە دەزگا ئیعلامییەکانی رۆژئاوا، چین بەوە تاوانبار دەکەن، کە پێوەندییەکی نامۆڕاڵی لەگەڵ ئەفەریقا هەیە. ئاخر ئەمە جێگەی گاڵتەجاڕی نییە، ئەوروپا کە خۆی هۆکاری سەرەکیی هەموو کێشەکانی ئەم کیشوەرەیە، کەچی ڕەخنە لە سیاسەتی چین دەگرێت.

دیارە رۆژئاوا هیچ کاتێك حەز ناکات ئەم کیشوەرە لەم کێشانە ڕزگاری بێت، بگرە هەتاوەکو ئەمڕۆش رۆژئاوا بەبیرێکی راسیزمانە بۆ ئەم کیشوەرە قارەمانە دەڕوانێت.

ڕاستە ئەمڕۆ چین پشتگیریی هەندێك رژێمی دیکتاتۆری وەکو (رژێمە فاشیستەکانی عەرەب و تورك و ئێران) دەکات. ڕاستە ئەمڕۆ چین گوێ بە بەندەکانی مافی مرۆڤ نادات.

لە هەمان کاتیشدا دژی تەداخولی کاری ناوەخۆی دەوڵەتانە و لە زۆر حاڵەتیشدا دژی

(٣) www.BBC.Arabic.com. 16/10/2008هل تنقذ الصين العالم من ازمتة المالية.

(٤) عەلی مەحموود، چین هەوراگەی ئادیۆلۆجیا یان، سایتی دەنگەکان، سایتی عەلی مەحموود.

(٥) ٢٠٠٨/٨/٥ میدل ایست اونلاین. العمالة الصينية المتفانية تذهل الأفارقة وتخيفهم.

یارمەتیدانی گەلانی چەوساوە بووە، کە بەدەستی رژێمە فاشیستەکانەوە دەیاننالاند وەکو لە کاتی کێشە گەلی کورد لەگەڵ رژێمی عەرەبی فاشیی تورك و فارس و عەرەبی. یان لە کاتی کێشەی بەلقانیشدا دژی تەداخولی نێودەوڵەتی بوو، هەروەك سکرتێری پێشووی نەتەوە یەکگرتووەکان بتروس غالی دەڵێت (هەموو کاتێك چین دژی تیۆری مافی مرۆڤی رۆژئاوایی و تەداخول لە کاری ناوخۆی دەوڵەتان بوو(٦).).

دیسانەوە ڕاستە چین پشتگیریی گەلانی چەوساوە و ژێردەستەی جیهان ناکات بۆرزگاری لە دەستی داگیرکەران. هەموو ئەمانە ڕاستن، وەلێ نابێت ئەوەمان لە بیر بچێت، کە ئەمڕۆ مرۆڤایەتی بەدەستی چەتەگەری و بەربەرییەتیی ئەمەریکی و ئەوروپی گیری خواردووە. ئەمڕۆ مرۆڤایەتی وەکو کەسێك وایە کە تا سەر لووتی لە ناو زەلکاوێکی تاواندا نووقم بووە، ئاساییە گەر کەسێك لەم حاڵەتدا هیوای بەپەلەپووشێکیش خۆش بێت. من دیسانەوە دەڵێم، ڕاستە چین لە هەموو ڕوویەکەوە بەدڵی ئێمە نییە، راستە کەموکوڕیی زۆری هەیە، وەلێ ئەوەی کە گرینگە بۆ هەموومان ئەوەیە، کە هەر چۆنێك بێت، هێزێك دروست بێت کەمێك ئەمەریکا سڵی لێ بکاتەوە. یان بەواتایەکی تر کەمێك چەتەگەری و بەربەرییەتیی ئەمەریکی کەم بێتەوە. من دیسانەوە دەڵێم، بوونی هێزێکی مەزنی وەکو چین لە زۆر رووەوە سوودی بۆ مرۆڤایەتی هەیە. کاتێك کە سۆڤێت هێزێکی مەزنی جیهانی بوو، سنوورێکی بۆ تاوانەکانی ئەمەریکا لە جیهاندا دانابوو. وەلێ پاش نەمانی ئەم زلهێزە جیهانییە، مرۆڤایەتی ڕووبەڕووی کۆمەڵێك کێشەی وەکو (برسییەتی و جەنگی ناوەخۆ، جەنگی بەزۆر سەپێنراوە بەسەر گەلانی جیهاندا) کە هەر هەمووشی لەلایەن ئەمەریکا و هاوپەیمانە ئەوروپییەکانیەوە بوو. من پێم وایە بوونی چین بەزلهێزێکی جیهانی، سوودی زۆر بە مرۆڤایەتی دەگەیەنێت. هەر هیچ نەبێت سنوورێك بۆ چەتەگەری ئەمەریکی دادەنێت. لەبەرئەوە پێویستە مرۆڤایەتی بەوپەڕی دڵخۆشییەوە پێشوازی لەم زلهێزە نوێیەی جیهان بکات.

## کورد و کۆماری چینی مەزن

بەحوکمی ئەوەی گەلی کورد دەوڵەت نەبووە، پێوەندیی گەلی کورد و چین زۆر فرە لایەن نەبووە. بەڵکە هەتا سەردەمانێکی زۆر تەنیا پێوەندییەکی بازرگانیی بووە، ئەویش لە ڕێگەی ئەو دەوڵەتانەی کە خاکی کوردستانیان داگیر کردووە. هەر لەدێرزەمانەوە شمەکی چینی لە بازاڕ و ماڵەکانی کورددا بوونی هەبووە، لەوانە (حەریر، شمەکی فەخفووری، چای و دەرمانی چینی).

---

(٦) الدکتور بطرس بطرس غالي. ٥ سنوات في بيت من زجاج. مؤسسة الاهرام. الطبة الاولى١٩٩٩، القاهرة. ص. ١٩٦ .

وەلێ لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی چینی و بڵاوبوونەوەی بیری ماویزم بەجیهاندا، بەتایبەت لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابودوودا، پێوەندی گەلی کورد پێ دەنێتە قۆناغیکی نوێترەوە. کە دەتوانین بە قۆناغی یەکترناسینی نێوان هەردوو گەلی دابنێین.

ئا لەو کاتەدا گرووپە چەپەکانی وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان، ڕۆڵیان لە بڵاوکردنەوەی بیری ماویزم لە کوردستاندا هەبووە. لە ڕێگەی ئەو بڵاوکراوانەی کە حکوومەتی چینی بەزمانەکانی (فارسی و عەرەبی و تورکی) چاپی دەکرد، گەلی کورد ئاشنایەتیی لەگەڵ ئەم وڵاتەدا پەیدا کردووە.

## پێوەندیی باشووری کوردستان و کۆماری چین

هەروەك پێشتریش باسم کرد، لە پاش شۆڕشی چینەوە بەشێوەیەکی سەرەکی کورد ئاشنایەتیی لەگەڵ ئەم وڵاتەدا پەیدا کردووە. لە هەمانکاتیشدا پێوەندیی کورد لە ڕێگەی گرووپە چەپەکانی ئەو وڵاتانەوە بووە، کە کوردستانیان داگیر کردووە. لە باشووری کوردستانیش هەتا کۆتای ساڵانی شەستەکان بیری ماویزم لە ناو کورددا بڵاو نەبووەتەوە. پاشتر لەگەڵ دروستبوونی باڵی مەکتەبی سیاسی و جیابوونەوەی لە باڵی بارزانی، بەتایبەت پاش بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی ڕزگاری کە زمانحاڵی باڵی مەکتەبی سیاسی بووە، بیری ماویزم لە ناو ڕۆشنبیران و خوێندکارانی کورددا بڵاوبووەتەوە.

## ساڵی ١٩٦٧ هاتنی گرووپی (سازمانی انقلابی حزب توده ایران) بۆ سلێمانی

لە ساڵی **١٩٦٧** یەکێك لە ڕەهبەرەکانی (سازمانی انقلابی حزب توده ایران) بەناوی دکتۆر جەلال (ناوی خۆی کورشی لاشائی) بووە، دێت بۆ سلێمانی بۆ ماوەیەکی زۆر لێرە دەمێنێتەوە. ڕابەری ئەم گرووپە ناوی (مەهدی باباخان تهرانی) بووە ماوەیەکی زۆر لە رادیۆی پکین بەشی فارسی کاری کردووە. ئەم گرووپە هەڵگری ماویزم بووە لە ئێران. ئەم پیاوە ماوەیەکی زۆر لە ماڵی عارف کەریم(*) دەبێت. هەر لەو ماوەیەدا ئاشنایەتیی لەگەڵ ڕۆشنبیرو چەپەکانی ناوشاری سلێمانی پەیدا دەکات لەوانە (نەوشیروان موستەفا، فوئاد قەرەداخی). پاش ساڵێکی تر واتە **١٩٦٨** ئەمجارەیان گرووپێکی گەورەتر کە لە چەند کەسایەتییەکی ناوداری ئەو گرووپە دەبن، دێنە سلێمانی ئەمجارە بۆ ماوەیەکی ئێجگار زۆر لای جەلال تاڵەبانی لە بەکرەجۆ مێوان دەبن(٧).

---

(*) عارف کەریم. یەکێك بووە لە چەپەکانی شاری سلێمانی و بەشداری لە دروستکردنی گرووپە سەرەتایەکانی (کۆمەڵەی مارکسی لینینی) کردووە.

(٧) عارف کەریم. لە فوئاد قەرەداخی و فەرەیدوون عەبدول قادر کامیان راست دەڵێن. سایتی کلاورۆژنە. ٢٠٠٨/٦/١٦.

ئەم گرووپە ڕۆڵێکی سەرەکییان لە بڵاوکردنەوەی بیری ماویزم لە کوردستاندا بینیوە. ئەمەش بەسەرەتایەك بۆ بڵاوبوونەوەی بیری ماویزم دادەنرێت.

لە ساڵی ١٩٧٠ نەوشیروان مستەفا (چەپکێك لە وتەکانی ماو) دەکاتە کوردی. جێگەی ئاماژەیە بەم کتێبەیان دەوت (ئینجیلەکەی ماو، یان کتێبە سوورەکەی ماو). ئەم کتێبە بەشێکی زۆری بیر و بۆچوونی ماوی تێدابوو[٨]. هەر لەو سەردەمانەدا ڕۆشنبیران و چەپی کوردیش بەشداریی ئەو گفتوگۆیانەی کردووە، کە لە جیهاندا بڵاو بووەتەوە.

لەوانە (شۆڕشی کولتووری ماو، شۆڕشی لاوان، جیاوازیی فیکریی چین و سۆڤێت، سۆڤێت و ئەلبانیا). هەموو ئەم گفتوگۆیانەش ڕۆڵی سەرەکییان لە هۆشیارکردنەوەی بیری چەپی کوردیدا هەبووە[٩].

بەگشتی گرووپی مام جەلال ڕۆڵێکی سەرەکییان لە بڵاوکردنەوەی بیری ماویزم هەبووە. بەشێکی زۆری ئەدەبیاتی ماویزمیان بۆ سەر کوردی وەرگێڕاوە. لە هەمان کاتیشدا هەوڵی پراکتیزەکردنی ئەم بیرەیان داوە.

لە پاش سەرهەڵدانی شۆڕشی نوێی چەکداری بەسەرۆکایەتیی جەلال تالەبانی، هێندەی تر بیری ماویزم پەرەی سەند. دەبێت ئەوەش بڵێم کە بیری ماویزم ڕۆڵی زۆر بووە لە دژایەتیکردنی نێوان هەردوو باڵی کوردیدا (مەلایی و جەلالی). هەموو کاتێك چین وێنەیەکی بەردەوام بووە لای هەڵگرانی بیری ماویزم لە کوردستان. لە زۆر ڕووەوە مێژووی چین لە مێژووی کورد دەچوو.

## کۆمەڵە و بیری ماویزم

کۆمەڵەی مارکسی لینینی لەسەر بنەمای بیری ماویزم دروست بوو. ئەم گرووپە سیاسییەی کورد، باوەڕێکی تەواوی بە بیری (خەباتی چەکداری، دژایەتیکردنی دەرەبەگایەتی، بیری پۆپۆلیزم، شۆڕشی کولتووری، بەرەی جووتیار و کرێکار و ڕۆشنبیرانی شار) کە ئەمانەش لە فەرموودەکانی حەزرەتی ماو بوون.

هەر لەو کاتەدا بەشێکی زۆری ڕۆشنبیران و خوێندکاران و لاوانی کورد، بەم بیرە گۆشکران و

---

(٨) هەمان سەرچاوە.

(٩) فوئاد قەرەداخی. دیسانەوە دەربارەی مێژووی دامەزراندنی کۆمەڵە. ڕۆژنامەی هاوڵاتی. ژمارە ٤٣٦. چوارشەممە.٢/٧/٢٠٠٧.

(١٠) پشکۆ نەجمەدین. ئەزمون و یاد. بەشی یەکەم. ١٩٧٨–١٩٨٣. چاپی یەکەم کتابی ئەرزان. سوێد ٢٠٠٨. لاپەڕە ٣٧.

خرانە ناو کوورەی شەڕی فکری، کەبە کارەساتەکانی جەنگی ناوەخۆ کۆتاییی پێ هات[١٠].

هەر لەو کاتەدا کتێبەکانی ماو و هاوبیرەکانی لە جیهاندا (گیڤارا، کاسترۆ، کۆمینگ سۆن) لە ناو ئەندامان و لایەنگرانی ئەم گرووپەدا بڵاو بووەتەوە. لەلایەکی تریشەوە چەندین کۆوار و بڵاوکراوەی چینی هەبوون وەکو (الصین المصورة) کە کۆوارێکی مانگانە لە چین بەزمانی عەرەبی دەردەچوو، لە ناو کوردستاندا بڵاو بوو.

ئەم کۆوارەش ڕۆڵێکی سەرەکیی لە ئاشناکردنی وڵات و گەلی چینی بینیوە. لە هەمان کاتیشدا رادیۆی پکین هەبوو، کە ئەمیش رۆڵێکی باشی لە ناساندنی ئەم وڵاتە بینیوە. خەڵکی گوێی بۆ بەشی (عەرەبی و فارسی) گرتووە. دەتوانین بڵێین کە ساڵانی هەشتاکان، بەشێکی زۆری خەڵکی، ئاشنایەتییەکی باشیان لەگەڵ چیندا پەیدا کردووە. ئاگاداری بەشێکی مێژوو، کولتوور، سیستەمی سیاسیی ئەم وڵاتە بوون.

### ساڵانی پاش ڕاپەرین

لەگەڵ ڕزگاربوونی گەلی کورد لە دەستی رژێمی فاشیستی عەرەبی عێراق، پێوەندییەکی باشی بازرگانی لە نێوان کورد و چیندا دروست بووە. لە پاش ڕاپەرینەوە بازرگانانی کورد، پێوەندییەکی باشیان لەگەڵ کۆمپانیا و کارگەکانی چیندا پەیدا کردووە. بەشێکی زۆری شمەکی چینی، بەلێشاو هاتووەتە بازاڕەکانی کوردستانەوە. لەهەموو کاتێکدا بازرگانی و شەڕ بووەتە هۆی ناساندنی گەلی بەیەکتری. هەر بۆیە لە پاش ڕاپەڕینەوە ئاشنایەتیی گەلی کورد و چین بەهێزتر بووە.

هەر ئەم بازرگانیەش ڕۆڵێکی باشی هەبووە لە ناساندنی گەلی کورد بە کۆماری چین. کاتێك گەڕامەوە سەیرم کرد هەموو بازاڕەکانی کوردستان لە شمەکی چینی ئاخنراوە، هەر لە شمەکی ئەلیکترۆنی تا دەگاتە مەکینەی گەورە.

### شەڕواڵی چینی

یەکێك لەو شتانەی کە زۆر سەرنجی ڕاکێشام، دروستکردنی شەڕواڵ و مراخانی کوردی بوو، کە ئەمڕۆ لە کارگەکانی چین دروست دەکرێت و دەهێنرێتەوە بۆ کوردستان لە بازاڕەکاندا دەفرۆشێت.

ڕاستە ئەمە کارێکی بازرگانیی ڕووتە، کە ئامانجی قازانجی زۆرە، چونکە لە چین کەمتری تێ دەچێت و باشتریشە، وەلێ لە هەمان کاتیشدا ئاماژەیەکی باشی کولتووریشە. چونکە خۆی لە خۆیدا جلوبەرگ بەبەشێکی گرینگی کولتووریی گەلان دەژمێردرێت. هەر بۆیە بەبڕوای من ئەمە هەنگاوێکی باشە بۆ ناساندن و ئاشناکردنی کولتووری کوردی.

### کۆنسوڵی چین لە سلێمانی

پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆ ١١/١٨ وەفدێکی باڵای چین بە سەرۆکایەتیی "چانگ یی" باڵیۆزی کۆماری چین لە بەغدا گەیشتە شاری سلێمانی(١١).

ئەمە سەردێری بەشێکی زۆری رۆژنامەکانی کوردستان بوو. بۆ یەکەم جار بەرپرسێکی سیاسیی چینی ڕوو لە کوردستان دەکات و بەڵێنی دامەزراندنی کۆنسوڵی چین بە خەڵکی کورد دەدات. دیارە هەتاوەکو ئەمڕۆش چین بەشێوەیەکی رەسمی دانی بەحکوومەتی کوردستاندا

بەبڕوای من بوونی پێوەندییەکی باشی بازرگانی لە نێوان کوردستان و چیندا، لە داهاتوودا ئامانجی باشی بۆ هەردوولا دەبێت.

هەرچەندە ئەو پێوەندییە بازرگانییەی کە چین لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و ئێران و تورکیا هەیەتی، زۆر لەو بازرگانییە زۆرترە کە لەگەڵ کوردستان هەیەتی. بۆ نموونە تەنیا ساڵی ٢٠٠٦ پێوەندیی بازرگانیی نێوان چین و سعوودیە گەیشتە نزیکەی ٧,٢ ملیار دۆلار(١٢).

چین لە ئێران نزیکەی ٧٠ ملیار دۆلار سەرمایەگوزاریی کردووە(١٣). ئەم بازرگانییەی چینیش لەگەڵ کورد، بەشێکی ئێجگار کەمی بازرگانیی چین پێک دەهێنێت.

## کۆماری چین و کێشەی گەلی کورد

هەتاوەکو ئەمڕۆش کۆماری چین، هیچ هەڵوێستێکی بەرامبەر بەکێشەی گەلی کورد نییە. بەڵکە زۆرجار دژی خەباتی رزگاریخوازی گەلی کوردیش بووە. راستە چین یارمەتیی زۆری گەلانی جیهانی داوە، کە لە دژی داگیرکاری بێگانە بەتایبەت (ئەورووپی و ئەمەریکی) خەباتیان کردووە. وەلێ بەداخەوە هەڵوێستێکی ئێجگار خراپی بەرامبەر بەخەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بووە.

زۆرجار پشتگیریی رژێمە فاشیستەکانی عێراق و تورکیا و ئێران و سووریای کردووە. بۆ نموونە لەکاتی کیمیابارانی هەڵەبجەو ئەنفالدا، یان لە کاتی شەڕی چەتەگەریی رژێمی فاشیستی تورک لە دژی گەلی کورد، هیچ کاتێك هەڵوێستێکی باشی نەبووە. هەتاوەکو ئەمڕۆش دژی بیری راسیزمی تورکی و عەرەبی بەرامبەر بەکورد نەوەستاوەتەوە.

(١١) سایتی پوك میدیا. ٢٠٠٨/١١/١٨.

(١٢) تقرير سنوي: العلاقات الصينية السعودية تشهد تطورا سريعا في عام ٢٠٠٦.شبكة الصين. العربي ٢٠٠٨/١٢/٨.

(١٣) عەلی مەحموود چین هەوارگەی ئایدیۆلۆجیا یان،، سایتی دەنگەکان، سایتی عەلی مەحموود.

ئەمڕۆ چین پشتگیریی فەلەستینیەکان دەکات، وەلێ دژی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد وەستاوەتەوە یان زۆر جار خۆی لێ گێل کردووە. ڕاستە لە کوردستان چەندین گرووپی هەمەجۆری ماوی هەبووە، وەلێ هیچ کاتێك گرووپێکی کوردی بانگهێشتنی کۆنگرەکانی چین نەکراوە.

بۆ نموونە لە ٢٠٠٤/٩/٣ لە پکین کۆنگرە بۆ پارتە ماوییەکانی ئاسیا بەسترا، ٨٣ پارت لە ٣٥ وڵاتی ئاسیاییە بانگهێشتنی کرابوون. وەلێ هیچ پارتێکی کوردیان بانگهێشتی نەکردبوو(١٤). لەکاتێکدا هەتاوەکو ئەمڕۆش، خەڵکی کورد هیچ بۆچوونێکی دوژمنکاری بەرامبەر بەم وڵاتە نییە. هیوادارین لەداهاتوودا چاوێك بە پێوەندییەکانی لەگەڵ گەلی کوردا بخشێنێتەوە و کەمێك پشتگیری خەباتی گەلی کورد بکات.

**ئایا پێویستە گەلی کورد بەم زلهێزە دڵخۆش بێت؟**

ڕاستە هەتاوەکو ئەمڕۆش چین هیچ هەڵوێستێکی سیاسیی بەرامبەر بەکێشەی گەلی کورد نەبووە، وەلێ لە هەمان کاتیشدا کێشەی گەلی کوردی وەکو کارتێکی سیاسیی بەکار نەهێناوە، هەروەك ئەمەریکا زۆرجار بەکاری هێناوە.

لە هەمان کاتیشدا نابێت ئەوەمان لە بیر بچێت، کە ئەمڕۆ ئەمەریکا باشترین دۆستی ڕژێمی فاشیستی تورکیایە، کە بە دوژمنی سەرەکیی گەلی کورد دەژمێردرێت. لە هەمان کاتیشدا ئەمەریکا پلانی ژێر بەژێری زۆری لە دژی کورد لە باشووری کوردستاندا داناوە، بۆ نموونە هەتاوەکو ئەمڕۆش لەبەر عەرەب و تورك، ڕازی نییە ناوچە دابڕاوەکان بگەڕێنەوە سەر کوردستان.

لە هەمان کاتیشدا ئێمەی کورد، گەورەترین زەرەرمەند بووین لە سەردەمی دەسەڵاتی تاکڕەوی ئەمەریکا لە جیهاندا. هەر بۆیە بەبڕوای من، پێویستە ئێمە بەبوونی چین بە زلهێزێکی نوێی جیهانی، دڵخۆش بین. بەلایەنی کەمەوە سنوورێك بۆ چەتەگەری ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی لە جیهاندا دادەنێت.

بەبڕوای من هەتا ئەمەریکا تاکە زلهێزی جیهان بێت، کورد هەر بەشی کارەسات وماڵوێرانی دەبێت. لە هەمان کاتیشدا پێویستە ئێمەی کورد، هەر لە ئێستاوە هەوڵی خۆمان لەگەڵ ئەم زلهێزە بدەین و کێشەکەمانیان پێ بناسێنین. لە هەمان کاتیشدا هەوڵی باشکردنی پێوەندیی (بازرگانی و سیاسی و فەرهەنگی) بدەین.

لەلایەکی تریشەوە ئەزموونی چین بۆ ئێمە زۆر گرینگە. ئێمە دەتوانین سوود لە ئەزموونی

(١٤) هەمان سەرچاوە.

ریفۆرم و پێشکەوتنی چین وەربگرین. چین هیچ سوودێکی بۆ ئێمە نەبێت، ئەوا ئەزموونی حوکمرانی ئەم وڵاتە، باشترین خزمەتی ئێمە دەکات. چین قوتابخانەیەکی ئێجگار گرینگە بۆ ئێمە، بۆ ئەوەی فێری وانەی سەرکەوتن و ڕزگاری لە دەستی بێگانەمان بکات.

# دوا وشە

دەبێت ئەوە باش بزانین کە پاش چەند ساڵێکی تر چین دەبێتە زلهێزێکی گەورەی جیهانی. ئێمە ناتوانین کاتی تەواوی بۆ دابنێین. وەلێ ئەوەی کە هەموو چاودێرانی سیاسی و چینۆلۆجییەکان پێشبینی دەکەن، کە چین هەر لە ئێستاوە هەنگاوێکی فرە گەورەی بەرەو پێشەوە ناوە. لە هەمان کاتیشدا بەشێکی زۆری پسپۆڕانی جیهانی، پێیان وایە کە پاش ١٠ – ١٥ ساڵێکی تر، ئەمەریکا بەم شێوەیەی خۆی نامێنێتەوە. پێش ماوەیەك ڕاپۆرتێکی گرینگی دەزگای سیخوری ئەمەریکا (CIA) دەری خست، کە ئەمەریکا پاش ٢٠ ساڵی تر ئەم ڕۆڵەی ئێستای نامێنێت، لە بەرامبەردا چەند هێزێکی تری جیهانی دێنە پێشەوە، یەکێك لەو هێزانەش کە پێشبینیی رۆڵێکی زۆری لێ دەکرێت، کۆماری چینە. هەر بۆیە پێویستە ئێمە زۆر ئاگاداری لەدایکبوون و گەشەسەندنی ئەم زلهێزە نوێیەی جیهان بین، تا بتوانین خۆمانی لەگەڵدا بگونجێنین. من کاتێك سەیری سایت و کتێبخانەی ئەڵمانیام کرد، بەهەزاران کتێب و کۆوار لەسەر چین هەیە.

بەهەزاران سایتی ئەلیکترۆنی لەسەر چین هەیە. بەهەزاران چاودێریی سیاسی و ئابووریی ئەڵمانی پسپوڕن لە بواری چینۆلۆجیدا. وەلێ بەداخەوە هەتاوەکو ئەمڕۆش هیچ کتێبێك لەسەر چین بەزمانی کوردی نییە. ڕاستە خەڵکانێکی زۆر ئیهتمامیان بۆ ئەم وڵاتە مەزنە هەیە. وەلێ بەداخەوە ئێمەی کورد زۆر کەم شارەزاییمان دەربارەی ئەم زلهێزە نوێیەی جیهان هەیە. وەکو هەموو جارێك زۆر درەنگ دوای ڕووداوە جیهانییەکان دەکەوین. بەدڵنیایییەکی زۆرەوە چین لەم سەدەیەدا دەبێتە زلهێزێکی مەزنی جیهان. هەروەك بەشێکی زۆری پسپۆڕانی بواری سیاسی دەڵێن، کە سەدەی بیست و یەك، سەدەی چینی دەبێت.

ئێمە هیوادارین کە ئەم زلهێزە بتوانێت، لە بواری ئاشتی و یەکسانی و مافی مرۆڤدا، کارێکی گرینگ بۆ مرۆڤایەتی بکات. دیارە جێ پەنجەی چینییەکان لە پێشخستنی شارستانیی مرۆڤایەتی زۆرە. من دڵنیام کە چین ڕۆڵێکی ئێجگار گەورە دەبینێت، لە پێشکەوتنی شارستانیی جیهانی. دڵنیام سەردەمی زلهێزی چین، زۆر جیاوازتر دەبێت لە سەردەمی چەتەگەری ئەمەریکی وئەورووپی. بەدڵنیایییەوە ئەم چەند لاپەڕەیەی من، تەنیا زانیارییەکی کەم بە خوێنەران دەدات. بەڕاستی گەر بمانەوێت لەسەر چین شارەزایی پەیدابکەین، ئەوا پێویستیمان بەهەزاران کتێب هەیە، هەتاوەکو لە زەریای ئەم کولتوورە مەزنە تێبگەین. بەبڕوای من چەند لاپەڕە لەسەر چین ڕەش بکەینەوە هێشتا کەمە، چەند کتێب بنووسین، هێشتا بە چین ئاشنا نەبووین، چەند کتێب دەربارەی چین بخوێنییەوە، هێشتا زانیاریی تەواومان دەست نەکەوتووە.

بەبڕوای من چین، زانکۆیەکی مەزنە بۆ فێربوونی خەبات و شۆڕشگێڕی، قوتابخانەیەکی باشە، بۆ پەروەردەکردنی سیاسی و فەرمانبەرانی حکوومی، ڕووبارێکی پاك و بێگەردە، کە هەمیشە ئاوی باخە وشکۆبووەکانی سیاسی و ئابووریمان پێ دەدەین. هەر بۆیە دیسانەوە دەیڵێمەوە، چین، چین،چین، باشترین و بەکەڵکترین ئەزموونی بەسوودی بۆ ئێمە پێیە.

## سەرچاوەکانی بەشی پێنجەم


١- سایتی پوك میدیا. ٢٠٠٨/١١/١٨.

٢- تقرير سنوي: العلاقات الصينية السعودية تشهد تطورا سريعا في عام ٢٠٠٦. شبكة الصين. العربي ٢٠٠٨/١٢/٨.

٣- عەلی مەحموود چین هەوارگەی ئایدیۆلوجیا یان، سایتی دەنگەکان، سایتی عەلی مەحموود.

٤- پشکۆ نەجمەدین. ئەزموون و یاد. بەشی یەکەم. ١٩٧٨-١٩٨٣. چاپی یەکەم کتابی ئەرزان. سوێد ٢٠٠٨.

٥- فوئاد قەرەداخی. دیسانەوە دەربارەی مێژووی دامەزراندنی کۆمەڵە. رۆژنامەی هاوڵاتی. ژمارە ٤٣٦. چوارشەممە ٢٠٠٨/٧/٢.

٦- عارف کەریم. لە فوئاد قەرەداخی و فەرەیدوون عەبدول قادر کامیان راست دەڵێن. سایتی کلاوڕۆژنە. ٢٠٠٨/٦/١٦.

٧- الدكتور بطرس بطرس غالي. ٥ سنوات في بيت من زجاج. مؤسسة الاهرام. الطبة الاولى ١٩٩٩. القاهرة.

٨- ٢٠٠٨/٨/٥ ميدل ايست اونلاين. العمالة الصينية المتفانية تذهل الأفارقة وتخيفهم.

٩- ابراهيم نافع. ماالذي يجري في آسيا. مؤسسة الاهرام. الطبعة الاولى. القاهرة.١٩٩٩. ص١٢٧.

١٠- ٢٠٠٨/١٠/١٦ لwww.BBC.Arabic.comقذ الصين العالم من ازمتة المالية.

١١- نعوم تشومسكي. سنة ٥٠١. الغزومستمر. ترجمة. مي النبهان. دار المدى.الطبعة الثانية.١٩٩٩ سوريا. ديمشق.

سەرچاوەکان

سەرچاوەکانی بەشی یەکەم


١. www.Wikipedia.de

٢. ZDF.de. Ausland Journal.China. www.

٣. Alexander Melzer,Der Buchmarkt in der Volksrepublik china als Lizenzmarkt für deutsche Buchverlag. Holger Ehling Publishing. Frankfurt am Main , 2006

٤. Microsoft,Encarta Professional, 2003,

٥. Florian C.Reiter.Rilgion in China, ,C .H.Verlag. München.2002

٦- بحث عن اللهـ، باغث غيتا، نيورك، الولايات المتحده الامريكيه. ١٩٩٠

٧-. فجر العلم الحديث. الاسلام الصين- الغرب. تاليف: توبى ا. هف/ ترجمه: د. محمد عصفور. الطبعه الثانيه. عالم المعرفه. الكويت. ٢٠٠١

٨. Kinderarbeit statt Schule ,Nicole Piepenbr ٢٠,١٢,٢٠٠٤. www.Econatauix.de.

٩.، HANDELSBLATT vom 7. September 2000 McDonald,صs und die Kinder, MARKUS GÄRTNER

١٠. wwwEurasischemagazin,de,china,johann von Arnsberg.

١١. www.Matriarchat.net. Frauen in China

١٢. Bildungsrechte der Frauen in China, www.CRI Online.de

١٣– هـادی علوی، فصول عن المراه، دار الكنوز العربيه، بيروت، لوبنـان.

١٤. www.chinafokus.de

١٥– بكين تلغی قانون موافقه أربـاب العمل علی الزواج, CNN arabic.com, www ١٣,١٠,٢٠٠٣

١٦– هـادی علوی. حوار الحاضر والمستقبل. اعداد، خالد سليمان، حيدر جواد. دار الطليعه الجديده. سوريا، دمشق، الطبعه الاولیٰ ١٩٩٩

١٧– جەمال نەبەز، كورد و كێشەی زمان، رۆژنامەی ميديا، ژمارە، ٢٤٤. ٢٠٠٦,٠٦,١٣

١٨. www.Die Neue Epoche Online.de / China ,klima

١٩– الشرق الاوسط، الجمعه ١٣جمادی الاولیٰ١٤٢٧هـ9. يونيو٢٠٠٦، العدد١٠٠٥٥.

٢٠. www.Ipicture.de.Länderinformation,China


سەرچاوەكانی بەشی دووەم

www.wikipedia.de .١

www.china-club.de/china .٢

www.chinaproject.de .٣

nichtkommunistischen Hai-Kwang Choi. Die Bedeutung .٤ der

Arbeiterbewegung in China 1919 -1927. Cuvilier Verlag Göttingen

.1995.S.189.

Thoralf Klein.Geschichte Chinas.Von 1800bis .٥ gegewart.Schöningh verlag. Stuttgart. 2007

www.china-guide.de/china/geschichte .٦

ie Fortsetzung der japanischen Invasion in China 1931-.,٧ 1945,

von Michael Palomino (2006.www.geschichteinchronologie

.ch/as/china/China-03-1931-1945

Sabine Dabringhaus.geschichte Chinas. 1279- .٨ 194.Oldenburg Verlag.München.2006

www.geschichteinchronologie.de.ch/as/china/ .٩

.١٠

www.regis-net.de/krieg/chinjan .١١

/www.jaduland.de/asia/korea/text/krieg1895. .١٢

www.artelino.de/articles/japanesewarprints.asp .١٣

www.weltchronik.dl .١٤

١٥- صموئيل. هنتنغون. صدام الحضارات و اعاده بناء النظام العالمى. نقله الىٰ العربيه.د. مالك عبيد ابوشهيوه. / د. محمود محمد خلف. الدار الجماهيريه للنشر والتوزيع. الطبعه الاولىٰ. ١٩٩٩

١٦. karl marx Die Geschichte des Opiumhandels Karl Marx/Friedrich Engels - Werke, (Karl) Dietz Verlag, Berlin.Band 12, Berlin/DDR 1961.

١٧. www.german.cri.cn.Opiumkrieg

١٨. www.chinaseite.de

١٩, ww.jiang-kasten.de.

٢٠. .Microsoft,Encarta Professional, 2003

سەرچاوەکانی بەشی سێیەم

١. www.wikipedia.de

٢- دانييل بورشتاين. ارنيه دى كيزا. ترجمه شوقى جلال. التنين الاكبر. الصين فى القرن الواحد والعشرين. عالم المعرفه. الكويت. يوليو ٢٠٠١

٣- عەلی مەحمود. چین هەوارگەی ڕابووردی ئایدۆلۆژیا. www.dengekan.com..

٤. www.Encarta.msn.com

٥- بالميرو تولياتى. محاضرات فى الفاشيه. تعريب. انطوان صيداوى. دار الفارابى. الطعبه الثانيه. بيروت ١٩٨١.

٦. Dieter Heinzig.Die Sowjetunion und das

Kommunistische China 1945-1950. Nomos Verlag. Baden-Baden. 1998.

٧. http://www.marxists.org,Die eindrucksvolle Lehre Chinas, Leo Trotzki

٨. www.chinafokus.de

٩ .... Revolution und neue Gesellschaft. Marx,Lenin,Mao,.Dieter Oberndörfer,Wolfgang jäger.Verlag.Kohlhammer.Stuttgart.1975.

١٠– لينين. الامبرياليه اعلىٰ مراحل الراسماليه. دار التقدم. موسكو.

١١. Maoismus. Peter.J. Opitz.Verlag.Kohlhammer.Stuttgart.1972.

١٢. www.marxists.org/deutsch

١٣. Mao Tse-tung.Ausgewählte Schriften.Verlag.S.Fischer.Verlag.Frankfurt am Main. ١٩٦٣. S135.

١٤. J.W.Stalin, Über die Perspektiven der revolution in China. Werk Bd. 8. S.324.

١٥. W.I.Lenin. Ausgewälte Werke, Bd.3, Berlin,1960.

١٦. Alian Peyrefitte. Wenn sich China erhebt.

Rowohlt.Verlag. Hamburg. September.1976

١٧- تاريخ الثوره الروسيه. ليون تروتسكى. ترجمه. اكرم ديرى، هيثم الايوبى. المؤسسه العربيه للدراسات والنشر.الطبعه الثانيه. بيروت. ١٩٧٨.

١٨- سێ بۆچوون دەربارەی دەسەلات. تۆنی کلێف، وەرگێرانی، د. پشتیوان عەبدولا.
www.kurdistansocialists.org

١٩- ئەزموون وياد، پشکۆ نەجمەدين،کتێبخانەی هەرزان.بەشی یەکەم. سوێد. ٢٠٠٨

٢٠ رۆژژمێری پێشمەرگەیەك، حەمەی حاجی مەحموود، بەشی یەکەم، کوردستان.

٢١ ئاوات قارەمانی، بیرەوەرییەکانم، سلێمانی. ٢٠٠٧

٢٢. ://www.spiegel.de/

٢٣. www.china-guide.de

٢٤. C.P.Fitzgerald.Revolution in China.Europäische. Verlagsanstal Frankfurt am Main. 1957.S38.

٢٥. Hai-Kwang Cho. Die Bedeutung der nichtkommunistischen arbeiter. Bewegung in China.1919 - 1927. Cuilier Verlag.Göttingen.1995

٢٦. Maoismus. Peter.J.Opitz.Kohlhammer Verlag.Stuttgart.1972.

٢٧. Mao tse-tung, Über die demokratische Diktatur des Volkes,Bd.IV.Peking. 1969

٢٨. Friedrich Engles, die Lage der arbeitenden Klasse in England.München. 1973

٢٩. Mao Tsetung.Die chinesischen Revolution und die Kommunistischen Partei Chinas.Bd.II.. Peking. 1968.

٣٠. Karl Marx,Manifest der Kommunistischen Partei.:MEW.Bd1 Berlin.1972.S49

٣١. Thoralf Klein.Geschichte Chinas.Von 1800bis gegewart.Schöningh Verlag.Stuttgart.2007

٣٢. Sabine Dabringhaus.geschichte Chinas. 1279-194.Oldenburg Verlag.München.2006.

٣٣– جەنگیز ئیمتاتۆڤ. یەکەمین مامۆستا. وەرگێڕانی.فایەق سەعید. دەزگای سەردەم. سلێمانی.2005.چاپی یەکەم.


سەرچاوەکانی بەشی چوارەم


١. Spiegel Special.China , Aufstieg zur Weltmacht.2004

٢. www.Wikipedia.de.

٣,,. صحیفه الشعب ئونلاین الیومیه.. http://arabic.people.com.cn

٤. /www.arabic.xinhuanet.com/arabic/

٥– نعوم تشومسکی. سنه ٥٠١. الغزومستمر. ترجمه. می النبهان. دار المدیٰ.الطبعه الثانیه.1999. سوریا. دیمشق

٦– دانییل بورشتاین. ارنیه دی کیزا. ترجمه شوقی جلال. التنین الاکبر. الصین فی القرن الواحد والعشرین. عالم المعرفه. الکویت. یولیو ٢٠٠١

٧,. rei-Schluchten Staudamm. http://www.agenda21-treffpunkt.de.

.٨ Xuewu Gu / Maximilian Mayer.Chinas Energiehunger:Mythos oder Realität ?.. Oldenbourg Wissenschaft Verlag.München.2007.

.Der gröte Staudamm der Welt zähmt Eurasiens längsten Flu.. 9 http://www.eurasischesmagazin.de

١٠ Langen Flusseslز http://www.geo.de.Die Zähmung des

.١١ www.BBC.Arabice

.١٢ runs/Homlong.Wirtschaftspartner China.LexisNexis Verlag Wien.2005.

١٣- عەلی مەحموود. چین هەوارگەی ئایدۆلۆجیا یان،، www.dengekan/com

.١٤ com www.China Observer

.١٥ nformation.bpb.Zur politischen Bildung.289 Volksrepublik China..

.١٦ www.German CRI.Com

.١٧ Qinglian He.Aus dem Chinesischen.Von.Christine Reisner. China in der Modernisierungsfalle.bpb Verlag. Bonn. 2006

.١٨ China droht schlim me Arbeitslosigkei.www.Handlesblat.com

.١٩

.Janis Vougiokas.Chinas neue Reiche.Süddweutsche Zeitun13.10.2007.

٠٥,٠٩,٢٠٠٨,٢٠ Zhal der MIlionäre Steigt.de.www..Fokus Sprunghaft

Erling.Armut in China. Welt Online . 26.Mai.2006. . ٢١ Johnny

Belle Yang. Auf den Schultern meines Vater.aus dem .٢٢ Albrecht Knaus Amerikanischen von. Charlotte Franke. München. November 1997. GmbH.

٢٣- مۆنتسكیۆ. رۆحی یاساكان، وەرگێرانی ئیدریس شێخ شەرەفی. چاپی دووەم. دەزگای وەرگێران. هەولێر.

٢٤- د. ناسر عوبێد ئەلناسر، دیاردەی گەندەڵی. وەرگێرانی سەلاح شاكەلی. دەزگای موكریان. كوردستان. هەولێر. ٢٠٠٥.

Stefan Brehm. Die Integration der VR China in eine ٢٥ globale Finanz-und Währungsordnung.Lit.Verlag. Berlin. 2007.

Jan Johannsen, Internetnutzer: China überholt die USA.www .netzwelt.de.26

www.socio.ch/.Zürich.1997. China und das Internet. .٢٧, Roland Specker

Jörg-Meinhard Rudolph.Soziale und wirtschaftliche - 28 Herausforderungen Chinas:.wwbpc.de

ww.china2day.de/cinesische-medizin.٢٩,

www.ichkoche.at/Die-Chinesische-Kueche.٣٠,

www.qype.com/de/categories/-chinesische- .٣١ restaurants-in-regensburg

Rüdiger Machetzki. China. Ein neuer Global Player in Ostasien?/32.

/www.bpb.de.

Zbigniew Brzezinski.Die einzige Weltmacht. Amerikas .٣٣ Strategie der Vorherrschaft. S.Fischer Verlag. GmbH.

Frankfurt am Main.Februar.2002.

ww.china-guide.de Die chinesischen Hochschulen im.٣٤,,,,
Überblick

Martin Guan Djien Chan.Der erwachte Drache. .٣٥
Gromacht China im 21.jahrhundert. Konrad Theiss Verlag.
Stuttgart. 2008.

Georg Blume und Babak Tavassolie.China .٣٦
Realitätsschok. Die Zeit.23.10.2006.

www.encarta.msn.com .٣٧

Dr. Klaus Bruns .Dr. Nathalie Homlong.Wirtschaft .٣٨
.٢٠٠٦ Partner China. Lexis Nexis Verlag. Wien.

china.ahk.de. Die wichtigsten Handelspartner..www .٣٩,

٤٠ – . ٠٥,٠٨,٢٠٠٨.ميدل ايست اونلاين. العماله الصينيه المتفانيه تذهل الأفارقه وتخيفهم

Wolfgang Schonecke. Chinas Rolle in Afrika. Netzwerk
Afrika.41. Deutschland.

schwarzenز Anne Guhl .China will Beziehungen zum .٤٢
ausbauen.www.Uni.kassel. de. سKontinent

Tobias Hänni.Wirtschaftliche Beziehungen zwischen .٤٣,,
Lateinamerika und
China. www.weltpolitik.net. /

Jörg Husar.Chinas Engagement in Lateinamrika.Verlag .٤٤
für Entwikungpolitik.GmbH. Saarbrücken, 2007.

www.china9.de/lexikon/bevoelkerungszahl-china.php .٤٥

www.spiegel.de .٤٦

٤٧. DER TOURISMUS ERSTRAHLT IN CHINA. www.fac.de

٤٨. Deutschen Reise Verbands(DRV). Fakten und Zahln zum Deutschen Reisemarkt.2007.Berlin.

٤٩ Bundesagentur für Auenwirtschaft. Erfolgreich Investieren in der VR China. Köln.2007

٥٠ www://german.china.org.cn.

٥١ www.focus.de/finanzen/news/export

## سەرچاوەکانی بەشی پێنچەم

١- سایتی پوك میدیا. ١٨,١١,٢٠٠٨.

٢- تقرير سنوى: العلاقات الصينيه السعوديه تشهد تطورا سريعا فى عام ٢٠٠٦.شبكه الصين. العربى 08.12.2008.

٣- عەلی مەحمود چین هەوارگەی ئایدۆلۆژیا یان،، سایتی دەنگەکان، سایتی عەلی مەحمود.

٤-. پشکۆ نەجمەدین. ئەزمون و یاد. بەشی یەکەم. ١٩٧٨■١٩٨٣. چاپی یەکەم کتابی ئەرزان. سوێد.2008.

٥- فوئاد قەرەداخی. دیسانەوە دەربارەی مێژووی دامەزراندنی کۆمەڵە. رۆژنامەی هاوڵاتی. ژمارە ٤٣٦. چوارشەممە. ٠٢,٠٧,٢٠٠٨.

٦- عارف کەریم. لە فوئاد قەرەداخی و فەرەیدون عەبدول قادر کامیان راست دەڵێن. سایتی کلاورۆژنە. ١٦,٠٦,٢٠٠٨.

٧- الدكتور بگرس بگرس غالى. ٥ سنوات فى بيت من زجاج. موسسه الاهرام. الطبه الاولىٰ.1999. القاهره.

٨- ٠٥,٠٨,٢٠٠٨.ميدل ايست اونلاين. العماله الصينيه المتفانيه تذهل الأفارقه وتخيفهم.

٩- ابراهيم نافع. ماالذى يجرى فى آسيا. مؤسسه الاهرام. الطبعه الاولىٰ. القاهره.1998. ص١٢٧.

١٠- ,١٦,١٠,٢٠٠٨.ww.BBC.Arabic.comهل تنقذ الصين العالم من ازمته الماليه.

١١- نعوم تشومسكى. سنه ٥٠١. الغزومستمر. ترجمه. مى النبهان. دار المدىٰ.الطبعه الثانيه.1999. سوريا. ديمشق.

چەند دێرێك لەسەر نووسەر

لە ساڵی ١٩٧٥ لە هۆرامان

لە دایك بووە.

لە ساڵی ١٩٩٦ وە لە ئەڵمانیا دەژی.

بەرهەمەکانی تری نووسەر:

ژنە مۆدێرنەکە. (کورتە چیرۆك). ٢٠٠٤

جەنگی ناوخۆی ئیسپانیا. ٢٠٠٦

چەند دێرێك لەسەر ژیانی ولیەم رایش. ٢٠٠٦

فەڕەنسییە رۆمانسییەکان. رۆمان. ٢٠٠٨

لە هەر باخێك گوڵێك. لێکۆڵینەوەی ئەدەبی

(هێشتا چاپنەکراوە).

پێڕست

بابەت لاپەڕە

بەرکوولّ.......................................................................... ٦

بەشی یەکەم

چین دەکەوێتە کوێی جیهانەوە............................................. ١٠

باری جوگرافی.................................................................. ١١

باری دیمۆگرافی................................................................ ٢٠

نەتەوە جیاوازەکانی چین.................................................... ٢٤

زمانی چینی .................................................................... ٢٨

دیالێکتەکانی زمانی چینی.................................................. ٢٩

باری کۆمەڵایەتی

خێزان............................................................................ ٣١

ژن ............................................................................... ٣٤

ئاین ............................................................................. ٤٣

تاوی (داویزم)................................................................. ٤٤

کۆنفۆشی ..................................................................... ٤٩

بودی ............................................................................. ٥٦

ئیسلام .......................................................................... ٦٣

کریستی ......................................................................... ٦٦

باری خوێندن و رۆشنبیری.................................................. ٦٨

میدیا (دەزگاکانی ڕاگەیاندن.............................................. ٦٩

دەزگاكانی چاپ و بڵاوكردنەوە.......................................... ٧١
كتێبخانە ....................................................................... ٧٦
چەند عادات و تەقالیدێكی چینی
(پیر، میوانداری) ............................................................ ٧٧
خواردن و خواردنەوەی چینی .......................................... ٨٠
بابەت لاپەڕە

سەرچاوەكانی بەشی یەكەم ........................................... ٨٥
بەشی دووەم
مێژووی چین ............................................................... ٨٧
فەرمانڕەوایی خیا ساڵی ٢٢٠٠ بۆ ١٨٠٠.پ.ز..................... ٩٠
فەرمانڕەوایی شانگ ساڵی ١٧٦٦ بۆ ١٠٥٠ پ.ز. ................. ٩٣
فەرمانڕەوایی تسۆ ساڵی ١٠٥٠ بۆ ٢٢١ پ.ز ........................ ٩٦
فەرمانڕەوایی كین ساڵی ٢٢١ بۆ ٢٠٧ پ.ز. ........................ ٩٨
كۆشكی جەنگاوەرەكان..................................................... ١٠٢
دیواری مەزنەكەی چین.................................................... ١٠٤
لیستی ئەو بنەماڵانەی كە حوكمی چینیان كردووە................. ١١٣
دوایین فەرمانڕەوای چین
فەرمانڕەوایی كینگ ساڵی ١٦٤٤ بۆ ١٩١١ ز. .................. ١١٥
جەنگی تلیاك.................................................................. ١٢٦
ڕاپەڕینی بۆكسە.............................................................. ١٣٥
كۆماری چین................................................................... ١٤٠
دوكتۆر سۆن كێیە ؟.......................................................... ١٤١
پەلاماری ژاپۆن بۆ سەر چین.............................................. ١٤٤
كۆمەڵكوژییەكەی نانكینگ................................................. ١٥٠
بەكارهێنانی چەكی كیمیاوی و بایلۆجی.............................. ١٥٣
ئەتكردنی ژنان و كچانی چینی........................................... ١٥٤

یارمەتییەکانی ئەڵمانیا بۆ مەکینەی کوشتنی ژاپۆنی............ ١٥٦
قوربانیانی چەتەگەرییەکەی ژاپۆن.................................. ١٥٧
جەنگی ناوەخۆ....................................................... ١٥٩
ژەنەراڵ کیانگ کای شیك............................................ ١٦٢
سەرهەڵدانی بزووتنەوەی پارتیزانی.................................. ١٦٦

بابەت لاپەڕە

سەرچاوەکانی بەشی دووەم............................................. ١٧٠
بەشی سێیەم
لە درێژترین مارشی سیاسییەوە بۆ درێژترین مارشی ئابووری...... ١٧٢
سەرەتای دروستبوونی پارتی کۆمۆنیستی چینی
هۆکارەکانی دروستبوونی ئەم پارتە.................................. ١٧٣
لەدایکبوونی دیکتاتۆرێکی نوێ ماوتسیتوونگ......................... ٢٠٠
مارشی درێژ........................................................... ٢٠١
چەند بۆچوونێکی سەیری ماو...................................... 206.
هەراکەی شۆڕشی کولتووری.......................................... ٢١٤
پێوەندی سۆڤێت و چین............................................... ٢٢١
جەنگی ماویزم و ستالینیزم.......................................... ٢٢٧
تابووتی ماویزم........................................................ ٢٢٩
دینگ خیاپینگ ئەو پیاوەی چین و جیهانی گۆڕی..................... ٢٣٠
سەرەتای ڕیفۆرم و کرانەوە........................................... ٢٣٤
کۆتاییی حوکمی دینگ خیاپینگ....................................... ٢٣٩
سەرچاوەکانی بەشی سێهەم............................................ ٢٤٠
بەشی چوارەم
ئایا چین دەبێتە هێزێکی مەزنی جیهان ؟........................ ٢٤٣
خاڵەبەهێزەکانی چین

ئابووری................................................................ ٢٤٤
سووپای چین............................................................ ٢٥٩
گەورەترین وڵاتی جیهان.............................................. ٢٦٣
زۆرترین ژمارەی دانیشتووانی جیهان.................................. ٢٦٥
نەبوونی مێژوویەکی خوێناوی داگیرکەرانە.......................... ٢٦٦
پێوەندی چین و جیهان
چین و ئەمەریکای لاتین.................................................. ٢٦٧
بابەت لاپەڕە
چین و ئەفەریکا.......................................................... ٢٧٦
چین و ئاسیا.............................................................. ٢٨٠
شەڕی نێوان چین و هیندستان........................................... ٢٨٤
بوونی ژمارەیەکی زۆری کادیر و پسپۆڕ.............................. ٢٨٨
هێزی ناسکی چین........................................................ ٢٩١
چین و تەکنیکی نوێ (های تێك)...................................... ٢٩٧
ڕەوەندی چین لە جیهان................................................. ٣٠١
خاڵە لاوازەکانی چین
کێشەکانی ئابووری چین................................................. ٣٠٧
سیستەمی سیاسی......................................................... ٣١٠
کێشەکانی لەشکری چین................................................ ٣٢٠
کێشەکۆمەڵایتییەکانی چین............................................... ٣٢٣
خراپی باری تەندروستی................................................. ٣٣٣
کێشەکانی ژینگە.......................................................... ٣٣٥
کێشەی وزە و سووتەمەنی.............................................. ٣٤٤
کێشە دەرەکیەکان
ئەمریکا.................................................................... ٣٥٨
ئەوروپا..................................................................... ٣٦١

ژاپۆن.............................................................................. ٣٦٣
کێشە ناوەخۆییەکان
تیبت.............................................................................. ٣٦٤
تایوان.............................................................................. ٣٧٠
کێشە کولتوورییەکان
زمان..............................................................................374.
ناوچەگەری..............................................................................377.
سەرچاوەکانی بەشی چوارەم.............................................. ٣٧٨
بابەت لاپەڕە

بەشی پێنچەم
ئایا پێویستە مرۆڤایەتی بەم زلهێزە دڵشاد بێت ؟.................. ٣٨١
کورد و کۆماری چین.............................................................387.
کۆمەڵە و بیری ماویزم.........................................................390.
کۆماری چین و کێشەی گەلی کورد..........................................393.
دوا وشە.............................................................................. ٣٩٥
سەرچاوەکان.........................................................................397.

*

≤

(
ه)

*)( )-- . (. ه ن - - . //١٠/١٠/- (
ه
(+ + مه

( ،. .
..)

وا ى
/دا//دا يييى يى يى ى يۆيى ييى ى ى ى/ وه و و ى ه //وى